هەرێمی کوردستان ـ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر

# نامۆیی لەڕۆمانەکانی ( سەلاّح عومەر ) دا

نامەیەکە

پێشکەشی ئە نجومەنی ( کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان ) ی زانکۆی سەلاّحەددین ـ هەولێر کراوە، وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لەئەدەبی کوردیدا

لەلایەن

سەرکەوت سەعدی قادر ـ بەکالۆریۆس ـ کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ـ زانکۆی سەلاّحەددین ـ ٢٠٠٦

بەسەرپەرشتی:

پ. ی. د. نەوزاد وەقاس سەعید

خەرمانان ٢٧١٠کوردی رەمەزان ١٤٣١ کۆچی ئاب ٢٠١٠ زایینی

ئەم نامەیە بەچاودێری من لەزانکۆی سەلاحەددین ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لەئەدەبی کوردیدا.

ناو: پرۆفیسۆری یاریدەدەر. د. نەوزاد وەقاس سەعید

مێژوو:   /   /٢٠١٠

بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو:

بەرپرسی خوێندنی باڵا

مێژوو:   /   /٢٠١٠

**ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کەشایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لەئەدەبی کوردیدا پێبدرێ.**

**ناو:** **ناو:**

**سەرۆکی لیژنە** **ئەندام**

**مێژوو: / /٢٠١٠** **مێژوو: / /٢٠١٠**

**ناو:** **ناو:**

**ئەندام** **ئەندام و سەرپەرشتیار**

**مێژوو: / /٢٠١٠** **مێژوو: / /٢٠١٠**

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکانەوە پەسەند کرا**

**ناو:**

**ڕاگری کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان**

**زانکۆی سەلاحەددین**

**مێژوو: / /٢٠١٠**

# ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

ـ باوکی خۆشەویستم، کە هەمیشە پاڵپشت و هاندەرم بووە لەژیان.

ـ دایکی ئازیزم، سوپاس بۆ ماندوبوون و شەونخونییەکانی.

ـ (کانیاو) ی هاوڕێ و هاوسەرم، کە بەدڵە گەورەکەی باشترین دەرفەتی بۆ ڕەخساندم لەتەواو کردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا.

ـ خوشک و برا بەڕێزەکانم و منداڵە چاوگەشەکانیان.

# سوپاس و پێزانین

ـ زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە، کە لەتەواو کردنی ئەو نامەیەدا یارمەتی دام.

ـ زۆر سوپاس بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان، بەشی زمانی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندم.

ـ زۆر سوپاس بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم (پ. ی. د. نەوزاد وەقاس سەعید)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی لێکۆڵینەوەکەمی گرتە ئەستۆ.

ـ زۆر سوپاس بۆ (م. سامی جەعفەر) کە لەوەرگێڕانی سەرچاوە عەرەبییەکاندا یارمەتی دام.

ـ زۆر سوپاس بۆ کارمەندانی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەددین و کتێبخانەی بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان.

## هێما کورتکراوەکان:

| هێما | وشە |
| --- | --- |
| لا | لاپەڕە |
| چ | چاپ |
| د | دکتۆر |
| پ | پرۆفیسۆر |
| پ. ی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر |
| ؟ | بێ زانیاری (بدون معلومات) |
| گ | گۆڤار |
| ڕ | ڕۆژنامە |
| ژ | ژمارە |
| و | وەرگێڕان |
| ب | بەرگ |
| بە | بەش |
| س. پ | سەرچاوەی پێشوو |
| هـ. س. پ | هەمان سەرچاوەی پێشوو |
| ص | صفحة |
| تر | ترجمة |
| ط | طبعة |
| ع | عدد |
| ج | جزء |
| م | مجلد |
| م. س | المصدر السابق |
| ن. م. س | نفس المصدر السابق |
| مج | مجلة |

# ناوەرۆک

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| **بەشی یەکەم: چەند زانیارییەکی تیۆری لەبارەی نامۆییەوە** | ٣ ـ ٤٠ |
| **تەوەری یەکەم: ناساندن و کورتەیەکی مێژوویی بۆنامۆیی** | ٣ ـ ٣٢ |
| زاراوەی نامۆیی | ٣ |
| پێناسەی نامۆیی | ٨ |
| مێژووی نامۆیی | ١٣ |
| جۆرەکانی نامۆیی: | ١٩ |
| ١ـ نامۆیی خودی | ٢٠ |
| ٢ـ نامۆیی کۆمەڵایەتی | ٢٢ |
| ٣ـ نامۆیی ئابووری | ٢٣ |
| ٤ـ نامۆیی ڕۆشنبیری | ٢٤ |
| ٥ـ نامۆیی تەکنۆلۆژی | ٢٥ |
| ٦ـ نامۆیی ئایینی | ٢٧ |
| ٧ـ نامۆیی سۆفیگەری | ٢٨ |
| ٨ـ نامۆیی سێکسی | ٢٨ |
| ٩ـ نامۆیی جوگرافی | ٣٠ |
| ١٠ـ نامۆیی فیکری | ٣٠ |
| ١١ـ نامۆیی سۆزداری | ٣١ |
| **تەوەری دووەم: هەندێ زانیاری تر لەسەر نامۆیی و کەسایەتی نامۆ** | ٣٣ ـ ٤٠ |
| هۆکارەکانی نامۆیی | ٣٣ |
| ڕەهەندەکانی نامۆیی | ٣٦ |
| کەسایەتی نامۆ | ٣٨ |
| **بەشی دووەم: نامۆیی لەفەلسەفەوە بەرەو ئەدەبیات** | ٤١ |
| **تەوەری یەکەم: نامۆیی لەچەند ڕوانگەیەکەوە** | ٤١ ـ ٥٥ |

| | |
|---|---|
| نامۆیی لەڕۆانگەی  فەلسەفییەوە | ٤١ |
| نامۆیی لەڕوانگەی دەروونناسییەوە | ٤٧ |
| نامۆیی لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە | ٥٢ |
| تەوەری دووەم: نامۆیی و ئەدەب | ٥٦ ـ ٧٥ |
| نامۆیی و ئەدەبی جیهانی | ٥٦ |
| نامۆیی و ئەدەبی کوردی | ٦٤ |
| **بەشی سێیەم: پراکتیزەکردنی چەمکی نامۆیی لای سەلاّح عومەر** | **٧٧ ـ ١٣٣** |
| جۆرەکانی نامۆیی لەڕۆمانەکانی سەلاّح عومەر دا : | ٧٧ |
| ١ ـ نامۆیی خودی | ٨٧ |
| ٢ـ نامۆیی  کۆمەلاّیەتی | ١٠٤ |
| ٣ـ نامۆیی ئابووری | ١٢٦ |
| ٤ـ نامۆیی ڕۆشنبیری | ١٢٧ |
| ٥ـ نامۆیی تەکنۆلۆژی | ١٢٨ |
| ٦ـ نامۆیی سۆفیگەری | ١٢٩ |
| ٧ـ نامۆیی  سێکسی | ١٢٩ |
| ٨ـ نامۆیی جوگرافی | ١٣١ |
| ئە نجامەکان | ١٣٤ |
| سەرچاوەکان | ١٣٦ |
| کورتەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی عەرەبی ( ملخص البحث ) | أ |
| کورتەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی ( Abstract) | A |

# پێشەکی

# پێشەکی

نامۆیی وەکو زاراوەیەك فرە مانا و فرە دەلالەتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر چەمکێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، چونکە تا ئێستا ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر نامۆیی کراون، لەهەردوو بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا بووە، لەوانەشە لەم لا و ئەولا لەڕوانگەی ترەوە باس لەم چەمکە کرابێت، بەڵام لەچەند دێڕێك زیاتر نەبووە.

**١ـ ناونیشان و بواری نامەکە:**

ناونیشانی نامەکە بریتییە لە نامۆیی لەڕۆمانەکانی (سەلاح عومەر) دا، کەتێیدا نامۆیی وەکو چەمکێکی فرە مانا و فرە لایەن خراوەتەڕوو، پاشان پێناسە ومێژوو و جۆرەکان و ڕەهەندەکان و هۆکارەکان و کەسێتی نامۆ خراوەتەڕوو، وەکو کەرەسەیەکیش بۆ بەشی پڕاکتیکی سوود لەژانری ڕۆمان بەگشتی و ڕۆمانەکانی سەلاح عومەر بەتایبەتی بینراوە.

**٢ـ سنوری لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا تایبەتە بەنامۆیی لەڕۆمانەکانی سەلاح عومەر دا، کە بریتین لەشەش ڕۆمان، کە ئەمانەن: (وڵاتی تارمایی، تاریکستانی لم، مێتامۆڕفۆس، دوانامەی دێوەرەیەك، جەنگ، خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان)، واتە ناپڕژێینە سەر شیعر و چیرۆکەکانی سەلاح عومەر.

**٣ـ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەو ڕێبازەی کە لەم لێکۆڵیەوەیەدا پێڕەو کراوە، ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاریی)ە، چونکە زیاتر لەگەڵ سروشتی کارەکەی ئێمەدا دەگونجیٚ.

**٤ـ گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە تا ئێستا لەئەدەبی کوردی دا لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لەبارەی نامۆیی لەدنیای ڕۆمان دا نەکراوە، تەنیا ئەو دوو نامەیە نەبێت کە یەکێکیان بەناوی (نامۆیی لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا) یەو لەساڵی ٢٠٠١دا لەلایەن شیرین سەعید محەمەد سەعیدەوە پیشکەش بە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ئەویتریشیان بەناونیشانی (نامۆیی لەشیعری کوردیدا کرمانجی خواروو ١٩٧٥ـ٢٠٠٠)ەو لەساڵی ٢٠٠٧دا لەلایەن ئارام محەمەد قادرەوە پێشکەش بە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هەردوو نامەکە تایبەتن بەژانری شیعر و بەهیچ شێوەیەك بەلای ڕۆماندا نەچوونە، کەچی لەلێکۆڵینەوەکەی ئێمەدا سەرەڕای ڕوونکردنەوەی نامۆیی لەڕۆمانەکانی سەلاّح عومەردا، لەباسی (نامۆیی لەئەدەبی کوردی)دا نامۆییمان لەدەقی کۆمەڵێ چیرۆکنوس و ڕۆماننووس خستۆتەڕوو، لەوانە:(ئیبراهیم ئەحمەد، حوسێن عارف، هیمداد حوسێن، عەبدوڵلاّ سەڕاج، عەزیزی مەلای ڕەش، شێرزاد حەسەن) ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە لەم نامەیەدا زۆر زانیاری تیۆری لەبارەی نامۆییەوە خراوەتەڕوو، کە لەنامەکانی تردا بەرچاو ناکەون، وەکو:(مێژووی نامۆیی، ڕەهەندەکانی نامۆیی، هۆکارەکانی نامۆیی، کەسێتی نامۆیی).

**٥ـ گرفتی نامەکە:**

زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودمان لیٚ بینیون سەرچاوەی بیانی بوون، وەرگێڕانی ئەو سەرچاوانەش پێوستی بەکاتێکی زۆر هەبوو، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا سوودێکی زۆرمان لیٚ بینین بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەمان.

**٦ـ ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام سیٚ بەش لەخۆ دەگرێت، بەشەکانیش بەم شێوەیە خراونەتەڕوو:

**بەشی یەکەم** تەرخانکراوە بۆ ڕوونکردنەوەی زاراوە و پێناسە و دەلالەتەکانی نامۆیی، ئەم بەشە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت بەم شێوەیە: تەوەری یەکەم، کەباس لەزاراوە و پێناسە و مێژوو و جۆرەکانی نامۆیی دەکات. تەوەری دووەمیش، کەباس لەهۆکارەکانی نامۆیی و ڕەهەندەکانی نامۆیی و کەسێتی نامۆیی دەکات.

**بەشی دووەم** تەرخانکراوە بۆ نامۆیی لەفەلسەفەوە بەرەو ئەدەبیات، ئەم بەشەش بەسەر دوو تەوەردا دابەش کراوە، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ نامۆیی لەڕوانگەی چەند فەلسەفی و دەروونناسی و کۆمەڵناسییەوە ، تەوەری دووەمیش تایبەتە بە نامۆیی لەئەدەبی جیهانی و ئەدەبی کوردی دا.

**بەشی سێیەم** تەرخانکراوە بۆ باسکردنی جۆرەکانی نامۆیی لەڕۆمانەکانی نامۆیی لەڕۆمانەکانی سەلاّح عومەر و لەم بەشەدا باسی نامۆیی خودی و نامۆیی کۆمەلاّیەتی... و چەند جۆرێکی دیکەی نامۆیی کراوە بەگوێرەی ئەوەی لەدەقی ڕۆمانەکاندا خراونەتە ڕوو.

لەکۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم: چەند زانیاریەکی تیۆری لەبارەی نامۆییەوە.

## تەوەری یەکەم: ناساندن و کورتەیەکی مێژوویی بۆ نامۆیی.

- زاراوەی نامۆیی
- پێناسەی نامۆیی
- مێژووی نامۆیی
- جۆرەکانی نامۆیی

1. نامۆیی خودی
2. نامۆیی کۆمەلاّیەتی

٣. نامۆیی ئابوری

٤. نامۆیی ڕۆشنبیری

٥.نامۆیی تەکنۆلۆژی

٦. نامۆیی ئایینی

٧. نامۆیی سۆفیگەری

٨. نامۆیی سێکسی

٩. نامۆیی جوگرافی

١٠. نامۆیی فیکری

١١. نامۆیی سۆزداری

## زاراوەی نامۆیی

لێکۆڵینەوە لەسەر زاراوەی نامۆیی کارێکی هێندە ئاسان نییە، چونکە ئەم بابەتە ئەمڕۆ لایەنەکانی یەکجار فراوانە و لق و پۆپی زۆری تێکەوتوە. بەسەرنج دان لەم بابەتە دەردەکەوێت کە ئەمڕۆ لەچوارچێوەیەکی فراوان لێی دەکۆڵدرێتەوە و بواری کارکردن تیایدا سنورێکی بڵاو داگیردەکات لەبوارەکانی( فەلسەفی و ئایینی و سیاسی و کۆمەلایەتی و دەروونی و تەندروستی دەروونی و پەروەردەیی) . پسپۆڕان و شارەزایانیش هەریەکەیان هەوڵدەدەن لەبواری پسپۆڕیەکەی خۆیانەوە لەم دیاردەیە بکۆڵنەوە تا بگەن بەئەنجامێك، بۆ نموونە دەروونناسەکان هەوڵدەدەن لێکۆڵینەوە لەسەر کەسانی نامۆ بکەن و وردەکارانە بەرەو ناخیان شۆڕببنەوەو هۆکار و فاکتەرەکانی بزانن، تاوەکو بتوانن لەم ڕێگەیەوە بگەنە ڕاستیی بابەتەکەو دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ ئەوەی مرۆڤی نامۆ لەم دیاردەیە ڕزگاری بێت کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەدەستییەوە دەناڵێنێ. کۆمەڵناسەکانیش هەوڵدەدەن دەستنیشانی ئەو خاڵانە بکەن کەوایکردووە تاك لەکۆمەڵگەکەیدا گۆشەگیر و دوورەپەرێز بێت، تابتوانن ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەو بارودۆخە بدۆزنەوە و واقیعێکی وا بخولقێنن، کە تاك جارێکی تر ئینتیمای بۆ ئەو بویەرە هەبێت و پەیڕەوی یاسا و ڕێساکانی بکات و خۆی بە ئەندامێکی کاراو بەئەمەك لەقەلەم بدات...تاد.

بەر لەوەی نامۆیی وەکو مەسەلەیەکی زانستی باسی لێوەبکرێت و لێی بکۆڵدرێتەوە، وەك دیاردەیەك هەستپێکردنی لەنێو کۆمەڵگەدا زۆر کۆنە، زۆر جار لە ئاکار و ڕەفتاری ئەو کەسانە دەردەکەوێت کە گۆشەنشینن، لەوانەیە گۆشەنشینیش نیشانەیەك بێت لەنیشانەکانی نامۆیی.

«بەکۆمەڵایـەتی بـوونی ئـادەمیزاد دیاردەیـەکی مرۆڤایەتییـە نـەك غـەریزی، و بـەگوێرەی قۆناغـە مێژووییـەکان شـێوازی ئـەم بـە کۆمەڵایـەتی بوونـە گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە»[1]. ئـادەمیزاد لـە بنچـینەدا سروشـتی وایـە کـە بونـەوەرێکی کۆمەڵاتییـە و هـەرتاکێك لەتـەك ئـەوانی تـر ژیـان دەگـوزەرێنێ و هـەر کۆمەڵگەیـەکیش زمانێـك یـان چـەند زمـانێکی تێدایـە، کـە تاکـەکان پـێ ی دەدوێـن، بـەڵام کاتێـك مـرۆڤ دیاردەیەکی ناشیرین و دزێو یان نادادپەروەرییـەك لـەدامودەزگاکانی بـەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیدا دەبینێت توشی بێزاری دەبێت، ئـەو بێزارییـەش وادەکـات بـاوەڕی بـەهیچ شـتێك نـەمێنێت، ئـیتر بەتێپـەربونی کـات کەسێکی ڕاڕا و بێ باوەڕ و گۆشەگیر و دورەپەرێز و بێ ئینتیمای لێ دەردەچێت.

نامۆبوون بارودۆخێکی نائاساییە تەنیا مرۆڤ توشی دەبێت جا لەهەر ڕەگـەزێك بێـت، واتـە نێـر بێـت یان مـێ، گـەورە بێـت یـان بچـوك، لەهـەر پلـەو پایـەك یـان لەهـەر چـینێکی کۆمەڵگـە بێـت، یـاخود لەهـەر کۆمەڵگەیەك بێت.

سـەرەڕای زۆری نووسـین لـەبارەی چـەمك و زاراوەی نامۆییـەوە بـەڵام هێشـتا ئـەم چـەمکە لێڵـە و تەمومژاوییە و ڕون نییە، تەنانـەت مـەودای جیـاوازی و دژیـەکی ئـەو نووسـینانەی کەلـەبارەی ئـەم چـەمکە نوسراوە گەیشتۆتە ڕادەیەك خوێنەر واهەست بکات، کە باس لە چەند چەمکێکی جیـاواز دەکرێـت، ئەمـەش لـە ئـەنجامی ئەوەیـە کـە هەرکەسـەو بـەگوێرەی ئاسـتی تێگەیشـتنی خـوی ئـەم چـەمکەی بـەکارهێناوە و لەبارەیەوە دواوە[2].

وەك وتمان زاراوەی نامۆیی چەند چەمکێکی جیاوازی هەیە، لـەبوارەکانی(دەروونـی و کۆمەڵایـەتی و ئابووری) بەڵام سەرجەمیان دەگەڕێنەوە بۆ چەمکە گشـتییەکە ئـەویش جیابونـەوەی تاکـە لـە کۆمـەڵ، یـان جیابونەوەی کۆمەڵێك کەس لە کۆمەڵێکی گەورەتر لەخۆی[3].

«فەرهەنگـە ئینگلیزییــەکان ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکــەن کــەوا زاراوەی نــامۆیی"Alienation" لـەئاوەڵناوی"Alien"هـاتووە، کەبـە مانـای نەناسـراو یـان بێگانـە دێـت، هـەروەها واتای"سەرپێچـیکار"، یان"گۆڕاو"یش دەدات، بەڵام کاری"Alienate"بـە مانـای دوردەکەوێتـەوە یـاخود هاوڕێیـەتی لەدەسـت دەدات دێت، ئەگەر بەشێوەی حەرفی وەربیگێڕین مانای دورکەوتنەوە یان دوری لە کۆمەڵگەدا دێت»[4].

«بنجی لاتینی وشەی نامۆیی بریتییە لەAlienatio، مانـای ئـەم وشـەیەش لـە فرمـانی Alinare هاتووە، کە بە مانای گواستنەوەی شتێك دێت بۆ کەسێکی تر کە دەبێتە خاوەنی، یان بە مانـای دامـاڵین و

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. نەجم خالید نەجمەدین، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٠/٩/١٤، سێشەممە، سەعات (١١)ی پێش نیوەڕۆ.

(١) غیاث الدین نقشبندی، نامۆیی، چ ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ـ سلێمانی،٢٠٠٤، ل٤٣.

[٢] سرور عبدالرحمن عبدالله، بناء الشخصیات في روایات غسان کنفاني(دراسة نقدیة)، رسالة ماجستیر، کلیة الآداب، جامعة صلاح الدین، ١٩٩٤، ص٢٨.

(٣) د. عبدالقادر موسى المحمدی، الإغتراب في تراث صوفیة الإسلام ـ دراسة المعاصرة ـ، بیت الحکمة ـ بغداد، ٢٠٠١، ص١٠.

لابردن دێت، ئەم کارەش بۆخۆی لە کارێکی تـرەوە وەرگـیراوە، کـە Alienusە، کەبـەمانای ئینتیمـا بـۆ کەسێکی تر یان خۆپێهەڵواسین دێت، کاری Alienusیش لەوشـەی Alius وەرگـیراوە جـا نـاو بێـت یـان ئاوەڵناو»[5]. هەروەها لەزمانی فەرەنسیشدا نامۆیی هەر Alienation ی بۆ بەکاردێت، کەئەویش لـە وشـە لاتینییەکە هاتووە کەAlienatio یە[6].

«نامۆبوون یا نامۆیی سەرەتا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لـەزمانی ئەڵمانیـدا"Entfremdung"ی بۆ بەکارهاتووە وەك "گریم"ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت: مانای ئەم زاراوەیە نامۆبوون یان دەست بەسەراگرتن یان لێ سەندن دەگەیەنێت، ئەم زاراوەیە ڕێك بەرامبـەر وشـەی"Alienation"ی ئینگلیـزی دەوەسـتێت. دیـارە ئـەو زاراوەیـە تـا ئێسـتاش لـەلای ئەڵمانیـەکان بـۆ نـامۆبوون بـەکاردەهێنرێت هـەروەها زاراوەی"Fremder"بۆ کەسی نامۆ بەکاردێت. لای هەندێ لە لێکۆڵەر و نووسەران هەردوو زاراوەی نامۆیی و نـامۆبوون یەکـەو مەبەسـت لـەو حاڵەتەیـە کـە کەسـی نـامۆی تـێ دەکـەوێت، بـەڵام لای هەنـدێکی تریـان "نامۆیی"دورە ولاتییەکـە دەگرێتـەوە و"نـامۆبوون"یش نـامۆبوونی نێـو کۆمەڵگەیـەو کـەدەبێت بـە نـامۆیی خود. هەردوو زاراوە لە وشەی "نامۆ"وە هاتووە کە بەرامبەر وشەی "Fremd"ی ئەڵمانی دێت»[7].

«وشـە ئەڵمانییەکـە مانـای گواسـتنەوەی موڵکایـەتی دێـت لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر نـەك بـە ڕێگـای یاساییەوە، بەڵکو لەڕێگای دەست بەسەراگرتن و دزی کردندا، بەڵام گواسـتنەوەی موڵکایـەتی لەکەسـێکەوە بۆ کەسێکی تر وشەی "Verossenuag"ی پێ دەڵێن. نامۆبوون لە زمانی ئەڵمانیشدا بـەمانای تێکچـونی عەقڵی دێت، مانای تریشی بە ئەڵمانی بەنابەڵەدبوونی پەیوەندی نێوان کەسەکان دێت[8].

وشە لاتینییەکە Alienare و وشە هاوواتاکانی لە زمانـەکانی ئینگلیـزی و فەرەنسـی و ئـەڵمانی و عەرەبی کە لێوەی وەرگیراون، چەند واتایەکی جیاوازیان هەیە:

**١ـ واتای زمانی:** «نامۆبوو واتە کۆچی کرد، یان ژن هێنان لەبێگانە»[9].

**٢ـ واتـای یاسـایی:** «لـەم بـوارەدا وا دەبیـنین کـە کـاری لاتینـی "Alienare" بـەواتای گواسـتنەوەی موڵکایەتی دێت بۆ کەسێکی تر، واتای ئەمەش ئەوەیە هەر شتێك مـوڵکی مـن بێـت ببێتـە مـوڵکی کەسـێکی تر»[10].

---

(٤) ریتشارد شاخت، الإغتراب، تر. کامل یوسف حسین، ط ١، المؤسسة العربیة، ١٩٨٠، ص٦٣.

(١) د. کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چ١، چاپخانەی ژین ـ سلێمانی، ٢٠٠٣، لا ٧٤.

(٢) شیرین سەعید محەمەد سەعید، نامۆیی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١، لا٦٦.

(٣) د. کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و شیعری نوێخوازی کوردی، لا ٧٥.

(٤) د. سالم بیطار، إغتراب الإنسان وحریته ـ دراسة فلسفیة ـ، المؤسسة الحدیثة للکتاب، طرابلس ـ لبنان، ٢٠٠١، ص٤٥.

(٥) د. حسن محمد حسن حماد، الإغتراب عند إریك فروم، ط١، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع ـ بیروت، ١٩٩٥، ص٣٨ـ٣٩.

**٣ـ واتای كۆمەڵایەتی:** «واتە نەمانی پێوەندی لە نێوان تاك و ئەوانی تر دا»[١١]. «واتای كۆمەڵایەتی بۆ نامۆبوون لای هیگڵ، بنچینەكەی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی پەیمانی كۆمەڵایەتی بەتایبەتی بۆچوونەكانی ڕۆسۆ، كە پێی وایە نامۆبوون جیابونەوەی خودە لە ناوەڕۆكی كۆمەڵایەتی، ئەمەش وا دەكات تاك هەست بەبوونی خۆی نەكات و دەست لە مافەكانی خۆی هەڵبگرێت و كەسانی تر دەست بخەنە ناو مافەكانیەوە»[١٢].

**٤. واتای دەروونی:** وشەی Alienatio واتای حاڵەتی بێ هۆشی، هەروەها لەدەستدانی هێزی عەقڵی یان هەستەوەرەكان دەگەیێنێت، هەروەها تێبینی ئەوە دەكرێت "ئەریك فرۆم"لە كتێبەكەیدا (كۆمەڵگەی تەندروست) یشدا واتای كۆنی نامۆبوونی بەكارهێناوە بۆ كەسێك كە (شێت) بێت، فرۆم وادەبینێت كە هەردوو وشەی Alieneی فەرەنسی و Alienadoی ئیسپانی بۆ كەسێك بەكاردێت، كە بە تەواوی لە عەقلی خۆی نامۆ بێت، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ وشەی Alienistی ئینگلیزی بەكاردێت بۆ پزیشكێك كە چارەسەری نەخۆشیە عەقڵییەكان بكات[١٣].

**٥. واتای دەروونی كۆمەڵایەتی(سایكۆ سۆسیۆلۆژی):** « واتە جیابونەوەی مرۆڤ لەخودی خۆی و سەرپێچی كردنی ئەو شتانەی كەلە كۆمەڵگەدا باون»[١٤].

**٦. واتای ئایینی:** «نەمانی پەیوندی نێوان تاك و یەزدانە»[١٥].

«لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی نامۆیی Alienation تائێستا جێگیر نییە و چەندەها زاراوەی وەكو(غربة) یان (التغریب) یاخود (التغرب) یان (الإستلاب) یان (الألینة) یاخود (الإنسلاخ)ی بۆ بەكاردێت»[١٦]، بەڵام ئەوەی كەلە عەرەبیدا زۆر بەكاردێ هەردوو زاراوەی (غربة، الإغتراب)ە، ئەگەر سەرنج بدەینە زۆربەی فەرهەنگە عەرەبییەكان، ئەوا دەردەكەوێت ئەو زاراوە عەرەبیانەی كەلەسەرەوە باسمانكردن زیاتر سیمای شوێنییان هەیە، بۆ نموونە "خەلیلی فەراهیدی" لە كتێبی(العین) و "إبن فارس" لەكتێبی(مقاییس اللغة) و "إبن منظور" لەكتێبی(لسان العرب) و "جەوهەری" لەكتێبی(الصحاح) و "ئەزهەری"لەكتێبی(تهذیب اللغة)...تاد پێیان وایە، كە زاراوەكانی (غربة، غرب، تغریب، أغربتە، غربتە،

---

(١) ریمون بودون و فرانسوا بوريكو، المعجم النقدي في علم الإجتماع، تر. وجيه أسعد، ج١، الهيئة العامة السورية للكتاب ـ دمشق ، ٢٠٠٧، ص٤١.

(٢) جواد محمد الشيخ خليل،الإغتراب وعلاقته بالصحة النفسية لدي طلبة الجامعات الفلسطينية في محافظات غزة، ملتقى طلاب جامعة دمشق، أحد ٢٠٠٩/١٠/١١، http//www.jamma.cc/art86932html.

(٣) د. حسن محمد حسن حماد، الإغتراب عند إريك فروم، ص٤٠.

(٤) شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني والصناعي ـ دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس، قسم الدراسات النفسية والاجتماعية، ٢٠٠١، ص٢٧.

(٥) ريمون بودون و فرانسوا بوريكو، تر. وجيه أسعد، المعجم النقدي في علم الإجتماع، ص٤١.

(٦) محمد ذنون زيتو، الحصار الاقتصادي والإغتراب الاجتماعي وآثرها في سلوك الطلبة، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الموصل، ١٩٩٨، ص١٢.

تغـرب، الإغـتراب) واتـای (دوری لـه ولاّت، دورخسـتنەوە، دووری، وەلانـان، ڕۆیشـتن بـۆ دەرەوەی ولاّت) دەگەیێنێت[17].

« لەزمانی کوردی پەیڤی نامۆیی و نامۆبوون وەکو زاراوەیێکی داتاشـراو بـۆ فـۆڕمی Alienation کە بەرامبەر بە پەیڤی(الإغـتراب)ە بـە عـەرەبی وEntfremdungنـامۆیی و Entausserung بـە واتـای تازیبون (الإنسلاخ) بە ئەڵمانی، پەیڤە کوردیەکە "نامۆیی"پێچەوانەی دەسـتەمۆیە، هەرکەسـێ بەرامبـەر بـە دەستەمۆکردن یاخی ببێـت نادەسـتەمۆیە واتـە نـامۆ، هـەروەها دەکـرێ پـەیڤی هـاڤیبون لـەجیاتی نـامۆیی بەکاربێ چونکی هـاڤی: واتـە جێمانـەوە ڤـەمان: مـاهین ژ ڕەڤیـێ هـاڤی بـو، کـەو ژ ڕەفـێ هـاڤی بـو، واتـە جێمانەوە و گیرۆبونی یان تێکەڵ نەبونی لەگەڵ کۆمەڵەکەی. من هاڤیبونم پێ ڕاستترە چونکی هـاڤی واتـای تێکەڵ نەبون و نەگونجان دەگەیێنێ، لەکاتێکدا نامۆ پێچەوانەی کەویکردنە و واتای کیوی دەدا، بـۆ فـۆڕمی نامۆیی مـەرج نیـە یاخیەکـە نـامۆ بێـت، دەکـرێ دەسـتەمۆیەکە نامۆبێـت»[18]. فـەر هەنگـە کوردییـەکانیش ئاماژەیان بەم زاراوەیە کردووە و لیکدانەوەی جیاوازیان بـۆی کـردووە. فەرهـەنگی "هەنبانـە بۆرینـە"مانای بێگانـەیی لەبەرامبـەر وشـەی نـامۆیی دانـاوە[19]. فەرهـەنگی "خـاڵ"یش پـێ ی وایـە نـامۆیی حاڵـەتێکی دەروونییە و واتای بێ خەوی و بێ کەیفی دەگەیێنێ کەلەڕانەهاتنی شوێنێك پەیدا دەبێ. لەهەمان فەرهەنگ بەرامبـەر ئـەو کەسـەی کـە توشـی ئـەو حاڵەتـە دەبێـت کـە کەسـە نامۆکەیـە واتـای غـەریب دانـراوە.[20] فەرهەنگی"کوردستان"یش بۆ وشەی نامۆ واتای هۆگر نەگرتووی داناوە[21].

لەخوێندنـەوە و ڕاڤـەکردنی ئـەو نووسـینانەی پێشـەوە دەگەینـە ئـەنجامێك، کـە زاراوەی نـامۆیی لێکدانەوەی یەکجار زۆری بۆ کراوە، چونکە ئەم بابەتە بابەتێکی فراوان و زینـدوی سـەردەمانەیە، کەقسـە و خوێندنەوەی زۆر و جۆراوجۆر هەڵدەگرێت بەهۆی جیاوازی پسپۆڕیەتی ئەو کەسـانەی کەلەمـەڕ ئـەم بابەتـە دواون و نووسینیان لەبارەیەوە هەیە.

## پێناسەی نامۆیی

بوونی پێناسەیەکی دیاریکراو ونـەگۆڕ بۆبابـەتێکی فـراوان و زینـدووی وەکـو نـامۆبوون، کـە هـەموو لایەنە جیاوازەکانی ئـەم بابەتـە لـەخۆ بگرێـت کـارێکی ئەسـتەمە، چـونکە ئـەم بابەتـە ئـەمڕۆ بۆتـە مایـەی چاوتێبڕینی زۆرێك لە شارەزایان و بیرمەندان و بۆچوونی جیاجیاو تێڕوانینی هەمەجۆری ئاڕاستە دەکرێـت و

---

[1] روضة بنت بلال بن عمر المولد، الاغتراب في حياة إبن دراج وشعره، رسالة ماجستير، جامعة أم القرى، كلية اللغة العربية وآدابها، ٢٠٠٧، ص ١٢-١٣.

(٢) غياث الدين نقشبندی، نامۆیی، لا٤٥.

(٣) هەژار، فەرهەنگ هەنبانە بۆرینە(کوردی - فارسی) - تهران، ١٣٤٩، لا ٨٥٧.

(٤) شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چ١، چاپخانەی کامەرانی - سلێمانی، ٢٠٠٠، لا ٣٣١.

(٥) گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چ١، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، ١٩٩٩، لا ٨٧١.

لەگۆشەنیگای جیاجیاوە لێی کۆڵدراوەتـەوە، ئەمـەش وایکـردووە پێناسـەکانیش جیـاواز و فـرە لایـەن بـن، ناشـکرێت لـە واقیعـی حاڵـدا تێڕوانینێـك لـە چوارچـێوەی پێناسـەیەکدا بسـەپێنین و تێڕوانینـەکانی تـریش فەرامۆش بکرێن، بۆیە ناچار بۆ خستنەڕووی ڕاستی بابەتەکە دەبێ پەنا بۆ پێناسەی جیاواز ببرێت.

بـەهۆی پێشـکەوتنی شارسـتانیەت لـەکۆتایی سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، لێکۆڵەرەوەکان گرنگییەکی زیاتریان دا بە لێکۆڵینـەوە لەسـەر دیـاردەی نـامۆبوون. لێکۆڵـەرەوەکان پێیـان وایە نامۆبوون دیاردەیەکی بلاَوی نێو کۆمەڵگـە جیاوازەکانـە، سـەردەمی ئێسـتا سـەردەمی دورکەوتنـەوەی تاکە لە هەموو یاساو ڕێساو بەها و نەریتەکانی کۆمەڵگە، کە ئەمەش بە هۆی ئەو کێشە و ململانێیەی کەتاك ڕۆژانە توشی دەبێت لە ئـەنجامی خێرایـی پیشـکەوتنی بـەها مادديیـەکان و سسـتی لەبەرەوپێشەوەچوونی بەها مەعنەوییەکان، سەرەنجام دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە تاك هیچ لایـەنگیری و سـۆزێکی بـۆ کۆمەڵگەکـەی نەبێت خۆی بە بێ لایەن لەئاست ئەو کێشانە ببینێت[٢٢].

نـامۆبوون وەك کێشـەیەك کۆنـە بـەکۆنی مرۆڤایـەتی، کـە لەهـەموو چـاخ وسـەردەمێکدا هـەبووە و ڕووبـەڕووی ژیـانی کۆمەلاَیـەتی ئـادەمیزاد بۆتـەوە، «یـاخود دەتـوانین بلـێین نـامۆبوون بۆتـە دیاردەیـەکی مرۆڤایەتی، کە لەکۆمەڵگای ئەمڕۆی شارستانیدا ڕووی ڕۆشنبیری وجموجۆڵی وشیاری و فیکری ڕۆشـنبیرانی گرتۆتەوە، جا چ لەڕووی کۆمەلاَیەتی چ لە ڕووی ئەدەبی چ لەڕووی فەلسەفی بێت»[٢٣].

نامۆیی دیاردەیەکی دەروونییە و لەئەنجامی کارلێکردنی کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەلاَیەتییـەوە دروسـت دەبێت، لەوانە هەژاری و لێقەومان و کارەساتی دڵتەزێن ونەبوونی هێز و پاڵپشت وپەناو، چارەسـەرنەکردنی گرفتەکانی ژیان، بەشێوەیەك تاك هەست بکات پشت گوێ خـراوە و هـیچ بـەهاو نرخێکـی لەژیانـدا نییـە[٢٤]، بێگومان ئەم جۆرە نامۆییە زیاتر ولاَتە هەژارنشینەکان دەگرێتەوە، کە سەرچـاوەیەکی وایـان نییـە بـۆدابین کردنی بژێوی ژیانیان، لەوانە پشت بەستن بـە کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و نـەبوونی سـامانە سروشـتییەکانی وەکو نەوت، هەروەها ئەو ولاَتانەی کە پێگەی جوگرافییان لەسەر هێڵەکانی بومەلەرزەیە، یان بـوونی چـیای گڕکانی لەخاکی ئەم ولاَتانە، کەئەمانە فاکتەرن بۆ ڕودانی ڕوداوە سروشتییەکان بە بەردەوامی.

«نامۆیی ونکردنی ناسنامەی خودە بەرامبەر بە بابەت، یـان هاوکـات پێکـەوە ژیـانی دوو ناسـنامەی جیاوازە لەیەك ڕووبەڕدا بێ ئـەوەی ئـەم جیاوازییـە یاسـایەکی دیـالێتیکی بـەخۆوە بگـرێ. هەردووکیشـیان لەلایەن ناکۆکیەکان و جەمسەری هێزەکانی بابەتەوە فڕێ دەدرێنە نـاو خـود»[٢٥]. ئـەم پێناسـەیە فیکـرەی

---

(١) ؟، الإغتراب النفسي وعلاقته بالصحة النفسية لدى طلبة الجامعات الفلسطينية في محافظات غزة، الأربعاء، ٢٠٠٩/٩/٣٠، http://www.tarbya.net/Articles/ViewSection.aspx/?Secld=337&Artld=6126 .

(٢) هەڵگورد بەرزنجی، نامۆیی نەتەوەیی، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨، لا٢٨.

(١) کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی وگرفتی دەروونی وکۆمەلاَیەتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر ئابی١٩٩٩، لا٥٤.

(٢) ئازاد صبحی، ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕو کێشەی نامۆبوون، گ.نۆژەن، ژ(٢)، تشرینی یەکەم، ١٩٩٢، لا١٢٧

مارکسە بۆنامۆبوون، مەبەستیشی دورکەوتنەوەی خودی کرێکارە لەو کالآیەی کە خۆی بەرهەمی هێنـاوە. « نامۆیی ئەو هەستەیە کە لەلاتەوە دروست دەبێت، بەوەی کەجیای لەکۆمەڵگـە یـان لەکۆمەڵـە کەسـێك»[٢٦]، واتـە نـەگونجانی تاکـە لـەپای هـەموو یـان زۆربـەی پێـوەرە کۆمەلآیەتییـەکان.« نـامۆیی واتـە هەسـتکردنە بەتـەنیایی و دوری و نـەبوونی پێوەنـدی خۆشەویسـتی و هاوڕێیـەتی لەگـەڵ کەسـانی تـر و پچـڕانی ئـەو پەیوەندییانە»[٢٧]، واتە پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکان لەخۆشەویستی و یەکترویستنەوە دەگۆڕێت بـۆ نـەمان و بێ هێزبوون و کاڵبوونەوەی ئەو پەیوەندییانە، هەروەها نـامۆیی ئـەو حاڵەتەیـە کەتیایـدا مـرۆڤ ناگونجێـت لەگـەڵ واقیـع ودەوروبـەری کۆمەلآیـەتی خۆیـدا، واقیعـی کۆمەلآیـەتیش کەبریتییـە لـەکۆی پەیوەندییـە کۆمەلآیەتییەکان وبەها کۆمەلآیەتییـەکان، لـەم حاڵەتـەدا وەکـو تەگـەرە و کۆسـپێك دێنـە پـێش تاکەکـەس لەکۆمەڵگە دا.

« نامۆگەرایی* (Alienation) بریتییە لەدۆخێکی سایکۆ کۆمەلآیەتی کە لەکات و شوێنی نادیاردا دوچـاری بونـەوەر دەبـێ و بـەهۆی ئـەوەوە هەسـت بـەنامۆیی و دوری و ئـاوارەیی دەکـا»[٢٨]. " معجـم علـم الإجتماع" یش هەمان رای هەیە سەبارەت بەنامۆبوون و پـێ ی وایـە «حاڵـەتێکی سـایکۆ کۆمەلآیەتییـە، کـە بەشێوەیەکی تەواو کۆنترۆڵی مرۆڤ دەکات و وای لێدەکات هەندێك لایەنی واقیعە کۆمەلآیەتییەکەی لەلا نـامۆ بێت»[٢٩]. بەم پێیە بێت نـامۆیی دیاردەیەکـە هـەردوو لایـەنی دەروونـی و کۆمەلآیـەتی ڕۆڵـی سـەرەکی تێـدا دەبینن.

زۆرجـار نـامۆیی دورکەوتنـەوەی تاکـە لـەخودی خـۆی، هەنـدێك جـاریش نـامۆیی پچـڕانی تاکـە لەکۆمەڵگەکـەی بەگشـتی و ڕەتکردنـەوەی هـەموو پێوەرەکـانی کۆمەڵگەیـە، بـەڵام هەنـدێکجار نامۆییەکـە فراوانتر و قـوڵتر دەبێتـەوە بـە دورکەوتنـەوەی تـاك لـەخودی خـۆی و ژینگـەی دەوروبـەری و کۆمەڵگەکـەی بەگشتی.

نامۆبوون خۆی دەرهاویشتەی ئەو حاڵەتـە نێگەتیڤانـەی کۆمەڵگەیـە، کـە تـاك ناتوانێـت لەگەڵیانـدا هەڵبکات و ڕەتیان دەکاتەوە، زۆرجار مرۆڤە نامۆکە توانای گۆڕینی ئـەو واقیعـە کۆمەلآیەتییـە نـەگونجاوەی نییەو ناتوانێت گۆڕانکاری بەسەریدا بهێنێت، ناچار جاڕی جیهانێکی تر دەدات، کـە تـەنیا خـۆی بەرێوبـەر و هەڵسوڕێنەری ئەو جیهانەیە، زۆرجار لەم ئاستەش قوڵتر دەبێتەوە و دەگاتە ئەو ڕادەیەی کـەتاك نـەك هـەر

---

(٢٦) Longman Group Ltd, Longman Dictionary of Contemporary English, New Edition, 2002, p. 31.

(٤) كمال الدسوقي، ذخيرة علم النفس، م ١، الدار الدولية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٨٨، ص٧٧.

* لەفەرهەنگی Oxford(کوردی ـ ئینگلیزی) و فەرهەنگی المورد بەرامبەر بە وشەکانی گۆشەگیری و دابڕان و دوورخستنەوە و گواستنەوە وشەی Alienation دانراوە.

(٥) ئاری ئاغۆك، بزاڤی تەغریبی٢، چاپخانەی میدیا، کوردستان ـ هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٦٧.

(١) ميشيل دنكن، تر: د. إحسان محمد حسين، معجم علم الإجتماع، مطبعة دار الحرية ـ بغداد،١٩٨١، ص٢٠.

نامۆ بێت، بەڵكو دژەكرداریشی هەبێت و توندڕەوانە ڕەفتار بكات، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیٚ، كەتوندڕەوی و توندوتیژی دەرهاویشتەی نامۆبوونەو قۆناغێك دوای ئەوە*، هەروەكو لەم وێنەیەدا ڕوون كراوەتەوە.




وێنەی (١)

نیشاندانی بارودۆخی تاك لەئاساییەوە بۆ توندڕەوی

بۆ سەلماندنی ئەو نووسین و وێنەیەی سەرەوە دەتوانین پشت بەپێناسەیەكی "كینستۆن" ببەستین، كە سەبارەت بەنامۆیی گوتویەتی: ڕەتكردنەوەی بەها باوەكانی كۆمەڵگەیەو پاشەكشەكردن لێی و توندڕەوی كردن و یاخی بوون بەرامبەریان[٣٠].

هیچ تاكێك نییە لەكۆمەڵگە كۆمەڵێك حەزوئارەزووی نەبێت و بەهیوای ئەوە نەبێت كە ئەو ئارەزووانەی بۆ بێتەدی جا ئەو حەزانەش هەمە لایەنن، بۆنموونە حەزكردن لەوەرگیرانی لەبەشێك لەكۆلێژ كەبەدڵی خۆی بێت، یان حەزكردن لەپۆشینی جلێكی دیاریكراو، یاخود حەزكردن لەفێربوونی ئامێرێكی مۆسیقا، یا بوون بە گۆرانیبێژ...تاد، بەڵام كاتێك سەیر دەكات كەبەدیهاتنی ئەو ئارەزووانە لە واقیعی حاڵدا بوونیان مەحاڵە ئەوا تاك توشی بێزاری و گۆشەگیری و بیٚ ئومێدی دەبێت و وای لێدێت هیچ شتێك لای ئەو مانای نەبێت و نامۆببێت، بۆیە دەتوانین بڵێین «نامۆیی خەفەكردن و كپ كردنی شارەزاییەكانی كەسە، كەوادەكات لەبوونە راستەقینەكەی خۆی نامۆببێت، ئەم نامۆییەش زیاد دەكات بە زیادبوونی خەفەكردنەكەو لەم ڕێگایەشەوە وادەكات دەروونی كەسەكە باوەڕ بەوە بكات كە كەسێكی ترە»[٣١]. "هۆرِنیٚ"ش پێی وایە كاتێك تاك ناچار دەكرێت دەست لەحەزو ئارەزوو وبیروباوەڕەكانی خۆی هەڵبگرێت، ئەوا توشی نامۆیی دەبێت[٣٢].

«نامۆیی بریتییە لەوەی كە مرۆڤ لەژینگەیەكەوە هەڵكەنریٚ بۆ ژینگەیەكی تر، بە جۆرێك سەرەڕای ئەوەش پەیوەندییەكی ڕۆحی لەناخی ئەو خودەدا لە«ئەویٚ» لەلای سەبارەت بە زێد و ئازیزانی بێت»[٣٣]. لەم

* بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە پەیوەندی نێوان نامۆبوون وتوندڕەوی بڕوانە: **مظاهر التمرد الإجتماعي لدى الشباب، ميديا إبراهيم فتاح، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٨، ص٨٣ ـ ٨٩**

(٣٠) Kinston, Youth and Dissent,The Rise of A new Position, New York Harcourt Brace Inc, 1971, P.173.

(١) د. يوسف حمه صالح، الإغتراب النفسي وعلاقته بالاتجاهات نحو الهجرة لدى شباب الكورد(دراسة ميدانية في مدينة اربيل)، بحوث معاصرة في علم النفس، دار دجلة ـ عمان، ٢٠٠٨، ص ١٠٦.

(٢) شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني والصناعي، ص٢١.

(٣) سەكەوت پێنجوێنی، تاسەی غوربەت لەشیعری نویٚ ی كوردی تاراوگەدا، گ( ڕامان)، ژ٤٨، ٢٠٠٠، لا٥١.

پێناسـەیەدا ئـەوەمان لا گەڵاڵـە دەبێـت کەشـوێن ڕۆڵـی سـەرەکی هەیـە لەدروسـتبوونی نـامۆیی لای تـاك بەتایبـەتی لـەکۆچ پێکردنـی بـەزۆرەملێ لەشـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر، بـەڵام پێناسـەی واش لـەبارەی نامۆبوونەوە بەرچاو دەکەوێت کە شوێن هیچ ڕۆڵێـك یـان ڕۆڵێکـی ئـەوتۆی نییـە لـە دروسـتبوونی نامۆییـدا، هەروەکو ئەو پێناسەیەی کەدەڵێت:«نامۆگەرایی شتێکە پەیوەندی بـە جوگرافیـاوە نییـە، بـەڵکو حاڵـەتێکی سایکۆلۆژی یەو پەیوەندی بە دەروونی لەبارو نالەبارەوە هەیە، کە دەڵێم پەیوەندی بە جوگرافیاوە نـی یـە، واتە مرۆڤ ئەگەر دوورە مەفتەن بێت یان لە مەفتەنی خۆی بێت جیاوازییەکی ئەوتۆی نی یـە، چـونکە جـاری وا هەیە مرۆڤ لە وڵاتی خۆی لەشارەکەی خۆی لەگوندەکەی خۆی لەنێو ماڵ وخێزانی خۆی هەست بەغەریبی ونامۆیی دەکات، ئەویش لەبەرئەوەیـە بـارو زروفێکـی وای بـۆ دەخـولقێ، یـان تووشـی حاڵـەتێکی دەروونـی نالەبار دەبێت و لەوپەڕی غوربەتی دا دەژی. جاری واش هەیە مـرۆڤ لـە دوورە وڵاتیشـدا هەسـت بەغوربـەت ناکات، چونکە لە حاڵەتێکی دەروونی باشدا دەژی»[٣٤].

مرۆڤ کە بەتەنیا دەبێت دەکەوێتە بیرکردنەوە، ئیتر ئەم بیرکردنەوەیە زۆرجار دەگاتە ڕادەیەك، کە پرسـیار لەمـەڕ هـەموو کـون وکەلەبـەرێکی گـەردوون لـەخۆی بکـات ، بـەڵام کـە وەڵامێکـی بـاوەڕپێکراوی دەربارەیان دەست ناکەوێت، هەنێکجار  تووشی بێزاری ونامۆیی دەبێت، کەواتە ئـەوەی لێـرەدا یارمەتیـدەر بوو بۆ ئەم بیرکردنەوە قوڵە تەنیاییەکە بوو. فەرهەنگی"کامبریج"یش بەم شێوەیە پێناسەی نامۆیی دەکات «ئەو هەستەیە کە لەلات دروست دەبێت، کاتێك هیچ کەسێکت لا نەبێت»[٣٥].

ئەگەر لەسۆنگەی ئابورییەوە بڕوانینـە بابـەتی نـامۆبوون، دەردەکـەوێت، کـە لـەبارترین سیسـتەمی ئابووری بۆ دروستبوونی نامۆیی سیسـتەمی سـەرمایەدارییە، چـونکە بـە پێـی ئـەم سیسـتەمە تـەنیا چینـی بۆرجوازی سوودمەند دەبێت، لەکاتێکدا هـەموو ئـەرك ومانـدوبوون بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەم سـوود وقازانجـە دەکەوێتە ئەستۆی چینی کرێکار(پرۆلیتاریا)، بۆیـە دەتـوانین پێناسـەی نـامۆبوون بکـەین کـە« بریتییـە لـە ژێردەستبوونی مرۆڤ لەلایەن هێزێکی نامرۆییەوە، کەکرێکار دەگۆڕێت بـۆ ئـامێر بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجـە تاکانەییەکانی خۆی»[٣٦].

ئەگەر لەڕووی تەندروستیشەوە بڕوانینـە بابـەتی نـامۆبوون، ئـەوا دەردەکـەوێت کـە ئەگـەر کەسـێك لەڕووی عەقڵییەوە ناتەواوبێت پێی دەڵێن نامۆیـە، کەواتـە دەتـوانین لـەم لایەنەشـەوە پێناسـەی نـامۆبوون بکەین بەوەی، کـە جۆرێکـە لەتیکچـونی عـەقڵی، کـە هـەموو هەڵوێسـتەکان بەشـێوەیەکی هەڵـەو نادروسـت دەناسـێتەوە، سـەرەنجام کەسـێکی نـامۆو غـەریبی لـێ دەردەچـێت[٣٧]. دەتـوانین نەخۆشـیە عەقڵییـەکان

---

(٤) ئاری ئاغۆك، بزاڤی تەغریبی، چاپخانەی میدیا، کوردستان ـ هەولێر، ٢٠٠٢، لا١٨.

(٣٥) Cambridge Advanced Learner’s Dictionary, 3rd Edition, Cambridge University Press, 2008,

(٢) مەنۆ چیهر موحسنی، و. کۆمەڵێك نووسەر، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، دەزگاو چاپی بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢، لا ٣٧٢.

(٣) شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني والصناعي، ص٢١.

بەلوتکـەی نـامۆیی دابنـێین، ئەوکەسـەی کەئـەمجۆرە نەخۆشـیەی هـەبێت لەدنیایـەکی تایبـەت دا دەژیـت وناتوانێت هەست بەبوونی خۆی بکات[٣٨]. نامۆییش لـە پزیشـکی دەروونـی دا واتـە نـامۆبوونی عـەقڵی، کـە هاوواتای شێتییە[٣٩].

نامۆیی دیاردەیێکە لەهەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، بـەلاّم لەکەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر دەگۆڕێت بەهۆی جیاوازیان لەپیشە وئاستی خوێندن وئـەو پالّەوپەسـتۆ دەروونـی وکۆمەلاّیـەتی وئابورییانـەی کـەتاك تیایدا دەژیت، هەروەها دەوەستێتە سەر پێکهاتەی بایۆلۆژی ودەروونی وتەندروستی دەروونی تاك[٤٠].

لـەکۆتایی دا دەتـوانین بلّـێین نـامۆیی دیاردەیێکـە بـەواتای دورکەوتنـەوە وجیابوونـەوە ونـەگونجانی مـرۆڤ لەکۆمەڵ وژینگەی دەوروبەری وکۆمەڵگە دێت، هەروەها بەمانای تێکچونی عەقڵیش دێت.

## میێژووی نامۆیی

سەبارەت بەنامۆیی و قسەکردن لەسەر مێـژووی ئـەم دیاردەیـە، پێویسـتە سـەرەتا چـەند پرسـیارێك ئاراستەی خۆمان بکـەین. ئایـا نـامۆیی لـەدایکبووی تـەنیا سـەردەمێکە یـان لەهـەموو سـەردەمێکدا بـوونی هەیە؟

ئایا دیاردەی نـامۆبوون تـەنیا لەکۆمەڵگەیەکدا دەرکـەوتووە، یـان بـەنێو هـەموو کۆمەڵگـەکان بلاّوبۆتـەوەو تەشەنەی کردووە ؟

« لەخوێندنـەوەی شـیکارییانە بـۆ مێـژووی مرۆڤایـەتی دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـەوا دیـاردەی نـامۆبوون پەیوەستە بەمرۆڤ و لەهەموو سەردەمێکدا لەگەڵی ژیاوە، لەنەتەوەو کۆمەڵگە جیاوازەکان، هەتا ئەگـەر ئـەو کۆمەڵگەیانە لەهەموو روییێکەوە لەیەکتری جیاوازبن»[٤١].

دەتوانین ڕەگ و ڕیشەی چەمکی نامۆیی لەنووسینە فەلسـەفی ولاهوتیـە کۆنەکانـدا دەست نیشـان بکەین، بەتایبەتی لەبەشـی "سـەرەتای پەیـدابوون" لەتـەورات کـەباس لەچـیرۆکی مـرۆڤ و بـەرە حەڕامەکـە دەکات کەبەهۆیەوە لەبەهەشت دەرکرا[٤٢].

مرۆڤ لەبەسەرهاتی دەرکردنی ئادەم وحـەوا هـیچ ڕۆڵێکـی نـەبووە، بـەڵکو هـەموو شـتەکانی لەسـەر فەرزکراوە، چونکە بەپێی تەورات خوا داوای لێکردوون کەلەبەری هەموو شتێك بخـۆن حەلاّڵـە تـەنیا لەبـەری

---

(٤) م. س، ص٢١.

(٥) ن. م. س، ص٢٢.

(٦) د. أحمد محمد الزعبي، علم نفس النمو(الطفولة والمراهقة)، ؟، دار زهرا ، عمان ـ الآردن، ٢٠٠٢، ص٤٣٦.

(١) ؟، أشكال الاغتراب... بين اغتراب الذات والاغتراب الجغرافي، الخميس،٢٠٠٩/١٠/١،
http://www.hajrnet.net/hajrvb/archive/index.php/t-402887446ml .

(٢) د.عبدالقادر موسى المحمدي، الاغتراب في تراث صوفية الاِسلام، ص١٥.

داری زانینــی چــاكه و بــەدكاری نــەبێت، كەچــی مــار حــەوای هەڵخەڵەتانــدوەو لەبــەری دارەكــەی خــوارد، سەرەنجام بەهۆی ئەمەوە فڕێ دەدرێنە سەر زەوی. ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەكەوێت ئەوەیـە، كەنامۆییەكـە هەرلەسەرەتاوە هەبووە ئادەم وحـەوا كـەلێرەدا باسـیان كـراوە نموونـەی مرۆڤایـەتی پیشـان دەدەن، هـیچ جۆرە ئیرادە و بڕیـاردانێكی سـەربەخۆو ئازادانـەیان نـەبووە واتـە ئـادەم وحـەوا هەرلەسـەرەتاوە هەسـتیان بەنامۆیی كردووە بەهۆی ئەوەی كەخوا شتەكانی لەسەر فەرز كـردوون دواتـریش كەفڕێدراونەتـە سـەر زەوی ئەوا نامۆییەكەیان سەختتر بووە[٤٣]. واتە بەپێی ئەم قسەیە بێت نـامۆیی لەبنچینەدا لـەخودی مـرۆڤ بـوونی نەبووە، بەڵام دەوروبەر لەخوڵقاندنی نامۆییەكـە فاكتـەر بـووە. كەواتـە دەتـوانین بڵـێین سـەرەتای نـامۆیی ڕوییێكی ئایینی هەیە.

«هەنـدێك لەمێژونوسـان سـەرەتای نـامۆیی دەگەڕێننـەوە بۆسـاتەوەختی كوشـتنی هابیـل لەسـەر دەستی قابیلی برای لەپێناوی بەدەستهێنانی خوشكەكەیاندا»[٤٤]. هەروەكو خوای گەورە لەقورئانی پـیرۆزدا دەفەرموێت:« **فطوعت له نفسه قتل أخيه فقتله فأصبح من الخسرين**»[٤٥].

لەسەردەمانی كۆنیشدا پێغەمبەران توشی جۆرێك لەنامۆیی ودووره ولأتی هاتوون بۆنموونە «غەریبی وتاراوگەیی "**ئیبراهیم**" پێغەمبەر لەخاكی فەڵەستین بۆماوەیەكی درێژ، هەروەها نیشـتەجێبونی "**یـەعقوب**" پێغەمبەر لەخاكی غەریبی باوكی كە كەنعانە».[٤٦]

چەمكی گشتی نامۆیی لەتێڕوانینی هـزری ڕۆژئـاوا دا لەسـەردەمی بتپەرسـتەكاندا هـاتووە، ئـەوكات مرۆڤ هەموو هەوڵی خۆی دەخستە گـەڕ بۆدروسـتكردنی بتێـك یـان چـەند بتێـك، ئـەو بتـە هەرچـەندە كەلـە دروستكراوی مرۆڤەكە خۆیەتی كەچی هەموو هێزێكی خۆی تەسـلیم بـەو بتـە دەكـات و خـۆی بەكـەم سـەیر دەكات لەئاستی وكڕنووشی بۆ دەبات ئەم دیاردەیە لەڕوانگەی ئایینی تاك پەرستەكان لەخۆنامۆبوونە[٤٧].

« ئەگەر بڕوانینە ئایینی مەسیحی ئەوا بۆمان دەردەكەوێت كە مەسیحییەت بەهەردوو ڕێبازەكەیـەوە «كاسـۆلیك وپڕۆتسـتانت» و بەهــەموو دۆگـم "بیروبـاوەڕی چەسـپیو" ودامـەزراو ودەزگاكـانی كلێسـەوە چ لەڕۆژهەلأت و چ لەڕۆژئاوا ئەو بۆچوونە مەسـیحییە بـاوە كـەڕەب لەكەسـی مـرۆڤ مەسـیح «عیسـا» دا ڕەوشـی نامۆیی خۆی ودنیای لەناوبردووە"Aufgehoben" ئەوقسەیەی لاهوتی ڕەسمی مەسیحی خـۆی لەخۆیـدا

---

(٣) د. حەمید عەزیز، نامۆیی وەك چەمكێكی فەلسەفە،گ(ڕامان)، ژ١١٤، ٢٠٠٦، لا ١٣١-١٣٢ .

(١) شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني والصناعي، ص.١٨

(٢) قورئانی پیرۆز، سورەتی مائدە، ئایەتی ٣٠.

(٣) د.طالب مهدي الخفاجي، الاغتراب في الشعر العبري الحديث، مجلة الموقف الثقافي،ع١٣، تصدر عن وزارة الثقافة والاعلام، ١٩٩٨، ص ٧٤.

(٤) ئەریك فرۆم، و. زاهیر محەمەد ڕەشید، كۆمەڵگەی تەندروست، چ١ ، خانەی چاپ و بلأوكردنەوەی چوارچرا - سلێمانی، ٢٠٠٨، لاپەڕە ١٢٩.

نەك هەر دان پیانانە بەنامۆییدا، بەڵكو بەئاشكرا دوپاتی كردۆتەوە كەئەم ڕەوشی نامۆییە هەیەو بگرە بەشێكی بنەڕتییە لەژیاندا. ئەگەر ڕەوش ودیاردەو كێشەیەك لەئارادانەبێت بێگومان كۆششی لەناوبردن وچارەسەركردن وبەلایەكدا خستنەكەشی ناكرێت»[٤٨].

دەتوانین بەدوای ڕەگ و ڕیشەی نامۆیی دا بگەڕێین لەتێبینییەكانی فەیلەسوفە كۆنەكانی یۆنانی وەكو سوقرات وئەفلاتوون وئەفلۆتین، هەروەها لەنووسینە لاهوتیەكانی قەشە ئۆگستین ومارتن لۆسەر[٤٩].

**"سوقرات"** بەیەكێك لەناودارترین فەیلەسوفە كۆنەكانی یۆنان دادەنرێت، سەرەڕای ئەو ناوداربییەی بەڵام بەهۆی ئەوەی شێوەی لەشی بەگشتی و دەم وچاوی بەتایبەتی ناشیرین وسەیربووە هەربۆیە لەتەمەنی منداڵییدا لەناو منداڵە هاوڕێكانی گاڵتەی پێكراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەخودی خۆی توشی ململانێ و حەپەسان وبێزاری ببێت، ئەم بێزارییەی ناوەوەی دواتر لەڕەفتاریشی ڕەنگی داوەتەوە. واتە دەتوانین بڵێین سوقرات توشی نامۆییەكی بەزۆرە ملێ هاتووە بەهۆی ڕوخساریەوە[٥٠].

كتێبی (**كۆمار**) ی **"ئەفلاتوون"**یش كەلەساڵی ٣٩١ پ.ز نوسراوە باشترین نموونەی نامۆیی ئەو سەردەمەمان پیشان دەدات، ئەفلاتوون بۆی ڕوون بۆتەوە كەئەو جیهانەی ئەو داوای دەكات لەواقیعدا بوونی مەحاڵە ناچار پەنای بردۆتە بەرئەندێشە بۆ چارەسەركردنی نامۆییەكەی لەسیستەمی ئەوسا[٥١].

«بەڕوانین لەفەلسەفەی قەشە **"ئۆگستین"** دەتوانین تێبینی جۆرێكی تر لە نامۆیی بكەین ئەویش (نامۆیی زەمانی) یە، زەمان لای ئۆگستین مەسەلەیەكی خودییەو بابەتی نییە، لەناوەوەی هزری مرۆڤایەتی گەشە دەكات نەك لە دەرەوەی. ئەوەی پێوەندی بە زەمانەوە هەیە لای ئۆگستین ئەوەیە نەڕابردوو ونەداهاتوو بونیان نییە بەڵكو ئەوەی كەحەقیقەتە ئێستایە.[٥٢]

« ئەگەر بڕوانینە هەرسێ ئایینە ئاسمانییەكە ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە چەمكی نامۆبوون بەڕوون و ئاشكرایی لە هیچ كامێكیان نەهاتووە، تەنیا لەیەكێك لە فەرمودە پیرۆزەكانی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) هاتووە كە دەفەرموێت « **بدأ الإسلام غريباً و سيعود غريباً فطوبى للغرباء**»»[٥٣]. واتە موسڵمانەكان بەكەمینە دەستیان پێكرد و ژمارەیەك كەسی نامۆبوون كەلەناو بێ باوەڕەكاندا دەژیان. بەهەمان شێوەش ئیسلام دەگەڕێتەوە وەكو سەرەتاكەی.

«شۆڕشەكانی ئەوروپا وەك شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا و شۆڕشی كۆمەڵایەتی لە فەرەنسا ... زەخمێكی مەزنیان دایە ئەم چەمكە، زۆر لەفەیلەسوفان و ڕوناكبیران لەم دیاردەیان كۆڵیتەوە،

---

(٥) د. حەمید عەزیز ، نامۆیی وەك چەمكێكی فەلسەفە، لا ١٣٢.

(٦) د. عبدالقادر موسى المحمدي، الإغتراب في تراث صوفية الإسلام ـ دراسة معاصرة ـ، ص ١٥.

(١) م. س، ص ٢٨ـ٢٩

(٢) غياث الدين نقشبندي، نامۆیی، لا ٥٣ـ٥٤.

(٣) د. عبدالقادر موسى المحمدي، الاغتراب في تراث صوفية الاسلام، ص ٣٥.

(٤) محمد ناصرالدين الالبالي، صحيح سنن إبن ماجه، المكتب الإسلامي ـ بيروت، ط١، م٢، ١٩٨٦، ص٣٦٣.

فەلسەفەو ژیانیان ڕەنگ و بۆی ((نامۆبوون)) ی لەخۆ گرت. وتە بەناوبانگەکەی **"دیکارت"** کەبە ((**کۆجیتۆ**)) ناسراوە ((**من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم**)) نامۆییەکی سەیری پێوە دیارە ، هەر ئەم فەیلەسوفە مەزنە ناچارکرا ڕوو لە هۆڵندە بکات و بە غەریبی بژی)).[٥٤]

**"جان جاك ڕۆسۆ١٧١٢–١٧٧٨"** بەیەکێك لەناودارترین فەیلەسووفە نوێیەکان دادەنرێت لەفەرەنسا، کەبەر لە هیگل لەمەڕ نامۆیی دواوەو بەڕوون و ئاشکرایی لێدوانی هەیە، لەکتێبەکەیدا بەناوی (**پەیمانی** کۆمەلآیەتی) یەوە، ڕۆسۆ پێی وایە کەسی نامۆ ئەو کەسەیە ئامادەیە خۆی بفرۆشێت لەپێناو کرینەوەی ژیانی وپەیداکردنی نانی ڕۆژانەی.[٥٥] (( دواتر زانایانی سەردەمی هیگلَ دێن، وەك **فیشتە** کەزاراوەی "Entausserung"ی بەواتای خۆ بەدەستەوەدان بەکارهێناوە، زانایەکی تر کە کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر"**هیگلَ** و مارکس" ئەویش **"فریدریش شیلەر"**ە لەکتێبەکەی دا "لەبارەی پەروەردەی جوانی مرۆڤ"ەوە ١٧٩٥ گرنگی داوە بەم زاراوەیەو دەیبەستێتەوە بە بیر و بوونی مرۆڤەوە)).[٥٦]

هەموو لێکۆڵەرەوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە **هیگلَ** یەکەم کەسە زاراوەی نامۆبوونی لەفەلسەفەکەی بەکارهێناوەو پێشەنگ بووە لەم بوارەدا.[٥٧] ((**"هیگلَ١٧٧٠–١٨٣١"** ئەم زاراوەی زۆر بەکارهێناوە لەکتێبی یەکەمی (**دیاردەگەرایی هزری گشتی**) کەلە ساڵی ١٨٠٧ دەرچووە))[٥٨]. نامۆبوون لای **هیگلَ** دوو ڕووی هەیە: ڕووی نێگەتیڤ کەدەبێتە هۆی (دوورە پەرێزی) و ڕووی پۆزەتیڤ کەدەبێتە هۆی (**داهێنان**)[٥٩].

کەسێکی وەکو**"فیورباخ ١٨٠٤ ـ ١٨٧٢"** یش لەڕوانگەی ئایینەوە سەیری ئەم کێشەیە دەکات، و ڕاشی وایە کە نامۆبوونی ئایینی بنچینەی هەموو جۆرە نامۆبوونێکە. فیورباخ پێی وایە کەئایین ناوەرۆکی مرۆڤ داگیردەکات و وای لێدەکات کەپەنا بۆ هێزێکی دەرەکی ببات بۆ ئەوەی پارێزگاری لێبکات کەئەویش یەزدانە. چونکە ئەو وادەبینێت مرۆڤ لەژیاندا پێویستی بە هێزێکی ڕەها هەیە تابتوانێ بەهۆیەوە پارێزگاری لە خۆی بکات و بەرەنگاری کێشەکان ببێتەوە، کەچی بۆی ڕوون دەبێتەوە کە دەستەبەرکردنی ئەو هێزە لەواقیعدا مەحاڵە ناچار پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و نامۆدەبێت[٦٠]. واتە بە بیروڕای فیورباخ نزیك کەوتنەوە لەخوا هۆکاری سەرەکی نامۆبوونە.

---

(١) ئاشتی حەمە، سەبارەت چەمکی نامۆبوون، لا ٧٩.

(٢) **بڕوانە:** د.حسن محمد حسن حماد، الاغتراب عند إريك فروم، ص ٤٦. **هەروەها** ئەحمەد سالار، هونەر و ژیان، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ـ سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ٩.

(٣) نامۆیی لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا، شیرین سەعید محەمەد سەعید، نامەی ماستەر، لا ٣.

(٤) ؟، الإغتراب النفسي، الأربعاء، ٢٠٠٩/٩/٣٠، http://ejtemay.com/showthread.php?t=14333

(٥) ريتشارد شاخت، الإغتراب، تر. كامل يوسف حسين، ص ٧ـ٨.

(٦) ؟، الإغتراب والتكيف، الخميس، ٢٠٠٩/١٠/١، http://annajah.net/formus/showthread.php?p=11210

(١) غياث الدين نقشبندى، نامۆيى، لا ١٦ـ١٧.

«چەمکی ناموبوون لەسەر دەستی "**کارل مارکس** ١٨١٨– ١٨٨٣" و "**ئیمیل دورکهایم** ١٨٥٨– ١٩١٧" لەفەلسەفەوە گواسترایەوە بۆ کۆمەڵناسی، مارکس مۆرکێکی کۆمەڵناسی دایە زاراوەی نامۆبوون، چونکە خوێندنەوەی بۆ پێشبرکێ و ململانێ ودژیەکی چینەکانی کۆمەڵ کردووە. چەمکی نامۆبوون لەنووسینەکانی مارکس بەدیارکەوت لە رێگەی نامۆبوونی کرێکارەوە لەژێر سایەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا. زاراوەی نامۆبوون لەبەرهەمەکانی مارکسدا دەبینرێت کە ناسراوە بە بەرهەمەکانی (**گەنجان**)».[٦١]

«رۆڵی دۆرکهایم و نووسینەکەی لەسەر زاراوەی ئانۆمیAnomie، واتە نەمانی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەرکەوت. دورکهایم یەکەم کەسە کەزاراوەی نامۆبوونی خستە ناو زانستی کۆمەڵایەتی"کۆمەڵناسی"یەوە، لە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەیدا کە لەسەر (خۆکوشتن) بوو.کە دەربارەی خۆکوشتنی بێ پێوەری دواوە، پاشان چەمکی ئانۆمیای فراوان کرد بۆ نەمانی بەهاکان لەکۆمەڵگەدا».[٦٢] دورکهایم پێی وایە شۆرشی پیشەسازی لەسەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا کاریگەریەکی زۆری کردە سەر کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان لە نەمانی نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگە، سەرەنجام بووە هۆی کەمی ئینتیماء بۆ کۆمەڵگە[٦٣]. «بەلاّم دەربارەی بنچینەی دەروونی بۆ نامۆبوون دەگەرێینەوە بۆ نووسینەکانی (**فرۆم، هۆرنی، فرۆید**...تاد)،کە دەربارەی نامۆبوون لە خودیان نوسیوە، یەکێك لەوانە بەنموونە دەهێنینەوە ئەویش ئەریك فرۆمە. فرۆم کاری کرد لەسەر بلاّوکردنەوەی زاراوەی نامۆیی لەولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی فراوان، کە ئەم زاراوەیەی لە بەرهەمەکانی (هەلاّتن لە ئازادی١٩٤١) و (کۆمەڵگەی تەندروست١٩٥٥) ی بەکارهێنا[٦٤]. « فرۆم پێ ی وایە نامۆبوون ئەو حاڵەتەیە کەتاك هەست ناکات خاوەنی راستەقینەی سامان و وزەکەی بێت، بەڵکو واهەست دەکات، کە بونەوەرێکی بێ هێزەو دەبێ پشت بە هێزێکی دەرەکی ببەستێت»[٦٥].

«پاشان کەسانی وەکو **گۆتە** و **شیللر** و **نیتشە** و **سیمیل** و **بیکیت** و **بۆنسکۆ** و **کافکا** و **کامۆ**...تاد، لەشانۆگەری و رۆمانەکانیاندا باسی کێشەی نامۆبوونیان کردووە»[٦٦].

بوونگەراییەکانیش دوو بەشن: بەشێکیان نوێنەرایەتی فەلسەفەی بونگەرایی ئایینی دەکەن و بەشەکەی تریش نوێنەرایەتیی فەلسەفەی بوونگەرایی بێ باوەڕی دەکەن، کە هەر بەشێکیان دیدگایەکی

---

(٢) **بروانە**: د. إحسان محمد حسن، رواد الفكر الاجتماعي، ؟، مطبعة كلية الاداب ـ بغداد،١٩٨١، ص٨. **هەروەها** محمود رجب، الإغتراب"سيرة و مصطلح"، ط٣، مطبعة دار المعارف ـ القاهرةـ ، ١٩٨٨، ص ١٦.

(٣) شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني الصناعي، ص١٧.

(٤) محمد ذنون زيتو، الحصار الاقتصادي والإغتراب الاجتماعي وآثرها في سلوك الطلبة، ص٢٥.

(٥) دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني والصناعي، ص ١٧.

(٦) د. إحسان محمد الحسن، موسوعة علم الإجتماع، الدار العربية للموسوعات، لبنان ـ بيروت، ١٩٩٩، ص٦٦.

(١) ئاشتی حەمە، سەبارەت چەمکی نامۆبوون، لا ٧٩.

جیاوازی هەیە بۆ مەسەلەی نامۆبوون. کەسایەتییەکانی سەر بە بەشی یەکەم(**سۆرین کیرکجۆرد، بردیانێڤ، غابرییل مارسیل، کارل یسبرز، مارتن پوپەر**...تاد) لەخاڵێکدا یەکانگیر دەبن ئەویش ئەوەیە کە نامۆیی کۆتایی دێت بە خۆبەدەستەوەدان و گەڕانەوە بۆ ئاییینی مەسیحی، کارل یەسبرز پێی وایە لەسەر مرۆڤ پێویستە بە تەنیا ڕوو لە خودا بکات و ژیانێك دوور لە کەسانی تر بژیت، کە پارێزگاری یەکایەتی و سەربەخۆیی لەخۆ بگرێ. بەڵام بەشی دووەم کە(**هایدیگەر، کامۆ، سارتەر، سیمۆن دی بۆڤوار**...تاد) نوێنەرایەتی دەکەن پێیان وایە مرۆڤ هەمیشە مردنی لەپێشە و دەبێ بمرێت، هەرئەم هۆکارەیە وادەکات مرۆڤ نامۆبێت[٦٧]. هەر سەبارەت بە ژیان ومردن سارتەر پێی وایە« شتێکی ئەوپەڕی بێ مانا و بێ هوودەیە کە ئێمە هاتوینەتە دنیاوە ولەدایك بووین، بێ هوودەیە وبێ واتایە کەدەمرین»، [٦٨]واتە بەڕای سارتەر ژیانێك کەمردنی بەدواوەبێت نەبوونی باشترە.

## <u>جۆرەکانی نامۆیی</u>

لەئەنجامی قورس بوون وئاڵۆزبوونی ژیان وفراوان بوونی عەقڵی مرۆڤ وپێشکەوتنی ڕەوتی زانست وتەکنۆلۆژیا و زیادبوونی داواکارییەکانی مرۆڤ بۆ پێویستییەکانی، هەروەها خۆخەریك کردنی مرۆڤ بە بەها مادییەکان و دورکەوتنەوە و پشتگوێ خستنی بەها مەعنەوییەکان، کەخۆی لەداب ونەریت وڕەوشت

---

(٢) **بڕوانە:** محمد ذنون زيتو، الحصار الاقتصادي والإغتراب الاجتماعي وآثرها في سلوك الطلبة، ص٢٧. **هەروەها** د. کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، لا ٧٨ ـ ٨٠.

(٣) د. حەمید عەزیز، نامۆیی وەك چەمکێکی فەلسەفە، لا ١٣٥.

وپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان..تاد دەبینێتەوە، ئەمە وایکردووە مرۆڤ لەبۆتەی ئاسایی خۆی دەربچێت و توشی جۆرێك لەجۆرەکانی نامۆیی ببێت. ئەمەش زیاتر لەکۆمەڵگەی سەرمایەداری دا بەرچاودەکەوێت.

لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریدا مرۆڤ ناتوانێت سەروەری وگەورەیی و پیرۆزی خۆی بپارێزێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتە نۆکەری ئەو شتە دروستکراوانەی کەلە ئەفراندن وداهێنانی خۆیەتی، زۆرجاریش دەگاتە ئەو ڕادەیەی، کەپشت لەزۆربەی داب ونەریت و ڕەوشتی ڕەسەنی خۆی وکۆمەڵەکەی بکات ودوای هەندێك لەدیاردەی بێ بەها بکەوێت، بەمەش زیانێکی زۆر بەخودی خۆی وەکو تاك وکۆمەڵگەکەی دەگەیێنێت و مرۆڤ بەرەو کەنارەکانی نامۆیی دەبات.

«لەڕاستیدا سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ تووشی نامۆیی دەبن، بەلام توێژی لاوان هەرزەکاران لەهەموو توێژەکانی تر زیاتر تووشی نامۆیی دەبن، لەبەرئەوەی زۆر هەستیارن بۆ ئەوجۆرە بارودۆخەو خاسیەت و گۆڕانکارییەکەشیان یارمەتی دەرە بۆئەوەی لەهەموو کەس زیاتر تووشی نامۆیی وغووربەت بن و زۆر دیاردەی ترسناك ودزێو لەناویاندا گەشە بکات و هەندێك جار بەرەو سەرەڕۆیی وهەڵدێران ببات»[٦٩].

کەواتە دەتوانین بڵێین نامۆبوون گرفتێکی گەورەیە، کە لەرابردوو، وئێستا وبگرە لەداهاتووشدا بەرۆکی هەرزەکاران ولاوانی گرتووە ودەگرێت.

هەروەکو پێشتر ڕونمانکردەوە کە چەمکی نامۆیی چەمکێکی فراوانە ودەلالەتی زۆر هەڵدەگرێت، هەروەها ئەوەشمان ڕونکردەوە، کە پێناسەکانیش زۆرن وتەنانەت بەچەند ئاقارێکی جیاوازیشدا ڕۆیشتوون بەهۆی جیاوازی لەپسپۆڕیەتی ئەو کەسانەی کەلەمەڕ نامۆیی دواون، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە جۆر و بوارەکانی نامۆییش فراوان بن. لەڕاستیدا ناتوانرێت سنورێك بۆ جۆرەکانی نامۆیی دابنرێت، چونکە مرۆڤ بە بەردەوامی و ڕۆژانە نامۆ دەبێت بەرامبەر شتی تازە، دەتوانین دەستنیشانی چەند جۆرێکی نامۆیی بکەین لەوانە:

١. نامۆیی خودی
٢. نامۆیی کۆمەڵایەتی
٣. نامۆیی ئابووری
٤. نامۆیی ڕۆشنبیری
٥. نامۆیی تەکنۆلۆژی
٦. نامۆیی ئایینی
٧. نامۆیی سۆفیگەری
٨. نامۆیی سێکسی

---

(١) کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی وگرفتی دەروونی وکۆمەڵایەتی، لا ٤٥.

٩. نامۆیی جوگرافی

١٠. نامۆیی فیکری

١١. نامۆیی سۆزداری

«هەروەها دەتوانین چەند جۆریکی تری نامۆیی دەست نیشان بکەین:

١. نامۆبوون لەکار وبەرهەمی کار

٢. نامۆبوون لەواقیع

٣. نامۆبوون لەسروشت

٤. نامۆبوون لە شارستانیەت

٥. نامۆبوون لەوێژە

٦. نامۆبوون لەئافرەت»[٧٠]

لێرەدا هەوڵدەدەین زیاتر تیشك بخەینە سەر ئەو جۆرانەی نامۆیی، کە پێشتر لەیازدە خاڵدا خستمانە ڕوو:

**١. نامۆیی خودی:**

نامۆیی خودی بەیەکێك لەدیارترین جۆرەکانی نامۆیی دادەنرێت کە ئەمڕۆکە بەرۆکی زۆربەی تاکەکانی لەجیهاندا گرتووە.«نامۆیی خود لەبنچینەدا"Alienatus"ی لاتینی یە کەبەمانای "لەدەستدانی کەسایەتی خود"ە، ئەم چەمکە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە پەلی هاویشتۆتە ناو هەموو بوارەکان، بەپێی جیاوازی بوارەکانیش ماناکەشی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەندێ لەمێژوونووسان مێژووی نامۆیی خود دەگەڕێننەوە بۆبیری یۆنانی کۆن کەبریتی یە لەو باری کێشکردنەی کەمرۆڤ خۆی دەداتە دەست سروتەکان»[٧١].

زۆرجار تاك ناتوانێت مومارەسەی ماف و داواکاری و حەز و ئارەزووەکانی خۆی بکات و کۆمەڵگە دەبێتە لەمپەر لەبەدیهاتنی ئەو حەز و داواکارییانەی، ئیتر کۆمەڵگە بە سەربازگە دەشوبهێنێ و وەکو دەزگایەکی سەرکوت کردنی حەزو ئارەزوەکان و داچەپاندنی مەیل و بۆچوونی کە ناتوانێت لەم سەربازگەیە گوزارشت لەبۆچوونەکانی خۆی بکات، بۆیە هەست بە نائارامی دەکات لەحاڵەتێکدا کە دەروون نەخۆش دەبێت یان دوور دەکەوێتەوەو گۆشەگیر دەبێت و دەوری نابێت و نەشاز هەڵسوکەوت دەکات و لەگەڵ دەوروبەر ناگونجێت و دەبێتە جێگای سەرنجی کەسانی تر و لەگەڵیان ناژیت[٧٢]. نەك تەنیا هەر ئەوەندە بەڵکو هەروەکو فرۆم گوتەنی« لەم دۆخەدا مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ بوونی ڕاسنەقینەی خۆیدا لەدەست دەدات و بەپێی حاڵەت و ڕۆژگار هەرجارەی دەمامکێك دەپۆشێت و ناتوانێت خودی خۆی بێت، مەگەر

---

(١) فەرمان حەسەن ساڵح، مرۆڤ ونامۆبوون، گ (ڕامان)، ژ ٢٤، ١٩٩٨، لا ٤٥.

(٢) شیرین سەعید محەمەد سەعید، نامۆیی لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، لا ١١-١٢.

(١) یووسف عوسمان حەمەد، ئەنتی کەسایەتی((خەسڵەتی نامۆبوونی تاك))، گ(ڕامان)، ژ٧٣، لا ٢٠٢.

لەچەند حالّەتێکی دیاریکراودا نەبێت»[٧٣]، واتە مرۆڤ جلەوی ئاسایی خۆی لەدەست دەدات و هەر ڕۆژ بەجۆرێك خۆی دەنوێنێت و هەڵسوکەوتی لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لەڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت .

«نووسەری زۆر هەن نامۆیی لە خوددا بەشێوەی جۆراوجۆر ئەخەنەڕوو، لەنێوانیاندا هیربرت مارکوز و ڕایت میلەر و ئێریك فرۆم. لەبەرئەوەی مرۆڤ تادێت لەژێر چەندین شێوەی بە(بت)کردن Fetishism و بە(شت)کردن کەدوری ئەکاتەوە لەخۆی و وەك نێچیرێك ئەیدا بەدەمی ئەم و ئەوەوە»[٧٤].

« هەموو کەس ناسنامە و کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەناسنامە و کەسایەتی خەڵکانی تر جیای دەکاتەوە. زۆر زەحمەت و مەحاڵە لەهەموو جیهاندا دوو کەس هەبن(١٠٠٪) لەسەدا سەد لەهەموو شتێکدا وەك یەك بن. هەر ئەو تاکایەتیەو جیاوازییەیە کەتام و چێژ بەژیان دەدات و تاك شانازییان پێوە دەکات و خۆی بەپاشکۆو کۆپی هیچ کەسێك نازانێت، بەلاّم هەندێك جار لەئەنجامی فشاری دەرەوەو جیاوازی لەتەك جیهانی ناوەوەو بوونی دژایەتی ودووفاقی لەنێوان حەزو ئارەزوو توانستەکانی تاکدا، مرۆڤ بەرانبەر خودی خۆی تووشی نامۆیی بوون دەبێت و لەخود و ناسنامەو کەسایەتی خۆی دەکەوێتە گومان و دوودڵیەوەو لەوانەیە بەچاوی سووك سەیری بکات و بڕوای بەخۆی نەمێنێ و هەست بەکەمی بکات و بڕواو متمانەی بەتوانست و بیرو باوەڕەکانی نەمێنێ وسەربەستی خۆی لەدەست بدات و ببێت بەپاشکۆی کەسانی تر و بەویست وئیرادەی ئەوان بڕوات بەڕێوە. ئەم گرفتانە زیاتر دەبێت کاتێك تاك هەست بکات کە تواناو بەهرەکانی پێشێل کراوەو بواری گەشەسەندنی بۆ نەڕەخساوە بەچاوی سوك سەیردەکرێت و وەك مرۆڤ مامەڵەی لەتەکدا ناکرێت وبەدەستی ئەنقەست ناسنامەو کەسایەتی دەشێوێندرێ»[٧٥]. واتە ئەگەر تاك ژیانێکی ئاسایی نەژیاو داواکارییەکانی وەکو پێویست لەبەرچاو نەگیرا، ناچار دەبێ پەنا بباتە بەر خەفەکردنی ئەو ئارەزووانە، بەم شێوەیە تاك ناتوانێت پەی بەبوونی خۆی ببات و سەرەنجام نامۆدەبێت.

### ٢. نامۆیی کۆمەلاّیەتی:

نامۆیی کۆمەلاّیەتیش وەکو جۆرێکی نامۆیی، نەگونجانی تاکە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە تیایدا دەژیت.« نامۆیی کۆمەلاّیەتی واتە نەبوونی ئامانجی کۆمەلاّیەتی لای کەسی نامۆ بەشێوەیەك کە نەتوانێت ڕەفتار و بیروباوەڕەکانی خۆی ئاراستە بکات، یان نەبوونی پێوەرە کۆمەلاّیەتییە نەگۆڕەکانە. کەسە

---

(٢) ئارام محەمەد قادر، نامۆیی لەشیعری کوردیدا کرمانجی خوارووی(١٩٧٥ ـ ٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧، لا٢٧.

(٣) چەمکی نامۆیی لەنێوان فەلسەفەی هاوچەرخ و فرۆیدیزمی نوێدا، و.سەلاحی گەرمیان، ڕ (سیما)، ژ.١٦، ئەیلول٢٠٠٩، لا٥.

[١] کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی وگرفتی دەروونی و کۆمەلاّیەتی، لا ٥٤،٥٥.

نامۆکە واهەست دەکات، کە ئەگەر بیەوێت ئامانجەکانی بهێنێتە دی نابێت کار بەپێوەرە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییە باوەکانی کۆمەڵگە بکات».[٧٦] بێگومان دروستبوونی ئەم حاڵەتە لای تاك هەروا لەخۆوە نییە، بەڵکو لەئەنجامی ئەوەیە، کەپێشوتر کۆمەڵگە لەگەڵ تاك نەگونجاو بووە و لەسەرجەم مافەکاندا جیاوازی کردووە لەنێوان چین وتوێژەکان بۆنموونە لەنێوان دکتۆرێك و فیتەرێك، یان لەنێوان دادوەرێك و فەرمانبەرێك، ئالێرەدا تاك باوەڕی بەکۆمەڵگە و پێوەرەکانی نامێنێت و هەوڵ دەدات دوور لە یاساکانی کۆمەڵ ئامانجەکانی فەراهەم بکات.

کاتێك کۆمەڵگە دەبێتە دوو بەش، بەشێکیان کاربەدەست وحوکم بەدەستە و بەشەکەی تریش وەکو بڵێی تەنیا بۆ ئەوە دروستکراوە، کە تەنیا حوکمی بەسەر بسەپێندرێ. بەشێکیان هەموو داهاتی وڵات بەفیڕۆببات و بەشەکەی تریش تەنیا کارێکیشی دەست نەکەوێت و بگرە نانێکی ڕۆژانەشیان نەبێت. بەشێك بەهۆی دەوڵەمەندی و باشی بژێوی ژیانیان لەهیچ شتێکیان کەم نەبێت و بەهێزی پارە لەوشوێنەش بخوێنن کە خۆیان بەدڵیانە، بەشێکیش نەتوانن مرۆڤ ئاسا بژین و لەنەبوونییان خوێندن تەواو نەکەن، کەبە ئاست بەرزی خۆیان پێی گەیشتون...تاد، هەر ئەمەیە وادەکات خەڵکە هەژارەکە ئینتیمای بۆ کۆمەڵگەکەی نەبێت و بێ هیوا بێت لێی ونامۆببێت. لەم حاڵەتەدا تاك ناتوانێت ئەم سیستەمە بگۆڕێت و «هەست بە بێ دەسەڵاتی دەکات لەوەی، کە بتوانێت کاربکاتە سەر ئەو بیروباوەڕ و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییانەی، کە کاریان لەگەڵدا دەکات».[٧٧]، هەژاری و نەداریش هۆکارێکی ترە بۆ نامۆیی کۆمەڵایەتی، چونکە هەژاری وادەکات تاك شیرازەی تێك بچێت و لەنێو کۆمەڵگەکەشی هەست بەنامۆیی بکات، ئیمامی عەلی(سەلامی خوای لێ بێت) پێی وایە بنچینەی کۆمەڵایەتی بۆ نامۆبوون هەژارییە کاتێك دەڵێت«**الغنى في الغربة وطن، الفقر في الوطن غربة**»[٧٨]. واتە ئەگەر لەوڵاتی خۆشتدا بی، بەڵام هەژاربی ئەوا هەست بە نامۆیی دەکەی، کەچی لەوانەیە لە دوورە وڵاتی و تاراوگەش بیت، بەڵام ئەگەر هەبوون بیت ئەوا هەست بە نامۆیی نەکەیت.

نامۆیی کۆمەڵایەتی تواندنەوەی خودی تاکە کەسە لەناو کۆمەڵدا، لەم حاڵەتەشدا گیانی داهێنان و دروست کردن دەکوژێتەوە ململانێی تاکەکان لەپێناو گۆڕانکاریی و پیشکەوتندا کز دەبێت، هاندان و ورە بەرزی بۆتاك نابێت[٧٩]. واتە کۆمەڵگە لەبری ئەوەی هۆکاربێ بۆ دروست بوونی گیانی ململانێ لەنێوان تاکەکان و هەوڵدان بۆ داهێنان دەنگی هەر تاکێك دەخنکێنێ، واتە تاك ناتوانێت بەو شێوەیە بژیت کەخۆی دەیەوێت، بەڵکو دەبێت وابژیت کە کۆمەڵگەکەی دەیخوازێت.

---

(٢) محمد ذنون زيتو، الحصار الاقتصادي والإغتراب الاجتماعي وآثرها في سلوك الطلبة، ص١٥.

(١) ئارام محەمەد قادر، نامۆیی لەشیعری کوردیدا کرمانجی خواروو(١٩٧٥ ـ ٢٠٠٠)، ل٢٤٢.

(٢) إمام علي(عليه السلام)، نهج البلاغة، مؤسسة النشر الإسلامي، ط٤، ١٤١٥هـ.ق، ص١٥٥.

[٣] یووسف عوسمان حەمەد، ئەنتی کەسایەتی«خەسڵەتی نامۆبوونی تاك»، ل٢٠٣.

**٣. نامۆیی ئابووری:**

نامۆیی ئابووری وەکو جۆرێك لەجۆرەکانی نامۆبوون، بۆیەکەم جار لەلایەن (کارل مارکس)ەوە بەشێوەیەکی زانستی لەدەستنوسە ئابووری و فەلسەفییەکانی ساڵی١٨٤٤ خراوەتە ڕوو، « نامۆیی ئابووری لای مارکس بریتییە لەوەی بەرهەم لەژێر دەسەڵات و مولکیەتی خاوەنەکەیدا دەربچێت و ببێت بەمولکی کەسێکی دیکە، ئەو کەسەش ئەو بەرهەمە بکات بەداردەستێك بۆ چەوساندنەوەی خاوەنی ڕەسەنی بەرهەمەکە»[٨٠]. واتە لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کرێکار شت بەرهەم دێنێ، کەچی لێی زەوت دەکرێت و بەو بەرهەمەش دەچەوسێندرێتەوە. مارکس تەنیا لەڕوانگەی ئابورییەوە دەڕوانێتە نامۆبوون و پێی وایە نامۆبوون لەگەڵ سەرهەڵدانی موڵکایەتی تایبەت و دابەشبوونی کۆمەڵ بەسەر چەند چینێکدا دێتە کایەوە، ئەمەش کاتێك چارەسەردەکرێت بەگۆڕینی سیستەمە ئابورییەکە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆشیالیستی، چونکە لەسیستەمی سۆشیالیستی کرێکار خۆی خاوەنی بەرهەمەکەیەتی[٨١]. "لینین"یش لەم بارەیەوە پێی وایەچینی کرێکار( پرۆلیتاریا) تاکە چینە کە بتوانن ئەو نامۆییە نەهێڵن کاتێك لەکارەکەیدا سەربەستبێ و سەربەستی پێ بدرێ[٨٢].

دەمانتوانی لەدوو توێی نامۆیی کۆمەڵایەتیدا باسی نامۆیی ئابوریش بکەین، چونکە لایەنی ئابوریش فاکتەرێکی سەرەکییە لە خۆڵقاندنی نامۆیی کۆمەڵایەتی، بەڵام چونکە نامۆیی ئابوری خۆشی دنیایێکی فراوانە، بۆیە بەباشمانزانی وەکو جۆرێکی سەربەخۆ بیخەینە ڕوو.

«نامۆیی ئابووری زیاتر لایەنگرانی فەلسەفەی ماددی گرنگی پێ دەدەن و چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە، بەمانای کەسێك دێت کەسەلبی توانای لەکارێکی بەرهەم داردا بکرێت (واتە توانای زەوت بکرێت)، ئەمەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی چینایەتیدا هەیە. لەم کۆمەڵگەیەدا مرۆڤ وەك کەل و پەل مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت و دەبێتە شتومەك، ئینسان دەبێتە کەرەستەی خاوو جیاوازی نابێت لەو بەرهەمانەی دروستی دەکات، کەسایەتی و بەهای خۆی لەدەست دەدات، هەندێك جار بەمجۆرە نامۆبوونە دەوترێت نامۆبوونی کار یان نامۆبوونی چینایەتی»[٨٣]. واتە مرۆڤ هێندەی ئەو ئامێرە نرخی نابێت کەخۆی دروستی کردووە.

«بەرهەم هێنان بەرجەستەبوونی بابەتی خودی بەرهەم هێنەرە، لەبەرئەوە بەرهەمهێنەر نامۆ دەبێ لەبەرهەم ئەگەر دوورکەوێتەوە لێی وتوانای زاڵ بوونی نەبێت بەسەریدا»[٨٤].

---

(٤) د. محەمەد کەمال، فەلسەفەی هیگڵ، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم ـ سلێمانی، ٢٠٠١، لا ٦٢.

(١) س. پ ، لا ٦٣ـ٦٤.

(٢) د. شاكر نوري، الإغتراب في الفكر الماركسي، م (الثقافة) مجلة الفكر العلمي التقدمي، ع٢، دار الحرية للطباعة ـ بغداد،١٩٨٤، ص٢٨.

(٣) ئاشتی حەمە، سەبارەت چەمکی نامۆبوون، لا ٨١.

(٤) أحمد نسيم برقاوي، الفلسفة العامة، ؟، جامعة دمشق، ١٩٨١، ص٣٢٤.

### ٤. نامۆیی ڕۆشنبیریی:

نامۆیی ڕۆشنبیری واتە ناڕازاییبوونی تاك لەو ڕۆشنبیرییەی کە لەکۆمەڵگەکەیدا باوە و ڕۆیشتووە.«نامۆبوونی ڕۆشنبیریی مانای ڕەفزکردنی ڕۆشنبیری گەل و جەماوەرە لەلایەن تاکە کەسەوە، لەم نێوەدا «نیتلەر» پێیوایە کەسی نامۆبوو لەکۆمەڵ و ڕۆشنبیرییەکەی نامۆ دەبێت و لەهەمبەریاندا کەمتەر خەم و خەم سارد دەبێت»[٨٥]، زۆرجار تاك سەیر دەکات ڕۆشنبیری نەتەوەو کۆمەڵگەکەی بەگشتی بەئاقارێك دا ڕۆیشتووە کەهیچ مۆرکێکی ڕەسەنی ئەو کۆمەڵگەیەی پێوە دیار نەماوە، بەڵکو کەوتونەتە لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی ڕۆشنبیری گەلانی بێگانە، هەروەکو ئەوەی کەئەمڕۆ لە سەتەلایت و کەناڵە لۆکاڵییەکانی(ناوخۆیی) خۆمان بەدی دەکرێت، لەم حاڵەتەدا تاك لەو لاساییکردنەوەیە بێزار دەبێت ولەڕۆشنبیریی کۆمەڵگەکەی نامۆ دەبێت. لێرەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن هۆکاربوون، بەلاَم بەپێچەوانەوە، زۆرجار تاك خۆی هۆکاری ئەم حاڵەتەیەو دەکەوێتە لاساییکردنەوەی ڕۆشنبیری و کەلتوری ولاَتانی تر وهیچ نرخ و بەهایەك بۆ ڕۆشنبیریی گەل ونەتەوەکەی دانانێت، بەهەرشێوەیێك بێت پڕوپاگەندەیان بۆ دەکات و بەتەنیا ڕێگای دادەنێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەی، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا نامۆبوونی تاکە بەرامبەر ڕۆشنبیری نەتەوەکەی[٨٦].

هێنانی بیروباوەڕ و تیۆر و کەلتوور و مۆدێل و ڕۆشنبیریی بێگانە و سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگەکەی خۆتدا کارێکە دوورە لەڕاستی، چونکە دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە هەموو کۆمەڵگەیێکی مرۆڤایەتی ڕۆشنبیرییەکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو ڕۆشنبیرییەش مێژوویەکی درێژی هەیە و بۆتە بەشێك لەکەلتوری ئەو کۆمەڵگەیە، هەر لەبە ئەمەیە ناتوانین بە ئاسانی ڕۆشنبیریی نەتەوەیێك بسەپێنین بەسەر ڕۆشنبیریی نەتەوەیەکی تر دا[٨٧].

بێگومان ڕۆشنبیران توێژێکی کاراو گرنگی هەموو کۆمەڵگەیێکن، کەبەنووسینەکانیان پەردە لەڕووی زۆر حەقیقەت لادەدەن و خەڵك بە زۆر شت ئاشنا دەکەن، بەلاَم کاتێك کۆمەڵگە بوار نادات ئەم توێژە ئەو شتە بنووسن، کەخۆیان دەیانەوێ و سانسۆریان بۆ دادەنێن بەم شێوەیە کەسە ڕۆشنبیرەکە ناتوانێت گوزارشت لە بۆچونەکانی بکات و سارد دەبێت لەکارەکەیدا و نامۆدەبێت.

### ٥. نامۆیی تەکنۆلۆژی:

---

(٥) سابیر بەکر بۆکانی، شۆڕبوونەوەیەك بەرەو ناخ و پانتایی نامۆبوون، گ(ڕامان)، ژ٣٨، ئابی ١٩٩٩، ل٢٣٦.

(١) کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی وگرفتی دەروونی و کۆمەلاَیەتی، ل ٥٦.

(٢) روناك حميد عثمان، الإغتراب الثقافي وعلاقته بتحقيق الذات لدى التدريسيين بجامعات أقليم كردستان، رسالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٨، ص٣٤.

فراوان بوون و گەشەسەندنی عەقڵی مرۆڤ لەم سەردەمەدا ڕەوتی ژیانی بە ئاراستەیەك دابرد، کەتەکنەلۆژیا بگاتە لوتکەی پێشکەوتن، بێگومان ئەم پێشکەوتنە خزمەتێکی زۆری بە مرۆڤ کرد بەوەی، کە بۆتە کار ئاسانی لەهەموو لایەنەکانی ژیان، ئەگەر ئەمە لایەنی ئەرێیی تەکنۆلۆژیا بێت لایەنی نەرێیشی هەیە، دیارە نامۆیی تەکنۆلۆژیش خۆی لە لایەنی نەرێی تەکنۆلۆژیادا دەبینێتەوە.

جیهانی ئەمڕۆ تووشی جۆرەها قەیران بووە، کە لە مێژوودا شتی وای بەرچاو نەکەوتووە، لەڕووی بەهێزی و جۆراوجۆرییەتی قەیرانەکان و ئەنجامە نەرێییەکانیدا، کەئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر مرۆڤ و وا دەکات توندوتیژبێت لەگەڵ خودی خۆی و جیهانی دەوروبەری، هەروەها نامۆبێت لەهەندێ لەلایەنەکانی کۆمەڵگەکەی و دوورەپەرێزبێت لەپێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەکەی[٨٨].

ئەم جۆرە نامۆبوونە سیمای ئەم چەرخەمانە، پەیدابوونی بریتییە لەو هەنگاوە مەزنانەی مرۆڤایەتی لەمەیدانی پیشەسازیدا، نیشتەجێ بوونی ملیۆنەها کەس لە ڕووبەرێکی کەمدا، بووە هۆی دروست بوونی دەیەها شاری گەورە گەورەو پەرەسەندنی ئامێرەکانی بەرهەم هێنان و ئاڵۆزبوون وگرانی باری ژیان و دابڕانی ژیانی خەڵکی لەسروشت و ئاووهەوای پاك. کار هەربەوە نەوەستا، هەزارەها کرێکار لەکارگەکەیدا چەندەها جۆر کەل وپەل و ئامێری گەورەو مەزن بەرهەم بهێنن، بەڵکو ئەم جارە ئامێر جێگەی مرۆڤی گرتەوەو ئەو ئەرکانەی جاران مرۆڤ جێ بەجێی دەکرد، ئەمڕۆ مرۆڤی دەستکرد(ڕۆبۆت Robot) بەجێی دێنن. بەم جۆرە هێزو دەسەڵاتی مرۆڤ و چارەنووسی کەوتەژێر ڕەحمەتی ئاسنی ڕەق و تەقەوە. مرۆڤ بووە کۆیلەیەکی کەڕو لاڵ و کوێری بەرهەمە دروست کردوەکەی، ئەگەرچی مرۆڤ خاوەنی ئەم ئامێرانەیە بەڵام خاوەنی خودی خۆی نییە و لەو مەرگەساتەدا دەژی[٨٩].

مەرج نییە پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆجیا هەمیشە هۆکاربێت بۆ دروست بوونی مەترسی لەسەر مرۆڤایەتی، بەڵکو سیستەمە ئابورییەکە بڕیاردەدات، ئەگەر سیستەمە ئابورییەکە سۆشیالیستی بێت ئەوا بەرەوپێشەوەچوونی تەکنۆلۆجیا لەوانەیە خزمەت بەمرۆڤ بکات و نەبێتە هۆکارێك بۆ تیرۆر و زیان گەیاندن بەمرۆڤ، بەڵام ئەگەر سیستەمەکە سەرمایەداری بێت لەوانەیە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا ئاکامی خراپی هەبێت و تەنیا بۆ مەبەستی سەربازی بێت[٩٠]. دەتوانین ئەم جۆرە نامۆییە ناوێکی تریشی لێ بنێین ئەویش(نامۆیی زانستی)یە. نامۆیی زانستی لەسەدەی بیست زیاتر بەدیارکەوت لەئەنجامی پێشکەوتنی پیشەسازی، "هوسیرڕەڵ"* پێیوایە کە دەبێ بە وردی سەیری ڕەوشی زانستەکانی ئەوروپا بکرێت،

---

(١) ؟، الإغتراب، منتدى شباب الخير، الخميس، ٢٠٠٩/١١/٥، http://forum.resala.org/showthread.php?=28482

(٢) ئاشتی حەمە، سەبارەت چەمکی نامۆبوون، ل٨١-٨٢.

(٣) د. شاكر نوري، الإغتراب في الفكر الماركسي، مج(الثقافة)، مجلة الفكر العلمي التقدمي،ع١، ص٢٨.

* ئیدمۆند هوسەڕڵ لەساڵی(١٨٥٩ ـ ١٩٣٨ ) ژیاوە، ڕابەر و دامەزرێنەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی(دیاردەگەرایی)یە.

**سەرچاوە: د. حەمید عەزیز، نامۆیی وەك چەمکێکی فەلسەفە، ل١٣٣.**

لەسەردەمی ڕوناکبیری مرۆڤ باوەڕی بەهێزی لەبنەهاتوی زانست هەبوو، بەلأم ئیستا مرۆڤ دیدی گۆڕاوە بەرامبەر زانست و واسەیری زانست ناکات، کەبەرجەستە کردنی بیری مرۆڤە، بەڵکو مرۆڤ داگیر دەکات و لەهەمان کاتیشدا مەترسییە بۆ سەر گیانی، ئەم قسەیەی هوسیرەڵ بەڵگەیە بۆ نامۆبوونی زانستی، بۆنموونە هەر زانستە بۆمبی ناوەکی بەرهەم دێنێت و مرۆڤی پێ لەناو دەبرێت[٩١].

**٦. نامۆیی ئایینی:**

نامۆیی ئایینیش جۆرێکی تری نامۆبوونە هەروەکو گوتمان کەفیورباخ بە بنچینەی هەموو جۆرەکانی نامۆیی دادەنێت، ڕای زانایان لەسەر ئەم جۆرە نامۆبوونە جیاوازە و تەنانەت دژی یەکیشە.«مەبەست لەم بوارەی نامۆبوون جیابوونەوەی ئادەمیزادە لە«خوا» هەروەك قەشە پۆلس لەنامەیەکدا بۆ خەڵکی ئەفسوس ئاماژەی بۆ دەکات لەکاتێکدا قسە لەسەر خراپەکاران دەکات و دەڵێت: « پێتان دەڵێم و سوێندتان بۆ دەخۆم بەیەزدان، چیتر شوێن بت پەرستان مەکەون و ڕێبازە پوچەکەیان کوێرانە پیادە مەکەن، ئەوانە بەهۆی دڵ ڕەقییانەوە لەژیان نامۆبوون، کاتێکیش هەموو هەستەکانیان لەدەست دەدەن، مل دەدەنە بەر خراپەکاری و لەهیچ بەدڕەوشتییەك سڵ ناکەنەوەو خۆیانی لێ لانادەن»»[٩٢]. بوونگەراییە باوەڕدارەکانیش هەمان بۆچونیان هەیە*، واتە دوورکەوتنەوە لە خوا هۆکاری نامۆبوونە. بەلأم قەشە پۆلس لە شوێنێکی تر قسەیێکی پێچەوانەی قسەکەی پێشوتری دەکات ودەڵێت«بە ڕاستی من نازانم چی بکەم، ئەوەی من دەمەوێ نایکەم و ئەوەی من نامەوێ دەیکەم»[٩٣]. واتە ئەوەی دەیەوێت وەکو مرۆڤێك بیکات ناتوانێت، بەلأم ئەوەی نایەوێت دەبێت لەژێر ڕکێفی ئایین بیکات، کەواتە ئایین جۆرە کەسایەتییەکی ترت لێ دەخوازێ و داگیرت دەکات کەئەمەش خۆی لەخۆیدا نامۆبوونە. هەر سەبارەت بەم حاڵەتەی دووەم. هەندێك لە زانایان ڕایان وایە کەمرۆڤ بەهۆی ئایین و لەژێر کاریگەری گوتاری ئایینیدابەژیانی خۆی نامۆ دەبێت، لەڕێگەی بیرکردنەوە لەمردن و سزاو پاداشتی پاشەڕۆژ لەلایەن پەروەردگارەوە، بۆیە بەڕای ئەو لێکۆڵەرانەوە کاتێك مرۆڤ لە دنیادا تواناو هێزەکانی خودی خۆی دەداتە هێزێکی نادیار و دەرەکی تا لەکۆست و کارەسات بیپارێزێت هەمیشە چاو لەئاسمانە بۆ باشتر کردنی ژیانی تایبەتی خۆی، ئەو تواناو خەسڵەتانە لەخۆی دادەماڵێت، کەدەتوانێت لەڕێگەی بەکارهێنانیانەوە ژیانی خۆی پێ باشتر بکات، کەچی مرۆڤ لەو دۆخەدا چونکە بەهۆی ئایینەوە نامۆ بووەدەستە وەستان و مل کەچ دەبێت لەبەرانبەر ئەو هێزە نادیارەدا، کەخۆی تەسلیم بەو کردووە وتواناو دەسەلأتەکانی بەخشیوەتە ئایین و دامەزراوەکانی[٩٤]،بەلأم

---

[١] د. حەمید عەزیز، نامۆیی وەك چەمکێکی فەلسەفە، ل١٣٣.

(٢) سابیر بەکر بۆکانی، شۆڕبوونەوەیەك بەرەو ناخ و پانتایی نامۆبوون، ل ٢٣٥.

* بۆ زیاتر زانیاری بگەڕیوە بۆ باسی (مێژووی نامۆیی)، ل١٦

(٣) غیاث الدین نقشبندی، نامۆیی، ل٦٩.

(١) ئارام محەمەد قادر، نامۆیی لەشیعری کوردیدا کرمانجی خواروو(١٩٧٥ ـ ٢٠٠٠)، ل ٢٠ـ٢١.

تێنەگەیشتن لەئایین وادەكات كەمرۆڤ بەوشێوەیە بترسێت و دەست لەژیان هەڵبگرێت، چونكە ئایین خۆی لەخۆیدا ڕێبازێكە بۆئەوەی مرۆڤ لەژیاندا ڕێنیشاندەری بێت نەك لێترسان ملكەچبوون بۆی.

**٧. نامۆیی سۆفیگەری:**

نامۆیی سۆفیگەری بریتییە لە پچڕانی تاك لەگەڵ دنیا بەشێوەیەكی تەواو و هەڵكشان بەرەو دنیای سەروو، كە دنیای فەنابوونە لە نوری خوا و گەیشتن بەدوا پایەی بەرز، واتە لە جیهانی ماددی دادەبڕێت و پێوەندی بەهیچ یەكێك لەزانستەكانی دنیا نامێنێت و هەمیشە ڕوو لە خوایە و لەپێناو گەیشتن بەپلەی زوهد. واتە كەسی سۆفی ناتوانێت لەپەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا بەشدار بێت و دەستی لەخۆشییەكانی دنیاش هەڵگرتووە و دوورەپەرێزە و هەمیشە خەریكی جیهانێكی ترە كە تایبەتە بەسۆفییەكان، هەر لەبەر ئەمەشە كە باس لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی دەكرێت ناوی سۆفی وەكو نموونە دەهێنرێتەوە.
«سۆفی ناتوانێت ئەو ڕاستییانەی كەلە دنیا تایبەتییەكەی خۆی دەیبینێت ڕاستەوخۆ دەری ببڕێت، ناچار پەنا دەباتە بەر ڕەمز كە ئەمەش بۆ داپۆشینی بیروباوەڕیانەو تا خەڵكی ئاسایی تێیان نەگەن و پەی بە نهێنیەكانیان نەبەن»[٩٥]، هەر ئەمەشە وایكردووە سۆفی لەكەسانی ئاسایی جیا بكاتەوە.

دیاردەی نامۆبوونی سۆفیگەری لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە، دابڕانی تاكە لەژیانی پڕاكتیكی و ڕیالیستییانەكەی خەڵك و كۆمەڵگە، لەپێناو بەدیهێنانی جۆرێك لەپێوەندی ڕەها لەگەڵ خودا. ئەم جۆرە نامۆبوونە باوەڕی بەكارو كردەوەی مرۆڤ نییە، بەڵكو تەنیا باوەڕی توانا ڕەهاكەی خوداوە هەیە، كە ئەمەش تەنیا لەكار و كردەوەكانی سۆفیگەرییەوە بەرجەستە دەكرێت[٩٦].

**٨. نامۆیی سێكسی:**

سێكس یەكێكە لەو غەریزانەی كەلەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤدا لەدایك دەبێت. جا «لەم بوارەدا نامۆبوون پێوەندی بەتێكچوونی تێڕوانینی مرۆڤەوە هەیە بۆ مەسەلە سێكسییەكان، ئەمە لە كاتێكدا ڕوودەدات كە وەك كەرەسەیەك بۆ تێركردنی غەریزەیەكی دیاریكراو تەماشای سێكس بكرێت و بەها ڕۆحییەكانی لێ دابماڵرێت و كڕین و فرۆشتنی پێوە بكرێت»[٩٧]. واتە سێكس وەكو ئەوە سەیر ناكرێت، كە

---

(٢) پ.ی.د.ابراهیم احمد شوان، نامۆیی لەشیعرەكانی مەحوی دا، گ (زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان)، زانكۆی سەلاحەددین ـ هەولێر، ژ٣٠، ٢٠٠٧، لا ٨.

(٣) بەهزاد حەوێزی، نامۆیی. سۆفیگەرییێتی، گ (مێرگ)، دەزگای مێرگ، ژ٥٢، ئەیلوول٢٠٠٩، لا٥٧.

(١) سابیر بەكر بۆكانی، شۆڕبوونەوەیەك بەرەو ناخ و پانتایی نامۆبوون، لا٢٣٦.

هۆكاری مانەوەو درێژەپێدەری ژیان و مرۆڤایەتییە، بەڵكو وەكو ئەوە سەیر دەكرێت، كە هۆكارێكە بۆ تێركردنی غەریزەیەكی دیاریكراو و بەها مرۆڤایەتییەكانی لەدەست دەدات.

لەگەڵ لەدایك بوونی تاك كۆمەڵی حەزو ئارەزووی فەسلەجیش لەدایك دەبن، كەوەكو هێزی شاراوەن لەناخی تاك كەپێویستییان بەتێركردن و بەتاڵكردنەوە هەیە، سەرچاوەی ئەو بەتاڵكردنەوەیەش پێی دەوترێت(ئەو). بەڵام كاتێك بەهۆی چەند فاكتەرێكی دەرەكی جا كۆمەڵایەتی بێت یان ژینگەیی لەلایەن(منی باڵا) وە سەركوت دەكرێتەوە، ئەوا (ئەو) ناچار دەبێت لەڕێگەی خەون و زیندەخەونەوە مومارەسەی ئەو حەزو ئارەزووانە بكات، بەم شێوەیەش چێژە ڕاستەقینەكەی لەدەست دەدات[٩٨]. دەتوانین بەم جۆرە نامۆبوونە بڵێین (نامۆبوونی فەسڵەجی).

«كێشەی سێكسی حاڵەتێكی تایبەتە لەكێشە گشتییەكانی كۆمەڵگەی چینایەتی، كەڕەگ وڕیشەی لەڕژیمی سەرمایەدارییەوە سەرچاوەی گرتووە، كەلە ناوچوون ونەهێشتنی پەیوەستە بەسەرنگوونكردنی ڕژێمی سەرمایەداری، لەكۆمەڵە چینایەتیەكانەوە بەتایبەتی كۆمەڵەی بۆرژوازیی كەسیمای چینایەتی تێدا زەقە، وهەر لەو كۆمەڵگە چینایەتییە پەیوەندییە سێكسییەكان دەشێوێندرێن و دەگۆڕدرێن بە پەیوەندییەكی كاڵایی ڕووت. ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە هەر لەكۆمەڵگەی سەرمایەداری ڕەوایی بەپیاوێكی پیر و بەتەمەن دەدرێت كچێكی گەنج بخوازێت، ئەگەر پارەی هەبێت لەهەمان كاتدا هەزار كۆسپ و تەگەرە دەخرێتە بەردەمی لاوێكی كریكار و هەژار، سەرەرای ئەمەش دین دەكەنە پاساو بۆ پیادەكردنی سێكسی ڕەها، كەچی بە ڕەوای دادەنێن بۆخۆیان[٩٩]. كە واتە ئایین و سیستەمی ئابوریش هۆكارن بۆ دروست بوونی نامۆیی سێكسی، بەشێوەیەك كە نەتوانین باس لەهیچ یەكێك لەنامۆبوونی(ئایینی و ئابووری و سێكسی) بەبێ ئاماژەكردن بە دووجۆرەكەی تر.

**٩. نامۆیی جوگرافی:**

مەبەست لەم جۆرەی نامۆبوون، جیهێشتن و كۆچ پێكردنی تاكە لەناوچەیێكی جوگرافی دیاریكراو كە نیشتمانەكەیەتی بۆهەر ناوچەیێكی تر كەنامۆیە بۆی، لەبەر ئەوە دەتوانین بە(نامۆیی لەنیشتمان) یش ئاماژەی بۆ بكەین.

«نامۆیی جوگرافی گواستنەوەیێكی جوگرافییانەیە لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی تر، لە شێوازێكەوە بۆ شێوازێكی تری ژیان، لە ڕۆشنبیرییێكەوە بۆ ڕۆشنبیرییێكی تر یان لە هەرێمێكەوە بۆ هەرێمێكی تر... بۆ بەدەست هێنانی لوقمە نانێكی ڕۆژانە یان بۆ كارێكی دیاریكراو»[١٠٠]. بێگومان ئەم جۆرەی نامۆبوون

---

(٢) یووسف عوسمان حەمەد، ئەنتی كەسایەتی «خەسڵەتی نامۆبوونی تاك»، ل ٢٠٢.

(٣) د. شاكر نوري، الإغتراب في الفكر الماركسي، مج(الثقافة) مجلة الفكر العلمي التقدمي، ع١، دار الحرية للطباعة ـ بغداد، ١٩٨٤، ص٢٤.

(١) ؟، أشكال الاغتراب... بين اغتراب الذات والاغتراب الجغرافي، الخميس،٢٠٠٩/١٠/١،
http://www.hajrnet.net/hajrvb/archive/index.php/t-402887446ml

بەویستی تاکە و بەزۆرەملێ نییە، چونکە ویستی تاکی لەسەر بووە بۆ جێهێشتنی زێدی خۆی، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو پێناسەیەی نامۆبوونی جوگرافی بکەین کەدەڵێت، «ڕاگوێزانی کەسێکە لە ژینگەکەی خۆی و بۆ ژینگەیێکی تر، دوور بێت یان نزیك»(١٠١)، نامۆبوونێکی بەزۆرەملێیە وهیچ ویستێکی تاکی لەسەر نییە، بەڵکو لەوانەیە بەهۆی هۆکارێکی سیاسی یان نەتەوەییەوە بێت. کەواتە دەتوانین بڵێین نامۆبوونی جوگرافی یان بەویستی تاکەو بۆ مەرامێکی تایبەتی خۆیەتی جا بۆ خوێندن یان کارێك بێت، یان بەزۆرە ملێیە هەروەکو باسمان کرد.

« نامۆیی ئازارێکی توندە توشی ئەوانە دەبێت کە دوور دەکەونەوە لە نیشتمان و خەڵکەکەی، هۆکاری ئەم جۆرە نامۆییە پەیوەستە بە ئاوارەیی وماڵئاوایی بوونییەوە، جا بەهۆی زوڵم و زۆری دەسەڵات و ترس و تۆقاندنەوە بێت یان هەر جۆرە هۆکارێکی ترەوە بێت»(١٠٢). دوای کۆچ کردن وگێرسانەوەی تاك لە تاراوگە تووشی دژیەکییەکی(تناقض) تەواو دەبێت لەنێوان هەریەکە لە(زمان و کەلتور و رۆشنبیری و پەروەردە و پەیوەنییە کۆمەڵایەتییەکان و جۆری بیرکردنەوە ...تاد) خۆی و ئەو وڵاتەی کەکۆچی بۆ کردووە، ئەمەش بارودۆخێکی قورس دەبێت بۆ تاك و ڕاهاتنیش لەگەڵ ئەم بارودۆخە زەحمەتەو کە لەوانەیە تاك تووشی نامۆیی بکات.

**١٠. نامۆیی فیکری:**

هایدیگەر کە یەکێکە لەفەیلەسوفە بوونگەراییەکان، پێی وایە ژیان دوو شێوازی هەیە، یەکەمیان: شێوازی ڕەسەن و دووەمیش: شێوازی ناڕەسەن. لەشێوازی ڕەسەندا بوون بڕیاری خۆی دەدات و شێوە و ئاراستەی خۆی وەردەگرێت لەڕێگەی بڕیار و هەڵبژاردنەکانی خۆیەوە، بەڵام شێوازی ناڕەسەن ئەو بوونەیە کە لەناو ئێستا و هەنووکەدا غەرق بووە وبڕیارنامە و پێشبینییە ناکۆمەڵایەتییەکان بڕیاری لەسەر دەدەن. کەواتە نامۆبوون بەندە بەبوونی ناڕەسەنەوە کەتیایدا مرۆڤ دوورەپەرێز دەبێت و لەبوونی ڕەسەنی خۆی جیا دەبێتەوە، بەڵام سارتەر پێی وایە نامۆبوون حاڵەتێکی سروشتییە بۆ بوونی مرۆڤ هەڵوێستێکی زۆر گرنگە لە جیهانی بێ مەبەستدا(١٠٣).

ئەم جۆرەی نامۆبوون ئاماژە بۆ ئەو بۆشاییە دەکات کەلە نێوان بیرکردنەوەی تاك و بارودۆخەکانی کۆمەڵگەکەی هەیە، لەئەنجام دا تاك بێزار و بێ ئومێد دەبێ لەتواناکانی و دووردەکەوێتەوە لەهەموو جۆرە

(٢) مریم نجمة، الإغتراب عن الوطن و تأثيراته الروحية والفكرية، الثلاثاء، ٢٠٠٩/١٠/٦،
http://alawset.net/www/kovar%202/kovar%202%20-%2010.html
(٣) نامۆیی لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، شیرین سەعید محەمەد سەعید، لا١٣.
(١) سابیر بەکر بۆکانی، شۆڕبوونەوەیەك بەرەو ناخ و پانتایی نامۆبوون، گ(ڕامان)، ژ٣٨، ئابی ١٩٩٩، لا٢٣٥.

بڕیاردانێك. زۆرێك لە بیرمەندان پێیان وایە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی تاك هۆکاری خەریك بوونی تاکە بەژیانی ڕۆژانە و دوورکەوتنەوە لە مەسەلە گرنگ و جەوهەرییەکان[١٠٤].

ئەم جۆرە نامۆبوونە زیاتر پێوەندی بەبوونی مرۆڤەوە هەیە لەژیان، مرۆڤ لە ژیاندا هەمیشە ئەوەی لا ڕوونە کە دەبێ ڕۆژێك لەڕۆژان ژیان جێبهێڵێت و مەرگ ڕووبەڕووی ببێتەوە، کەواتە بۆ مرۆڤ ئاشکرایە، کە ژیانی سەر زەوی ژیانێکی کاتییە و زەویش ئەو شوێنەیە کەبۆ ماوەیێکی دیاریکراو تیایدا دەبێت پاشان جێی بهێڵێت. بوون مەسەلەیێکە بوونگەراییەکان زۆر گرنگی پێدەدەن و لەبارەیەوە دواون، «بوونگەراییەکان پێیان وایە ژیانی مرۆڤ هیچ بەها و ئامانجێکی لەپشتەوە نییە و مرۆڤ لەبوونی خۆیدا ئەم بۆشاییە دەپێوێت، کەدەکەوێتە نێوان ژیان و مردنەوە. واتە ئاکامی ژیان مادام بەمردن کۆتایی دێت، ئیتر هیچ پێویست بەوە ناکات خۆی بەبوون و ژیانەوە سەرقاڵ بکات. کەواتە دەتوانین لەژێر ناوی نامۆبوونی فیکری باس لە نامۆیی لە بوون بکرێت»[١٠٥].

**١١. نامۆیی سۆزداری:**

خۆشەویستی ئەو وزە سۆزگەرایی و ئیرۆسیانەیەی مرۆڤە، کە لەهەر کات و شوێنێکدا بەشێکە لە شوناس و ناسنامەی مرۆڤ بوونەکەی[١٠٦]. خۆشەویستی سەرەتا لەتاکدا بوونی هەیە جائەو خۆشەویستییە بۆ ژیان بێت بەگشتی یان بۆکەسێکی دیاریکراو بێت.

نامۆبوونی سۆزداریش بریتییە لەتێکچوونی پەیوەندی نێوان دوو خۆشەویست، بەهۆی دابڕان یان بەهۆی لێکتر نەگەیشتن و یاخود چەندەها فاکتەری ترەوە[١٠٧]. ئەگەر بڕوانینە خۆشەویستی لەکۆمەڵگەیێکی وەکو کۆمەڵگەی کوردی، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە بواری خۆشەویستی کردن زۆر بەرتەسك کراوە و سانسۆرێکی زۆری بۆدانراوە، بەشێوەیێك کەتاك نەتوانێت بەئازادی پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو کەسە ببەستێت کەخۆی مەبەستیەتی، یان نەهێڵن ئەو پەیوەندییە خۆشەویستیە ئاکامی باش بێت و بە ژیانی هاوسەرییەتی کۆتایی پێ بێت، بەوەی کە کچەکە نەدەن بە کوڕەکە، کەئەمەش وادەکات تاك لەپرۆسەی خۆشەویستی نامۆبێت و تێڕوانینێکی نێگەتیڤانەی بۆی هەبێت.

---

(٢) جميل مهدي محمد، الإغتراب الثقافي لدى اعضاء هيئة التدريس في الجامعات العراقية، رسالة دكتوراه، كلية التربية إبن رشد، جامعة بغداد،١٩٩٥، ص٥٣.

(٣) ئارام محەمەد قادر، نامۆیی لەشیعری نوێی کوردیدا کرمانجی خواروو(١٩٧٥ ـ ٢٠٠٠)، ل٢٦٧.

(١) ڕێبوار سیوەیلی، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، چ٢، چاپخانەی شڤان ـ سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٩٨.

(٢) ئارام محەمەد قادر، نامۆیی لەشیعری نوێی کوردیدا کرمانجی خواروو(١٩٧٥ ـ ٢٠٠٠)، ل ٢٨.

# تەوەری دووەم: هەندێ زانیاری تر لەسەر نامۆیی و کەسایەتی نامۆ.

- هۆکارەکانی نامۆیی
- ڕەهەندەکانی نامۆیی
- کەسایەتی نامۆ

## هۆکارەکانی نامۆیی

لەگەڵ لەدایك بوون و چاو هەڵهێنانی هەر تاکێك بۆ ژیان، واتای بە ئەندام بوونی ئەو تاکەیە لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا لەدایك بووە، چونکە مرۆڤ دوای لەدایك بوون و گەیشتن بە ئاستی هۆشیاری دەبێتە کەسێکی کارا لە کۆمەڵگەکەی جا مەرج نییە ئەو کەسە لە ڕووی ئاستی کۆمەلایەتییەوە لە چ پلەو پایەیێك بێت.

هەر تاکێکی کۆمەڵگە دەتوانێت کارێك بکات کە لەگەڵ توانا و حەزوو ئارەزووەکانی خۆی بگونجێت و پسپۆڕبێت تیایدا، جا ئەو کارە لەڕێگەی ئارەزووەکانییەوە پێی گەیشتبێت یانیش دوای کۆششێکی زۆر لە کاروانی خەباتی زانست بەدەستی هێنابێت،« دیاردەی ئەندامیەتی لەکۆمەڵگەدا، دیاردەیەکی خواستراوە، غەریزی نییە، ژینگە و کەسانی دەوروبەر ئەو هەستە لەناخی مرۆڤدا دروست دەکەن، بۆیە ئەگەر منداڵێك لەناو دارستان لەگەڵ کۆمەڵە گیانلەبەرێکدا گەورە ببێ، ڕەفتاری ئەوان فێر دەبێ، بەلأم ئەگەر لەناو خێزانێکدا لەدایك ببێ، هەستی مرۆڤایەتی و حەزی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی لەگەڵ مرۆڤدا پەیدا دەکات» (١٠٨).

بەر لە هەموو شتێك دەبێت ئەوە بزانین و دان بەڕاستییەکدا دابنێین، کەسەرەتا و دەستپێکی هەر نامۆبوونێك مرۆڤەکە خۆیەتی، ئەویش دوای ئەوەی درك بە نەگونجان دەکات لەگەڵ دەوروبەر و واقیعە کۆمەلأیەتییەکەی ، بۆیە بەناچاری خۆی دەداتە دەستی نامۆبوون.

هۆکاری نامۆبوون بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە ڕەوتی گۆڕان دا دەنوێنێ، گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەو ئەندامان بەردەوام مرۆڤ دەخاتە حاڵەتی نامۆبوون، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەنگە بتوانین بڵێین کە هەموو کەسێك ڕۆژێك لەڕۆژان و بۆماوەیەکی کورت یان درێژ تووشی حاڵەتی نامۆبوون بووە یان دەبێ، بۆیە ئەم جۆرە نامۆبوونە ئاساییە و بەڕێگەی توانا و بەهرەی خۆگونجاندنی مرۆڤ یان بەملکەچ بوونی چارەسەر

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. نەجم خالید نەجمەدین، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٠/٩/١٤، سێشەممە، سەعات (١١)ی پێش نیوەڕۆ.

دەبێ، بەڵام بەدەر لە ملکەچ بوون یان بەردەوام بوون لەتێنەگەیشتن لەبنەما و واقیعی کۆمەڵایەتی، حاڵەتی نامۆبوون دەگەیێنێت بە ئاستی قەیرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە(١٠٩).

نامۆبوون دیاردەیێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، لەباوانەوە ناگوازرێتەوە بۆ نەوەکان واتە بۆماوەیی نییە، بەڵکو کێشەیێکە تووشی تاك دەبێت و تاکەکە خۆی و ژینگەی دەوروبەریشی هۆکارن بۆ دروست بوونی ئەم کێشەیە، کەواتە بۆ زانینی هۆکارەکانی نامۆبوون دەبێ بگەڕێینەوە بۆ خودی تاکەکە خۆی و بارودۆخی دەوروبەری.« هۆکارەکانی نامۆبوون هەمە جۆر و فرە لایەنن، بەهۆی چەندایەتی ئەو پسپۆڕییانەی کە لەبارەی بابەتی نامۆبوون دواون لەوانە هۆکاری(ئابووری، سیاسی، ئاینی، ڕۆشنبیریی، زانستی...تاد)» (١١٠). دەتوانین گرنگترین هۆکارەکانی نامۆبوون لەچەند خاڵێکدا بخەینە ڕوو:

١. ونبوونی بەها ئایینی و مرۆڤایەتییەکان لە ژیانی هەرزەکاران و لاواندا.
٢. بوونی بۆشاییێك لەنێوان ڕۆشنبیری هەرزەکاران ولاوان، لەگەڵ ڕۆشنبیریی گەورەکانی دەوروبەریاندا.
٣. داڕشتنی شێوازی ژیانی هەرزەکاران ولاوان لەلایەن کەسانی ترەوە، واتە تاك چارەنوس و ئایندەی خۆی بە دەستی خۆی دیاری نەکات، بەڵکو لەسەر ئەو پرۆگرامە بڕوات کە لەلایەن گەورەکانەوە بۆی دانراوە.
٤. نەبوونی هیچ ئامانجێك لای تاك، کەبیکاتە خاڵی بەردەوامی لەژیاندا(١١١).
٥. شەڕوشۆڕی بەردەوام و ڕاپەڕین و کوشتن وبڕین بەهۆی نالەباریی بارودۆخی کۆمەڵگە لەڕووی سیاسییەوە. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە حیزبێك بەهێزی ترس و تۆقاندن و سەرکوتکردن دەسەڵاتی گرتۆتەدەست و هەموو بیروباوەڕێکی تر ڕەتدەکاتەوە، لەبارترین ژینگەیە بۆ چاندنی تۆوی نامۆیی(١١٢).
٦. تێنەگەیشتن و نەناسینی تاك بۆ خودی خۆی، زۆرجار تاك خودی خۆی بەباشی ناناسێت یان بەهەڵە تێی دەگات و بەچاوێکی بەرز سەیری کەسایەتیی خۆی ناکات، بەڵکو بەشێوەیەك سەیری خۆی دەکات کەهیچی لەبارنییە و هیچی لەدەست نایێت، ئەمەش وادەکات لەگەڵ خودی خۆی نەگونجێت و باوەڕی بەخۆی نەبێت(١١٣).

---

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. ڕەشاد میران، کۆمەڵناس، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، پێنج شەممە، ٢٠٠٥/١٢/٢٩، سەعات ١٠ی پێش نیوەڕۆ.

(١) مريم نجمة، الإغتراب عن الوطن و تأثيراته الروحية والفكرية، الثلاثاء، ٢٠٠٩/١٠/٦، http://alawset.net/www/kovar%202/kovar%202%20-%2010.html


(٢) أحمد محمد الزعبي، علم نفس النمو(الطفولة والمراهقة)، ص٤٣٩.

(٣) مريم نجمة، الإغتراب عن الوطن و تأثيراته الروحية والفكرية، الثلاثاء، ٢٠٠٩/١٠/٦، http://alawset.net/www/kovar%202/kovar%202%20-%2010.html

(٤) جواد محمد الشيخ خليل،الإغتراب وعلاقته بالصحة النفسية لدي طلبة الجامعات الفلسطينية في محافظات غزة، ملتقى طلاب

زیاتر جەخت کردنەوەمان لەسەر توێژی هەرزەکاران و لاوان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە ئەوان لەقۆناغێکی هەستیاردان لەژیاندا و ئەم جۆرە بارودۆخە زیاتر لەگەڵ ئەوان کارلێك دەکات بەبەراورد لەگەڵ توێژی منداڵان و بەتەمەنەکان.

لەهەندێ باردا دایك و باوکیش بەشدارن لەدروستبوونی نامۆییدا ، واتە زۆرجار هۆکاری نامۆیی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دایك و باوك لەگەل هەرزەکاران، چونکە مامەڵەی دایك و باوك لەگەڵ هەرزەکاران لەهەردوو باری بەکارهێنانی توندوتیژی و دەسەڵات بەسەریدا، یاخود شلکردنی دەسەڵات و دوور لەلێپرسینەوە لەگەڵیدا، بە نەرێیی دەشکێتەوە[(١١٤)] ، واتە نابێ لەگەڵیان هێندە نەرم بن وابزانن کە هەموو شتێکیان پێدەکرێت و نەهێندەش ڕەقبن لەگەڵیان کاریگەری لەشکانەوەی کەسایەتییان بکات. دەتوانین هۆکارەکانی نامۆبوون بەهێڵکاریش بخەینە ڕوو:




وێنەی (٢)
هۆکارەکانی نامۆیی

---

جامعة دمشق، أحد ٢٠٠٩/١٠/١١، http//www.jamma.cc/art86932html

(١) تەلار کمال مدحت، نامۆبوون لە لای هەرزەکاران Alienation، گ (سایکۆلۆژیا)، بنگەهێ ڕاوێژکاری،چارەسازی و ڕەوشنبیریا رەوانکی ـ جڤاکی، دهۆك، ژ٣، ٢٠٠٥، ل٢٩٧.

## ڕەهەندەکانی نامۆیی

نـــامۆبوون وەکـــو دیاردەییـــك چـــەند ڕەهەنـــدێکی جیـــاوازی هەیـــە، زۆرێـــك لـــە زانایـــان باســـیان لەڕەهەندەکانی نامۆیی کردووە بەتایبەتی "سیمان Seeman"، سیمان زۆر بەجوانی لـەڕووی کۆمەڵایـەتی و دەروونییەوە باسی نامۆبوونی کردووە وچەند ڕەهەندێك یان مانایەکی بۆ دەست نیشان کردووە. دەتوانین گرنگترین ڕەهەندەکانی نامۆیی لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو:

١. **لەدەستدانی کۆنترۆڵ یان بێزاری Powerlessness**:« ئەو واتایەی نامۆیی ئاماژە بۆ هەستی تاك دەکات بەوەی کەناتوانێت کاریگەری لەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییانەدا بکات کە کارلێکی لەگەڵ دەکات. کەسە نامۆکە ناتوانێت چارەنوسی دیاربخات یان کاریگەری هەبێت لە ڕوداوە گەورەکان یان خاوەنی بڕیارەگرنگەکانی بێت کە ژیانی وچارەنوسی دیاردەخەن بەمەش بێزار دەبێت لە خودی خۆی»[115].

٢. **بێ مانایی (لەدەستدانی مانا) Meaninglessness**:« لێرەدا نامۆبوون مانای ئەوەیە کەتاك بەهیچ شێوەیەك هەست بەتام و چێژی ژیان ناکات و لەجیاتی ئەوە هەست بەبۆشاییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی بەرفراوان و لەڕادەبەدەر دەکات و هیچ فەلسەفەو ڕێبازێکی تایبەتی لە ژیاندا نییە و خۆشی نازانێت بۆچی دەژی و ئامانجەکانی کامانەن»[116].

« ئەگەر بێزاری بێ توانایی تاك بێت لەبڕیاردان لەسەر ڕوداوەکانی ژیانی، ئەوا بێ مانایی تێنەگەیشتنی تاکە بۆ ئەو ڕوداوانە»[117].

٣. **بێ پێوەری (لەدەستدانی پێوەر) Normlessness**:« ئەم چەمکە ئاماژە بۆ نائامادەگی ئەو هەڵومەرجانە دەکات، کەدەبنە هۆی ئەوەی تاك خودی خۆی وبەختەوەرییەکەی لە

---

(1) د.علي الزغل و د. عاطف عضيبات، ألشباب و الاغتراب، دراسة ميدانية في شمال الاردن، مج(مؤتة) للبحوث والدراسات، مجلة علمية محكمة، جامعة مؤتة، مؤتة ـ الاردن، م ٥، ع٢، ١٩٩٠، ص٤٨.

(2) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار)، چ١، چاپخانەی پەیوەند ـ سلێمانی، ٢٠٠٩، لا ٥٨٥ـ٥٨٦.

(3) شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدى طلاب الثانوي العام والفني والصناعي، ص٤٣.


کۆمەڵگە بهێنێتەدی»[١١٨]. « ئینسکلۆپیدیای بەریتانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بێ پێوەری حاڵەتێکە تیایدا تاك پەیوەست نابێ بە بنەما و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، و کۆنترۆڵ کردنی ئامانجە تایبەتییەکان و هەوڵدان بۆ بەدەست هـێنانیان بەو شێـوازانەی کە

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕەت کراونــەتــەوە» [١١٩].

٤. **دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی Social Isolation**:« ئەم چەمکە ئاماژە بۆ هەستی تاك دەکات بە غەریبی و دوورەپەرێزی لەئامانجە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە، لەو حاڵەتەش تاك هەست بە ئینتیــما ناکات بۆ کۆمەڵگە و نـەتــەوەکەی»[١٢٠]. دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی واتە نەبوونــی پەیوەندییە کەسایەتییە ئەرێنییەکان، هەروەها بە واتای جیابوونەوە لەداب ونەریتە باو و بەها ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە دێت[١٢١].

٥. **نامۆبوونی خودی(دورکەوتنەوە لەخود) Self - Estrangement**:« لێرەدا نامۆیی ئاماژە بۆبێ توانایی هەستی تاك دەکات لەبەدیهێنانی چالاکییە خودییەکانی، واتە پێوەندی لەگەڵ بوونە حەقیقیەکەی دەپچڕێت و ئیتر بەتێپەڕبوونی کات دەبێتە کالا»[١٢٢].

٦. **دورکەوتنەوە لەشارستانیەت Cultural estrangement**: «کاتێك کەسێك بەدەست ململانێ لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگەوە دەناڵێنێ، بۆ نموونە یاخی بوونی هەندێك لەلاوان و بەشێك لەڕۆشنبیران بەرامبەر کۆمەڵگە و دامەزراو و ڕێکخراوەکانی»[١٢٣].




(٤) د. سەمیرە، و. ... زاراوەی ... (ئینگلیزی ... کوردی) ... ی چاپ ... بلاوکردنەوەی چوارچرا،٢٠٠٧، لا ٢٣.

(١) شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدى طلاب الثانوي العام والفني والصناعي، ص٤٥

(٢) د.علي الزغل و د. عاطف عضيبات، ألشباب و الاغتراب، دراسة ميدانية في شمال الاردن،مج(مؤتة) للبحوث والدراسات، ص٤٨.

(٣) ريتشارد شاخت، الإغتراب ، تر. كامل يوسف حسين، ص٢١٦.

(٤) د.علي الزغل و د. عاطف عضيبات، ألشباب و الاغتراب، دراسة ميدانية في شمال الاردن، ص٤٩.

(٥) د. ثناء يوسف الضبع و الجوهرة بنت فهد آل سعود، دراسة عاملية عن مشكلة الاغتراب لدى عينة من طالبات الجامعة السعوديات في ضوء عصر العولمة، جامعة الملك السعود، كلية التربية، قسم التربية و رياض الأطفال، ؟، ص١٢.

وێنەی (٣)

ڕەهەندەکانی نامۆیی

## کەسایەتی نامۆ

نامۆیی دیاردەیێکە تەنیا پێوەندی بەمرۆڤەوە هەیە، بەڵام دەوەستێتە سەر ڕادەی هۆشیاری مرۆڤەکان، چونکە مرۆڤ بەگوێرەی ڕادەی ئەو هۆشیارییەی کەهەیەتی نامۆ دەبێت، واتە بەگوێرەی ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤەکان بۆ ژیان، چۆنیەتی نامۆییەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت. دەتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، کەمرۆڤ تەنیا بەگەیشتن بە ئاستی هۆشیاری توشی قەیرانی نامۆیی دەبێت جا مرۆڤەکە ڕۆشنبیر بێت یا ناڕۆشنبیر، مرۆڤی ناڕۆشنبیر نەك هەر نامۆ دەبێت، بەڵکو نامۆبوونەکەیان تاڕادەیەك قوڵ دەبێتەوە بەشێوەیەك کەلەڕوخساریان ڕەنگ دەداتەوە، چونکە مرۆڤی ناڕۆشنبیر کاتێك نامۆ دەبێت ئەوا نامۆییەکەی زیاتر بە ڕق وکینە و توندوتیژی دەردەبڕێت، بەپێچەوانەوە ئەوانەی کەمرۆڤی ڕۆشنبیرن لەبوارە جیاجیاکان ناچن دەستەوئەژنۆ دابنیشن، بەڵکو بەشێوەی جیاجیا گوزارشت لەناخە نامۆکەیان دەکەن بۆ نموونە دروستکردنی وێنەیێك، یان نووسینی دەقێکی ئەدەبی، یاخود ئامادەکردن و ژەنینی پارچەیەکی مۆسیقا...تاد[١٢٤]. ئەوەی لێرەدا گرنگەو پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە هاندەری هەردوو حاڵەتەکە یەك شتە ئەویش نامۆییەکەیە.

« کەسی نامۆبوو ئەو کەسەیە کەهیچ هەست بەگرنگی خۆی ناکات و ژیانی نرخێکی ئەوتۆی نییە و ئەو بڕوایەی لەلا دروست بووە کەبوون و نەبوونی ئەو وەك یەك وایە و لەتوانایدا نییە هیچ گۆڕانکارییەکی پێویست لەژیانی خۆی و کۆمەڵەکەیدا بکات و خاوەنی هیچ فەلسەفە و ڕێباز و بیروباوەڕێکی بونیاد و کاریگەر نییە و کەلتوری ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی بەهی خۆی نازانێ و سەرەڕای ئەوەش بەچاوی گومان و دوودڵی سەیری خۆی دەکات کەسەرجەم ئەمانەش بەرەو نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونی دەبەن»[١٢٥]. واتە دەست لەخۆ بەردەدات و دەستەوەستان دەوەستێت لەئاست هەموو ئەو شتانەی کەلە دەوروبەری ڕودەدەن و ئەو توانایە ون دەکات کە خوا بەهەموو مرۆڤێکی بەخشیوە، سەرەڕای ئەمەش هەموو ئەو سۆز و خۆشەویستییەی کە بۆ کۆمەڵگەکەی هەیبووە لەدەستی داوە.

---

(١) غیاث الدین نقشبندی، نامۆیی، لا٤٨.

(٢) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار)، لا ٥٨٦ ـ ٥٨٧.

کەسی نامۆ ئەو کەسەیە کەبارێکی دەروونی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی هەیە، بەو مانایەی لەیەکێك لەقۆناغەکانی ژیانیدا هەست بەمرۆڤ بوونی خۆی ناکات، یان بەشێوەیەکی جیا لەکەسانی تر دەڕوانێتە ژیان، بەشێوەیەك نەبوونی خۆی و نەبوونی کەسانی تر هیچ بەهایەکیان نییە، تەنانەت هیچ ئامانجێکی لەژیاندا نییەو بەرامبەر بەهەڵویستە کۆمەڵایەتییەکان خۆی بە بێ لایەن دەبینێت.

کەسی نامۆ کەسێکە هەردەم بەگومانە لە ناسنامەی خۆی و بەچاوێکی سوك سەیری خۆی دەکات و هەست بەتواناکانی ناکات، بەشێوەیەك دەبێتە پاشکۆی کەسانی تر کە بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانی هیچ سەربەستییەك بۆ خۆی ناهێڵێ ، سەرەنجام دەگاتە ئەو ڕادەیەی کەهەمیشە بەویست و ئارەزووی کەسانی ترەوە بجوڵێتەوە و دەبێتە یاری بەدەست کەسانی دەوروبەری، زۆرجار حاڵەتەکە لەمەش زیاتر قوڵ دەبێتەوە و کەسە نامۆکە تەنیا کاروباری خۆی دەکاتە ولاتێکی سەربەخۆ، کەخۆی سەرۆکیەتی و هەم خۆشی یاساو ڕێساکانی بۆ دادەنێت و تەنیا بایی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی پێوەندی بە دەرەوەی ئەو ولاتە دەستکردە دەمێنێ کەلە خەیاڵی خۆی دروستی کردووە، بەمەش حاڵەتەکە دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر ئاگر لەماڵی دراوسێکەی بەربێ ناچێ بەهانایەوەو یارمەتی بدات، ئەگەرچی دەشزانێ کەدراوسێکەی مرۆڤێکی بێ گوناهە، بەلام ئەو کەسە نامۆیە وادەزانێت بەمجۆرە ڕەفتارانەی کەدەیکات دەتوانێ بەرەنگاری ئەو سیستەمە ببێتەوە کەنامۆی کردووە(١٢٦) .

کەسایەتی نامۆ گەلێك چەمك و زاراوەی جیاجیای بۆ دانراوە، کەدەتوانین بۆ سێ جۆر جیایان بکەینەوە، کەئەمانەن:

**١. دوورەپەرێزەکان Retreaters**: ئەوانەن کە بەشێوەی نەرێیی لەپاشەکشەدان و هەمیشە دوورکەوتنەوە بەباش دەزانن و ڕووبەڕووبوونەوە وەلا دەنێن، یان بەواتایەکی تر پێیان دەگوترێ(**کەسایەتی نامۆیی پاشەکشێیی**)، هەڵسوکەوتی ئەمجۆرە کەسایەتییە بەهۆی نەبوونی کارلێك یان تێکەڵاونەبوون لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵ بەدیاردەکەوێ ، بەوەی کەدوور دەکەوێتەوە لەئەنجامدانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان کەکەسانی تر جێبەجێی دەکەن، لەنیشانەکانی تری ئەمجۆرە کەسایەتییە نەبوونی توانست و کەمی گڕوتین و لەدەستدانی چالاکییە، بۆیە دەبینین خاوەنی ئەمجۆرە ڕەفتارانە هەرزوو بڕیاری دۆڕان و دان بەوەدەنێن کەوا هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان زۆر لەتواناکانی ئەوان قورسترن و بەهەڵوێستی تر دەیگۆڕنەوە و خۆیان دووردەگرن لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەم بەرپرسیاریەتییانە تاوەکو ئەو پاڵەوپەستۆیەی کەلەسەریانە کەمی بکەنەوە(١٢٧). واتە ئەمجۆرە کەسایەتییانە جۆرە بڕوایەکیان لادروست بووە ئەویش ئەویە کە وا دەزانن ئەنجامدانی هەرکارێك قورسەو گشت کارەکان بەقورس دەزانن، بەر لەئەنجامدان و هەوڵدان بۆ هەرشتێك کە خۆیان بیانەوێ بڕیاری ئەوە دەدەن کە ئەو کارە بەوان ناکرێت.


---

(١) غیاث الدین نقشبندی، نامۆیی، لا٤٩.

(٢) محمد ذنون زینو، الحصار الإقتصادي والإغتراب الإجتماعي وآثرها في سلوك الطلبة: ص١٨.

**٢. گوێڕایەڵەکان Compliers**: ئەوانەن کەوا گوێڕایەڵی ئەو شتانە دەبن کەکۆمەڵ پێی ڕازییە بەبێ ڕەچاوکردنی بڕوا بەخۆبوون، ئەوکەسانەش قسەخۆش و دووڕوون و هەردەم خەریکی شوێن کردنەوەی خۆیانن هەتا ئەگەر ئەو شوێنەش بۆیان گونجاو نەبێت، دەتوانین بەمجۆرە کەسایەتییانە بڵێین(**کەسایەتی نامۆیی داخراو**)، ئەو کەسانەی لەم جۆرەن بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییە تاکایەتییەکانی خۆیان، هەمیشە لەناو بازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوە، بەرژەوەندی و سوودە تاکایەتییەکانی خۆیان لەسەرووی هەموو شتێك داناوە، بەمەش من(الأنا) دەبێتە ئاراستەکەری ڕەفتارەکانی نەك من - ئەویتر(الأنا - الآخر)[١٢٨]. واتە ئەمجۆرە کەسایەتییانە خۆویستن و هەمیشە لەو شوێنەن و خەریکی ئەو شتەن کە بەرژەوەندییەکانیان وا دەخوازێ.

**٣. چالاکەکان Activists**: ئەوانەن کە ڕووبەڕووی هەڵوێستە نامۆیەکان دەبن بە مەبەستی کارکردن بۆ گۆڕینی شوێنەکان، جا بە بەرهەڵستکردن یان بە ڕەخنەو یاخیبوون بێت، ئەم کەسانە پێیان دەگوترێ(**کەسایەتی نامۆیی ڕەتکەرەوەیی**)، خاوەنی ئەمجۆرە بەچەند سیفەتێك دەناسرێنەوە، لەوانە:(بەربەرەکانی دەسەڵات و گوێ نەدان بەیاساکان و تەنانەت بە یاسا کۆمەڵایەتییەکانیش و ڕەتکردنەوەی پێوەرە ڕۆشنبیرییەکان)، ئەوانەش ئەو کەسانەن کەدەبنە هۆی تێکچوونی بارودۆخ بۆ ئەوانیتر بەهۆی کارلێك نەکردن لەگەڵیان، ئەوانەش بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵ و ئامانجەکانی ڕەتدەکەنەوە[١٢٩]. واتە ئەمجۆرە کەسایەتییانە هەردەم سورن لە بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان و دەست لەمافەکانیان هەڵناگرن، تەنانەت ئەگەر بۆ فەراهەم بوونی ئەم مافانە توندوتیژیش پێویست بێت.




وێنەی(٤)

کەسێتی نامۆیی

---

(١) م. س، ص ١٨، ١٩.

(٢) ن. م. س، ص ١٩.

# بەشی دووەم: نامۆیی لەفەلسەفەوە بەرەو ئەدەبیات .

## تەوەری یەکەم: نامۆیی لەچەند ڕوانگەیەکەوە:

ـ نامۆیی لەڕوانگەی فەلسەفییەوە

ـ نامۆیی لەڕوانگەی دەروونناسییەوە

ـ نامۆیی لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

## نامۆیی لەڕوانگەی فەلسەفییەوە

نامۆبوون حاڵەتێکی نائاساییە و تووشی هەموو مرۆڤێك دەبێت، بەڵام زیاتر لەهەڵسوکەوت و ژیانی ئەو کەسانە ڕەنگ دەداتەوە، کە بیرمەند و فەیلەسوفن، بەهۆی نووسین و وتە جۆربەجۆرەکانیان لەبارەی دیاردەکانی دەوروبەریان لەژیان، کەهەمیشە هەوڵدەدەن بچنە قوڵایی شتەکان و بەشێوەیەك بیردەکەنەوە تابگەن بەئەنجامێکی باوەڕپێکراو. نامۆبوون حاڵەتێکە هەمیشە هاودەمی مرۆڤی فەیلەسوفە، هەروەکو **"کۆفمان"**لەوتەیێکدا جەختی لەسەر دەکاتەوەو دەڵێت(( **فەلسەفە لەمنداڵدانی نامۆبوونەوە لەدایك دەبێ(٢)**))[١٣٠].

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە ئەگەر بمانەوێت بگەڕێین بەدوای وتە فەلسەفییەکان بەگشتی و ئەو وتانەی کە ئاماژە بۆ هەبوونی نامۆیی دەکەن، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ فەیلەسوفە کۆنەکانی گریك.

یەکێك لەو فەیلەسووفە نامۆیانەی کەلەسەردەمێدا ژیاوە پڕبووە لەشەڕو کارەساتی خوێناوی ئەویش**"هیراکلیتس"**ە، هیراکلیتس بەدەست ڕوداوە سیاسییەکانەوە دەیناڵاند، کەهاوکات بوو لەگەڵ ژیانی خۆی و ناخۆشییەکی زۆری پێوە دیتن، لەلایەك بەهۆی ئەو ئەو داب ونەریتانەی کە دووربوون لەبەهاکان و دژی بیروباوەڕی خۆشی بوون، لەلایەکی تر بەهۆی نەبوونی ڕۆشنبیری لەسەردەمەکەی، کەئەمەش وایکرد لەکۆمەڵگەکەی بێزار ببێت[١٣١].

لەڕاستیدا فەلسەفەکەی هیراکلیتس ڕەنگدانەوەی حاڵەتەکانی ململانێ و قەیرانەکانە، ئەمەش لەوتەکەیدا بەدیاردەکەوێت کەدەڵێت:(**نەمرەکان فەنا دەبن، فەنابووەکانیش نەمر دەبن، هەردووکیشیان دەژین بەمردنی ئەویتر و دەمرن بە ژیانی ئەویتر**). ئەوەی لەفەلسەفەکەی هیراکلیتس بەدیاردەکەوێت ئەوەیە کە پڕە لەدژیەکی، لەدیارترین ئەو ئاماژانەی کەبەڵگەیە بۆ نامۆیی هیراکلیتس وتەکەیەتی کەدەڵێت(**بەدوای خودی خۆمدا دەگەڕێم**).[١٣٢] ئەم وتەیە لێوان لێوە لەنامۆبوون، چونکە ئەگەر نەتوانێت

---

(١) ریتشارد شاخت، الإغتراب، ص ٢١.

(٢) محمد ذنون زيتو، الحصار الاقتصادي والإغتراب الاجتماعي وآثرها في سلوك الطلبة، ص٣٢.

(٣) م. س، ص ٣٣.

بوونی خۆت بدۆزیتەوەو هەست بەبوونی خۆت نەکەیت، ئەوا بێگومان ناتوانێت وەك کەسێکی خاوەن بوون وخاوەن بڕیاربێت و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان ببینێت.

هەر لەفەلسەفەی یۆنانـدا دەمێنینەوە، بەڵام ئەمجارەیان لای فەیلەسوفێکی تر دەوەستین ئەویش(**ئەفلاتوون**)ە،«ئەفلاتوون یەکەم کەسە لەمێژوودا کە ڕێبازێکی گشتگیری مەزنی بۆ فەلسەفە داهێنا»[133]. ئەگەر گەشتێك بەنێو بەرهەمەکانی ئەم فەیلەسوفە بکەین ئەوا دەتوانین سەرەداوی فەلسەفە نامۆییەکەی لەبەرهەمە بەناوبانگەکەی، کەبەناوی (کۆمار)ە ببینینەوە. «ئەفلاتوون کاری ئادەمیزادی والێکرد کەدەبێت پابەند بێت بەبەها بەرزەکان و هەوڵ بدات ویژدانی خۆی بکات بەڕێبازێك بۆ بەدەست هێنانی ڕاستەو چاکەو جوانی»[134]. ئەفلاتوون لە بەرهەمەکەی(کۆمار) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەوا دادوەری شتێکی سروشتییەو پێوەندی بەداب و نەریتەوە نییە، مەبەستیشی لەدامەزراندنی شارێکە لەسەر بنەمای دادوەرییەکی بەهێز.

ئەفلاتوون نامۆیی خۆیمان بۆمان دەردەخات بەدابەشکردنی دەروونی ئادەمیزاد بۆ سێ هێز کەکێبڕکێ دەکەن و ڕووبەڕوو دەبنەوە، کەدەبێتە هۆی دروست بوونی ململانێ و ناخۆشی لە نێوان لاشەو غەریزەکان، ئەفلاتوون ڕۆحی بەشتێکی نێژراو لەناو لەشدا دادەنێت، ژیانیش مەنفایەکی درێژە ڕزگاربوونیش لێی تەنیا بە مردن دەبێت[135].

(**فاڕابی**) یەکێکە لەو فەیلەسوفە ئیسلامانەی، کەهەوڵی داوە لەڕێگەی نووسینەکانیەوە خزمەت بەگەل و خاکەکەی بکات. بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی فاڕابی دەردەکەوێت، کەتووشی تەنگ و چەڵەمەیێکی زۆر هاتووە، چەند هۆکارێك فاکتەر بوون بۆ ئەوەی فاڕابی زێدی خۆی جێبهێڵێت کە بەغدا بوو و ڕوو بکاتە ولاتی شام، لەوانە ڕوداوی ساڵەکانی(٣٢٧ـ ٣٣٠کۆچی) بەتایبەتی ٣٣٠کۆچی کە ئەوساڵە بەغدای بەجێهێشت، چونکە ئەوکاتە شارەکە پڕبوو لەئێش و ئازارو ڕق وکینە و کێشە و (بەریدی) توانی دەست بەسەر شارەکە بگرێت و دەستی کرد بەسوتان و ڕاو ڕووتکردن، ماڵی خەلافەی تێکشکاند و خەڵکی کوشت و زوڵمێکی زۆری ئەنجامدا، هەروەکو (إبن أثیر) دەڵێ:(بەهیچ شێوەیەك لەپێشووتر شتی وام نەبیستووە)[136]، فاڕابی لەسەدەی (٣)کۆچی واتە(١٠) زایینی کتێبێکی نووسی بەناوی (بۆچونەکانی خەڵکی شارە چاکەکە)، کەهاوشێوەی کتێبی(کۆمار)ی ئەفلاتوونە، ئەو هۆکارەی کەوای لەهەریەك لە ئەفلاتوون و فاڕابی کرد کە ئەم بەرهەمە بنووسن یەك شتە، ئەویش چاکسازی کردن لەو دوو کۆمەڵگەیەو

---

(١) دولتر سیتس، تأریخ الفلسفة الیونانیة، تر. مجاهد عبالمنعم المجاهد، دار الثقافة ـ ألقاهرة، ١٩٨٤، ص١٤٣.

(٢) د.عبدالقادر موسی المحمدي، الإغتراب في التراث صوفیة الإسلام(دراسة معاصرة)، ص٣١.

(٣) ریتشارد شاخت، الإغتراب، ص٢٢.

(٤) الحصار الاقتصادي والإغتراب الاجتماعي وآثرها في سلوك الطلبة، محمد ذنون زیتو، ٣٣،٣٤.

هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوەیان لە خۆویستی[١٣٧]. هەوڵدانی ئەم دوو فەیلەسووفە لەپێناو ئەوەبوو کە هەردوو کۆمەڵگەی ئەسینی و عەرەبی لەو پێوەرانەی کە داب و نەریت سەپاندبووی ڕزگاربکەن، هەروەها دروست کردنی کۆمەڵگەیەك کە دادوەری لەسەرووی هەموو شتێکەوە بێت.

فەیلەسووفەکانیش بەگوێرەی دیدگای خۆیان و تێڕوانینیان بۆ ژیان، هەروەها ئەو بارودۆخ و دوروبەرەی، کەتیایدا ژیاون خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە بۆ دیاردەکانی نامۆیی. دوو لە گرنگترین ئەو فەیلەسووفانە وەردەگرین کە یۆنانی نین ئەوانیش (**کانت، دیکارت**)ن، «دیکارت کە بەباوکی فەلسەفەی نویێ ناسراوە، ئەو فەیلەسوفە هەستاوە دروشمێکی بۆ ژیان دانـاوەو دەڵێت:(**دڵخۆشە ئەو کەسەی کەبە شاراوەیی دەژیت**). بەڵێ بەو شێوەیە زۆری ژیانی لەغەریبی و دوور لەنیشتمانەکەی ژیا و دوورەپەرێز بوو، تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی کەشوێنی نیشتەجێ بوونیشی دیار نەبێت». لەدوورەپەرێزی دیکارت لەولاتەکەی خۆی کە فەرەنسابوو مانەوەی تاکۆتایی ژیانی لەهۆڵەندا جێگای سەرنجە، چونکە ئەو فەیلەسووفە تاکۆتایی ژیانی بەدوورەپەرێزی ژیاوە، ئەمەش لەوتەکەی بەدی دەکرێت کەدەڵێت:(من وەکو ئەوەمە کە لەدوورترین بیابانەکان بم)[١٣٨]. ئەو وتەیەی دیکارت دان پیانانە بەوەی، کە ئەو شوێنەی لێی ژیاوە کە تاراوگە بووە، با هەر خەڵکی لە دەوروبەری ژیابن، بەڵام چونکە ولاتی خۆی نەبووە و یاساورێساکان و داب ونەریت و بەها باوەکان بۆ ئەو بوونەتە هەوێنی دروست بوونی دوورەپەرێزی و نامۆبوونەکەی.

کانت وەکو ئەفلاتوون و فاڕابی و دیکارت گرنگی بەجێهێشتنی شارەکەی نەدەدا، چونکە ئەو لەسروشت نامۆبوو و وەکو ئەفلاتوون بەشتێکی سروشتی دانەدەنا، ئەو پێی وابوو لە دواڕۆژ دوو جیهان هەیەو تیایدا نەمری و ئازادی و خوا هەیە، ئەو باوەڕبوونە بەجیهانەکەی تر خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ نامۆبوونی ئەو لەو جیهانە و لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و لە خودی مرۆڤ[١٣٩].

وەکو لەپێشووتر لەبەشی یەکەم لەباسی (مێژووی نامۆیی) ئەوەمان خستەڕوو، کە **ڕۆسۆ** یەکەم کەسە لەبارەی نامۆیی لێدوانی هەیە، ڕۆسۆ پێیوایە کە ئەو ئەندامانەی کە لەلایەن خەڵکەوە پاڵێوراون و دەنگ و متمانەی خەڵکیان بەدەست هێناوە ناتوانن گوزارشت لەشەقامی گشتی و دەنگی خەڵکە گشتییەکە بکەن، هەروەکو دەڵێت:«**نوێنەرەکان نوێنەرایەتی گەل ناکەن و ناتوانن نوێنەرایەتیشی بکەن، چونکە سەرکردایەتی کردن بەنوێنەرایەتی نابێت، یان ئەوەتا تاك دەبێت بەخۆی گوزارشت لەڕاکانی بکات یانیش بەهیچ ڕێگایەکی تر ناکرێت**»[١٤٠]. بێگومان ئەم وتەیەی ڕۆسۆ لەسەر ئەو کۆمەڵگەیانە جێبەجێ دەبێ، کە

---

(٥) م. س، ص٣٤.

(١) م. س، ص ٣٥.

(٢) ن. م. س، ص ٣٥.

(٣) قاسم حسين صالح، في سيكولوجية الفن التشكيلي، دار علاءالدين للنشر والتوزيع ـ سوريا، ٢٠٠٦، ص٢٨.

پێـڕەوی سیسـتـەمی دیموکراسـییان نـەکردووەو نوێنــەرەکان تــەنیا بـیر لەبەرژەوەندییــە تایبەتییــەکانیان دەکەنەوەو بیریان چووە کەنوێنەری خەڵکن،«کەواتە دەتوانین بڵێین چەمکی نامۆیی بـۆ یەکـەمجار لـەبواری تیۆری دەوڵەت لەلای ڕۆسۆ پەیدابوو»[١٤١].

یەکەم کەس کەبەشێوەیەکی زانستی چەمکی نامۆبوونی بەکارهێنابێ (**هیگڵ**)ە،نامۆبوون لای هیگـڵ دوو ڕووی هەیە کەئەمانەن:

١. نامۆبوونی مرۆڤ لەدەروونی خۆی، واتە نامۆبوون لەخود.

٢. نامۆبوونی مرۆڤ لەبونیادە کۆمەڵایەتییەکان[١٤٢].

هیگــڵ دەربڕینــە ئەڵمانییەکــەی(Entfremdung) ی بــەکارهێناوە بــۆ چــەمکی نــامۆبوون لەکتێبەکەی بەناوی(دیاردەگەرایی عەقڵ١٨٠٧). هیگڵ وادەبینێ، کەمرۆڤ ناچارە بەچارەنووسە مێـژوویی و پەیوەندییــە کۆمەڵایــەتی و سیاســیەکان ڕازی بێــت، ئەگــەرنا ئــازادی و یەکرێزییەکــەی لەدەسـت دەدات، هەرئەمەش وادەکـات کـە ڕکابەرییـەك دروسـت بێـت لـەنێوان بـیر و واقیـع، هـۆش و بـوون، ولـەنێوان تـاك و دامـەزراوەکان. بۆیـە فەلسـەفە ئەوەیـە کـەوا ئەویەکرێزییــە لەدەست دراوە بگەڕێنێتــەوە، بـە ئەنجامـدانی شیکردنەوەیەکی ڕێك و پێك و فراوان لەسروشتی ئەو دژیەکییانە. هیگڵ پێی وایە بۆ زاڵبوون بەسەر حاڵـەتی نامۆیی دەبێت کۆمەڵگەیەکی ڕاست و تەندروست بهێندرێتەکایـەوە کەبەرژەوەندییـە گشـتی و تایبەتییـەکان ئاوێزانی یەکتربکات[١٤٣]. کەواتە دەتوانین بڵێین نامۆبوون لای هیگڵ لەخودی بونیادی گشـتی ژیاندایـە،[١٤٤] واتە بەباوەڕی هێگڵ خۆی نامۆبوون لەژیاندا شتێکی خۆڕسکەو بوونی هەیە، بێ ئەوەی مرۆڤـەکان هۆکـاربن بۆ دروست بوونی.

« کارل مارکس نامۆبوونی لەژێر کاریگەری دیالێکتیکی هیگڵیدا شیکردۆتەوە، مارکس نامۆبوونی چڕ کردۆتەوە لەوەی، کەبریتییە لەو حاڵەتانەی مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت، و دەبێتـە کەسـێکی نـامۆ بەرامبـەر بـە خـودی خـۆی و چـالاکی و کارەکـانی، هــەروەها جۆرێکـە لـە لەدەسـتدانی خـود لەئـەنجامی ئـەو قەیرانـە کۆمەڵایەتییانەی کەپێیدا تێپەڕ دەبێت، نامۆبوون لەشوێنێك بوونی هەیە، کە کەمینەیەکی تاکڕەو دەسـتیان گرتبێ بەسەر سیاسەت و ئابووری و ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا، ئەمـەش وا دەکـات مـرۆڤ تـەنیا ببێـت بـەئامراز و

---

(١) نجاة الغرياوي، ألاغتراب الديني بين فيورباخ و كارل ماركس، مج(النهج)، دفاتر الماركسية اللينينية في العلم العربي، ع٢٨، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، ١٩٨٩، ص٢٢٩.

(٢) عزيز السيد جاسم، تأملات في الحضارة والاغتراب، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة ـ بغداد، ١٩٨٦، ص ١٢٩.

(٣) د. حليم بركات، الاغتراب في الثقافة العربية متاهات الإنسان بين الحلم والواقع، ط١، مركز دراسات الوحدة العربية ـ بيروت، أيلول، ٢٠٠٦، ص٣٧.

(٤) جۆن ماکواری، و. ئازاد بەرزنجی، فەلسەفەی بوونگەرایی(وجودیەت)، چ٢ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان ـ سلێمانی، ٢٠٠٧، لا ٣٠٧.

یارییەك بەدەست هێزێكی دەرەكییەوە».[١٤٥] لێرەدا ماركس لەڕوانگەی كۆمەڵایەتییەوە باس لەحاڵەتی نامۆبوون دەكات و پێیوایە لەبنچینەدا شتێك نییە بەناوی نامۆبوونەوە بوونی هەبێت، بەڵكو بارودۆخی كۆمەڵایەتی و دەوروبەر وادەكات كە نامۆبوون سەرهەڵبدات. نامۆیی لای ماركس چوار لایەنی هەیە:

«١ـ نامۆیی كرێكار لەبەرهەمی كارەكەی.

٢ـ نامۆیی كریكار لەكارەكەی.

٣ـ نامۆیی كرێكار لەخودی خۆی.

٤ـ نامۆیی كرێكار لەكەسانی تر».[١٤٦]




وێنەی (٥)

لایەنەكانی نامۆیی لای ماركس

«نامۆبوون لای ماركس ڕەگ وریشەكەی ناگەڕێتەوە بۆ هێزی مرۆڤ و ئایین، كەهەریەك لەهیگڵ و فیورباخ وای بۆچوبوون، بەڵكو ماركس پێیوابوو نامۆیی پەیوەستە بەجیهانی ماددی و نامۆبوونیش واتە لەدەستدانی كۆنترۆڵی كار ودەست بەسەراگرتنی كردەی بەرهەم لەلای مرۆڤ»[١٤٧]. نامۆبوون لای ماركس دەگەڕێتەوە بۆكۆیلە بوونی مرۆڤ بۆ شتە مەترياڵییەكان، هەروەكو لەپێشتریشدا باسمانكرد.

بوونگەراییەكان كۆمەڵێك بابەتیان تاوتوێكرد، كەپەیوەندییەكی قوڵیان لەگەڵ ئەزمونە نامۆییەكان هەیە، وەكو هەست نەكردن بە بەرپرسیارییێتی و دڵەڕاوكێیی و نادەسەڵاتی و بێزاری و نەبوونی ئینتیما، بوونگەراییەكان وێنەی ئادەمیزادی نوێیان وادەرخستووە، كە لەبووندا وەكو كەسێكی ڕێبوارە یان كۆچەرییە لەسەر ڕووی دەریا كە ئەگەر بۆهەر ئاڕاستەیێك بچێت هیچ نەخشەیێكی نییەو هەردەم لەدڵەڕاوكێیدایە، **كیركگارد**(١٨١٣ ـ ١٨٥٥)كە بەباوكی بوونگەراییەكان ناسراوە، ئەم ئەزمونە زۆر بەجوانی

---

(١) جواد محمد الشيخ خليل، الإغتراب وعلاقته بالصحة النفسية لدي طلبة الجامعات الفلسطينية في محافظات غزة، ملتقى طلاب جامعة دمشق، أحد ٢٠٠٩/١٠/١١، http//www.jamma.cc/art86932html

(٢) د. محمد عباس يوسف، الاغتراب والإبداع الفني، كلية التربية، جامعة الأزهر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع ـ القاهرة، ٢٠٠٤، ص٤٦.

(٣) ؟، إشكاليات الاغتراب الثقافي العربي: مناقشة في كتاب ـ الاغتراب الثقافي للذات العربية، الخميس، ٢٠٠٩/١٠/١، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=103824

پوخت دەكاتەوەو كەدەڵێت:( **هەریەك لە ئێمە پەنجە لەژێر خۆڵ دادەنێین بۆئەوەی بەهۆی بۆنەكەی بزانین لە چ شوێنێكین، منیش پەنجە لەژێر بوون دادەنێم، تا بۆم ئاشكرابێ كەهیچ بۆنێكی نییە. من لەكوێم؟ من كێم؟ چۆن گەیشتوومەتە ئێرە؟ ئەو شتە چییە كەپێی دەوترێت جیهان؟ كێ منی هێناوەتە ئێرەو لێرە جێی هێشتووم؟ چۆن دەستم بەو گەشتە گەورەیە كرد كەپێی دەوترێت واقیع؟**) [(١٤٨)]. ئەم بۆچوونە ئەوە دەسەلمێنێ، كە لای بوونگەراییەكان شتێك نییە بەناوی بوون و هەمیشە دەگەڕێن بەدوای ناسنامەی مرۆڤدا، تا سەرەداوی ئەو وەڵامانەیان دەست كەوێ كە لەسەرەوە خستمانەڕوو.

## نامۆیی لەڕوانگەی دەروونناسییەوە

مەبەست لەم باسەدا باسكردنی بابەتی نامۆییە لەڕووی دەروونییەوە، بەخستنەڕووی هەندێك لەووتە و نووسینی زانایانی بواری دەروونناسی.

نزیكترین شێوە لەشێوەكانی نامۆبوون لەبواری دەروونناسی (نامۆبوونی خودی)یە، كەئەمەش لەدوو باردا خۆی دەنوێنێ:

«١. **نامۆبوونی گشتی:** وەكو نەخۆشییە هزرییەكان، لێرەدا تاك بەشێوەیەكی گشتی نامۆیە لەخودی خۆی، بەجۆرێك كەناتوانێت كەسایەتیی خۆی دیاربخات.

٢.**نامۆبوونی بەشی:** لەم بارەدا تاك هۆشیارە لەئاست خودی خۆی و دەتوانێت خودی دیار بخات». [(١٤٩)]

فرۆید یەكێكە لەزانا پێشەنگەكان لەبواری شیكردنەوەی دەروونی،«لەڕاستیدا فرۆید بەدامەزرێنەری قوتابخانەی شیكاری دەروونی دادەنرێت، دەتوانین فرۆید بكەین بە ئەلقەی بەیەكەوە بەستنی ئەدەب بەبواری دەروونییەوە، فرۆید لە بایەخدانی بەبەرهەمی ئەدەبی لەبواری دەروونشیكاری ئەدەبیدا سێ لێكۆڵینەوەی شیكاری نوسیوە: یەكەمیان ساڵی١٩٠٦بوو بەناونیشانی"**وڕێنەو خەوبینین لەچیرۆكی گرادیڤای یانسن**"و، دووهەمیان ساڵی١٩١٠بوو بەناونیشانی "**یادێك لەمنداڵێتی لیۆنارد داڤنشی**"و،سێیەمیان ساڵی ١٩٢٨بوو بەناونیشانی"**دوستۆیفسكی و تاوانی كوشتنی باوك**"». [(١٥٠)]

فرۆید سەبارەت بەنامۆبوونیش ڕای خۆی هەیە و وادەبینێ«كە نامۆبوون ئاكامی جیابوونەوەی ئاگاییە(الشعور) لەنەست(لاشعور) و ئەوكاتەش كەسەكە لەژێر كاریگەری ئارەزووە خەفەكراوەكانیدا ڕەفتار

---

(١) د. حليم بركات، الاغتراب في الثقافة العربية متاهات الإنسان بين الحلم والواقع، ص٤٦.

(١) مظاهر الاغتراب النفسي لدى معلمي ومعلمات المدارس الحكومية في محافظات شمال فلسطين، محمود عوض محمود سليم موسى، رسالة ماجستير،جامعة النجاح، كلية الدراسات العليا، قسم الإدارة التربوية، ٢٠٠٣، ص١٦.

(٢) د. عادل گەرمیانی، دەروونشیكاری و ئەدەبی دەروونی، گ(ئاییندە)، ژ.٤٣، ٢٠٠٣، ل٣٦٧.

دەکات»[١٥١]. ئەمە لەچوارچێوەی قاوغی تاکایەتی خۆیدا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی فرۆید « پێی وایە نامۆبوون لەئەنجامی ململانێی نێوان خود و ڕێککاری(ضوابط) یەکانی شارەوە دروست دەبێت، کەوا لەتاك دەکات هەست بەبێزاری و ڕاڕایی بکات، کاتێك تووشی ئاڵۆزییەکانی شارستانیەت و ڕێککارییە جۆربەجۆرەکانی دەبێتەوە، کەدەبنە بەربەستێك بۆتێرکردنی ویست و ئارەزووەکانی، سەرەنجام وادەکات تاك ئەم ویست و ئارەزووانە لەناخیدا خەفە بکات»[١٥٢]. مەبەستی فرۆید ئەوەیە، کەتاك بۆتێرکردن و دامرکاندنەوەی حەزو ئارەزووەکانی پێویستی بەئازادی و سەربەخۆییەکی ڕەها هەیە، بەڵام کاتێك کۆمەڵگە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەو ویستانەی تاك، ئیتر تاك تووشی بێزاری دەبێت و نامۆ و یاخی دەبێت. « فرۆید نامۆبوونی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کۆت و بەندەی کە لەپێوەر و یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت و لەسەر چالاکییە غەریزەیی و بایۆلۆژییەکانی مرۆڤ لەڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مادديیەکانی کۆمەڵەوە دەسەپێنرێ وەکو پێوەرێك نابێ مرۆڤ لێ ی لابدات، ئەم نامۆبوونەش هەر لەسەرەتای تەمەنی منداڵی یەوە دەست پێدەکات چونکە لەسەری پێویستە و پێی دەڵێن (نەکەی! !) یان(عەیبە) ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە ترسێك لەدڵ و مێشکی چەکەرە دەکات و ناچار حەزو ئارەزووەکانی کەبەشێوەیەك یان ئەوی تر گوزارشتی لێدەکرد دادەمرکێتەوەو پشتگوێ دەخرێ بۆ ئەوەی هاوبەش بێت لەو شارستانیەتەی تیایدا دەژی، ئەم دامرکانەوەش کە ئەلتەرناتیڤێکی تری نییە، تووشی دەمارگیری دەکات و ووزە شاراوەکانی لەئاست پێشکەوتنی شارستانیەتدا شاراوەتر دەکات و کەسێکی ناتەبا و گۆشەگیر، یان ئاڵۆز دەخولقێنێ و دوورەپەرێز دەبێت لەئاست بەشداری کردنی کۆمەڵ بەتوانست و ووزەکانییەوە»[١٥٣]. واتە داب ونەریت دەنگی تاك دەخنکێنێت و ناهێڵێت بەو شێوە بژیت کە خۆی دەیەوێت، بەڵکو وابەستەی دەکات بەو شتانەی کەپێشووتر باب و باپیرانی لەسەری ڕۆیشتوون.

ئەریك فرۆم چەمکی نامۆبوونی بەکارهێنا بۆ پەیوەندییەکی دیاریکراو لەنێوان کەس دەروونی خۆی، هەروەها لەنێوان کەس و ئەوانی تر، مەبەست لەئەوانی تر(سروشت،کارەکەی، کاڵا) یە، و بەشێوەیەکی ئاشکرا لەبەرهەمەکانی (ڕاکردن لەئازادی) و (کۆمەڵگەی تەندروست) گرنگی دا بەزاراوەکانی لەدەستدانی کۆنترۆڵ، زەوتکردنی ئازادی، تێکدان، دوورەپەرێزی[١٥٤]، بێگومان ئەم زاراوانەی کەفرۆم بەکاری هێناوە دەتوانین بڵێین هەر یەکێکیان نیشانەیەکە لەنیشانەکانی نامۆیی.

« فرۆم پێی وایە نامۆیی دیاردەیەکی کۆنە، لەوکاتەوە سەری هەڵدا کەمرۆڤ لەسروشت دوورکەوتەوەو دەستی کرد بەدروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو جێگرەوەیەکی دەروونی بۆ

---

(٣) ئارام محەمەد قادر، نامۆیی لەشیعری کوردیدا کرمانجی خواروو(١٩٧٥ ـ ٢٠٠٠)، ل١٦٧.

(١) شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني والصناعي، ص٣٣.

(٢) کەمال فاروق، فرۆیدیزم و نامۆبوونی مرۆڤ، گ(کاروان)، ژ١١٥، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٧٧، ل ١٤ـ١٥.

(٣) روناك حميد عثمان، الإغتراب الثقافي وعلاقته بتحقيق الذات لدى التدريسيين بجامعات أقليم كردستان، ص٢٤.

پەیوەندییەکەی لەگەڵ سروشت». [155] واتە فرۆم پێی وایە دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکە بۆ دروست بوونی قەیرانی نامۆیی.

«گرنگترین بوارەکانی نامۆبوون لای فرۆم بریتین لە:

١. نامۆیی لەئەوانی تر

٢. نامۆیی لەکۆمەڵگە

٣. نامۆیی لەخود» [156].

فرۆم ئاماژە بەوە دەکات کەنامۆیی هەستکردنە بەدوورەپەرێزی و تەنیایی و ڕێگا ونی و نەبوونی گرنگی و کەم هەستکردن بەئینتیما و ئاسایشی دەروونی لەلای ئەو خەڵکانەی کەبەشێکیان لەئەوەی تر دوور دەکەوێتەوەو دژ دەوەستێ، لەئەنجامی بەدەست هێنانی سەربەخۆییەکی زۆر لەشارستانیەتی نوێ. [157] فرۆم پێی وایە لەمێژووی شارستانیەتی ڕۆژئاوا تا سەربەخۆیی زیاتر بێت خەڵك زیاتر دوورەپەرێز و نامۆ دەبێت.

«تیۆری هۆرنێ بۆ نامۆبوون گەلێك چاکسازی و پێشکەوتنی بەخۆوە بینی لەڕێگای سێ بەرهەمە سەرەکییەکەی:

١. ڕێگای نوێ لەشیکردنەوەی دەروونی New Ways in Psychoanalysis.

٢. ململانێیە ناوخۆییەکانمان Our Inner Conflicts.

٣. دەمارگیری و گەشەی ئادەمیزادی Neurosis and Human Growth». [158]

هۆرنێ لەسۆنگەی دەروونییەوە بۆبابەتی نامۆبوون چووە، «هۆرنێ وادەبینێ کە نامۆبوون دەربڕی ئەو مەینەتییەی مرۆڤە کە لەئەنجامی جیابوونەوەی لە خودی خۆی تووشی دەبێت، بنچینەی نامۆبوون لای هۆرنێ( **نامۆبوونی خودی**)یە، کەتاك جیادەبێتەوەو دووردەکەوێتەوە لەئارەزوو و بیروباوەڕ و ووزەکەی، نامۆیی لەدەستدانی هەستی تاکە بەوەی کە کەسێکی کارا نییەو داڕێژەری ژیانی تایبەتی خۆی نییە». [159] واتە هۆرنێ پێیوایە حاڵەتەکە دەروونییەو مرۆڤ ناچار دەکا لەناخی خۆی دابڕێ و نەتوانێت وابکات جەستەو ناخی هاوڕا بن.

«هۆرنێ ئاماژە بەهەندێ نیشانەی تایبەت بەنامۆبوونی خودی دەکات، وەکو:

١. تاك لەهزری خۆی هەست بە تەم ومژاوی دەکات بەرامبەر بەدەروونی خۆی و خەڵکانی تر.

---

(١) م. س، ص ٢٤.

(٢) د. محمد عباس يوسف الاغتراب والإبداع الفني، ، ص٥٨.

(٣) د. يوسف حمه صالح، الإغتراب النفسي وعلاقته بالاتجاهات نحو الهجرة لدى شباب الكورد(دراسة ميدانية في مدينة اربيل)، ص١٠.

(٤) د. محمد عباس يوسف، الاغتراب والإبداع الفني، ص٦٥.

(٥) محمود عوض محمود سليم موسى، مظاهر الاغتراب النفسي لدى معلمي ومعلمات المدارس الحكومية في محافظات شمال فلسطين، ص١٧.

٢. لەهەندێ کاتدا تاك گرنگی نادات بەجەستەو سەرومالّی خۆی.

٣. ناتوانێت ئەرکی بەرپرسیارییێتی بگرێتە ئەستۆ.

٤. لەنیشانە دەروونییەکان وەکو.. (نەرجسییەت) واتە خۆپەرستی». [١٦٠]

ئەمانە لەگرنگترین ئەو نیشانانە بوون کە هۆڕنێ سەبارەت بەنامۆبوونی خودی خستبوویە ڕوو.

«ئەریکسۆن Eriksson وادەبینێ نامۆیی هەستکردنە بەجێگیر نەبوونی ناسنامە، یان ئەوەی کەناودەبرێت بە قەیرانی ناسنامەIdentity و بەشێوەیەکی وا سەیری دەکات، کە قەیرانێکی سەرەکییە هەرزەکار پێیدا تێپەڕ دەبێت، کە لەقۆناغی منداڵی و پشت بەستن بەدەوروبەرەوە پێ دەنێتە قۆناغی گەورەبوون و سەربەخۆیی». [١٦١] واتە ئەریکسۆن زیاتر جەخت لەسەر توێژی گەنجان دەکاتەوەو پێیوایە نامۆبوون ونکردنی ناسنامەیە لای هەرزەکار.

«نامۆیی لای ئەریکسۆن لەهەموو حاڵەتەکان شتێکی خراپ نییە، تەنیا سەردەمی هەرزەکاری نەبێت، کەسەردەمێکە تاك بەشێوەی جۆراوجۆر تیایدا تاقیدەکرێتەوە ، تاك لەم سەردەمە یاخی دەبێت لەپێناو بەدەست هێنانی ئەوشتەی کەدەیەوێت، بۆیە ئاساییە نامۆیی لای هەرزەکاران بەدی بکرێت». [١٦٢] تاك لەسەردەمی هەرزەکاری ئەوهەستەی لا دروست دەبێت کەپێی ناوەتە قۆناغێکی تازەی ژیان و وادەزانێت ئەوەی لەبارادیە کەهەموو شتێك ئەنجام بدات، بەڵام لەڕاستیدا وانییە و درك بەو حەقیقەتە ناکات، کە هیشتا نەگەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتن، کەقۆناغی کامڵ بوونی تاکە لەهەردوو لایەنی هزری و جەستەیی.

ئەریکسۆن وادەبینێ کە پرۆسەی گەشە لای تاك بریتییە لە هەشت قۆناغی بەدوای یەکدا، کەهەر قۆناغێکیش قەیرانێکی هەیە و ناودەبرێت بە((قەیرانی ناسنامە))، بیروبۆچونەکەی ئەریکسۆن سەبارەت بەنامۆبوون پشت دەبەستێت بە تیۆرەکەی بەناوی(قەیرانی ناسنامە)ەوە، کەهاوکاتە لەگەڵ هەموو قۆناغێکی گەشە، ئەمەش لەدوو جەمسەر خۆی دەدۆزێتەوە: یەکەمیان (لایەنی ئەرێنی) یە و ئەویتریشیان (لایەنی نەرێنی) یە، لایەنی ئەرێنییەکە واتە کەسەکە سەرکەوتوو بووە لەتێگەیشتن لەخۆی و دیاریکردنی ناسنامەی و دەزانێت چی پێویستە لەئامانجەکانی و حەزی لەچییە لەبەدەست هێنانی بەهاکان و ئەو ڕۆڵەی کەپێویستە بەجێی بێنێت لەکۆمەڵگە، بەوەش ئەوتاکە دەچێتە خانەی ئەو کەسانەی کەپێیان دەوترێت **"خاوەن ناسنامە بەدەست هێنەرەکان" Identity Achieved**، ئەو جۆرە تووشی نامۆیی نابن، بەڵام لایەنی نەرێنی واتە سەرکەوتوو نەبوونی تاك لەتێگەشتن لەدەروونی خۆی، هەروەها ناڵاندنی بەهۆی دیار

---

(١) محمد ابراهيم عيد، دراسة مدى الاحساس باغتراب لدى طلاب وطلبات الفنون التشكيلية من ذوي المستويات العليا من حيث القدرة على التفكير الابتكاري، رسالة ماجستير، جامعة عين الشمس، ١٩٨٧، ص ٤٦

(٢) د. محمد عباس يوسف، الاغتراب والإبداع الفني، ص٦١.

(٣) شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني والصناعي، ص٣٥.

نەبوونی ناسنامەی لەکاتی ئێستاو نەتوانین بۆ دۆزینەوەی لەئایندەدا، بەم شێوەیە ئەو تاکە دەچێتە خانەی ئەوکەسانەی کەپێیان دەوترێت**"خاوەن ناسنامە پەرش وبلاوەکان" Identity Diffused**، هەرئەوانەشن بەدەست قەیرانی نامۆییەوە دەناڵێنن.[١٦٣] پوختەی بۆچوونەکەی ئەریکسۆن ئەوەیە کەدوو جۆر کەس هەیە، یەکەمیان دەتوانێت پەی بەبوونی خۆی ببات، جۆرەکەی تر ناتوانێت پەی بەبوونی خۆی ببات و ناسنامەکەی لێ ونە.

## نامۆیی لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

خستنەڕووی پێوەندی نامۆیی بەبابەتی کۆمەڵناسی مەبەستی سەرەکی ئەم باسەمانە، هەوڵ دەدەین لەدووتوێی ئەم باسە دیدوبۆچوونی زانا کۆمەڵناسەکان و فەرهەنگە کۆمەڵناسییەکان بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی بزانین نامۆیی چۆن لەپانتایی زانستی کۆمەڵناسی(علم الإجتماع) دا باسی لێوەکراوە.

ڕونکردنەوەو ناساندنی زانستی کۆمەڵناسی کارێکی پێویستە، بەر لەوەی پێوەندی کۆمەڵناسی بەبابەتی نامۆییەوە ڕوون بکەینەوە.کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە کەگرنگی بەلێکۆڵینەوەی ڕەفتاری مرۆیی دەدات بۆ گەیشتن بەپرەنسیب گەل و یاساگەلێکی گشتی، کۆمەڵناسی لەژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، لەم ڕووەوە جەخت لەسەر بواری کرداری کۆمەڵایەتیدا دەکات. کۆی ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتییانە دراسە دەکات کەڕەفتاری مرۆیی دیاری دەکات و پێکی دەهێنێ و ئاڕاستەی دەکات.[١٦٤] واتە کۆمەڵناسی زانستێکە دیراسەی کۆمەڵ دەکات و پێوەندی نییە بەدیراسە کردنی تاك.«زاراوەی زانستی کۆمەڵناسی بۆ یەکەمجار لەلایەن زانای کۆمەڵناسیی فەرەنسی (**ئۆگست کۆنت**) بەکارهات. فەیلەسوفی ئینگلیزی(**جۆن ستیوارت میل**)یش ئەو زاراوەی بەکارهێنا لە ئینگلتەڕا، لەو سەردەمەی کە کۆنت تێیدا ژیاوە، لەکتێبەکەی بەناوی(**زانستی مەنتق**) کە لەساڵی ١٨٤٣ بلاوی کردۆتەوە».[١٦٥]

«کۆمەڵناسی Sociology دەورێکی گرنگی گێڕا لەپێشکەوتنی چەمکی نامۆییدا، کۆمەڵناسەکان لەهەوڵەکانیان جەختیان کردۆتەوە لەسەر لێکۆڵینەوەی نامۆیی لەژیانی نوێ بۆ کەسی نامۆ، کەهەست بەدڵتەنگی و بێزاری دەکات، کۆمەڵناسی وادەبینێت کە بەها باوەکان هیچ مانایەکیان نییە، تاك واهەست

---

(١) روناك حميد عثمان، الإغتراب الثقافي وعلاقته بتحقيق الذات لدى التدريسيين بجامعات أقليم كردستان، ص٢٧.

(١) د. سەمیرە، و. خەسرەو میراودەلی، فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی(ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، لا ٢٠٩، ٢١٠.

(٢) دينكن ميشيل، تر. د. إحسان محمد الحسن، معجم علم الاجتماع، ص٣٣٣.

(٣) روناك حميد عثمان، الإغتراب الثقافي وعلاقته بتحقيق الذات لدى التدريسيين بجامعات أقليم كردستان، ص٢٢.

دەكـات كـە نامۆیـە لەكۆمەڵگەكـەی، كۆمەڵناسـەكان ئامـاژە بـۆ ئـەوەش دەكـەن كـەهێزە كاریگـەرەكان (كۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی)ی كۆمەڵگەی نویێ دەبێتـە هـۆی لەدەسـتدانی ئینتیمـای تـاك، تـاك هەسـت دەكات كە تەنیا بۆتە روییێك لەقەرەباڵغی و ژمارەیەكە لەنێو ناوەكـان».(١٦٦) مەبەسـت لەوەیـە تـاك لـەژیانی ئەمڕۆدا بەهۆی ئەو گۆڕانكارییە خێرایانەی كەبەسەر كۆمەڵگە دادێت بێـزار دەبێـت و بـوون ونـەبوونی وەكـو یەكی لێدێت و ئیتر هیچ ڕۆڵێكی نامێنیێ، بەڵكو تەنیا شوێن و ناوێك داگیردەكات.

زانا كۆمەڵناسەكان هەوڵیانداوە لێكۆڵینەوە لەسەر دیاردەی نامۆیی بكەن، بۆ زانینی ڕەهەنـدەكانی پێوەنـدی نێـوان نـامۆبوون و دیـاردە كۆمەڵایەتییـەكانی تـری وەكـو: گـۆڕان و هاوسـەنگی لـەڕێڕەوی كۆمەڵایەتی، **تۆكفیل** پێیوایە نامۆبوون تواناكانی مـرۆڤ دادەبـەزێنێت و بەهـەدەری دەدات بـەهۆی كۆمـەڵێك هۆكـاری وەكـو: گۆڕانكاریيـە كۆمەڵایـەتی و تەكنۆلۆژییـە نوێیـەكان، كەبەهۆیـەوە مـرۆڤ دەبێتـە كـاڵا و لەبەهاكانی كۆمەڵگە دووردەكەوێتەوە.(١٦٧)

هەرسـەبارەت بـە نـامۆبوون و پێوەنـدی بەزانسـتی كۆمەڵناسـی ئـەمجارەیان ڕوودەكەینـە زانـای كۆمەڵناس **دۆركهـایم**،«مانـای كۆمەڵایـەتی بۆنـامۆبوون لای دۆركهـایم لەوتـە بەناوبانگەكەیـدا دەردەكـەوێت بەناوی (**ئانۆمی** **Anomie**)، كەئاماژە بۆ بیێ پێوەری یـان لەدەسـتدانی پێـوەر و بـەهاكانی نـاو كۆمەڵگـە دەكات، كەحاڵەتی گێرەشێوێنی و نایاسایی لـەناو دام ودەزگاكـانی كۆمەڵگـە بـڵاو دەبێتـەوە. بـیێ پێـوەری ئامـاژە بۆحاڵـەتی فـەوتانی ئینتیمـا و ژاوەژاوی پێـوەرە ڕەوشـتییەكان و دەركـەوتنی هەڵوەشـاندنەوەی بونیادی كۆمەڵایەتی دەكات».(١٦٨) واتە نامۆبوون لای دۆركهایم هۆكارەكەی كۆمەڵایەتییەو پێیوایە نامۆبوون كەش وهەوایەك دەخولقێنێـت لێـوان لێـوبیێ لـەژاوەژاو و بونیـادی كۆمەڵگـە بەئاڕاسـتەی نـەمان و تێكچـوون دەبات.

دۆركهـایم جێـدەهێڵین و ڕوودەكەینـە **كـارل مانهـایم**،«مانهـایم ئامـاژە بۆدیـاردەی (**ڕێكخسـتنی دڵەڕاوكێیی**) دەكات لەكۆمەڵگەی پیشەسازیدا، كەدەبێتە هۆی كوشتنی گیانی دەست پێشخەری لای تـاك و ئازادیشی لیێ دەفەوتێنیێ و دەبێتە بەشێك لەئامێر و وا لەتاك دەكات دڵخۆشبیێ بەملكەچ بـوونی بۆكۆمەڵگـەو

---

(١) متولي موسى، فقه الاغتراب و الاقلية، مج (الرائد)، ع٢١٣، ١٩٩٩، ص١.

(٢) مصطفى ناجي، بعض استعمالات مفهوم الاغتراب في النظرية الاجتماعية، مج (العلوم الاجتماعية)، جامعة الكويت، ع١، ١٩٨٠، ص١٧٦

(٣) م. س، ص ١٧٦.

بڕیارەکانی».[١٦٩] واتە تاك بەئاڕاستەیەك دەبات کەهەمیشە بەبەشی خۆی ڕازیبێت و نەتوانێ داوای شتێك بکات، هەرچەندە داواکارییەکەی بەشێك بێت لەمافە سەرەتاییەکانی ژیانی.

هەر لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی بۆنامۆبوون دەمێنینەوە و ئەمجارەیان تیشك دەخەینە سەردیدگای **ئەمیتای ئیتزیۆنی Etzioni** بۆنامۆبوون، ئیتزیۆنی وادەبینێت ئەو هۆکارانەی کەچینی دەسەڵات لەڕێکخراوەکان بەکاری دەهێنن لەگەڵ ئەوکەسانەی کەملکەچیانن لەناو ئەو ڕێکخراوانە، بەنموونە( قوتابیان لەقوتابخانەو زانکۆکان، بەندکراوان لەناو بەندیخانەکان، کرێکاران لە کارگەکان)، ئەو هۆکارانە ئاستی نامۆیی ئەو کۆمەڵگەیانە دیاری دەکەن، ئیتزیۆنی پێی وایە هەوڵە زیاد لەپێویستییەکان بۆڕەفتاری تاکەکان لەسەر ئاستی بونیادە کۆمەڵایەتی و پێوەرییەکانی کۆمەڵگە سەرچاوەیەکە لەسەرچاوەکانی نامۆبوون.[١٧٠] واتە زۆر لەتاك کردن بەمەبەستی ملکەچ بوون بۆبڕیارەکانی ئەو کەسانەی کەبڕیار دەردەکەن، وا دەکات تاك نەتوانێت بۆخۆی بژی و عەقڵی ئاڕاستەکەری هەڵسوکەوتەکانی نەبێت.

**فردیناند تۆنس** پێیوایە نامۆبوون حاڵەتێکی مرۆڤایەتییەو پەیوەستە بەپێشکەوتنی کۆمەڵگە. تۆنس وادەبینێت کەنامۆبوون جیابوونەوەی مرۆڤە لەپەیوەندییە کۆنەکان و سەرەنجام دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی بەکەسانی ترو نامۆبوون لێیان.[١٧١] بێگومان جیابوونەوەی مرۆڤ لەبەها باوەکان بێ هۆکار نییە، بەڵکو گۆڕانکارییە خێراکانی کۆمەڵگە هۆکاری تێکچوون و پابەند نەبوونی مرۆڤە بەداب ونەریتی کۆنی کۆمەڵگە.

زۆرێك لەزانا کۆمەڵناسەکان هۆکاری نامۆبوون دەگەڕێننەوە بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، بێگومان پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاش خۆی لەپێشکەوتنی زانست و زانیاری دەبینێتەوە. یەکێك لەو زانایانەی هەمان ئەو بیرەی هەیە کەباسمانکرد **ماکس فیبەرە**، «فیبەر پێی وایە نامۆیی لەکۆمەڵگەی سەرمایداریدا لەئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە لەسیستەمی دەرەبەگایەتی بۆ سیستەمی سەرمایەداری پیشەسازی، فیبەر ڕای وایە ئەو ڕیکخراوانەی کەڕوییێکی زانستییان هەیە و جێگای ڕێکخراوە کۆنەکانیان گرتۆتەوە، گیانی دروستکردن و داهێنان لای تاك دەکوژن و وای لێدەکەن ببێ بەمرۆڤێکی بێ کەڵك، ئەو ڕێکخراوانە مرۆڤ پابەند دەکەن بەیاساکانی کار و بواری دەست پێشخەری ناهێڵنەوە بۆ کرێکارەکان».[١٧٢]

ئەگەر سەرنج بدەین لەسەرەتای ئەم تەوەرەوە تائێستا ململانێ هەیە، ململانێیەکەش لەنێوان کۆمەڵگەی نوێی پێشکەوتوو بەتەکنۆلۆژیا لەگەڵ کاڵبوونەوەی داب ونەریت و بەها باوەکانە. **میرتۆن**

---

(١) أدريس عزام، بعض المتغيرات المصاحبة لاغتراب الشباب عن المجتمع الجامعي، مج (العلوم الإجتماعية)، ع١، جامعة الكويت، ١٩٧٩، ص٤٦.

(٢) د.السيد علي شتا، نظرية الاغتراب من منظور الاجتماع، مؤسسة شباب الجامعة ـ الاسكندرية، ١٩٩٣، ص٩٩.

(٣) د. حليم بشاي، الإغتراب ، مج (العلوم الإجتماعية)، ع ٤، تصدر عن الجامعة الكويت، ١٩٨١،، ص١١٢.

لەلێکۆڵینــەوە کــورت و گرنگەکــەی (**پەیکــەری کۆمەڵایــەتی و لەدەســتدانی ئاراســتە**) لــەبارەی نــامۆبوون لەئامانجەکان و پێوەرە باوەکان دواوە، بەباوەڕی میرتــۆن نــامۆ ئــەو کەســانەن کەبەشــداری بــەها هاوبەشــە گشــتییەکان ناکــەن و دەڵــێن ( **ئێمــە لــەو کۆمەڵگایــەین، بــەڵام ســەر بــەو کۆمەڵگەیــە نــین)**، لەڕوانگــەی کۆمەڵناسییەوە ئەمانە بەشێکی نامۆیی ڕاستەقینە پێکدەهێنن(١٧٣)، واتــە ئەوانــە لەئاســت کۆمەڵگــە خۆیــان بەبێگانە دەزانن و بەشدار نابن لەهیچ بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی هەتا ئەگەر سوودیشی بۆیان هەبێت.

«لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکانـدا لەئــەنجامی گۆڕانکارییــە خێراکــان، کەئــەو کۆمەڵگایانــە پێیــدا تێپــەڕ دەبن، دەبێتە هۆی ڕوداوی گەورەی وەکو دوورکەوتنــەوە، بۆنموونــە دوورکەوتنــەوەی بــەها و ڕەفتارەکــان، دوورکەوتنەوەی بیرە تایبەتی و گشتییەکان. لەڕاستیدا ئەو حاڵەتە نامۆییانە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەگ وریشەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان».(١٧٤) ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە بەســەر ئــەو کۆمەڵگــە دواکەوتووانــە دادێت لەبوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری...تاد وادەکات تاك تووشی حەپەســان بێــت لــەنێوان دووڕیانێك ئەویش دوو ڕیانی پەروەردەی تاکە لەناو خێزان و ماڵەوە لەگــەڵ ئــەو پەروەردەیــەی کەکۆمەڵگــە پێــی دەدات لــەدەرەوەی خێــزان، ســەرەنجام تــاك وای لێــدێت لــەناو خێــزان نوانــدنێك بکــات و لــەدەرەوەی خێزانیش نواندنێکی تر، کەواتە تاك لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تووشی دژیەکی دەبێت.

«یەکێ لەلێکۆڵینەوەکان دەری خستووە ئەو کەسانەی کە لەکارەکانیاندا هەســت بــەنامۆیی دەکــەن هەندێ نیشانەی نەرێنی لەڕەفتاریاندا بەدیاردەکەوێ، لەوانــە دابــەزینی ڕێــزی تــاك و ڕاڕایــی و ڕازی نــەبوون بەکارەکەی. ئەمەش مانای ئەوە نییە کەنامۆیی هەمیشە بەهەموو جۆر و پلەکانی زیان بەخش بێت، شــتەکە یەکسانەو هەندێ جۆری تایبەتیشی پێویستە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە بۆئەوەی تاکەکان کۆپی ئەو کەســانە نەبن کەئێستا لەکۆمەڵگە بوونیان هەیە، پێشخستنی کۆمەڵگە بــەو شــێوەیەی کەســەردەم دەیخــوازێ».(١٧٥) واتە نامۆیی دیاردەیەکی دوولایەنەیە و هەردوو باری ئەرێنی و نەرێنی لەخۆ دەگرێ، ئەگــەر زیانیشــی هــەبێ بەقەد ئەوە سوودیشی هەیە.

---

(١) ريتشارد شاخت، الاغتراب، ص٢٣٩.

(٢) محمد ذنون زيتو، الحصار الاقتصادي والإغتراب الاجتماعي وآثرها في سلوك الطلبة، ص٥٢.

(٣) م. س، ص ٥٣.

# تەوەری دووەم: نامۆیی و ئەدەب.

ـ نامۆیی و ئەدەبی جیهانی

ـ نامۆیی و ئەدەبی کوردی

## نامۆیی و ئەدەبی جیهانی

ئەگەر تائێستا خەریکی مشتومالّکردنی نامۆیی بووبین وەکو دیاردە و بابەت و پەتاییێکی کوشندە، کەئەمڕۆ هەموو کونج وکەلەبەرێکی کۆمەلگە جیاوازەکانی تەنیوە، ئەگەر تائێستا خۆمان بەڕاڤەکردنی باسەکانی(چەمك، پێناسە، مێژوو، جۆرەکانی، هۆکارەکانی، ڕەهەندەکانی، کەسێتی) نامۆییەوە خەریك کردبێ، تەنیا لەبوارەکانی فەلسەفی و کۆمەلاّیەتی و دەروونی و ئابووری و سیاسی و ئایینی و سۆفیگەریی و سێکسیی و تەکنۆلۆژی بووەو نەپرژاوینەتە دنیای ئەدەب، بەلاّم مەبەستی سەرەکی ئەم باسەمان نیشاندان و دەرخستنی حالّەتە نامۆییەکانە لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا و خستنەڕووی ژیانی هەندێ ئەدیب و نووسەری نامۆیە، واتە ئەم باسە تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی نامۆیی لەئەدەبدا.

بێگومان ئەدەب خۆی لەخۆیدا دنیایەکی فراوانەو نووسەر یان ئەدیب هەولّ دەدات لەتێکستەکەیدا ڕەنگ ڕێژی واقیعێك بکات کەهەموو حالّەتە ئەرێنییەکانی وەکو خۆشویستن و کامەرانی و ڕێزگرتن وداد ویەکسانی بالّی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابێت، یان هەولّ دەدات خەلّك هان بدات و هۆشیاریان بکاتەوە و ڕێنیشاندەریان بێت لەبەدیهێنانی ماف و خواستەکانیان، هەر ئەدەبیشە پەردە لەسەر حالّەتە ناشیرین و دزێوەکانی کۆمەلگە لادەدات و دەست نیشانی خالّە نەرێنییەکان دەکات، نامۆبوونیش وەکو حالّەتێکی نائاسایی کۆمەلگە لەنێو بەرهەمە ئەدەبییە جۆربەجۆرەکاندا هەستی پێدەکرێت و ڕەنگ دەداتەوە.

لێرەدا هەولّ دەدەین بۆ ڕونترکردنی نووسینەکانمان بەرهەمی چەند ئەدبێکی جیهانی وەربگرین لەئەدەبی نەتەوە و کۆمەلگە جیاوازەکان:

سەبارەت بەبەرهەمی ئەدەبی کەنامۆیی تیایدا ڕەنگی دابێتەوە، دەگەڕێینەوە بۆسەدەی پێنجەمی بەر لەزایین، لەوانە شانۆنامەی(**ئۆدیبی پادشا**) کەلەنووسینی (**سۆفۆکلیس**)ە، «تەماشا دەکەین ئۆدیب کەنموونەیەکی نامۆبوون و ویستیەتی، هەرچۆن خواوەند بابی ورپاکردبووەوە کەمنالّی نەبێت دەنا ئاکامی

بەئاشووب و کوێرەوەری دەبێت، بەڵام گوێ بەوە نادرێت و کەدەبێت پابەست دەکرێت و حەواڵەی سروشتی ڕووت و قووتی دەکەن بۆمەرگ، بەڵام شوانێك ڕزگاری دەکات و ئەمیش بەبێ ئاگایی ئەوچارەنووسەی چاوەڕوانیەتی و کەدەبێت ببێت وەك نامۆیەك لەشاری (کۆرنتە) دەژی تائەو دەمەی خوا ڕق وکینە بەسەریاندا دەبارێنێت و دەردەڕەشەو ڕشانەوە دەکەوێتە قەلاچۆکردنی خەڵکەکە، لەئاکامدا ڕاستی هۆیەکە ڕوون دەبێتەوە». (١٧٦) هەربۆیە ئۆدیب نامۆ دەبێت و دەروونی پڕ دەبێت لەڕق وکینە و تائەو ڕادەیەی کەحەزبکات چاوی دەربهێنێت وگوێچکەو هەموو ئەو شتانەشی ببڕێت کەبەدنیا و دەوروبەریەوە دەبەستێت(١٧٧). سۆفۆکلیس لەو شانۆنامەیەدا وێنەی کەسایەتییەك دەکێشێت کەلەهەموو دەوروبەری نامۆیەو دەوروبەر بۆ ئەو تەنیا کۆت وبەندە و ناتوانێت سەربەستانە بژی، بۆیە حەز دەکات پێوەندی بەدەوروبەرییەوە نەمێنێت.

«زۆرێك لەبەرهەمە ئەدەبییە جیهانییەکانی وەکو حیکایەتە میللی و خورافییەکان بەهۆی سیحرەکەیانەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر نەوە جۆربەجۆرەکانی سەردەمە جیاوازەکان، حیکایەتی (**هەزار و یەك شەوە**)ش تائێستا لەسەرووی هەموو ئەو کارانەوەیە، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر هەموو ژانەرەکانی تری ئەدەب، کاریگەریی هەزار و یەك شەوە تەنیا لەسەر ئەدەبی عەرەبی نییە، بەڵکو کاریگەری هەیە لەسەر ئەدەبی جیهانی. گرنگی هەزار و یەك شەوە لەوەدایە کەبەزمانێکی هێمایی(رمزي) نوسراوەتەوە، ئەو زمانەی کەئەفسانە و خەون و ئەو حیکایەتانەی کەباس لەجن دەکەن پێوە نووسراوە. لۆژیکی ئەم زمانە هێماییە جیاوازە لەلۆژیکی واقیع، هەر ئەمەش وایکردووە ئەو بەرهەمە سەرنج ڕاکێش بێت و لەهەمان کاتیش کاریگەرییەکەی بەردەوام بێت». (١٧٨) ئەوەی تایبەت بێت بەنامۆبوون لەهەزار و یەك شەوەدا تەنیا حیکایەتێك ئەویش حیکایەتی (**ڕاوچی و دێو**)ەکەیە شیدەکەینەوە، تاوەکو لەدووتوێی ئەو حیکایەتەدا نامۆبوون لەکەسایەتی و ڕەمزەکان دەست نیشان بکەین.

کورتەی حیکایەتەکە بەم شێوەیەیە، «ڕاوچییەك لەگەڵ خێزانەکەیدا دەژیت بژێوی ژیانیشیان لەسەر ئەو ڕاوەیە کەدەیکات، سروشتی ئەو کابرایە وابوو لەڕۆژێکدا تۆڕەکەی چوار جار فڕێ دەدا، ڕۆژێکیان سێ جار تۆڕەکەی بەدوای یەکدا فڕێ دا بەبێ ئەوەی هیچی دەست بکەوێت جگە لەهەندێ شت کەبۆ ڕاوچییەکە نائاسایی بوو لەوانە(کەرێکی تۆپیو، گۆزەیەکی پڕ لەلم، پیسایی...) بەڵام لەجاری چوارەم دوای ئەوەی پشتی بەخوا بەست توانی گۆزەیەکی مس بدۆزێتەوە کەمۆری حەزرەتی سولەیمانی بەسەرەوەبوو. ڕاوچییەکە زۆر دڵی خۆش بوو ویستی بیبا لەبازاڕی مسفرۆشان بیفرۆشێت، بەڵام گۆزەکە

---

(١) ئەحمەد سالار، هونەر و ژیان، لا ١٠ـ١١٠ .

(٢) د. محمد عباس يوسف، الاغتراب والإبداع الفني، ص٩٥.

(٣) د. عبدالقادر شريف موسى، قراءة جديدة في حكايات ألف ليلة و ليلة :الاغتراب ورمزيتة في حكاية"الصياد و العفريت"، الاربعاء، ٢٠١٠/٣/١٧ ، www.ahewar.org

زۆر قورس بوو، ڕاوچییەکە بەچەقۆیەك سەری گۆزەکەی کردەوە لەو کاتەدا دوکەڵێك لەگۆزەکە بەرز بۆوە بۆ ئاسمان، پاشان بوو بەدێوێك، ئەو دێوە پێشتر سێ جار بڕیاری دابوو هەر کەسێك لەو گۆزەیە ڕزگاری بکات پاداشتی بداتێ، بەڵام کەس ڕزگاری نەکردبوو، بۆیە زۆر تووڕەبوو بڕیاری دا هەر کەسێك لەجاری چوارەمدا ڕزگاری بکات بەکوشتن پاداشتی بداتەوەو بیکوژێت. وا ڕێککەوت کە ئەو ڕاوچییە تووشی ئەو هەڵوێستە بێت کە سەرپێچی هەموو بەهایەکی ڕەوشتی بوو، ڕاوچییەکە بۆی ڕوون بۆوە کەدێوەکە دەیکوژێت بۆیە بڕیاری دا بەپلانێك دێوەکە فریو بدات و بیگەڕێنێتەوە ناو گۆزەکەو لەپلانەکەیدا سەرکەوتوو بوو، پاشان دێوەکە بەڵێنی ئەوەی دا کە ئەگەر ئەوجارە دەری بهێنێتەوە سامانێکی زۆری بداتێ، دێوەکە بڕیارەکەی خۆی بەجێ گەیاند دوای ئەوەی لەگۆزەکە هاتە دەرەوە داوای لەئاو کرد کە بەرەکەتی خۆی پێشکەش بەو ڕاوچییە بکات، ڕاوچییەکە تۆڕەکەی فڕێداو چوار ماسی پێوەبوو کە ڕەنگیان جیاوازبوو، دێوەکە ئامۆژگاری ڕاوچییەکەی کرد، کە ئەو ماسییانە بکاتە دیاری و بیداتە پاشا و ئەویش پاداشتی دەداتێ، بەڵام کاتێك ڕاوچییەکە ماسییەکانی پێشکەش بەو کرد، پاشا سەیری کرد ماسییەکان ماسی ئاسایی نین، بۆیە داوای لەڕاوچییەکە کرد ئەو شوێنەی پیشان بدات کەماسییەکانی تێدا دەست کەوتووە). (١٧٩)

«ئەو شوێنە شارێکی جادوگەرانە بووە و پاشایەکی گەنج حوکمڕانی کردووە، ئەو پاشایە بۆی ڕوون بۆتەوە کەژنەکەی کەکچی مامیشی بووە لەهەمان کاتدا خیانەتی لێدەکات لەگەڵ بەندەیەکی ڕەش، بۆیە پاشاکە وەکو سزایەك شێوەی ژنەکەی دەگۆڕێت بۆ بونەوەرێك کە بەشی سەرەوەی مرۆڤ بێت و بەشی خوارەوەشی بەرد بێت، پاشان جادووی لەخەڵکی شارەکە کرد و کردنی بەچوار جۆر ماسی:
ماسییە سپییەکان موسڵمانەکانن، ماسییە شینەکان مەسیحییەکانن، ماسییە زەردەکانیش جولەکەکانن، ماسییە سورەکانیش مەجوسییەکانن. بە یارمەتی پاشای یەکەم ئەو جادووە لەسەر شارەکە لادرا و میللەتەکە وەکو خۆی لێ هاتەوە، تەنیا ژنەکە و بەندە ڕەشەکە نەبێت سزای مردنیان بەسەردا سەپێندرا، پاشان هەردوو پاشاکە کچەکانی ڕاوچییەکەیان خواست». (١٨٠)

لەو حیکایەتەدا دوو کەسایەتی گرنگ هەن، هەردووکیان لەناو کۆمەڵێك قەیراندا دەژین، وەکو قەیرانی بوون(وجود)، هەریەکەشیان کۆمەڵێ ئامانج و مەبەستی هەیە و حەز دەکات بەدەستیان بهێنێ. ڕاوچییەکە خێزانێکی هەیە لەگەڵ سێ منداڵ و هەژاریش تەنگی پێهەڵچنیوە، دێوەکەش وونبوون و مردن هەڕەشە لەژیانی دەکەن بەهۆی ئەوەوە کە بەندکراوە لەناو گۆزەکەدا بۆ ماوەیەکی درێژ بەهۆی قینی

---

(١) و. جەوهەر مەحمود داراغا، هەزار و یەك شەوە، ب١، چ١، چاپخانەی شڤان ـ سلێمانی، ٢٠٠٧، لا ٣٨ـ٤٢.

(٢) د. عبدالقادر شريف موسى، قراءة جديدة في حكايات ألف ليلة و ليلة :الاغتراب ورمزيتة في حكاية"الصياد و العفريت"، الاربعاء، ٢٠١٠/٣/١٧ ، www.ahewar.org

سولەیمان پێغەمبەر(خوا لێی ڕازی بێت)، بۆیە ئاواتی دێوەکە ئەوەیە کەئیمان بەدەست بهێنێ و حەزرەتی سولەیمانیش بیبورێت.

لێرەدا دەتوانین لەسەر کۆمەڵێك خاڵ بوەستین کەتایبەتن بەو حیکایەتە:

«١ـ ڕاوچییەکە مرۆڤە و دێوەکەش جنە.

٢ـ راوچییەکە لەگۆشت و خوێن دروستکراوە، دێوەکەش لە دووکەڵ.

٣ـ سەردەمی ڕاوچییەکە جیاوازە لەسەردەمی دێوەکە بەهەزارو هەشت سەد ساڵ.

٤ـ دێوەکە بەندکراوە لەناو گۆزەکەدا و دوورە لەجـیهانی دەرەکی و لەهیچ شتێك ئاگادار نییە،

بەڵام ڕاوچییەکە لەدەرەوەی گۆزەکەدایەو پێوەندی بەجیهانی دەرەکییەوە هەیەو ئاگادارە بەو شتانەی کە ڕوودەدەن.

هەموو ئەو خاڵانەی کەباسمانکردن، جەخت لەسەر بوونی جیاوازییەکی قووڵ دەکەنەوە لەنێوان ئەو دوو کەسایەتییەدا لەسەر ئاستی فیزیاوی و بایۆلۆژی، هەروەها لەسەر ئاستی کات و شوێن دا، لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەو دوو کەسایەتییە ئینتیمایان بۆ دوو جیهانی جیاواز و دژیەك هەیە لەیەك کاتدا، دەتوانین بڵێین هەریەك لەو دوو کەسایەتییە نامۆیە بەجیهانی کەسایەتییەکەی تر، لەسەر ئەو بنەمایەش ئەگەر سەیری ئەو ڕەفتارەی دێوەکە بکەین، کە کوشتنی وەکو پاداشت داناوە ناتوانین هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ بکەین تەنیا ئەوە نەبێ، کە پەیوەندییەکی نامۆ هەیە لەنێوان جیهانی دێوەکە و جیهانی ڕاوچییەکەدا».[181] کە دەڵێین ئەو دوو کەسایەتییە نامۆن بەجیهانی یەکتر مەبەستمان ئەوەیە، کە هەریەکێکیان ژیانێکی تایبەت بەخۆی هەیە و ڕەچەلەکیشی جیاوازە لەئەویتر، جگە لەوەش دێوەکە لەلایەن حەزرەتی سولەیمانەوە بەر لە هەزار و هەشت سەد ساڵ خرابووە ناو ئەو گۆزەیەوە، بۆیە کاتێك کە لەو گۆزەیە ڕزگاری بوو و هاتە دەرەوە سەردەم بەتەواوەتی گۆڕابوو، ئیتر هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆ نامۆبوون لە ئەویتر.

**دانتی** کەیەکێکە لەشاعیرانی سەدەکانی ناوەڕاست نموونەیەکی ترە بۆنامۆبوون، کارەکەی بەناوی (**ژیانێکی نوێ**) لێکۆڵینەویەکی تێروتەسەلە بۆحاڵەتی نامۆبوون لەخود، هەروەها(**کۆمیدیای یەزدانی**) یش بەرهەمیکی تری نامۆبوونە[182]. کۆمیدیای یەزدانی لەسێ بەش پێکهاتووە:( **دۆزەخ Inferno، پاکژگە Purgatorio، بەهەشت paradise** )، دانتی لەو بەرهەمەدا ڕەخنە لەپیاوانی ئایینی و کەنیسە و پاپا دەگرێت و باس لەچاوچنۆکیی پیاوانی کڵێسا دەکات، دانتی لەو بەرهەمەدا ئاگری دۆزەخی سازکردووە بۆ پاپاکان و ئەوانەی کەلەژیاندا تاوانیان ئەنجامداوە [183]، واتە بەکورتی دانتی دژی دەزگاکانی دەوڵەت بووەو

---

(¹) م. س.

(²) د. محمد عباس يوسف، الاغتراب والإبداع الفني، ص٩٦.

(¹) د. هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ١، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ

دەوڵەتیش لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە بەڕێوە براوە، بۆیە دژی کەنیسە بووە خۆی بەنامۆ زانیوە بەرامبەر بەدەسەلأت.

«**شکسپیر(١٥٦٤ ــ ١٦١٦)** ئەو شاعیر و شانۆنامە نووسەیە کە شاکارەکانی بوونە سامانی مرۆڤایەتی و هەتاهەتایە نەمری یان بەو لوتکەیە بەخشی».[١٨٤] «شکسپیر لە(**هاملێت**) دا کەسێکی نامۆیە، پاڵەوانەکە هەستێکی تەواوی نامۆبوون بەسەریدا زاڵە کاتێك سەیری دەروون و هاوڕێکان و ئەو کۆمەڵگەیەی کەتێیدا دەژیت بە هەموو ڕەتکردنەوە و ناخۆشی و قێزەوە. شکسپیر دیسان نامۆیە کاتێك لەناو دڵی کۆمەڵگەی ئینگلیزی بە زەحمەت ڕێگا دەبڕێت، لەهاملێت دا وێنەی کەسایەتی نامۆ دەکێشێت بەرامبەر هەموو شتەکانی دەوروبەری».[١٨٥]

(**گۆتە**)ش یەکێکە لەو ئەدیبانەی کە لەبەرهەمەکانیدا نامۆیی هەستیان پێدەکرێت،گۆتە لەشانۆنامەی(**گەردەلول**) دا کە (گونتر)ی قارەمانی شانۆییەکە هاواری ناڕەزایی لێوە هەڵدەستێت. یان لە شانۆیی(فاوست)دا کەلەوپەڕی نامۆبووندا دەژیت.[١٨٦] گۆتە لەو شانۆنامەیەدا وێنەی نامۆیی دەروونی دەکێشێت، کە چۆن لەبۆتەی یەك کەسدا دوو گیان بوونیان هەیە و نازانێت چۆن یەکێکیان ڕزگار بکات لەویتر.

(**برێخت**)ی ئەڵمانیش کەلەنێوان ساڵأنی(١٨٩٨ ــ ١٩٥٦) دا ژیاوە نووسەرێکی ترە کەهەوڵی داوە لەشانۆنامەکانیدا گوزارشت لەنامۆبوونی خۆی بکات، «وشەی نامۆگەرایی بۆ یەکەمجار لای برێخت بەدیارکەوت لەپێشەکی شانۆنامەی«**سەرە بازنەییەکان، سەرە تیژەکان**» کە لەساڵی ١٩٣٦ بڵأوی کردەوە».[١٨٧] «شانۆنامەکانی برێخت دەربڕینێکی پڕشنگدارن لەبارەی قەیرانی مرۆڤی سەردەمەوە، کە شارستانیەتی ئامێر و تەکنەلۆژیا مرۆڤی لەناوبردووە، بە کێبڕکێ کردن لەسەر حاڵەتە دوور لەمرۆڤایەتییەکان، کە وادەکات مرۆڤ داخ لەدڵ و دوورەپەرێزبێت».[١٨٨] برێخت درکی بەوە کردووە کە ئەو واقیعە نالەبارەی کە جیهانگەرایی خولقاندوویەتی وایکردووە بەها مرۆڤایەتییەکان کاڵ ببنەوە و مرۆڤ بەئاڕاستەیەك بڕوات کە کەسێکی کەمتەرخەم بێت بەرامبەر مرۆڤ بوونەکەی خۆی.

دیستۆڤسکی کە لەنێوان ساڵأنی(١٨٢١ ـ ١٨٨١) دا ژیاوە نموونەیەکی ترە بۆ خستنەڕووی پێوەندی نامۆبوون بە دنیای ئەدەب، کە هەوڵیداوە لەڕۆمانەکانیدا هەندێ حاڵەتی نامۆیی نێو کۆمەڵگەکەی

---

هەولێر، ٢٠٠٧، لا ٩ـ١٠.

(٢) یان کوت، و. کەمال غەمبار، شکسپیر هاوچەرخمانە، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵأوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی علاء ـ بەغدا، ١٩٨٦، لا٣٧.

(٣) د. محمد عباس يوسف، الاغتراب والإبداع الفني، ص ٩٦.

(٤) ئەحمەد سالار، هونەر و ژیان، لا١١.

(٥) د. ابراهيم حمادة، مفهوم التغريب في مسرح بريخت، مج (الاقلام)، ع٩، وزارة الاعلام ـ بغداد، ١٩٧٧، ص٣٦.

(٦) د. محمد عباس يوسف، الاغتراب والإبداع الفني، ص٩٦.

بخاتـەڕوو.« دیستۆڤیسـکی لەبەرهەمـەکانی دا لایـەنی دەروونـی مرۆڤـی دوورەپـەرێز و دەروون پەشـۆکاو دەخاتەڕوو، کە ناڕەزامەندی دەردەبڕێ بەرامبەر بەو کۆمەڵەی کەتێیدا ژیان بەسەر دەبات». [189]

**فرانتس کافکای** ئـەڵمانی کەبەڕەچـەڵەك چیکییە، یەکێکـە لەنووسـەرە بەناوبانگـەکانی جیهـان کـە لەنێوان ساڵانی(١٨٨٣ ـ ١٩٢٤)دا ژیاوە. [190] «کافکا پایەیەکی بەرز و شـوێنێکی تایبـەتی هەیـە لەنەخشـەی ڕۆمــانی جیهــانی نوســراودا بــەهۆی ئــەو بەرهەمــە گەورانــەی لەچــارێگی یەکــەمی ســەدەی بیســتەمدا کەسەردەمێکی دەوڵەمەنـدە لەڕوانگـەی بزوتنـەوە زۆرو جۆربـەجۆرەکان نوسـیویەتی». [191] لەبەرهەمـەکانی کافکا دا هەست بەنامۆبوونی دەروونی دەکرێت و ڕۆمانەکانی زیاتر ڕەنگڕێژیی بابەتی زوڵم وجەور وستەمیان کــردووە و « هــەموو ڕۆمانەکانیشــی لــەدەوری یــەك بابەتــدا دەخولێنــەوە ئــەویش نــامۆبوونی مرۆڤــی سەردەمە». [192] گـرنگترین ڕۆمانـەکانی کافکـا بـریتین لـە(**کۆشـك، دادوەری، ئـەمریکا**) هـەروەها ڕۆمـانێکی تریشی هەیە بـەناوی(**مەسـخ**)، زۆربـەی بەرهەمـەکانی کافکـا بەناتـەواوی ماوەتـەوە. [193] دەتـوانین دەسـت نیشانی کۆمەڵێك حاڵەت بکەین، کەئاماژە بۆ نامۆبوونی کافکا دەکەن لەوانە:

١ـ دژایەتی باوك و لەئەنجامی ئەو دژایەتییەش دژایەتیی کۆمەڵگەی جوولەکە(یەهوودی)، ژیـانێکی نـاخۆش و سادە، لەوێ کەباوکی بەنوێنەری یاساو کۆمەڵگەکە دەزانی. [194] لێرەدا نامۆیی کافکا لەوە بەدیاردەکـەوێ کەوایزانیوە باوکی نوێنەری کۆمەڵگەیە، بۆیە کـەڕقی لـەباوکی هەسـتاوە بـەهۆی ئەوەشـەوە ڕقـی بەرامبـەر بەهەموو کۆمەڵگە لادروست بووە.

٢ـ کافکا دەیویست ژیان واپیشان بدات کەشتێکی هیچەو لای ئەو هیچ بەهایـەکی نییـە، هـەروەکو دەڵێـت:( **هـەموو شـتێ دەزانم بـەڵام بـاوەڕم بەهیچیان نییـە**). دیـارە لـەم ڕووەوە کاریگـەربووە بەگۆسـتاڤ **فلـۆبێر** G.Flaubert، چونکە فلۆبیریش دەیویست کتێبێك دەربارەی بابەتی پووچـی بنوسـێ. سـەرەڕای ئەمانـە ناتوانرێ دنیای کافکا بەتەواوی بەنهێلیزمانە(پووچگەرایی) دابنـرێ[195]. کافکـا هەرچـەندە ژیـانی بەشـتێکی هیچ دادەناو بۆئەو لەدۆزەخ زیاتر نەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا نەفسـی ڕێگـای نـەدەدا خـۆی واپیشـان بـدات کەدەستی لەژیان هەڵگرتووە، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا حاڵەتێکی نامۆیە.

---

(١) د. کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، لا٨٢

(٢) عەزیم ئومێدی، و. ئیسمایل ئیسمایل زادە، ژیان وکەسایەتی کافکا، چ١، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس ـ هەولێر، ٢٠٠٧، لا٤٥.

(٣) عبدالوهاب أبوزيد، مدخل الى عالم كافكا الروائي، الاحد، ٢٨/٣/٢٠١٠، http://www.doroob.com/?p=198

(٤) Alienation...!، الاحد، ٢٤/١٠/٢٠٠٩، http://www.mohomar.com./mohomar/66181/2008/12/23/111229-alienation

(٥) صادقی هیدایەت ، پەیامی کافکا، و. هیمدادی حوسێن، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ـ سلێمانی، ٢٠٠٠، لا٢٠.

(٦) س.پ، لا١٣.

(١) **بڕوانە:** صادقی هیدایەت، پەیامی کافکا، و.هیمدادی حوسێن، لا١٣. **هەروەها** عەزیم ئومێدی، و. ئیسمایل ئیسمایل زادە، ژیان وکەسایەتی کافکا، لا ٣١.

٣- حاڵەتێکی تری نامۆیی کەدەتوانین لای کافکا تۆماری بکەین ئەویش ئەوەیە کەبەر لەمردنی لای (**ماکس برود**)ی هاوڕێی وەسیەتی ئەوەی کردبوو، کەهەرسێ بەرهەمەکەی(کۆشك) و (دادوەری) و (ئەمریکا) کەتا لەژیانـدا مابوو بلاْونەکرابوونەوە لەدوای مردنی بیانسوتێنێت و لەناویان ببات، بەلاْم هاوڕێیەکەی وەسیەتەکەی بەجێ نەگەیاند و بەرهەمەکانی بلاْوکردەوەو هەموو جیهانی بەبەرهەمەکانی کافکای هاوڕێی ئاشناکرد[١٩٦]. ئەم داوایەی کافکا لەهاوڕێکەی هەڵگری جۆرێك لەنامۆییە، چونکە بەرهەمێك کەکاتێکی زۆری بۆی سەرف کردبێ و پێوەی ماندووبووبێ چۆن بڕیاری ئەوە دەدا کەبسوتێنرێ.

٤ـ لەساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا نزیکی شاری بەرلین ژیانی گۆشەگیری هەڵبژاردووە، چونکە کافکا لەتاقیکردنەوە دەروونی یەکانی خۆیدا گەیشتە ئەوەی: کەبێ بەشە، شتێکی کەمە، لەگەڵ خەڵك ڕێك ناکەوێ، حەقیقەتی لەبەرچاو ونە[١٩٧]. هەموو ئەمانە فاکتەربوون بۆئەوەی کافکا ژیانی گۆشەگیری و تەنیایی و دوورلەخەڵك هەڵبژێری.

کافکا لەبەرهەمەکانیدا پەردە لەسەر هەندێ حەقیقەت ڕادەماڵێ، کەخۆیان لەڕۆتینیات و گەندەڵیی دامودەزگاکانی حکومەت دەبینییەوە لەوانە:«پشتگوێخستن و ڕۆیشتنی کار بەسستی ونارێکی و پیسی دەفتەرەکان ولەکۆڵ خۆکردنەوەو توانای سەرۆکی فەرمانگەکان».[١٩٨] ڕەنگدانەوەی ئەم حاڵەتانە لەڕۆمانەکانی کافکادا دەلالەتە لەناڕازیبوون و نامۆبوونی کافکا لەو دامودەزگایانە.

زۆر ڕۆمانی جیهانی نوسراون، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا گوزارشت لەکێشەی نامۆبوون دەکەن، لەهەموویان بەناوبانگتر ڕۆمانی (**نامۆ**)ی ئەدیبی فەرەنسی (**ئەلبێر کامۆ**)یە.[١٩٩] هەر دەربارەی نامۆبوون، **کۆڵن ویلسون Colin Wilson** کتێبێکی بەناوبانگی لەساڵی ١٩٥٦دا بەچاپ گەیاند بەناوی(**نامۆ**)وە، ئەم کتێبە هەرایەکی گەورەی نایەوە، هەرایەکەشی بۆ ئەو بابەتانە دەگەڕێتەوە، کە کتێبی ناوبراو خستبوونیەڕوو، وەکو نامۆ مانای چییە؟ ئەو هۆیانە چین کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەو چۆنیەتی دەربازبوون لەم دیاردەیە[٢٠٠]. دیارە ویلسۆن لەم کتێبەدا ویستویەتی چەمکی نامۆیی ساغ بکاتەوەو بچێتە قولاْیی دیاردەی نامۆبوون و هۆکار و فاکتەرەکانیشی بزانێت.

---

(٢) عبدالوهاب أبوزيد، مدخل الى عالم كافكا الروائي، الاحد، ٢٠١٠/٣/٢٨، http://www.doroob.com/?p=198

(٣) صادقی هیدایەت، پەیامی کافکا، و.هیمدادی حوسێن ، لا١١.

(٤) س. پ، لا ١٨.

(١) عبدالامير محسن عودة آل گزار، الغربة و الاغتراب في الشعر الكويتي والبحريني، رسالة ماجستير، مركز الدراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، ١٩٨٩، ص٩.

(٢) د. کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، لا٨١.

## نامۆیی و ئەدەبی کوردی

بۆ باسکردن و ڕوونکردنەوەی نامۆیی لەئەدەبیاتی هەر نەتەوەیێك، دەبێت ئاگاداری واقیع و بارودۆخی ئەو نەتەوە بین لەهەموو لایەنەکانی سیاسی و کۆمەلآیەتی و نەتەوەیی و ئابووری....، چونکە تەندروستی کۆمەڵگە دەوەستێتە سەر هەر لایەنێك لەم لایەنانە. نامۆیی لەئەدەبیاتی کوردیش دیاردەیەکی هەرە زەق و دیارە، کە دەتوانین یەکەیەکە دەست نیشانی هەموو ئەو لایەنانە بکەین کە ئەدیبانی کورد لەدووتوێی دەقەکانیاندا گوزارشتیان لەنامۆیی کردووە، ئەگەر ئاوڕێك لەبارودۆخی ڕابردووی میللەتەکەمان بدەینەوە، دەبینین بەدرێژایی مێژوو میللەتەکەمان بە زۆر قۆناغی سەخت و دژواری وەکو داگیرکاری و ڕاوەدونان و کوشتن و بڕین و خاك دابەشکردن ...دا تێپەڕیوە، ئەم بارودۆخانەش کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر زمان و بیر و لایەنی ئابووری و کۆمەلآیەتی و سیاسی و...، بێگومان ئەدەبیش وەکو ئاوێنەیەکی واقیع زۆربەی هەرە زۆری ئەم بارودۆخانەی لەهەناوی خۆیدا تۆمارکردووە.

نامۆیی لەئەدەبیاتی کوردی زیاتر لەدەوری (نامۆیی جوگرافی)دا دەسوڕێتەوە، کەشاعیران و نووسەرانی کورد لەئەنجامی باری ناهەمواری کۆمەڵگەدا ناچاربوونە زێد و نیشتمانی خۆیان جێبهێڵن و ڕووبکەنە تاراوگە، جا بەهۆکاری کۆچ پێکردنی بەزۆرە ملێ بێت یان بۆ باشتر کردنی گوزەرانی ژیانیانەوە بووبێت، شاعیران و نووسەرانی کورد لەدەرەوە هەوڵیانداوە لەڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە سۆز و خۆشەویستیان بۆ خاك و نەتەوەکەیان دەرببڕن و گیانی فیداکاری لای تاکی کورد دروست بکەن، بەلآم ئەمە هەموو پانتایی نامۆبوون لەئەدەبی کوردیدا ناگرێتەوە، بەڵکو شاعیران و ئەدیبان گوزارشتیان لەزۆر لایەنی تر کردووە، کەهەر مەرج نییە لەدەرەوەی وڵآتیش بووبن، بۆ نموونە نامۆبوون لە خودی خۆیان و هەندێ لایەنی کۆمەلآیەتی.

لەپێناو بەستنەوەی لایەنی تیۆری و پراکتیکی ئەم نامەیە، لەم باسەدا هەوڵ دەدەین زۆر بەکورتی و بەخێرایی باس لەنامۆیی لەئەدەبی کوردیدا بکەین، چونکە لەڕابردوودا دوو نامەی ئەکادیمی(ماستەر) لەم بوارەدا پێشکەشکراون، کە ئەوانیش نامەی (**نامۆیی لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا**) کەلەساڵی ٢٠٠١ لەلایەن (**شیرین سەعید محەمەد سەعید**)ەوە پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە، لەگەڵ

نامەی (**نامۆیی لەشیعری کوردیدا کرمانجی خواروو ١٩٧٥ـ٢٠٠٠**) کە لەساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن (**ئارام محەمەد قادر**)ەوە پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ئەگەر سەرنج بدەین هەردوو نامەکە لەبارەی شیعرەوەن و نەپرژاونەتە سەر ژانری ڕۆمان و بەهیچ شێوەیەکیش باسی نامۆییان لەڕۆمانی کوردیدا نەکردووە، ئێمە لەم باسەدا بەشێوەیەکی گشتی باسی نامۆیی لەئەدەبی کوردیدا دەکەین بەشیعرو ڕۆمان و چیرۆکەوە.

بۆ دۆزینەوەی سەرە داوی نامۆیی لەئەدەبی کوردیدا دەگەڕێینەوە بۆ چوارینەکانی (**بابا تاهیری هەمەدانی**)، بابا تاهیر لەچوارینێکدا دەڵێت:

**ئەگەر دەستم رەسەد بەر چەرخی گەردون**

**ئەز ئان پورسەم کە این چون آست و ئان چون**

**یەکێ ڕادادەئی سەد ناز و نیعمەت**

**یەکێ راقرصی جو ئالودە دەر خون**(٢٠١)

لەم چوارینەدا بابا تاهیر نامۆ وناڕازییە بەرامبەر بەو دابەشکردنە یەزدانییە، بابا تاهیر دەیەوێت ئەوە لەپەروەردگار بپرسێت بۆچی یەکێ سەد نازو نیعمەتی پێدراوەو خوا پێداوو دەوڵەمەندە، یەکێکی تریش بەهەزار دەردو چەرمەسەری و بەخوێنی خۆی لوقمەنانی ژیانی دەست دەکەوێت.

چامە شیعرییەکەی (**نالی**) کە لەدوورەوڵاتی بۆ (**سالم**)ی ناردووە بەرهەمێکی دیارو بەرچاوە، کەبتوانین بەهۆیەوە دەست نیشانی سەرەتاکانی نامۆیی و غەریبی لە ئەدەبی کوردیدا بکەین. نالی لەم چامەیەدا بەدڵێکی بریندارى دوور لەوڵات و زۆر وەفادارانە دەیەوێت هەواڵی زادگا و خاکەکەی لەسالمی شاعیری هاوڕێی بزانێت، لەهەمان کاتیشدا دەرد و ئازاری دووری خۆی بۆسالم دەربڕیوەو (با) شی کردۆتە وەسیلەیەك، تا بەهۆیەوە پەیام و ڕازە پەنهانییەکانی بەیان بکاو پێوەی بنێرێت، کاتێك دەڵێت:

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور**

**ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزور**

**ئەی لوتفەکەت خەفیی و هەوا خوا هو هەمدەمە**

**وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوضور** (٢٠٢)

نالی لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

---

(١) بەشێکە لەچوارینەکانی بابە تایەری هەمەدانی، گۆڕینی بۆسۆرانی: دلزار، گەنجینە ـ چ٢، چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر،٢٠٠٧، ل١٧٧.

(٢) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، پێداچونەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا، ١٩٧٦، ل ٥٦.

**عومرێکە بەمیزانی ئەدەب توحــــفە فرۆشـــم**

**زۆرم وت و کەس تێنەگەیی، ئێستە خەمۆشم**[(٢٠٣)]

لێرەدا نالی نامۆیە بەرامبەر بەتێنەگەیشتوویی کۆمەڵ، چونکە بۆشاییەك لەنێوان ئەم و کۆمەڵدا هەبووە ، بۆشاییەکەش لەئەنجامی بەرزی بیرکردنەوەی نالی و نزمی ڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵدا دروست بووە، نالی بەمیزانی ئەدەب توحفە فرۆشە ئەوانیش تێی نەگەیشتون، هەر ئەمەش وایکردووە نالی پەرچەکرداری هەبێت و خامۆش بێت.[(٢٠٤)] واتە نالی هێندە لەپێناو نەتەوەکەیدا هەوڵیداوەو کۆششی کردووە، بەڵام ئەوان لەئاست ئەو ماندوبوونەی نالی کەمتەرخەم بوونە و هەوڵیان نەداوە تێبگەن.

(**حاجی قادری کۆیی**) ش لەشیعری (**لەڕۆما کەوتە بەرچاوم**) لەڕێگەی دیالۆگی خۆی لەگەڵ کەسێکی کوردی دوورە وڵات، وێنەی ئەو بارودۆخە سەخت و غەماوییەی کەسانی تاراوگەمان بۆ دەکێشێت، کە لەئەنجامی دوورییان لەزادگەو نەتەوەی خۆیان و ئەو بارە نالەبارەی کە لەڕێگەی تورکەکانەوە لەکوردستان خولقاوە دوچاری هاتوون، کاتێك دەڵێت:

**لەڕۆما کەوتە بەر چاوم کەسێکی هائیم و حەیران**

**بەهەیئەت تێی گەییم کوردە بەشێوەی ئەهلی کوردستان**

**کەچوومە خدمتی پرسیم: برادەر خەڵکی کام جێگای؟**

**لەکام لا هاتووی؟ گریا، گوتی: بابان! گوتم: بابان؟**

**دڵم داوە گۆتم: باوکە هەموومان بێ کەسین لێرە**

**چ قەوماوە، گەلێ حەیفە، مەگریێ هەر وەکو باران**

**گۆتی بۆ غوربەت و ڕووتی نی یە ئەفغان و هاوارم**

**لەداغی حاکمی خۆمە، لەشان و شەوکەتی تورکان**

**گەلێکم بیستووە پەستی و بڵندیی دەوڵەتان، ئەمما**

**جیهان نەیدیوە پەستی وا میثالی حاڵی کوردستان** [(٢٠٥)]

لێرەدا نامۆییەکە هەم جوگرافییە بەهۆی دووریی شاعیر لەنیشتمانەکەی، هەمیش نامۆیی کۆمەڵایەتییە، کەشاعیر دەیەوێت بڵێت خەڵك بەهیچ شێوەیەك لەحاکم و کاربەدەستی کۆمەڵگە ڕازی نین.

---

(١) س. پ، لا ٢٨٠.

(٢) ئومێد ئاشنا، شێوەو ناوەرۆك ـ کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ـ هەولێر، ٢٠٠٧، لا٧٧.

(٣) سەردار حمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، پێداچونەوەی: مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، لەچاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستان ـ ١٩٨٦، لا٩١٧.

**(مەحوی)** شاعیریش یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی کە لەڕێگەی شیعرەکانیەوە جوانترین وێنەی نامۆبوون دەکێشێت، مەحوی لەشیعرەکانیدا بەپشت بەستن بەڕەمز ئەوەی لەناخیدایە دەری دەبڕێت، نامۆبوونەکەشی زیاتر لەدەوری نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سۆفیگەریی دەخولێتەوە. مەحوی لەشیعریکدا دەڵێت:

**قاتی پیاوە لەسەر ئەم ئەرزە، دەبینی مەنصور***

**بەسەری دارەوە(ذاالنون)ە** لەبن زیندانا** (٢٠٦)

«مەحوی پێی وایە پیاوی ڕاستەقینەی خوا لەسەر زەوی بەدەست ناکەوێ و ئەوەی تۆوی پیاوەتی تێدا بێت، یا وەکو هەللاج لەسێدارە دراوە یاخود زەنوون ئاسا خراوەتە زیندانەوە».(٢٠٧) واتە مەحوی پێی وایە کەبەمانای وشە شتێك نییە پێی بوترێت پیاو و لەناو نەتەوەکەیدا بوونی هەبێت، ئەگەر هەشبووبێ ئەوا ئازار و ئەشکەنجە دراوە و لەناوبراوە.

**(هێمن)** ی شاعیریش ئەو کەسەی کە خەون بەئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەوە دەبینێت، دوای ئەوەی بەهۆی باری سیاسییەوە وڵات جێدەهێڵێت و لەغوربەتدا دەگیرسێتەوە، ئیتر لەوێ زیاتر خەون بەئازادی خاکەکەیەوە دەبینێت و هەمیشە خۆی وەکو ڕێبوارێك دێتە بەرچاو، هێمن لەتاراوگە داوا دەکات خۆشەویستانی هەرگیز لەیادی نەکەن، کاتێك دەڵێت:

**لەو دەمەیدا گوێ هەڵدەخەن بۆ تاری**

**لەو دەمەیدا (مامڵێ) دەڵێ قەتاریێ**

**یادم کەن یادی منی دوورە وڵات**

**یادی منی ڕێبواری ڕێگای خەبات** (٢٠٨)

---

(١) لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، چ٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا، ١٩٧٧، ل ٣٤.

* مەنصور: مەنصوری حەللاجە کەلەسەر ئیددیعای (انا الحق)کردن لەسێدارەیان دا.

** ذا النون: مەبەست حەزرەتی یونسە، کەماسییەکی گەورە قووتی داو حەوت ڕۆژ لەناو سکیدا مایەوە، تا بەخواستی خوا لەقەراغ ئاوێکدا هەڵی هێنایەوە.

(٢) پ.ی.د. ابراهیم احمد شوان، نامۆیی لەشیعرەکانی مەحوی دا، گ (زانکۆی زانستە مرۆڤایەتییەکان)، ژ٣٠، ٢٠٠٧، ل ١٢.

(١) هێمن، دیوانی هێمن (١٩٢١ ـ ١٩٨٦) ـ هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٣٣٣.

(**قەدری جان**)ی شاعیریش نموونەیەکی ترە لەو شاعیرانەی کە لەئەنجامی دووری لەخاك و نەتەوەکەی کڵپەو بڵێسە لەدەروونیدا هەڵدەستێت، ئەو مرۆڤە کە بەزۆر کەس و کاری جێ هێشتووەو هەمیشە ئاوات بەوە دەخوازێ، کە ئەو دوورییە کۆتایی پێ بێت و بگەڕێتەوە باوەشی نیشتمانی دایك، قەدری جان لەشیعری (**ڕەشبەڵەك ـ نامە**) خۆشەویستی و سۆزی خۆی بۆ خاك و هاونیشتمانانی دوویات دەکاتەوەو بەدڵ و بەگیان لەگەڵیانەو، ئەگەربەناچاری نەبوایە هەرگیز زێد و مەفتەنی خۆی جێ نەدەهێشت، کاتێك دەڵێت:

**گەرچی ئەز دووری وەمە، ئێرۆ، ئەرێ...**
**لێ ب دل ئەز بـــاوەمـــە، مـــینا بەرێ.**
**هـــوون دزانــن ئەز ژبۆ چ دوور کەتیم،**
**هـــەرچــــی زانــــا دزانە ڤێ خەبەرێ**
**ئەز ئەڤیـــنێ شـــەکرێ شامێ نەبووم**
**لێ ژبـــەر ژانــــا کو دابـــوو جەگەرێ** (٢٠٩)

وەکو وتمان لەم باسەدا بەخێرایی و بەکورتی باس لەنامۆیی لەئەدەبی کوردیدا دەکەین، بۆیە ناکرێت لەهەموو قۆناغەکاندا کەسایەتییەك یان چەند کەسایەتییەك وەربگرین.

((ڕۆمان بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا بەشێوەیەکی تایبەتی هونەرێکی نوێ یە و گەلێ فاکتەری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کە پەیوەندی بەبارودۆخی ئەم ناوچەوە هەبووە دەوری بەر چاویان لە دواخستنی سەرهەڵدانی ئەم هونەرەدا گێڕاوە))(٢١٠)، بۆیە لەئەدەبی کوردیدا مێژووی نامۆیی لەشیعردا زۆر پێش ڕۆمان کەوتووە.

ڕۆمانی(**ژانی گەل**) ی **ئیبراهیم ئەحمەد** کە لەساڵی ١٩٥٦ نووسراوە، بەڵام لەساڵی ١٩٧٢دا بڵاوکراوەتەوە ئاماژەی بۆ زۆر بابەتی گرنگی سەردەمەکەی خۆی کردووە، لەوانە خراپی دەسەڵاتی ڕژێم و بوونی جیاوازیی چینایەتی و دواکەوتوویی کۆمەڵگە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەنموونە نووسەر لەشوێنێکدا بەزمانی پاڵەوانەکە کە(جوامێر)ە دەڵێت:(( **ئەگەر کوڕ بێت دەبێ ئاهەنگی بۆ بکات، وای کەخۆ ڕزگارکردن لەدەست بیروباوەڕی کۆن گرانە، ڕەنگە ژن ئەوەندە گلەیی لێ نەکرێ کەحەز بەکوڕ زیاتر بکات لەکچ، چونکە خۆی چێشتوویەتی، ئەزانێ ئافرەت بەتایبەتی لەلای ئێمە چەند بەشخوراوو زوڵم لێکراوو**

---

(٢) کۆکردنەوە پێشەکی و پەراوێز: پ. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، قەدری جان ١٩١١ ـ ١٩٧٢، ، چ١، چاپخانە و ئۆفیستی ئاسا ـ سلێمانی، ٢٠٠٢، لا ٧٧.

(٣) نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا ژانی گەل، شار، ڕاز (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، پراکتیزی، ڕەخنەیی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ـ سلێمانی، ٢٠٠٤، لا ١١.

**چەوسێنراون...**» [٢١١] دەرخستنی ئەم حاڵەتانەی ناو كۆمەڵگەو خستنەرووی لەدووتوێی ڕۆمانێكدا، بەڵگەیە بۆ نامۆبوونی نووسەری ئەم ڕۆمانە لەم حاڵەتانەی كۆمەڵگەكەی، ئەگەرچی نەك ئەوسا ئێستاشی لەگەڵدا بێت كۆمەڵگەكەمان نەیتوانیوە خۆی لەكۆت و بەندی ئەم دیاردە ناشیرینانە ڕزگاربكات، لەكاتێكدا كەئەمجۆرە حاڵەتانە ئەنجامی نەرێیی دەبێت لەداهاتوو، چونكە ئەگەر تۆ تەنیا حەز بەبوونی كوڕ بكەیت و ڕقت لەبوونی كچ بێت چۆن دەتوانی لەداهاتوودا بۆ هەموو كوڕێك كچێك بخوازیت! ؟ هەر ئەم بڕیارانەبوو وایدەكرد كەلاسەنگییەك لەبوونی كوڕ و كچ دا هەبێت.

(**حەسیب قەرەداغی**) شاعیر یەكێكە لەو شاعیرانەی كەواقیعیانە بیری كردۆتەوەو هەموو كردەوەیەكی ناڕیكی ڕەتكردۆتەوەو دژی هەموو ئەو كەسانەش بووە،«كە بەخۆهەڵواسین لەژێر سایەی كەسانێكی چەپەڵ و چەوت دا گەیشتونەتە پلەوپایەی بەرز، بۆیە لەبەگەكان خراپتر دەیانبینێ و كورد واتەنی ڕەحمەت لەكفن دزیان لێ دەكات». [٢١٢] كاتێك دەڵێت:

**كاتێ مرۆڤ دەبێ بەسەگ**

**هاوار بۆ حاڵی سەگەكان**

**چڵكاو خۆری دیوەخانێك دەبێ بەبەگ**

**هەزار ڕەحمەت لەبەگەكان**

**كەئاوی چاوم دابێت و دڵم پڕكەن لەفرمێسك و**

**گوێچكەم بكەن بە كولانە**

**هیچ دوور نی یە لەدەممدا زمان ببێ بەگەماڵ و دانەكانیش بەتووتەڵە و**

**لیكیش ببێ بەڕوپایی**

**ژیان خۆی و چەمكەكانی لەپێش چاوی برینمدا**

**دەبن بەشینە بۆشایی**[٢١٣]

(**حوسێن عارف**) لەچیرۆكی (**گەلەگورگ**)دا كە لەساڵی ١٩٨٣ دا نوسیویەتی، هەندێ حاڵەتی نامۆیی ڕەنگ ڕێژكردووە، یەكێ لەوانە گۆشەگیری و كەنارگیریی تاكە، كە لەئەنجامی نەگونجانی لەگەڵ كۆمەڵگەدا دروست دەبێت. ئەم چیرۆكە باس لە(**بارام**) ناوێك دەكات، كە كەسێكی ڕۆشنبیرەو دەرچووی ئامادەیی كشتوكاڵە، ئەو كەسە ناتوانێت لەگەڵ كۆمەڵدا هەڵبكات و بەگشتی لەدەوروبەری بێزارە، بارام بڕیار دەدات لەگەڵ (**ئایش**) ی ژنی و دوو منداڵەكەیدا دوور لەخەڵك و ئاوەدانی خانوویەك دروست بكات، تا دەستی

---

(١) ئیبراهیم ئەحمەد، بلاوكردنەوەو پێشكەشكردنی د. كەمال فوئاد، ژانی گەل، ڕۆمان، ـ سلێمانی، ١٩٧٢، لا ١٤ـ١٥.

(٢) تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، دیاردەی غەم لەشیعری حەسیب قەرەداغی دا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی كوردی ، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١، لا ٩٦.

(٣) حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم٣، چاپخانەی دار الرسالة ـ بغداد، ١٩٨٩، لا٢٦.

گورگە دوو پێیەکانی نەگاتێ و لەخراپەکاری ئەوان بەدوور بێت « **میکرۆبی کوشت و بڕو دزی و درۆزنی و فرت و فێڵ و زۆر و جەور لەمەملەکەتەکەمدا گەرابکەن**» [٢١٤] مەبەست لەمەملەکەت لێرەدا ئەو ماڵە بچوکەیەتی کەدوور لەخەڵك دروستی کردووە، پاشان ڕوداوەکە بەوشێوەیە درێژەی دەبێت، کەهەشت مانگ لەو خانووە دوور لەخەڵك دەژین، تا لەزستانێکی سارد و سڕدا گەلەگورگێك هێرش دەکەنە سەر ماڵیان و ئەو شەوە بەدەست ئەو گورگانەوە زۆر ناخۆشی و چەرمەسەری دەبینن، ئەمە وادەکات بارام بەناچاری بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگەی گورگە دوو پێیەکان (مەبەستی لەو کەسانەی ناو کۆمەڵگەیە کەناتوانێت لەگەڵیان هەڵبکات). ئەوەی لێرەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کەبارام و خێزانەکەی بەناچاری کۆمەڵگەیان جێ هێشت، چونکە نامۆبوون لەگەڵی، بەلاّم لەوەش سەختتر ئەوەیە دواتر لەترسی شالاّوی گورگەکان ناچارکرانەوە بچنەوە باوەشی ئەو کۆمەڵگەیەی، کە لەپێشوودا لەدەستی ڕایان کردبوو، کەئەمەش تووشی حاڵەتێکی سەختتری نامۆیی کردوون.

(**حوسێن عارف**) لەڕۆمانی (**شار**) دا کە لەساڵی١٩٨٦ دا نوسیویەتی، بەشێوەیەکی واقیعیانە و بەداڕشتنێکی هونەرییانە باس لەمێژووی سەردەمێکی شاری سلێمانی دەکات، لەم ڕۆمانەدا هەست بەبوونی ململانێیەك دەکرێت لەنێوان خەڵکی شاری سلێمانی و ڕژێمدا، کەتیایدا ڕژێم وەکو چاودێرێکی سەرکوتکەر چاودێری خەڵك دەکات و هەرکەسێك دژی بەرژەوەندی و بڕیارەکانی ئەو بجولێتەوە سەرکوت دەکرێت و ئازارو ئەشکەنجە دەدرێت و لەناو دەبرێت. واتە ئەو جۆرە نامۆییەی کە لەوڕۆمانەدا بەدی دەکرێت (نامۆیی لەدەسەلاّت) ە، لەو ڕۆمانەدا باس لەوە دەکات، کەتاقمێك دەست دەدەنە چەك و دژی ڕژێم دەوەستن بڕیار دەدەن ڕوو لەشاخ بکەن، بەلاّم پاشان دەکوژرێن، کوژرانی ئەم تاقمە و بەرگوێ کەوتنی ئەم هەواڵە لای خەڵك هەروا ئاسان نەبوو،« **ئاسان نەبوو خەڵکەکە، تەنیا بەبیستن باوەڕ بکەن، چونکە بەلایانەوە ستەم بوو تاقمێك چەکداری چاپووك و ئازا کەساڵەهابوو دابوویانە شاخ و گاڵەیان بەمیری دەکرد، ئاوها بەئاسانی هەموو بکوژرێن!**» [٢١٥] واتە ئەو چەکدارانە نەیانتدەتوانی لەنێو کۆمەڵگەیەکدا بژین کە لەلایەن ڕژێمەکەیەوە سەرکوت بکرێن، بڕیاری چونە شاخ لای ئەو پێشمەرگانە لەپێناو ڕازی نەبوون بوو لەزوڵم و زۆرداری ڕژێم.

(**ماڵئاوا گوڵی خەم**) یش ئەو کورتە ڕۆمانەیە، کە لەساڵی ١٩٨٨دا لەلایەن (**هیمدادی حوسێن**)ەوە نوسراوە، ئەم ڕۆمانە باس لەخۆشەویستییەکی ناکامی نێوان کوڕێك و کچێکی زانکۆ دەکات، کوڕەکە ناوی(دلێر)ەو خەڵکی هەولێرە، کچەکەش ناوی(نەشمیل)ەو خەڵکی سلێمانییە، دوای ئەوەی ماوەیەك دڵیان بەیەکەوە دەبێت و لەخودی یەکتردا دەتوێنەوە، ئیتر بەتێپەڕبوونی کات کچەکە بەدایکی دەڵێت و پاشان باوکیشی بەم پەیوەندییە دەزانێت، بەلاّم لەمە بەدواوە ئەم پەیوەندییە توشی کێشە دەبێت، دوای ئەوەی

---

(١) حوسێن عارف، گەلەگورگ، چیرۆك، چ١، ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی ئەدیب - بغداد، ١٩٨٣، لا٧١.

(١) حوسێن عارف، شار، ڕۆمان، چ١، ب١، لەچاپکراوەکانی گۆڤاری کاروان، ١٩٨٦، لا١١٥.

کوڕەکە چەند جارێك خوازبێنی کچەکە دەکات، بـەلاَم بـاوکی کچـەکە ڕازی نابێـت و دەڵێـت «**قبـوولٚ ناکـەم جارێکی دی بێنەوە، تێ ناگەن چی یە؟! ناڵێین: نەء نەء، وەڵلاهی بیدەم بەسەگ نایدەم بەو..**»[٢١٦] ئەو حاڵەتە نامۆیەی لێرە بەدی دەکرێت ئەوەیـە کەپێشـتر کچـەکە زۆر لای بـاوکی خۆشەویسـت بـووە، کەچـی ئێستاکە ڕق و کینە جێگای ئەم خۆشەویستییەی گرتۆتەوە، ئیتر هەموو دەوروبەر لەئاست کچەکە دەبن بـە دێوەزمە و هـەر هەمووشـیان لۆمـەی دەکـەن، دواتـر بـاوکی هەڕەشـەی لێـدەکات و داوای ئـەوەی لێـدەکات کەشوو بەیەکێکی تر بکات، کاتێ دەڵێت:« **ئەگەر شوو بەو نەکات، ئیتر شووکردن نییەو دەبێ سەری سپی بهۆنێتەوە**».[٢١٧] دواتر کچەکە بەزۆر دەدەن بەخاوەن کارگەیەك، پاش ماوەیـەك کچـەکە ژەهـر دەردخـواری مێردەکەی دەدات و دەیکوژێت، لەپاشان کچەکە هانا بۆ لای دلێر دەهێنێت، دواتـر هـەردووکیان دەگیرێـن و لەدادگا دلێر تاوانی کوشتنەکە دەخاتە پاڵ خـۆی بـەهۆکاری ئـەوەی خۆشەویسـتەکەی لـێ زەوت کـردووە، دادگـاش حـوکمی دە سـاڵی بـۆ دەبڕێتـەوە، ئـەو نامۆبوونـەی نووسـەر لێـرەدا خسـتویەتییەڕوو نامۆبوونـە لەکۆمەڵ، کەچۆن دوو خۆشەویست دەبنە قوربانی بڕیارە چەوتەکانی کۆمەڵگەیـەکی چـەق بەسـتووی بـاوك سالاری، کۆمەڵگەیەك کەهەموو ئاواتە جوانەکان دەخنکێنێت.

ڕۆمانی(**هەڵکشان بەرەو لوتکە**)ی (**عەبدوڵلا سەراج**)، یەکێکی ترە لـەو ڕۆمانانـەی کەنووسـەرەکەی باس لە خاك جێ هێشتن و ئاوارەبوون دەکات، ئەم ڕۆمانە باس لەو نەهامەتییانـە دەکـات کەخـەڵکی شـاری کەرکوك بەدرێژایی سەدەی بیسـتەم بەدەسـت هەریـەك لـەئینگلیزەکان و عوسمانییـەکان و بەعسـییەکانەوە تووشـیان بـووە، ڕۆمـاننووس لـەو ڕۆمانـەدا وابەسـت بـوونی تـاك بەخاکەکـەی دوپـات دەکاتـەوە، کـاتێ لەڕۆمانەکەدا دایکی نەوزاد دەڵـێ: «**بنیادەم لەکوێ چاوی کردبێتەوە، هەر بەوێ دڵـی دەکرێتـەوەو گیـانی دەحەسێتەوە. کە دەچم بۆ ئەوبەری خاسە و چاوم بەکۆلاَنی ((سەی سەروەر)) دەکەوێ، یەکسەر هەموو ژیانی منداڵیم دێتە پێش چاوو هەست بەبۆنێکی تازە دەکەم کە ئەو بۆنە لەجێگایەکی تردا نی یـە!**»[٢١٨] نووسەر لەم ڕۆمانەدا گوزارشت لەجۆرێك لەنامۆیی دەکات ئەویش (نامۆیی جوگرافی)یە، لەم ڕۆمانـەدا ئـەوە ڕوون دەکاتەوە کەدوور بوون لـەزادگاو مەفتـەنی خـۆت چـەندە ئازاربەخشـە و چـەندەش کاریگـەرە لەسـەر دەروونی مرۆڤ، بۆ نموونە کاتێ باس لە (تۆفیق)ی پاڵەوانی سەرەکی دەکات، کە بەهۆی بوون بەپێشـمەرگە و گرتنەبەری ڕێی خەبات و ڕوو لەشاخ کردن چەندە دڵی بەشارەکەیەوەدەبێت کەکەرکوکە.

---

(٢) هیمدادی حوسێن، ماڵئاوا گوڵی خەم، ڕۆمان، چ٢، لەسەر ئەرکی سەنتەری ڕۆشنبیری بەهرە بەچاپ گەیاندراوە، چاپخانەی چوارچرا ـ هەولێر، ٢٠٠٦، لا ٦١.

(٣) س. پ، لا ٦٠.

(١) عەبدوڵلا سەراج، هەڵکشان بەرەو لوتکە، ڕۆمان، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاَوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی دار الحرية ـ بەغداد، ١٩٨٩، لا٢٨٥.

**(حوسێن عارف)** لەڕۆمانی (**ئەندێشەی مرۆڤێك**) دا بـاس لەکەسـێك دەکـات، کـەناوی (سـەبری)یەو کارەکتەری سەرەکی ئەو ڕۆمانەیە،« ئەو کەسە بەکۆمەڵ نامۆیەو ڕووی لەگۆشەگیری کـردووەو هەڵوێسـتێکی تـری بەرامبـەر بـەژیان و کۆمـەڵ وەرگرتـووە، چـونکە هەسـت دەکـات پەیوەندییـەکی ڕۆحـی و ئـەخلاقی بەکۆمەڵـەوە نـەماوە». [219] نـامۆبوونی سـەبری تـەنیا لەچوارچـێوەی گۆشـەگیری دا نامێنێتـەوە، بـەڵکو بەدیدگایەکی فەلسـەفیانەوە دەڕوانێتـە بـوون و نـەبوون و تێگەیشـتن لـەدیاردەکانی ژیـان، سـەبری دایـك و باوکی بەتاوانبار دەزانێ، چونکە ئەوان هۆکاربوون لەوەی کـە ئـەویان هێناوەتـە ژیانێـك بـەئارەزووی خـۆی نییە، هەربۆیە ناتوانێ لەگەڵ ئـەو جیهانـە هـەڵبکات و بگونجێـت، ئەمانـە کۆمـەڵێك پرسـیاریان لای سـەبری دەربارەی بوونی خۆی دروستکردووە، کاتێ دەچێتە سەر گۆڕی دایك و بـاوکی دەڵێـت« **دایـە !.. بابـە !.. پرسیارێکەو من هاتووم لەئێوەی بکەم. تکایە ئێوە وەرامم بدەنەوە !.... بۆچی دەبێ شوێنێك هەبێ منی لێ بم و شوێنێکیش هەبێ بۆی بچم؟!.. تێم بگەیەنن..بۆچی؟! ماوەیـەك لەچـاوەڕوانی وەرامـدا مایـەوە. کەهەر چاوەڕوانی کردو وەرام نەبوو، بەبێزارییەکی تێکەڵ لەدەستەوەستانییەوە، خۆی بەپشتدا خسـت و ڕاکشا**». [220] ئەم جۆرە بیرکردنەوەی سەبری ڕێك وەکـو بیرکردنـەوەی بوونگەراییەکانـە سـەبارەت بـەبوون، چونکە ئەوانیش هەمان ئەو پرسیارانەیان وروژاندووە، کاتێ دەڵـێن: **ئێمەکە لەدایك بووین و دەبـێ بشـمرین بۆچی لـەدایك بـووین ؟!** دەتـوانین نـامۆبوونی سـەبری بـۆ سـێ جـۆر جیابکەینـەوە، کەئەمانـەن:(نامۆبوون لەخود، نامۆبوون لەبوون، نامۆبوون لەدەوروبەر).

لە(**دەربەندی پەپوولە**)ی (**شێرکۆ بێکەس**)یشدا هەست بەغەریبی و تەنیایی دەکرێت، شاعیر تووشی خەیاڵیکی یۆتۆپی دەبێت و نالی ئاسا پەنا دەباتە بەر ـ با ـ بۆ ئەوەی لەم غەریبی و دوورە وڵاتییە ڕزگـاری بکات: کاتێك دەڵێت:

**ئەگەر جار جار "با" هەڵبکات**
**ڕائەکەم بۆ چەند ساتێ ئەچمە بەری**
**ئەڵێم بەشکو ئەمجارەیان**
**ئا ئەم "با"یە**
**وەك ڕەشەبای سلەیمانی**
**بەپرتاوبێ و هەڵمبگرێ و**
**تۆزێ خۆڵ بکاتە چاوم** [221]

---

(٢) ڕەفیق سابیر، نامۆبوون لەچیرۆکەکانی حوسێن عارف، گ (گەلاوێژی نوێ)، ژ٢، ١٩٩٧، ل٤٢.

(٣) حوسێن عارف، ئەندێشەی مرۆڤێك، ڕۆمان، چ١ ، چاپخانەی الأجیال البیاع ـ بەغدا، ١٩٩٠، ل٢٥١.

(١) شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپوولە، چ٢، چاپخانەی بێسارانی ـ سلێمانی، ١٩٩٨، ل ١٣٤.

شاعیر ئەوکاتەی ئەم شیعرەی نوسیوە لەتاراوگە بووەو هەست و سۆزی غەریبی هەموو ژیانی داگیرکردووە، لێرەدا شاعیر نامۆبووە بەو غەریبییەو ئەو شوێنەش نەیتوانیوە وا لەشاعیر بکات، کە هەمیشە بیر لەزێدی خۆی نەکاتەوە، لەم شیعرەدا هەست بەنامۆبوونی جوگرافی دەکرێت.

(**بەختیار عەلی**) ش لەشیعریکی دا بەناوی (**وەتەن و ئیشی مۆسیقارێکی ماندوو**)* دا، ئەوپەڕی نامۆبوونی خۆی لەنیشتمان دەردەبڕێت، ئەم شیعرە هێرشێکی توندە بۆسەر نیشتمان، کاتێك دەڵێت:

**ئەی نیشتمانی خائینان**
**کەمن بەسەیری گوڵ دەمرم، بۆ بەبروسکە دەمکوژیت؟**
**وەتەن ئەو قوتووە شکاوەی پڕە لەباران و ژەنگ،**
**وەتەن ئەو کاسە خاڵییەی پڕە لەپاشماوەی ژەهر.**
**من هاوار دەکەم:**
**وەتەن ئەو سەنتورەی شکاند و سۆناتا ترساوەکانی کوشت.**
**من پیانۆی گوڵم لێدەدا،**
**میلۆدی گیام لەپێدەشتەکاندا چاکدەکرد،**
**بەیانیانی بەهار بەکێڵگەی گەنمدا دەڕۆیشتم و**
**سونبولە خەوتووەکانم بۆ عەشق ئامادە دەکرد،**
**وەتەن منی لەگەڵ خونچەکاندا دەرکرد.**
**من کە ئیقاعی بام لەگەڵ ڕۆحدا،**
**دەنگی گەردەلولم لەگەڵ لێدانی دڵدا ڕێکدەخست.**
**ئەی وەتەن مەفتونی تۆم،**
**بەڵام نامەوێت شێوەتم بیر بکەوێتەوە.**
**وەقتی غەریبی و غوربەت، وام بەکۆتی خۆتەوە**
**کەخۆت پێڵاوی دوژمنان ماچدەکەی،**
**کێ وەکو سەگ پەتکەم و بیخەمە ژێر پێتەوە؟**
**غەمبارم کەدەتبینم دوژمنم وەك سەگ پەتتدەکات و**
**دەتخاتە ژێر پێتەوە.**
**ئەی نیشتمانی بیشەرەفان**
**کەمن بەگۆرانی دەمرم، بۆ بەخەنجەر دەمکوژیت؟**(٢٢٢)

---

* لێرەدا ئێمە تەنیا نامۆبوونی شاعیر(بەختیار عەلی) مان بەرامبەر بەنیشتمان خستۆتە ڕوو، بەڵام مەرج نییە ئێمەش هەمان تێڕوانینمان هەبێت بۆ نیشتمان.

لیرەدا شاعیر ئەوپەڕی بێزاری خۆی بەرامبەر بەنیشتمان دەردەبڕێت ، نیشتمانێ کە ئەمی بە بێگانە دادەنێت و بێگانەش دەخاتە ژێر ڕەحمەتی خۆیەوە، ئەم ئامادەیە لەپێناو نیشتمانەکەی بجەنگێت و دوژمنی نیشتمانەکەشی بخاتە ژێر پێلاوی خۆی، کەچی نیشتمانەکەی خۆی لەژێر پێلاوی بێگانەدایە، شاعیر لەم شیعرەدا ئەوپەڕی نامۆیی خۆی دەردەبڕێت، تەنانەت نایەوێت بێکەس ئاسا شێوەی نیشتمانەکەشی بیر بکەوێتەوە.

دیاردەی کۆچ کە لەنۆهەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەزەقی دەرکەوت، تائێستاشی لەگەڵدا بێت کەم تا زۆر بەردەوامە، کە لەئەنجامی نەهامەتییە یەك لەدوای یەکەکانەوە دوچاری خەڵك بۆتەوە، ئەمە وایکرد کۆچ ببێ بەمۆدێل و کەم ماڵ هەبێ کەسێکی ڕوو لەهەندەران نەکردبێ، دیارە ئەم دیاردەیە کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و شاعیرانیش وەکو توێژێکی کارای بێزار و ناڕەحەت کردووە. **قوبادی جەلی زادە** یەکێکە لەو شاعیرانەی کەلەشیعرەکانیدا ئەم دیاردەیەی خستۆتەڕوو، کاتێ دەڵێت:

**هەمووشمان لەنیشتمانی بێ نان و ماچ**
**بێزارین**
**ئەم ئێوارەیە دوا تەوقە لەگەڵ یەکدی دەکەین و**
**ماڵئاوا**
**کەچی لەسەر سنووره سەرما بردووەکانا**
**لەناو بەلەمە بێ سەر و شوێنەکانا**
**لەپەککەوتوخانە و مووتاشخانە و مەیخانە و مێخانە سیاحیەکانی**
**ئەورووپادا**
**پێکدەگەینەوە** (٢٢٣)

**(عەزیزی مەلای ڕەش)** لەڕۆمانی **(خاك و چەوسانەوە)**، باس لەکێشەو ململانێیەکانی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم دەکات، بەتایبەتی ساڵانی (١٩١٧ ـ ١٩٢٠)، لەو ڕۆمانەدا باس لەوە دەکات کەچۆن ئینگلیزەکان خێر و بێری وڵات بۆخۆیان دەبەن« **ئینگلیز چەند ساڵە دەستی مەملەکەت دا گرتووە، خێرو بێراتی دەبات و میللەتیشی خستۆتە سەر ساجی عەلی، بۆ ئەوەی پێ زیاتر بچەسپێنێ و بەهەوەنتە لەم خاکە بەفەرە نەچێتە دەرەوە، ئەیەوێ بەتەسویە و دابەشکردن لەهەر ناوچەیەك داچەند کەسانی ناودار و پشت ئەستورە دەسەلاتدار بکرێ بۆ دوارۆژ ببنە پشتگیر**».(٢٢٤) ڕۆماننووس لەم بەرهەمەیدا باس لەململانێی

---

(١) بەختیار عەلی، تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی(١٩٨٣ ـ ٢٠٠٤)، چاپخانەی ڕەنج ـ سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٥٣٢.

(١) قوبادی جەلی زادە، هەمیشە ڕوو لەخودا هەمیشە مەست، چاپکراوی بەستە ـ سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥٠.

(٢) عەزیزی مەلای ڕەش، خاك و چەوسانەوە، ڕۆمان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر، ١٩٩٨، ل ٩٢.

نێوان چینی جوتیار و ئاغاکان دەکات، هەروەها باس لەحاڵەتێك دەکات، کە چۆن هەندێ لەجوتیارە چڵکاوخۆرەکان خۆیان بەنۆکەری ئاغاکان داناوەو هەموو شتێکیشیان بۆ ئاغاکان بەڕەوا بینیوە، لێرەدا ڕۆماننووس جۆرێك لەنامۆیی دەربڕیوە ئەویش (نامۆیی کۆمەلأیەتی) یە، بۆ نموونە جوتیارێك دەڵێت(( **هەتا برا گەورەی خۆمان ڕاوەستابێ ئەمە زەویمان لۆ چییە**)) [(٢٢٥)]، یان لەشوێنێکی تر دەڵێت (( **کرمانج و زەوییان نەگۆتییە**)). [(٢٢٦)]

(**شێرزاد حەسەن**) یش یەکێکە لەو نووسەرانەی کەحاڵەتە دەروونییەکان بەگشتی و نامۆبوون بەتایبەتی لەبەرهەمەکانی دا زۆر بەزەقی ڕەنگ دەدەنەوە، نووسەر لەچیرۆکەکانیدا گوزارشت لەنامۆبوونی پاڵەوانەکانی دەکات جا نامۆبوون بێت لەتاراوگە یاخود نامۆبوون بێت بەکەسانی دەوروبەری و پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان. بۆنموونە شێرۆ یەکێکە لەکەسایەتییە سەرەکییەکانی چیرۆکی (**تابلۆیەکی ناتەواو**)، شێرۆ لەو چیرۆکە بێزارە لەتاراوگە،(( شێرۆ وەك نامۆبوونێك بەژینگەی ئەوێ وئەو ژینگەیەی پڕە لەترس و دڵەڕاوکێ و مەرگ (( **تف لەو زەمەنە وایکرد کوڕان بەجحێڵی باوەشی گەرمی دایکیانیان جێبهێڵن، بەر لەپەڕ و باڵ دەرکردن ناچاریان کردین بەنێو ئاسمانەکانی مەنفا هەڵفڕین**)). )) [(٢٢٧)] لێرەدا چیرۆکنووس وێنەی واقیعی ژیانی زۆرێك لەتاراوگەییەکانی کێشاوە کەچـــۆن بەناچاری خاکـــە پیرۆزەکەی خۆیانیـــان جێهێشتووە، جا بەهۆکاری ترس و ڕاونان بێت یاخود بەهۆی گرانی و باشترکردنی بژێوی ژیانیانەوە بوویێت. ئەمە خوێندنەوەیەکی خێرا و کورت بوو سەبارەت بەپێوەندی نامۆبوون بەئەدەبی کوردییەوە.

---

(٣) س. پ، لا ٨٩.

(٤) هـ. س. پ، لا ٨٩.

(١) هەڵمەت بایز ڕەسولێ، ڕەهەندی دەروونی لەچیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، کۆلیجی پەروەردە ـ ئیبن ڕوشد، بەشی زمانی کوردی، ٢٠٠٦، لا ١٥٢.

# بەشی سێیەم: پراکتیزەکــردنی چەمــــکی نـامۆیی لای سەلاّح عومەر.

ـ جۆرەکانی نامۆیی لەڕۆمانەکانی سەلاّح عومەر دا

١. نامۆیی خودی

٢. نامۆیی کۆمەڵایەتی

٣. نامۆیی ئابووری

٤. نامۆیی ڕۆشنبیری

٥.نامۆیی تەکنۆلۆژی

٦. نامۆیی سۆفیگەری

٧. نامۆیی سێکسی

٨. نامۆیی جوگرافی

## جۆرەکانی نامۆیی لەڕۆمانەکانی سەلاح عومەر دا

ئەدەب جیهانێکە لەهەناوی خۆیدا بۆجارێکی تر ڕەنگرێژی واقیعی کردۆتەوە، بەلاّم بە یارمەتی خەیالّ و فانتازیا. جیهانی ئەدەب جیهانێکە لەدایکبووی دیدگای هەموو ئەو ئەدیبانەیە کە کەم یا زۆر دەقی ئەدەبییان ئەفراندووە بەپشت بەستن بەهەست و سۆز و بەیارمەتیی کۆمەڵێ ڕەگەزی تری وەکو خەیالّ و فانتازیا و تەوزیف کردنی فۆلکلۆر...تاد، لەپێناو وەرگرتنی بەرگێکی هونەری و جیاکردنەوەی لەو نووسینانەی کەتەنیا تۆماری واقیعن. بێگومان ئەدیب وەك هەرتاکێکی تر لەدایکبووی کۆمەڵەو وەکو ئەوانی تر و بگرە زیاتریش لەخەمی کۆمەڵەکەیەدایە، بۆیە بمانەوێ یا نەمانەوێ واقیع بەهەموو جەنجاڵییەکەی لە ناو دەقی ئەدەبیدا خۆی دەبینێتەوە.

ئەدەب وەکو چرایەك وایەو تیشکی خۆی بەهەموو ئەو شوێنانەدا پەخش و بلاّودەکاتەوە، کە ئازار و مەینەتیی تێدا بێت، چونکە ئەدەب بەشێکە لەژیان و دەرخستنی چەرمەسەرییەکانی ژیانیش پێش هەموو شتێك لەئەستۆی ئەودایە، هەرئەدەبیش دەبێ بەدوای ڕێگا چارەی گونجاودا بگەڕێت و خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکان دیاری بکات.

کۆمەڵێ هۆکار هەن لەپشت لەدایکبوونی دەقەوەن لای هەر ئەدیبێك لەوانە: بەرهەمی مێشك و درك کردن بەئازارەکانی شەقامی کۆمەڵگە و ئیرۆسییەت و مرۆڤ دۆستی و بەرفراوانی خەیاڵی نووسەر...تاد. ئەوەی کە لای ئێمە گرنگەو مەبەستی سەرەکیی باسەکەمانە دەرخستنی ئەو چەرمەسەریانەیە کەتاکەکانی کۆمەڵی بەرەو کەنارەکانی گۆشەگیری و نامۆیی و شێتی و یاخیبوون و مردن بردووە.

(سەلاح عومەر)* یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی کە لەڕۆمانەکانیدا زیاتر لایەنی ناوەوەی کەسایەتییەکان دەخاتەڕوو، لەدەقەکانیدا زیاتر گوزارشت لەنامۆیی و نیگەرانی تاك دەکات، کە لە ئەنجامی حاڵەتە نەرێییەکانی کۆمەڵگە و باڵادەست بوونی هەریەکە لە(سیاسەت، ئایین، کلتوور) تووشی هاتوون. سەلاّح عومەر بەگشتی لەڕۆمانەکانیدا بەدەوری چەند بابەتێکی هەستیاردا دەخولێتەوە کە کێشەی ئەمڕۆ یان سەردەمێك لەسەردەمەکانی کۆمەڵگەی کوردی بووە. گرنگترین ئەو کێشانەی ئەو خستۆتیەڕوو لەوانە:(**چەقبەستویی دەسەلاّت و خراپ بەکارهێنانی دەسەلاّت ، ئەنفال ، نا دادپەروەری، عەشقی ناکام، زاڵبوونی بەها کۆمەلاّیەتی و کلتورییەکان ، هەتك کردنی ئافرەتان ، کێشەی کۆچ ، جەنگ ، بێوەژنی ، خیانەتی هاوسەرگیری ، لەشفرۆشی و سەماکردنی ئافرەتان...تاد**)، بێجگە لەمانەش سەلاّح عومەر هەڵنەستاوە تەنیا باس لە کێشە و دەردەسەرییەکانی پارچەیەك لەپارچەکانی کوردستاندا بکات و هەموو ڕوداوەکانی لەباشووری کوردستاندا واتە(کوردستانی عێراق) کە زادگای خۆیەتی هەڵهبهێنجێت، بەڵکو ئەو سنوورەی بەزاندووەو ویستویەتی گوزارشت لەنەهامەتییەکانی هەموو پارچەکانی تری کوردستان بکات، بۆ نموونە لەڕۆمانی (جەنگ) دا باس لەخێزانێکی کوردی باکوری کوردستان دەکات، کەچۆن لەسایەی کارە چەپەڵەکانی جەندرمەی تورکییەوە تووشی لێکترازان و ونبوون و کوشتن و بەشێکیشیان ئاوارەی باشوری کوردستان دەبن و لەشاری هەولێر درێژە بەژیان دەدەن، بەلاّم چ ژیانێك ژیانێکی پڕ لەکۆڵەمەرگی و دەردەسەری. بێگومان ئەم کارەی سەلاّح عومەر دەرهاویشتەی ئەو هەست و ئینتیمایەیە کەبۆ کوردستانێکی یەکگرتوو هەیەتی.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی باسەکەمان پوختەی یەکەیەکەی رۆمانەکان دەخەینەڕوو.

١ـ **<u>ولاّتی تارمایی:</u>** ئەم ڕۆمانە نۆ بەش لەخۆ دەگرێت، هەر بەشێکیش بەنووسین بەپێی ڕیزبەندی بەشەکان ناونیشانی بەشەکەی بەسەرەوەیە. لەهەندێ بەشیشدا بەهۆی هێمای *** بۆ بەشی تر جیاکراونەتەوە.

ڕۆمانی ولاّتی تارمایی باس لەگرتنی کەسێك دەکات بەهۆی دانەپاڵی تاوانی کوشتنی کەسێك کە لەقەبرستاندا کوژراوە، ئەو کەسە ماوەی نیوسەدە ونیو دەگیرێت بێ ئەوەی ئەو تاوانەشی ئەنجام دابێت،

---

*ـ لەساڵی ١٩٥٣ لەهەولێر لەدایك بووە.

ـ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەهاوینەهەواری پیرمام و ئامادەیشی لەهەولێر تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٧٥ـ١٩٧٦پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواوکردووە.

ـ لەساڵی ١٩٧٤ەوە دەستی بەنووسین کردووە، سەرەتا بەشیعر و دواتر ڕووی کردۆتە دنیای چیرۆك، لەساڵی ١٩٨٦دا یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بەناوی (لێکترازان)ەوە بلاّوکردۆتەوە، پاشان دەستی کردووە بەنووسینی ڕۆمان و تا ئێستاش چەند ڕۆمانێکی هەیە لەوانە: (ولاّتی تارمایی١٩٩٨ ، تاریکستانی لم ١٩٩٧، مێتامۆڕفۆس ٢٠٠١، دوانامەی دێوەرەیەك ٢٠٠٣، جەنگ ٢٠٠٣، خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان ٢٠٠٨.

ـ ئێستاش بەڕێوبەری نووسینی گۆڤاری کاروانە. . **سەرچاوە: سەلاّح عومەر، چاوپێکەوتن، بارەگای گۆڤاری کاروان، ٢٠١٠/٦/٢٣، چوارشەم، کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی.**

دواتر ئەو کەسە لە بەندیخانە بارودۆخی لەڕووی دەرونییەوە تێك دەچێت و دەست دەخاتە خنخنۆکەی یەکێك لەبەندییەکانی بەندیخانەو دەیخنکێنێت. کۆتایی رۆمانەکە ساتەوەختی ئازادبوونی کەسەکەیە لەزیندان، بەڵام کەدەگاتە دەرگای بەندیخانەکە ئیتر لەوێوە نقومی دنیای خەیاڵ دەبێت و بەخەیاڵ ڕوو دەکاتە ئەو سروشتەی، کە زەمانێکە لێی دابڕاوە. ((ئەم ڕۆمانە سەرتاپای بریتییە لە گەشتێکی ڕۆحی لەلایەن کارەکتەری سەرەکییەوە بۆ ناو خودی خۆی وەکو مرۆڤێك و بۆ ناو کۆمەڵیش وەك شوێنێکی پڕ لەدیاردەو ڕووداوی دزێو و ناشیرین و دژ بەمرۆڤ))[228]. دوای ئەوەی کارەکتەری سەرەکی دەخریتە بەندیخانە لەوێوە تێکەڵ بەدنیای خەیاڵ دەبێت، (خەیاڵ و فانتازیا پانتاییەکی فراوان لە گۆڕەپانی ئەم ڕۆمانە داگیر دەکەن بەکارهێنانی خەیاڵ و فانتازیا بەم ڕادە فراوانە وایکردووە هەزم کردنی لای خوێنەر تۆزێك قورس بێت).[229] بۆ نموونە ((گوایە لەتەمەنی حەوت ساڵیدا ، شەوێ لەشیرین خەودا دەمرێ، کەبەیانی دایکی دەچێ هەڵیبستێنێ، چی ببینێ، جەستەیەکی ساردوسڕ، دوو چاوی زەقی دەرپەڕیو... وەك مرۆڤێکی ئاسایی دەیشۆن و جەستەی لەکفن دەپێچن، دەیخەنە ناو دارەبازێ و بەرەو گۆڕستان بەڕێ دەکەون، بەڵام لەڕێگا لەبەرچاوی خەڵکەکەدا لاشەی وەك دەبدەبەی پف دراوی لێدێت، بەرەبەرەش گەورەتر دەبێ، تاوای لێدێ دەست و قاچی لەنێو کفنەکەدا دێتە دەرێ، سەرو کەللەی هێندەی سەرو کەللەی مرۆڤێکی ئەفسانەیی دەبێ و لەناو کفنەکەدا دەردەپەڕێ، چەند جارێ دەیگێڕنەوە ماڵەوەو لەنێو کفنی تازەدا دەیپێچن، دەکەونە ڕێ، هەمدیسان گیرۆدەی هەمان بەزمی پێشوو دەبنەوە، جارێك و دووجار ئەمە دووبارە دەبێتەوە، ناچار هەروا بەڕووت و قووتی دەیخەنە سەرشان و مل و بەرەو گۆڕستانی دەبەن، لەبەر گەورەییش بەنوشتراوەیی لەنێو گۆڕی دەپەستن، بەڵام کاتێ خۆڵی بەسەردا دەکەن لەهیکرا ڕاست دەبێتەوە و یەك بەگۆڕستانەکە هاوار دەکا و ڕاست بەرەو ماڵەوە ڕا دەکات، کە کۆڕەوەکە بەدوایدا دەگەڕێنەوە، لەماڵەوە لەکوڕە حەوت ساڵانەکەی جاران پتر نابینن)). [230] ئەم ڕوداوەی باسی دەکات مەگەر تەنیا لەخەودا ببینرێت ئەگینا لەواقیعدا مەحاڵە.

٢ـ **تاریکستانی لم:** ئەم ڕۆمانە باس لە کەسایەتییەکی گەڕاوەی نێو پرۆسەی ئەنفال دەکات، ڕۆمانەکە لەو چرکەساتەدا دەست پێدەکات کە لەکەش و هەوایەکی کەمێك سارد کارەکتەری سەرەکی ئەو ڕۆمانە کەناوی نەهاتووە دوای ماوەیەکی دورودرێژ دوورکەوتنەوە بەجل و بەرگێکی شڕەوە پێ دەنێتە گۆڕەپانی ئەو

(١) کارزان موحسین قادر، سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٩١ ـ ٢٠٠٠، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٩، ل١٧٦.

(٢) سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی خوێندنەوەو پرسیار، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢١١.

(٣) عادل گەرمیانی، وێنەی گێرانەوەیی لەڕۆمانی (ولاتی تارمایی) دا، گ. رامان، ژ٣٠، ١٩٩٨، ل٢٣٦.

شارەی کە زادگای ئەوبووە ئەویش شاری هەولێرە، ئەو کەسایەتییە وای دەزانی ئەو کاتەی کە دەگاتە شار ئیتر خەڵك بەجوانترین شێوە پێشوازیی لێدەکەن، بەڵام پێشبینییەکانی تەواو پێچەوانە دەردەچێت و هەموو خەڵك خۆی لێ دوورەپەرێز دەگرن و کەس وەڵامی پرسیارەکانی ناداتەوە. ئەو کەسە دەیویست بەدوای سۆراغی دایك و باوکی و دوو خوشکەکەی دا بگەڕێت، دواتر دوای دۆزینەوەی هاوڕێیەکی سەردەمی منداڵی بەناوی پیرۆت بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە یوسف قەسابی باوکی مردووەو دوو خوشکەکەشی تووشی بەدڕەوشتی هاتوون و لەتیاترۆخانەکانی موسڵ گیرساونەتەوەو دواتر لەلایەن ناسیاوێکیان بەناوی ئەحمەدە سوری مام کەریمەوە کوژراون. ئەم کەسایەتییە جگە لە مام ئۆمەر ناوێك، کە چایخانەی هەبووە کەسیتر باوەڕی پێنەدەکرد، بەڵکو کۆمەڵێ ناوو ناتۆرەو تۆمەتیان بۆ هەڵبەستبوو لەوانە: گەوادی و تریاك و سیکۆتین خۆری و هەتك کردنی ئافرەتان و کچی نەبالقی بەنیازی گڵاّوو لەپەناو پەسیو و ژووری چۆڵ پەستاوە و زگی پڕ کردوون. ئەو کەسە لەکەلاوەیەك هیچ شوێنێکی تری نەبوو بۆ خەوتن و پشودان تیایدا. دڵپاکیش ئەو ئافرەتەیە کەدوای پرۆسەی ئەنفال گەڕاوەتەوە، بەڵام چۆن گەڕانەوەیەك لەوێ هەردوو منداڵەکەی (یوسف، ئیسماعیل) لێ دەسێنن و بۆ هەتاهەتایە لەباوەشی گەرمی دایکیان دوور دەخرێنەوە و گوایا باوکیشیان یەکێك بووە لەقوربانییەکانی ئەنفال. دڵپاك دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە شار کەس و کاریشی حاشای لێدەکەن، ئیتر کەسێك نامێنێ پشتیوانی لێ بکات و ڕۆژگار بەمرۆڤە شەهوانییە ئاژەڵ ئاسایەکانی دەسپێرێت، ئەویش لەپێناو لوقمەنانێك بەمەرامە گڵاّوەکانیان ڕازی دەبێت و دەبێتە کەسێکی سۆزانی. کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە دوای ئەوەی بەسەرهاتی ئەم ئافرەتە پەڕوباڵ شکاوە دەزانێت نەهامەتییەکانی ژیانی خۆی بیر دەچێتەوە، ئیتر بەرەبەرە ئاشنایەتی لەگەڵ یەکتردا پەیدا دەکەن و دەبنە هاوخەمی یەکتر، دواتر کارەکتەری سەرەکی بڕیاردەدات لای مەلا دڵپاك بخوازێت، دواتر گۆڕستان دەکەن بەماڵی خۆیان، بەڵام دوای تێپەڕبوونی تەنیا شەوێك بەسەر هاوسەرگیرییەکەیان چوار زەلامی خەنجەر بەدەست دێن و دڵپاك لەبەرچاوی هاوسەرەکەی لەت و پەت دەکەن. ئیتر لەوێوە ژیانی کۆڵەمەرگیی کارەکتەری سەرەکی دەست پێدەکات و تووشی تەنیایی دەبێت، دواتر کارەکتەری سەرەکی لەهەڕاجخانە دەست دەکات بەکاسبی، بەڵام چونکە وەکو کەسانی هاوپیشەکەی لەفێڵ و درۆ شارەزا نەبوو، بۆیە وازی لەم کارە هێنا، دواتر دەستی کرد بەبۆیاغچییێتی کە ئارەزوێکی منداڵی بوو، ئیتر تەواو خوی بەو پیشەیەوە گرت و هەموو شتێکی دەوروبەری لێ ببوو بەپێڵاّو و لەگەڵ پێڵاّو تووشی دۆنادۆن هاتبوو. ئیتر لەکۆتاییدا دەروونی بەیەکجاری لەگەڵ دەوروبەری تووشی لێکترازان هات و ئاوێتەی شتە بێ گیانەکان بوو.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ڕۆمانەکە بەکەش و هەوایەکی سارد دەست پێدەکات **((ئەو ئێوارەیەی گەیشتەوە ناو شار، ڕۆژێکی نەختێ سارد و تەماوی بوو. ئاسمان جێ جێ هەور و جێ جێ ساماڵ**

**بوو))**[٢٣١]. ڕۆمانەکە هەر لەسەرەتاوە بەدیمەنێکی وەرزی زستان دەست پێدەکات، بێگومان ئەمە مەبەستێکی تایبەتی تێدایە، ئەویش وەکو دەست پێکێك بۆ هەموو ئەو ڕوداوە سەختانەی کە دواتر خوێنەر یەکەیەکە پێیان ئاشنا دەبێت. کەسایەتیی گەڕاوەی نێو کۆشکی باشور هەرزوو پێشبینییەکانی دەربارەی شارەکەی ئاوەژوو دەبێتەوە، (ئەو پێی وایە لەسەر مەسەلەیەکی نەتەوەیی گیراوە، کە بەشێکی گەورەی ژانەکانی خەڵکە، بۆیە هەموو شار بەقەرزارباری خۆی دەزانێت)[٢٣٢]. بەڵام ((هەر لەیەکەم ساتی چوونە ناو شار ئەم یۆتۆپیایە دادەڕمێ و دەبێ بەدۆزەخێکی دیکە، ئەگەر لەهی یەکەم ـ جوگرافیای ستەم ـ تەنیا دۆزەخی جەستە بووبێ، ئەوا لەنێو یۆتۆپیاکە دۆزەخی زەینشی هەبوو، چونکە پاڵەوان تووشی شکستی ڕۆحی گەورە دێ، ئەو شارەی ئەو بەمەزاری بیرەوەری و منداڵی و عیشق و هاوڕێیەتی و خزم و کەس و کاری دادەنا کەچی ئێستەکە کەس نایناسێتەوە))[٢٣٣].

٣ـ **<u>مێتامۆرفۆس:</u>** ئەم ڕۆمانە لەچەند بەشێك پێك دێت، هەر بەشێکیش ناونیشانێکی تایبەت بەخۆی هەیە لەوانە:(**تەلیسمی مانگ، خەونی کەنار دەریا، گوناهی پەنا بەرد، مەخلوقاتی سەر ئەستێرە، دۆنای دۆن، باندۆرا، لەق لەق**). ئەگــەر لە سۆنگەی وتەکەی دریدا، کەدەڵێت ((ناونیشان چراخانی جەستەی دەقە))[٢٣٤] بۆ ئەو ڕۆمانە بچین، دەردەکەوێت، کە ئەم دەقە پڕە لەحاڵەتەکانی دۆنادۆن. ئەم ڕۆمانە باس لەخێزانێك دەکات کەلە باوك و کوڕێك بەناوی ئومێد و دوو کچ بەناوەکانی فریشتە و شەونم و نازێ ی کچەزایان پێك دێت. ئەم ڕۆمانە باس لەهەتك کردنی فریشتە دەکات بەدەستی کەسێك، ئەم کچە دوای ئەوەی تووشی داوی خۆشەویستی دەبێت لەگەڵ ئەو کەسەی کەباسمانکرد، ئیتر وای لێدێت شەوانە یەکتری دەبینینن و تابەیانی لەباوەشی یەکتر ژوان دەبەستن، کەم شەو هەبوو کەسەکە نەهاتبایە وێزەی فریشتە، کەسەکە کاتێك دەزانێت فریشتە بەتەواوی ئالودەی ئەم خۆشەویستییە بووە، بۆیە مەرامە گڵاوەکانی دێنێتە جێ و بڕیار دەدات ژوانیان بەرەو کەلاوەیەکی دوورە ئاوەدانی بگوازنەوە، کەسەکە هەر بەوە ناوەستێت، بەڵکو جارێکیان پێنج کەسی تریش لەگەڵ خۆی دەهێنێتە کەلاوەکەو بە پیلانی یاری خەواندن(تنويم المغناطيسي) دامێنی فریشتە خەڵتانی خوێن دەکەن و دواتر جێی دەهێڵن، کاتێ فریشتە بەئاگا دێتەوە بۆی ڕوون دەبێتەوە کەچییان پێکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕ ناکات کە خۆشەویستەکەی ئەمەی پێکردبێت،

---

(١) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، ڕۆمان، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ـ هەولێر، چاپی یەکەم، لا٧٥.

(٢) شوکر سلێمان، خوێندنەوەی ئەندێشەکانی تاریکستانی لم و فلاشباك، گ. کاروان، ژ١٦٠، ٢٠٠١، لا ٢٠.

(٣) کەریم دەشتی، یۆتۆپیای پاڵەوان لەجوگرافیای ستەمدا، گ. ڕامان، ژ ١٩، ١٩٩٨، لا ١٦٧.

(٤) ستاری پیرداود، خوێندنەوەی مێتافۆڕ (کرانەوەیەك بەڕووی چەند ڕایەڵەیەکی ڕەخنەیی)، چ٢، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ٢٠١٠، لا ١٤١.

بۆیە دەیەوێت خۆشەویستەکەی ببێنێت تابزانێت ئەو دەستی لەو پیلانە هەبووە، بەڵام کەسەکە نادۆزێتەوە. کۆتایی ڕۆمانەکەش بەکراوەیی جێهێڵدراوە لەپێناو لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو ڕۆمانە.

ئەم ڕۆمانەی سەلاّح عومەر لەوانی دیکەی فانتازیترەو خوێنەر زیاتر ماندوو دەکات، بەڵام لەدواییدا ماندووبوونەکەی بەهەدەر ناچێ و تاموچێژ و سەلیقە و دەقێکی هونەری پێ دەبەخشێ [٢٣٥]. چونکە هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی خەیاڵ و فانتازیا پانتایی ڕۆمانەکە داگیر دەکات و پڕیەتی لەحاڵەتی دۆنادۆن. بۆ نموونە کەسایەتیی سەرەکی لەبەرامبەر مانگدا سیحری لێدەکرێت و هەموو دەوروبەری لێ دەبێت بە تارمایی. بێگومان ئەم حاڵەتە وەك سەلاّح عومەر خۆی گوتەنی حاڵەتێکی پاراسایکۆلۆژییەو ئەو هاتووە لەو ڕۆمانەیدا تەوزیفی کردووە. لەپاراسایکۆلۆژیادا حاڵەتێك هەیە کە گوایا مانگ لەساتەوەختێکی دیاریکراودا سیحر لەمرۆڤ دەکات و ئەوەی لەو کاتەدا سەیری بکات نەخۆش دەکەوێ، یانی دەروونی دادەتەپێ و تووشی دابەشبوونی کەسایەتی و لێکترازانی مێشك دێ، ئەوسا دەکەوێتە جیهانی وەهم و واقیعێك، کە مرۆڤی ئاسایی لای دەبن بەتارمایی ئەو واقیعە ڕووتانە، کە مرۆڤی وەك خۆمان دەیبینێ و دەیناسێ و و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بەتارمایی بوونیش بەمانای بەفانتازی بوونی واقیع و دەوروبەر بەهەموو کەل و پەلەکانی [٢٣٦]. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم ڕۆمانە باس لەڕوداوێکی واقیعی دەکات ئەویش خراپکردنی فریشتەیە، ئەگینا سەرانسەری بەخەیاڵ و دۆنادۆن تەنراوە.

٤ـ **<u>دوا نامەی دێوەرەیەك:</u>** ئەم ڕۆمانە لەیازدە بەش پێك دێت، هەربەشێکیش بەپێی زنجیرەی بەشەکان ژمارەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە و لەژمارە یەك تا یازدە لەیەکتر جیاکراونەتەوە، سەرەڕای ئەوەش هەندێ بەش لەناوەوەی خۆیدا بەهۆی هێمای *** بۆ بەشی بچوکتر جیاکراونەتەوە.


ئەم ڕۆمانە باس لە کەسێك دەکات کەکارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیەو ناوی نەوزادە و باوکێکی پیری هەیە، لەگەڵ برایەك کەناوی ڕێبوارە، هەروەها هاوسەرێك کەناوی نەهاتووە، لەگەڵ دوو کوڕی کەناویان ئالان و یوسفە، بێجگە لەمانەش کوڕی پلکێکیشی هەیە بەناوی ئازاد. ئەم ڕۆمانە دەربڕی یەکێك لەگرنگترین دیاردەکانە کەلەدوای ڕاپەڕین بەشێوەیەکی بەرچاو هاتە پێشەوە ئەویش دیاردەی کۆچ کردنە. پوختەی ڕۆمانەکەش بەم شێوەیەیە، فەرمانبەرێك کەناوی نەوزادە بڕیاری کۆچ کردن و جێهێشتنی ولاّتەکەی دەدات ئەگەرچی پێشوتریش خۆی لەم ڕێگایە داوە بەڵام سەرکەتوو نەبووە، دوای ئەوەی قاچاغچییەك دەدۆزێتەوە یەك دەست پارەکەی دەداتێ ئیتر لەشەوێکی سارد دا بەدزی باوکییەوە پشت لەشارەکەی دەکات و جێیدەهێڵێت، بەڵام دوای دوورکەوتنەوەیان لەو شارە ئیتر بارودۆخەکە دەگۆڕێت، چونکە قاچاغچییەکە کەدەلیلیانە فێڵیان لێدەکات و جێیان دەهێڵێت، ئەوانیش بەڕێگای نەشارەزایی و

(١) سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار، لا ٢٢٩.

(٢) سەباح ڕەنجدەر، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاّح عومەر، گ. ڕامان، ژ١٠٧، ٢٠٠٦، لا ٧١.

مەرگ دەسپێرێت. نەوزاد و هاوسەفەرەکانی بەبێ ئەوەی ڕێنیشاندەرێکیان لەگەڵ بێت ملی ڕێگا دەگرنە بەر، لەماوەی ئەو سەفەرەیاندا کە حەفت شەوو حەفت ڕۆژی خایاند جگە لەو باڵندانەی، کەبەسەر سەریانەوەبوون هیچ بوونەوەرێکی تریان نەدەدیت. کۆتایی ڕۆمانەکە باس لەڕەقبوونەوەو مردنی نەوزاد و ئەو هاوڕێیە دەکات کە زۆرتر بەیەکەوە بوون.

وەکو وتمان ئەم ڕۆمانە باس لەکۆچ کردنی کەسێك دەکات، بۆیە ئەگەر سەیری ناونیشانەکەش بکەین دەبینین گوزارشت لەدوو چەمك دەکات ئەویش(**کۆچ و مردن**)ە، چونکە ئەگەر دوانامە گوزارشت کردن بێت لەمردن، ئەوا دێوەرەش بەحوکمی ئەرك و وەزیفەکەی، کە گەریدەییە گوزارشت لە کۆچ دەکات، بەڵام هەردوو وشەی دوانامە و دێوەرە بەیەکەوە ئەوە دەردەبڕێت کە کەسە کۆچ کەرەکە کە(نەوزاد)ە مردن یەخەی دەگرێت.




وێنەی (٦)*

لێکدانەوەی ناونیشانی ڕۆمانەکە

سەلاح عومەر لەڕۆمانەکانیدا بەگشتی و ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك، بەتایبەتی گرنگییەکی زۆری داوە بە ئەفسانە و داستان و فۆلکلۆر بەگشتی، بۆ نموونە لەم ڕۆمانە (ماری حەوت سەر، خدری زیندە، سیمرخ، بەرانی سپی، ئەحمەد و دێوی ڕەش، خەجێ و سیامەند...تاد) [(٢٣٧)]، دەبینرێن، کە ئەمانە هەموو لە ئەفسانە و داستانی کوردین.

٥ـ **جەنگ:** ئەم ڕۆمانە لە نۆ بەش پێك دێت، ناونیشانی هەر بەشێکیش ئەو ژمارەیە کەبۆی دانراوە، لەهەنێ بەشیش بەهۆی هێمای *** بەشی تری لێدەبێتەوە. لەم ڕۆمانەدا چەند کەسایەتییەك دەبینرێن، لەوانە: کارەکتەری سەرەکی کەناوی نەهاتووە، نازێ خێزانی کارەکتەری سەرەکییە، بێگەرد و دڵپاك منداڵی

---

* لەدروستکردنی ئەم هێڵکارییەو شیکردنەوەی ناونیشانی ئەم ڕۆمانە سوودم بینیوە لە: **عەبدوڵلا ڕەحمان، تەکنیك لەڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك(١ ـ ٢)، گ. ڕامان، ژ١٤٦، ٢٠٠٩، لا ٨٦ـ٨٧.**

(١) عەبدوڵلا ڕەحمان، تەکنیك لەڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك(٢ ـ ٢)، گ. ڕامان، ژ١٤٧، ٢٠٠٩، لا ٧٦ـ٧٧.

کارەکتەری سەرەکین، نەرمین دایکی کارەکتەری سەرەکییە، باوکی کەناوی نەهاتووە، عەلی برای کارەکتەری سەرەکییە، نەسرین خێزانی کارەکتەری سەرەکییە و کچی ئیسماعیلە، مەم برازای کارەکتەری سەرەکییەو کوڕی عەلییە، زارا پووری کارەکتەری سەرەکییە و خەسوشیەتی واتە دایکی نازێ یە، ئیسماعیل هاوڕێی باوکی کارەکتەری سەرەکییە و خەزووری عەلیشە، سەرکەوت کوڕی ئیسماعیلە).

ئەم ڕۆمانە گوزارشت لەئازار و مەینەتییەکانی خێزانێکی کوردی باکوری کوردستان دەکات لە دەوروبەری ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهان، باس لەوە دەکات کە چۆن ئەو خێزانە و خێزانەکانی تریش ژیانیان کەوتۆتە بەر مەترسیی جەندرمەی تورکییەوە، کاتێ دێن عەلی برای کارەکتەری سەرەکی دەبەن و دەیکەن بەسەرباز و دواتریش دەبێتە سوتەمەنی جەنگ، هەروەها باس لەوە دەکات کەچۆن باوکی کارەکتەری سەرەکی دارکاری دەکەن بەبیانوی ئەوەی گەنمی نەداونەتێ، دواتریش هەر بەم ئازارەوە گیان لەدەست دەدات. ئەم ڕۆمانە باس لەو دەکات کە خەڵکی بەهۆی ترس و بیم و گرانییەوە شوێنەکانیان جێدەهێڵن وێڵی غەریبی دەبن. دایکی کارەکتەری سەرەکیش وەکو خەڵکانی تر لەگەڵ زارای خوشکی ئەوێ جێدەهێڵن و ڕوو دەکەنە باشوری کوردستان و لەشاری هەولێر دەگیرسێنەوە، نەرمینی دایکی کارەکتەری سەرەکی ئەوکات دووگیان بووەو کارەکتەری سەرەکی لەسك دابووە، دواتر کارەکتەری سەرەکی لەدایك دەبێ و گەورە دەبێ، پاشان نازێی کچی پلکی دەخوازێت و بێگەرد و دڵپاکیان دەبێ. ئیتر کارەکتەری سەرەکی دەیەوێت بەدوای چارەنوسی باوك و برا و مەفتەنی خۆیدا بگەڕێت، کەهیچیان دەربارەی نازانێ و دایکی تا ئێستا هیچی بۆ باس نەکردووە، تا ڕۆژێکیان دایکی هەموو نهێنییەکانی بۆ کارەکتەری سەرەکی دەدرکێنێ بەوەی کە عەلی برایان بردووەو نەگەڕاوەتەوە، باوکیشیان دارکاری کردووە هەر بەئازاری ئەو دارکارییە مردووە، بەڵام ئەو کات لەبەرئەوەی تەنیا ئافرەت و منداڵ و بەساڵاچوان لەگوند مابوونەوە، بۆیە کەس نەیتوانیوە لەمەراسیمی بەخاك سپاردندا هاریکاری بکات، تا خۆی بەتەنیا تەرمی باوکی کارەکتەری سەرەکی لە حەوشەیماڵەکەیاندا ناشتووە، شەوێك هەلیکۆپتەرێکی ڕەش دێت و دوو پیاو تێیدا دادەبەزن و تەرمەکە دەبەن و شمشاڵ و کاغەز و سبیلێکی جگەرە خواردن لەناو گۆڕی باوکی بەجێدەمێنێت، تائێستاشی لەگەڵ دابێت نازانێ تەرمی باوکی کارەکتەری سەرەکییان بۆکوێ ڕاپێچ کرد. دواتر کارەکتەری سەرەکی هەوڵ دەدات لەڕێگەی ئەو شتانەی، کە لەدوای باوکی جێماون سەرەداوێکی لەبارەی چارەنووسی باوکییەوە دەست بکەوێت، بەتایبەتی کاغەزەکە، چونکە کۆمەڵێ نووسین و هێما و هێلکاری تێدا نوسرابوو، بەڵام کارەکتەری سەرەکی بەخۆی هیچی تێنەدەگەیشت، بۆیە بڕیاری دا بیباتە لای شوێنەوار ناسان و مێژووناسان، بەڵام ئەوانیش هیچی تێنەگەیشتن دواتر کاغەزەکەی نارد بۆ مۆزەخانەی پاریس تا زانیارییەکی دەست بکەوێت، بەڵام ئەوانیش وتیان لەوانەیە ئەو هێمایانە نەخشەی شارێك بێت کەتا ئێستا بوونی نییە… دوای ئەوەی کارەکتەری سەرەکی لەو بینەوبەردەیە بێئومێد دەبێ، بڕیار دەدات خۆی سەردانی زێدی باب و باپیرانی بکاتەوە، لەڕێگادا لەگەڵ کوڕێك یەکتر دەناسن، ئەگەرچی سەرەتا

هەڵسوکەوتی کوڕەکەی بەدل ً نابێ، بەڵام دواتر ئەو کوڕە یارمەتی دەدات تا دەیباتە هوتێل ئیتر لەوێ خواحافیزی لێدەکات و پێی دەڵێت کەقوتابییە لەفلان شوێن. کارەکتەری سەرەکی ماوەی چەند ڕۆژێك خەریکی گەڕان دەبێت، بەڵام هیچ ئاکامێکی نابێت، بۆیە بڕیار دەدات بچێتە لای ئەو کوڕەی کە لەڕێگادا ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا کرد، بەڵام کەسەردانی ئەو شوێنە دەکات کە کوڕەکە تێیدا دەخوێند، گوێبیستی هەواڵێکی ناخۆش دەبێت ئەویش ئەوەیە کە ئەو کوڕە خۆی کوشتووە، کاتێ کارەکتەری سەرەکی دەیەوێت بزانێ بۆ خۆی کوشتووە ئەوان تەرمی کوڕەکە دەدەن بەئەو، ئیتر کارەکتەری سەرەکی بەیەکجاری تووشی نائومێدی دەبێت و نازانێ ئەو تەرمە بۆ کوێ ببات، بۆیە بۆ شارەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام لەڕێگادا نامەیەك لەگیرفانی کوڕەکە دەدۆزێتەوەو بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو کوڕە مەمی کوڕی عەلی برای کارەکتەری سەرەکییەو ئەویش هەموو تەمەنی بەدوای سۆراغی داپیری و کەس و کاریدا خەریك کردووە، بەڵام کاتێك بێ ئومێد دەبێ بڕیار دەدات کۆتایی بەژیانی خۆی بهێنێت.

٦ـ **خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان:** ئەم ڕۆمانە دواهەمین ڕۆمانی سەلاح عومەرەو چل و دوو بەش لەخۆ دەگرێت، هەر بەشێکیش جگە لەو ژمارەی بۆی دانراوە، ئەگینا هیچ ناونیشانێکی بەســـەرەوە نییە. بەڵام بەشەکانیش جـارجــارە بەهۆی هێمای *** بۆ بەشی بــچوکتر جیاکراونەتەوە.

ڕۆمانی (خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان) باس لەدیاردەیەکی باوی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، کە بەکارهێنانی ئافرەتە لەکلیپ کردنی گۆرانی و دەیبەستێتەوە بەکارەساتێکی نەتەوەیی گەلەکەمان ئەویش پرۆسەی ئەنفالە. کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە کوڕێکی شاری هەڵەبجەیەو بەنیازی کلیپ کردن بۆ یەکێك لەگۆرانییەکانی لەڕێگەی هاوڕێیەکیەوە دەنێردرێت بۆیەکێك لەوڵاتە عەرەبییەکانی وەکو میسر بەنیازی دیتن و ناسینی ئەو ئافرەتە سەماکەرەی کەبڕیار وایە بەشداربێت لەکلیپی گۆرانییەکەیدا. ئەم ئافرەتە نازناوی (**نەجوا**)یەو یەکێکە لەسەماکەرانی یانەیەکی شەوانەو هەرشەوەی سەعاتێك لەیانەکەی نمایشی سەما دەکات. نەجوا بەڕەچەلەك کوردەو بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفالەوە پەراگەندەی وڵاتی میسر دەبێت و لەوێ وەکو کچە کوردەکانی تر تووشی داوی سەماکردن و لەشفرۆشی دەبێت.

نەجوا کچی ژنێك بووە، کە هەر لەسەرەتاوە تێکەڵ بەژیانی ناپاکی بووە، بێگومان هۆکاری ئەو ناپاکییەشی جوانییەکەی بووە. ئەم ژیانە پیسەی دایکی سەرەتایەك بووە بۆ نەهامەتییەکانی نەجوا و براکەی. ئەگەرچی نەجوا هەر لەسەرەتاوە دژی ئەم جۆرە ژیانە بووەو ڕەتی کردۆتەوە، بەڵام دوای مردنی دایکی و پشتگیری نەکردنی لەلایەن براکەی ناچار دەبێت بۆ خۆ ڕزگارکردن لەدەردی برسیەتی و بێ جێگایی ڕوو لەدنیای سەماکردن و لەشفرۆشی بکات.

کارەکتەری سەرەکی دوای ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ نەجوادا پەیدا دەکات یەکسەر خۆشەویستی ئەوی لەدڵدا دەچەسپێت، نەجواش هەست بەو خۆشەویستییەی ئەو دەکات و دەزانێت کارەکتەری سەرەکی جیاوازە لەو پیاوە شەهوانییانەی، کە شەوانە سەردانی یانەکە دەکەن لەپێناو بینینی جەستە جوانەکەی، نەجوا دەسگیرانێکی هەبووەو ناوی **بەهزاد** بووە، بەڵام ئەویش دوای پرۆسەی ئەنفال ناتوانێت بەرگەی خەم و ئازار بگرێت و ئەویٚ بەرەو غەریبی جێێدەهێڵێت. نەجوا سەمای کردبووە ئامرازێك بۆ دەرخستنی ئەو ژیانە ناکامەی کەتێی کەوتبوو، بۆیە هەمیشە دەیوست بەسەماکردن ژیاننامەکەی بنوسێتەوە، سەما و جوانییەکەی  کردبووە چەکێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی کە دەیانویست بەهێزی پارەو سامان ژیانی نەجوا و هاو پیشەکانی تێك بدەن.

ڕۆمانەکەش بە خۆکوشتنی نەجوا کۆتایی پیٚ دێت، بەڵام لەڕێگەی یاداشتەکانی ژیانییەوە کە بەرلەمردنی وەسیەتی کردبوو بدرێتە دەستی کارەکتەری سەرەکی، سەرجەم نەهامەتییەکانی ژیانی نەجوا بۆ کارەکتەری سەرەکی ئاشکرا دەبن.

لەبەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا چەند جۆریکی نامۆییمان خستەڕوو، ڕونکردنەوەی پێویستیشمان سەبارەت بەهەریەکێك لەجۆرەکان پێشکەش کرد، لەم بەشەشدا جۆرەکانی نامۆیی لەڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا دەخەینەڕوو، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو جۆرانەی کە پێشوتر خستومانەتەڕوو لە ڕۆمانەکاندا بەدی بکرێن. گرنگترین ئەو جۆرانەی کە لەرۆمانەکانی سەلاح عومەر دەبینرێن ئەمانەن:

**١ـ نامۆیی خـودی؛** نامۆیی خودی بریتییە لەڕەشبینی و بەکەم سەیرکردنی تاك لەبەرامبەر تواناکانی خۆیدا، لەبەجێهێنانی ئەرکەکانیدا. دیارە ئەمەش لەئەنجامی ئەوەیە لەژینگەی دەوروبەری گویٚ بۆ هەست و نەستی نەگیراوە و وەکو کاڵایەك مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

ڕۆمانی وڵاتی تارمایی باس لەناخی کەسێك دەکات کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە، کە چۆن بەپێی بڕیارێکی نادادپەروەری دەسەڵات، تاوانی کوشتنی کەسێکی دەدرێتە پاڵ بەبیٚ ئەوەی کوژراوەکەی دیتبیٚ. ئەم بڕیارە هەڵەیە دواتر لەدەروونی کارەکتەری سەرەکیدا ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوەو دەیخاتە نێو دنیای ڕامان و بیرکردنەوەو تێفکرین، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە بیر لەبڕیارێکی هەڵە بکاتەوە، ئەویش کوشتنی یەکێك لەبەندییەکانی هاوژوورەکەیەتی لەبەندیخانە **((زۆرجار دەهاتە سەرم نیوەشەویٚ بچمە وێژەی یەکێك و تاوانێکی دیکە بخەمە سەر ئەو تاوانەی کە نەمکردووە، وەك نیوەشەوە شوومەکە هەڵکوتمە سەر یەکێك و دەست لەخنخنۆکەی بنێم، ئاشناو ناسیاویٚ بکوژم و لەدواییشدا خۆشم لەکۆڵ کەمەوە))** [٢٣٨]. بێگومان بڕیاردان لەسەر کوشتنی کەسێك و پاشان خۆ لەناوبردن هەروا ئاسان نییە چ جای ئەوکەسە

(١) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، ڕۆمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ـ هەولێر، ل٤١٧.

هاوده‌ردو هاوڕێشت بێت، به‌ڵكو ده‌رهاویشته‌ی ئه‌و حاڵه‌ته‌ ده‌رونییه‌ ناته‌ندروسته‌و ئه‌و ڕاڕاییه‌یه‌، كه‌ ڕۆژگار به‌و ڕۆژه‌ی گه‌یاند. به‌هه‌ر حاڵ بڕیاره‌كه‌ جێبه‌جێ ده‌كات **((ڕۆژێك و دووان و سیان له‌ئاكامی ئه‌م بارودۆخه‌ ده‌روونییه‌ ناله‌باره‌شمدا، نیوه‌شه‌وێكی نه‌ختێ سارد، وه‌ك پڵنگی ته‌نگاوكراو ناچاربووم هه‌ڵكوتمه‌ سه‌ریه‌كێ و دڕندانه‌ په‌نجه‌و نینۆكی له‌ملی گیركه‌م، هه‌تا هه‌ناسه‌ بڕیش نه‌بوو وازم لێ نه‌هێنا، به‌وه‌ ڕانه‌گه‌یشت به‌رگری له‌خۆی بكات، هه‌ر له‌نێو نوێندا، له‌خوێنی ئاڵدا گه‌وزاندم))** [٢٣٩]. ئه‌گه‌ر له‌ڕووی سایكۆلۆژییه‌وه‌ شاوڵ ئاسا به‌ره‌و ناخی كاره‌كته‌ری سه‌ره‌كی شۆڕ ببینه‌وه‌و له‌و كاره‌ نامرۆڤانه‌ی بڕوانین، ده‌بینین كه‌ ده‌سه‌ڵات وایكرد به‌بێ تاوانی بخرێته‌ ناو دنیای تاوان، دواتر ئه‌ویش له‌ڕقان به‌واقیعی خۆی وه‌كو تاوانبار له‌مه‌یدانه‌كه‌دا پیشان بدا. دوای ئه‌نجامدانی ئه‌م تاوانه‌ كاره‌كته‌ری سه‌ره‌كی بۆی ڕوون ده‌بێته‌وه‌، كه‌ ئه‌و كات له‌هه‌موو كاره‌ جوانه‌كانی مرۆڤایه‌تی شۆردراوه‌ته‌وه‌**((ئه‌و كات ویژدانم ببوو به‌ به‌رد و نه‌جولاً، ئاژه‌ڵایه‌تی ویژدانی به‌نج كردبووم، هه‌ست و نه‌ستم مردبوو و له‌مرۆڤایه‌تی شۆرابوومه‌وه‌))** [٢٤٠].

دوای ئه‌وه‌ی كاره‌كته‌ری سه‌ره‌كی كه‌سه‌كه‌ ده‌كوژێت، ئیتر به‌ته‌واوی له‌ده‌وروبه‌ری داده‌بڕێت، ته‌نیا به‌جه‌سته‌ بوونی له‌نێو هاوڕێیه‌ به‌ندییه‌كانیدا مابوو ئه‌گینا له‌ناخه‌وه‌ ته‌نیا بوو.**((ئه‌و هه‌میشه‌ ته‌نیا بوو، ڕۆحی ته‌نیا بوو، هه‌میشه‌ خه‌یاڵ ده‌یبرده‌وه‌))**[٢٤١]، دوای كوشتنی كه‌سه‌كه‌ ئیتر كاره‌كته‌ری سه‌ره‌كی ده‌یویست سۆفی ئاسا بچێته‌ خه‌ڵوه‌ت و به‌ڵكو به‌زیكر كردن خوا له‌و تاوانه‌ی خۆش ببێت، كاره‌كته‌ری سه‌ره‌كی كه‌وتبووه‌ دووڕیانێك هه‌م وه‌كو تاوانبار خۆی ده‌هاته‌ به‌رچاو هه‌میش وه‌كو كه‌سێكی خواپه‌رست، به‌ڵام ئه‌وه‌ی زیاتر ده‌روونی كاره‌كته‌ری سه‌ره‌كی ئازارده‌دا ئه‌وه‌بوو وایده‌زانی دووڕووه‌و ئه‌وانی له‌خشته‌ بردووه‌. كاره‌كته‌ری سه‌ره‌كی هه‌میشه‌ له‌خه‌یاڵی ئه‌وه‌ دابوو، كه‌ هه‌رچی زووتره‌ له‌و دۆزه‌خه‌ ڕزگاری ببێت و ئیتر له‌ده‌ره‌وه‌ هه‌موو كات و ساته‌كانی بۆ خوا په‌رستی و سه‌ردانی ماڵی خواو یارمه‌تی دانی هه‌ژاران ته‌رخان بكات، هه‌روه‌ها ده‌یویست بچێته‌ لای خێزانی ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ به‌بێ تاوان كوشتویه‌تی و پێی بڵێ ئه‌وه‌ هاتووم چیم لێده‌كه‌ی بیكه‌، بێگومان ئه‌و هه‌موو خه‌یاڵه‌ له‌پێناو به‌تاڵكردنه‌وه‌ی ناخی و ڕزگاربوون له‌و تاوانه‌ بوو، كه‌ ئه‌نجامی دابوو.

له‌ڕۆمانی تاریكستانی لمدا، كه‌سه‌ گه‌ڕاوه‌كه‌ی نێو تاریكستانی كۆشكی باشور، كه‌ مه‌به‌ست له‌كاره‌كته‌ری سه‌ره‌كی ئه‌م ڕۆمانه‌یه‌، هه‌موو خه‌یاڵ و بیركردنه‌وه‌كانی گه‌ڕانه‌وه‌بوو بۆ ئه‌و شوێنه‌ی كه‌ زێدی باب و باپیرانییه‌تی و شوێنی بیره‌وه‌ریه‌كانی ڕابردوویه‌تی، ئیتر وایده‌زانی ده‌ستی به‌وێ بگاته‌وه‌ هه‌موو ئازاره‌كان له‌ له‌شی ده‌رده‌چن و به‌دنیای كامه‌رانی شاد ده‌بێته‌وه‌، به‌ڵام هه‌ر له‌یه‌كه‌م هه‌نگاوانی

---

(٢) س. پ، لا٤١.

(٣) هـ. س. پ، لا٤١.

(١) هـ. س. پ، لا٦٥.

لەنێو گۆڕەپانی شار ئەو یۆتۆپیایەی کە ئەو بەخەیاڵ دروستی کردبوو لێی دەبێ بە تراویلکە، ئیتر لەناخیدا بێزاری بەرامبەر بەگۆڕانی هەڵسوکەوتی شار دەردەبڕێت و پێی سەیرە کە کەسە بەندییەکانی ناو تاریکستانی لم زیاتر و باشتر لەخەڵکی شارەکەی ڕێزیان گرتووە **((لەوێ سوێندیان بەسەری دەخوارد، وەك برا گەورەو ڕێ نیشاندەر بۆیان وابوو، لەشەوی زستاندا کاتێ بەدەوریدا کۆ دەبوونەوە دەبووە ئاگردان و گەرم و گوڕی بەجەستەیان دەبەخشی، کەواتە لێرە بۆ دەبێ بەم دەردەی بەرن، نەکەسێ هەبێ ڕوویێکی خۆشی بداتێ و نەکەسێ هەبێ گوێی بۆ شل کا؟))**[٢٤٢].

کارەکتەری سەرەکی وەکو ئادەم پێغەمبەر خۆی دەهاتە بەرچاو، کەچۆن لەگەڵ حەوا لەبەهەشت لەلایەن خوای گەورەوە کرانە دەرەوە **((دەیگوت وەك ئادەم پێغەمبەر خواوەند فڕێی داوەتە نێو تاریکستانێ، ناو دار و دەوەنێکی چڕ و تەنیایی، ئێش و ئازار ، سوتان و عەشق و دووری، دوورە شارێ هاوڕێ و هاودەمی، تاوانی تێ هەڵدراوی خراوەتە ملی ئەو))**[٢٤٣]، ئەگەر بڕوانینە چۆنیەتی حاڵەتی دەرکرانی حەزرەتی ئادەم و حەوا، دەبینین هۆکاری دەرکردنیان خواردنی ئەو بەرە حەرامە بوو، کە لەلایەن خواوە لێیان قەدەغەکرابوو، بۆیە پێشێل کردنی فەرمانەکانی خوا سزای دەرکردنیانی بەدواوە هات لەبەهەشتەوە بەرەو دنیا، کەواتە دنیا شوێنی سزادانی ئەو کەسانەیە، کە سەرپێچییان کردووەو سزا دراون. کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی تاریکستانی لمیش حاڵەتی خۆی دەچوێنێ بەهی ئادەم و حەوا، چونکە ئەویش فڕێدراوەتە شوێنێك شوێنی سزادراوان و تاوانبارانە، کە ئەویش تاریکستانی کۆشکی باشوورە.

کارەکتەری سەرەکی لەناخەوە هەست بەکەمی دەکات لەکۆمەڵێ لایەنەوە، ئەو لایەنانەی کە بۆ هەموو مرۆڤێکی ئاسایی پێویستە دەستەبەر کرابن، لەوانە(شوێن، ژن و منداڵ، ژیانێکی خۆش، کەسێك کە گوێی بۆ بگرێت...) **((ئەوێکی تەنیا و پەککەوتە، شوێنێ نییە تێیدا بحەسێتەوە، ئافرەتێ نییە نازی بکێشێ و منداڵێ نییە بەڕوویدا بخەنێتەوە، بەهاری ژیانی بۆتە زستانێ، بەفر و زریان لوولی داوە، وەك جانەوەر هەمیشە بەدەرەوەیە، کەسێ نییە بیدوێنێ، وەك ئادەمیزاد ناژی، تەنیا بەرد و تەیر و تواڵ دەدوێنێ))**[٢٤٤]. بێگومان هەموو ئەوانەی باسمانکرد لەئەنجامی شاڵاوەکانی ئەنفال* و پەلکێش کردنی

---

(٢) هـ. س. پ، لا ٨٦.

(٣) هـ. س. پ، لا ٩٤.

(١) هـ. س. پ، لا٩٧.

* ئەنفال تاوانێکی دڕندانە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، بریتیە لەو زنجیرە شاڵاوە بەرفراوانەی کەپێکهاتبوو لەهەشت قۆناغی یەك لەدوای یەك، کەڕووبەرێکی بەرفراوانی لەجوگرافیای خاکی کوردستان گرتەوە.پرۆسەی ئەنفال دژ بەکورد لەلایەن بەعسەوە لەساڵی ١٩٧٨ ـ ١٩٨٨ دەستی پێکرد و ئەگەرچی بەر لەم مێژووە لەساڵانی زووتر بوو، بەڵام لەساڵی ١٩٨٨ بەتایبەتی لەمانگی ئادار گەیشتە لوتکە و تاکۆتایی مانگی ئاب درێژەی هەبوو. لەم پرۆسەیەدا جگە لەئەنفالکردنی (١٨٢) هەزار هاووڵاتی و (٨٠٠٠) هەزار بارزانی لەزۆربەی ناوچەی گەرمیان و بادینان، نزیکەی(٤٥٠٠ ـ ٥٠٠٠)گوند و شارۆچکە وێرانکران، بەمەش جگە لەزیانی ماددی و گیانییەکان ژمارەیەکی زۆری بێوەژن، منداڵ و بەساڵاچوان وەکو پاشماوەی ئەنفال مانەوە. سەرچاوە: **یادگار عبدالله علی هەمەوەندی، ڕەهەندە سیاسییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا((لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای سیاسی دا))، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، ٢٠٠٨،**

بەرەو جەنگەڵستانی باشور ڕووباینداوە، سەرەڕای ئەمانەش ژیان لەتاریکستانی لم مردنی ڕۆح دەگەیەنێ، ج جای ژیانێکی درێژ و نەبڕاوە کەهەموو تەمەنی جوانی و گەنجی بەفیڕۆبرد، کەواتە کارەکتەری سەرەکیش وەکو هەزارەها تاکی کورد بۆتە قوربانی شاڵاوەکانی ئەنفال.

کارەکتەری سەرەکی دوای گەڕان و سوڕانێکی زۆر لەپێناو دۆزینەوەی کەس و کاری هیچی دەست نەکەوت، تەنیا هەواڵی نەمانیان نەبێ ئیتر دوای ئەو ماوە درێژە کەسێ نەبوو خەمەکانی بگرێتە باوەش، بەڵام بێزاری کارەکتەری سەرەکی هەرئەوەندە نەبوو کەباسمانکرد، بەڵکو ترسی ئەوەی هەبوو دوای مردنیشی کەسێ نەبێ بینێژێت **((کەمردیشم لاشەم بۆگەن دەکات و کەسێ نییە بمنێژێ. کێ دەزانێ من کێم، بێ کەسێکی وەك من، هەست بریندار و داخ لەدڵێکی لەبیرکراو، مەگەر شارەوانی وەك سەربازێکی نەناسراو گۆڕێکم بۆ هەڵکەنێ))**[245]. لەکۆتاییدا کارەکتەری سەرەکی هەرخۆی ئومێد بەخۆی دەبەخشێتەوەو تاکە ئومێدیشی ئەوەیە شارەوانی شوشتن و کفن و دفن کردنی بگرێتە ئەستۆ، ئەگەرچی ئەوکات بێ ناونیشانی گۆڕەکەی غەریب بوونی لەدوای مردنیشی دەسەلمێنێ و جیای دەکاتەوە لەهەموو مردوانی تر، چونکە دوای ئەو ماوە درێژە کەس نازانێ کێیەو ناوی چییە.

دەروونی کارەکتەری سەرەکی بەندۆل ئاسا لەنێوان دوو جەمسەری دژ بەیەکدا لەجوڵەدا بوو، نەیدەتوانی لەسەر هیچ کامێکیان ئۆقرە بگرێت، (کارەکتەری سەرەکی دوچاری شیزۆفرینیا (**دابەش بوونی کەسێتی**) ببوو، هەندێك جار کەسێکی ژیر و خواپەرست و چاکەخوازبوو، هەندێك جاریش کەسێکی سەرشێت و عارەق خۆر و خراپەکاربوو. ئەم دوو لایەنەی دەروونی بەردەوام لەململانێدابوون. ماوەیەك ئەمیان باڵادەستەو ماوەیەکی تر ئەوی دی)[246]. **((وای لێ هات لەنێو دوو جەمسەری دژ بەیەك دەستەوەستان بوەستێ و نەزانێ کامیان هەڵبژێرێ. لەم لا شێخ و پیاو چاك و مەزارگا و ئایین و خواپەرستی و چاکەخوازی و لەم لاش ڕابواردن و لەزەت و ئافرەتی جوان. هەرجارەی بەلایەکدا دەچوو و نەیدەزانی لەسەر کام جەمسەر لەنگەر بگرێت))**[247]، **((لەژیانی ڕۆژانەیدا وەك دوو کەسی جیاواز هەڵسوکەوتی دەکرد. زۆرجار لەیەك ڕۆژدا هەردووکیان بوو. یا شەو یەکێکیان بوو، بەڕۆژیش ئەوی دی))**[248]. ئەم حاڵەتەی کارەکتەری سەرەکی لەئەنجامی تاوان گەلێکە و کە دەرهەق بەو کراوە **((خراپەکاری ئەم چەند ڕۆژەی ئەم دواییەی، ئەزیەتدانی، ئازارپێگەیاندنی لەلایەن خەڵکەوە، لەلایەن منداڵە**

---

**لا٩٧، هەروەها ئەسرین زرار قادر، ڕۆڵی سەنتەری ئافرەتان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، ٢٠٠٦، لا٦٣**

(١) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، لا ١٠٣.

(٢) محەمەد ئەمین عەبدوڵلا، کارەکتەری سەرەکی لەڕۆمانی کوردی ـ کوردستانی عێراق دا (١٩٩٠ ـ ١٩٩٧)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٠، لا ١٠٣.

(٣) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، لا ١٥٤ ـ ١٥٥

(٤) س. پ، لا ١٨٤.

**وردكەو گەورە دڵڕەقەكانەوە كردبوویان بەدوو كەرتی جیاواز. وەك دوو كەسی جیاواز و لەدوو دنیای جیاوازیشدا دەژیا))**[٢٤٩].

كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك دوای ئەوەی هەموو ئەو شتە بەنرخانەی كە لەدەوروبەری بوون بەجێهێشت و بەرەو ڕێگایەكی نادیار ملی نا، دواتر سەرماو سۆڵەی زستان بەرۆكی گرت و بەفر و سروشتی سپیشی لێ بوو بە دێوەزمە. كارەكتەری سەرەكی كاتێ بیر لەو ڕۆیشتنەی دەكاتەوەو دەزانێ منداڵەكانی بەبێ ناز جێهیشتووە و باوكێك كەلەدوا ساتەكانی تەمەنیدایە، ئیتر ناتوانێ لەسەرەمەرگیدا ئامادەبێت، بۆیە لەعنەت لەژیان دەكات، ئەو ژیانەی كەچارەنووسی ئەوی بەم ڕۆژگارە گەیاند ((**بەئێوارەیەكی شوومی سارد و سایەقە بەرەو نادیار بەڕێ بكەویت، بڕۆیت و دوو منداڵی تەمەن چوار پێنج ساڵی كەبۆنی شیری خاویان لەدەم دێت بەنادیار بسپێرێت، لەگەڵ باوكێكی نەخۆشی پەككەوتە كەماوەی دووساڵ پترە لەسەر جێ ڕاكشاوەو ناجوڵێت، چاوەڕێیە خوا بۆ خۆی بیباتەوە، ئەو باوكەی بەدەم ئازارو ئاه و ناڵەوە شەو دەداتە دەم ڕۆژ و بەتەمای سبەینێ نییە، دكتۆر* و نەخۆشخانە نەما پێی نەكەم، كەچی چاك نەبۆوە، كێ ناڵێت ئا هەر لەم ساتەدا لەسەرەمەرگدا نییە و دوا هەناسە نادات، بەحەسرەتەوە دواماڵئاوایی لەم ژیانە قەحپەیە ناكات؟))**.[٢٥٠]

بێزاری وەكو نیشانەیەك لەنیشانەكانی نامۆیی دەربڕی ناتەواوی بارودۆخی ئەو كەسەیە لەڕووی دەروونییەوە كەتووشی ئەم حاڵەتە هاتووە. كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك باس لەوە دەكات، كە زۆر شت هەبوون لەڕابردوودا جوانی خۆیان هەبوو و وەكو یادەوەری منداڵی لەیادگەی خۆی و هاوڕێكانیدا ماونەتەوە، بەڵام دوای ئەوەی لەزادگەی خۆی بێزار دەبێت و حەزی كۆچكردن لەمێشكی دەچەسپێ، ئیتر هەموو یادەوەری و ڕابردووی ژیانی وەكو مێژوویەكی دووبارەنەبووەوەی لێدێت، كارەكتەری سەرەكی باس لەوە دەكات، كە لەوەرزی زستان ئاوی سۆندەی ماڵان بەهۆی سەرماوە چلورەیان دەركردووە، ئەم دیمەنە وەكو وێنەیەكی جوانی سەردەمی منداڵی لەمێشكی چەسپاوە، یاری شەڕە بەفریش بەهەمان شێوەی باسمانكرد، بەڵام كاتێك ڕێگای كۆچ دەگرێتەبەر و لەناو شاخە سەرسەختەكاندا بەخزمەتی بەفر و چلورە دەگاتەوە، دەبینن ئەو وێنانە جوانی جارانیان نەماوەو لەهەموو جوانییەك داماڵراون ((**جاران ئەوكاتەی هێشتا ئەو نەخۆشییە درمە نەهاتبووە وێزەمان و مەستی نەكردبووین، بەبینینی چلورەی گوێسەبانەكانی بەرماڵان شاگەشكە دەبووم. لەسەیركردنی تێر نەدەبووم. ڕۆژ تا ئێوارە بەسەر بەفرەوە خشخشۆكانێم دەكرد و تۆپەڵە بەفرم كۆ دەكردەوە، بەیانییان زوو، هەركە لەماڵ دەهاتمە دەر دەستم بەشەڕە بەفر و خشخشۆكێی سەر شەختە دەكرد و تەنیا بۆ نان خواردن دەچوومەوە ماڵ، كە منداڵ بووم**

---

(٥) هـ. س. پ، ل١٥٥.

* ڕۆماننووس لەڕۆمانەكانیدا لەبری وشەی (دوكتۆر) وشەی (دكتۆر)ی عەرەبی بەكارهێناوە.

(١) هـ. س. پ، ل ٢٩٩ـ ٣٠٠.

**لەسەر ئەم کارە بەدەیان جار باوکم دارکاریی کردووم، بەڵام ئەوتا ئەمشەو بەفر و شەختەم لێ بوونەتە دوژمنی باوە کوشتە و واهێدی هێدی دەمکوتنەوە))**[٢٥١]. بێگومان ئەوەی وایکردووە، کە هەموو ئەوشتە جوانانە بەهاکانیان لەدەست بدەن ئەو بێزارییەیە کە کارەکتەری سەرەکی بەهۆی ڕێگا سەخت و دژوارەکەی کۆچکردنەوە تووشی هاتووە.

لەکۆتایی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کۆچ ببووە دیاردەیەکی نائاسایی و توێژی گەنجان بەلێشاو ڕوویان لەهەندەران دەکرد، دیارە ئەمەش هەروا بەبێ هۆکار نەبووە، بەڵکو لەئەنجامی خراپی گوزەرانی خەڵك و نەبوونی هێمنی و ئاسایش بووە. جا هۆکاری ئەم بارودۆخە حکومەتی بەعس بوو بێت یان شەڕی ناوەخۆ، دوای شەڕی ناوەخۆش بارودۆخی کوردستان بەگشتی تێکچوو، دەسەڵات بوو بە هێزێك ئەوەندەی خەریکی چەپاندنی ئینسانەکان بوو ئەوەندە ئامرازێك نەبووە بۆ پاراستنیان[٢٥٢].

لەبەرئەوەی ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك ڕاستەوخۆ پێوەندی بەدیاردەی کۆچکردنەوە هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر وشەی کۆچ بوەستین و هەندێ پێناسەش بۆ دیاردەی کۆچ بهێنینەوە. ئاشکرایە پێناسەی کۆچ و کۆچکردن زۆرەو لەژمارە نایەت بەهۆی جیاوازی ئەو هۆکارانەی کە کەسە کۆچ کەرەکەیان هانداوە بۆ کۆچکردن.((مەبەست لەم زاراوەیە ڕۆیشتنی دانیشتوانە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لەپێناو گۆڕینی ناوچەی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان، لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو ئەم کۆچە لەچوارچێوەی سنووری وڵاتدا ڕوویدا ئەوا پێی دەوترێت کۆچی ناوخۆیی، بەڵام ئەگەر گواستنەوەکە بەتێپەڕاندنی سنوری ڕامیاری وڵات بوو لەم کاتەدا پـێی دەوترێت کۆچـی دەرەکی یـان کۆچـی نێودەوڵەتی))[٢٥٣]. ئەو پێناسەیەی زیاتر مەبەستی ئێمە دەپێکێ و زۆرتر لەهۆکاری جێهێشتنی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی دوانامەی دێوەریەکەوە نزیکە ئەو پێناسەیەیە کە دەڵێت، ((کۆچ تێپەڕاندنی سنووری ڕامیاری وڵاتەو مەبەستیش نیشتەجێبوونی کۆچبەرە بۆ هەتاهەتایی لەو وڵاتەی کەکۆچی بۆ دەکات، فاکتەرەکانی کۆچکردنیش ئەشێ ڕووداوی سروشتی بێت یان شەڕ یان بارودۆخی سیاسی و زۆرلێکردن و ڕاگواستن یان گەڕان بەدوای ئاستێکی بژێوی باشتردا بۆ ژیان))[٢٥٤]. ئەو پێناسەیە زیاتر گشتگیرترەو هۆکار گەلێکی هێناوەتەوە بۆ دیاردەی کۆچکردن.

ڕۆماننووسیش هەوڵیداوە لەڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەکدا مەسەلەی کۆچ بوروژێنێت، هەروەها باس لەحاڵەتی دەروونی ئەو کەسانەش بکات کە کۆچ دەکەن، بەڕای ڕۆماننووس کەسی کۆچکەر ئەو کەسەیە کە لەژیان تۆراوەو لای بۆتە هیچ، بۆیە ئەگەر لەڕێگای کۆچەکەیان هەرچیشیان بەسەربێت پێیان ئاساییە **((ئەو**

---

(٢) هـ. س. پ، لا ٣٠٥.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئلرلس فەتاح، سازدانی شوان ئەحمەد، چەمکی ململانێ، بڵاوکراوەی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج ـ سلێمانی، ٢٠٠٧، لا٥٦ـ٥٧.

(٢) کوردستان عومەر محەمەد، خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی کۆچبەرانی کورد لەوڵاتانی ئەوروپا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨، لا١١.

(٣) شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروثولوجيا، مطبعة جامعة الكويت، طبعة الاولى، ١٩٨١، ص٣٠٠.

**مرۆڤانەی لەژیان تۆراون و بۆهەمیشە کۆچ دەکەن کۆچ دەکەن، خۆ لەدار و بەرد دەدەن، لەئاگر ناگەڕێنەوە))**[255]. لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی کە ملی ڕێگایان گرتبووە بەر، تاکە شت کە ئارامی بەژیانی هەموو ئەو کۆچکەرانە دەبەخشی، ئەو باڵندانە بوون کە جارجارە دەهاتن و ماوەیەك بەسەرسەریانەوە دەسوڕانەوە، چونکە ئەو باڵندانە تاکە شتێکی زیندوو لەماوەی ئەو چەند ڕۆژە بینیبێتیان، بۆیە ئەوان باڵندەکانیان کردبووە هاوخەم و هاوسەفەری یەکتر **((کەسەیری ئاسمانم دەکرد ئەو باڵندانەم بەسەر شانی خۆمەوە دەبینی، هەستم دەکرد تەنیا نیم کە لەهەورازێکدا لەناو بەفر و تاریکی گیرم خواردبێ، بەلآم بەڕۆیشتنی ئەوان ڕۆحم چۆڵتر بووەو هەست ناکەم مرۆڤێکم خوێن بە لەشمدا دەگەڕێت، یان قاچم هەیەو هەنگاو دەنێم، دوو چاوم هەیەو دەورووبەرمی پێ دەپشکنم... یان لووتم هەیەو بۆنی پێدەکەم، بەزمان تامی خواردن دەکەم، بەسییەکانم هەوا هەڵدەمژم جا کوا چی ببینم و چی تام بکەم و چی بۆن بکەم..؟))**[256].
کەواتە ڕۆیشتن و دورکەوتنەوەی باڵندەکان مایەی بێزاری و تێکچونی بارودۆخی کارەکتەری سەرەکی و هاوڕێکانی بووە **((لێرە لەم ناوە بمانایە ئێستا بارودۆخی دەروونیمان بەشێوەیەکی دیی دەبوو...))**[257].

ڕۆمانی جەنگ وەك لەپێشوتر پوختەکەیمان خستەڕوو، باس لەنەهامەتییەکانی خێزانێکی کورد دەکات لەدەورووبەری ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا ، بێگومان هۆکاری ئەم مەینەتییەش پیاوانی جەندرمەی تورکی بووینە، کەپۆلیسی تورکییە. زۆربەی ڕۆمانەکانی سەلآح عومەر لەچوارچێوەی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەلآتی دەسوڕێتەوە، کۆمەڵگەی کوردیش وەکو بەشێك لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەلآتی هەڵگری زۆر یان بەشێك لەو خەسڵەتانەیە، کە کۆمەڵگەیان بەرەو داخراوی و چەقبەستویی بردووە، بەهۆی باڵادەست بوونی (کلتور و سیاسەت و بیرە دۆگماکان...تاد). دەسەلآتی ڕۆژهەلآتی دەسەلآتێکە لەبەرئەوەی بەدەنگی خەڵك نەهاتۆتە ئەم پلەیە، بۆیە کەم دەتوانێت گوزارشت لەڕای زۆرینەی خەڵك بکات، نەك هەر ئەمەش، بەڵکو پشت ئەستور بەئایین و کلتوور هەردەم خەریکی سەپاندنی بیرە دۆگماکان و چەپاندنی مرۆڤەکانە. دەسەلآتی ڕۆژهەلآتی هەردەم خەریکی کڕینی عەقڵی مرۆڤەکانە و دەیەوێت وا لەمرۆڤ بکات ببێت بەئامێرێك تا بتوانێت بە پێی خواست و بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاڕاستەی بکات. سەلآح عومەر یش لەڕۆمانی جەنگدا هەوڵیداوە لەنێو جیهانی ڕۆماندا باس لەدیکتاتۆریەتی دەسەلآتی تورك بکات کەچۆن ژیانی خەڵك و خێزانە کوردەکانیان بەرەو کەنارەکانی ترس و برسیەتی و ناخۆشی و ئاوارەیی بردووە. کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی جەنگ هەر کە چاوی بەدنیا هەڵدێنێ تووشی کۆمەڵێ پرسیاری پڕ گومان دەبێت لەبارەی ئەوەی کێ باوکییەتی، لەکوێیە، بۆ لەئێستادا بوونی نییە، ئەگەر نەماوە گۆڕەکەی

---

(١) سەلآح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، ل٣٤٨.

(٢) س. پ، ل ٣٦٧.

(٣) هـ. س. پ .

لەکوێیە، کێ کوشتویەتی، بۆ کوژراوە...تاد، لەهەموو حاڵەتەکاندا شتێك بەرجەستە دەبێت ئەویش نائامادەیی باوکە، کەواتە دەبێ لێرەوە بچینە دنیای ناوەوەی کارەکتەری سەرەکی و بڕوانینە حاڵەتی دەروونی کەسێك کەبێ سۆزی باوك ژیاوە. باوك یەکێکە لەئەستوندەکانی ژیانی مرۆڤ هەر لەقۆناغی کۆرپەییەوە تا مندالێ و هەرزەکاری و پێگەیشتن و پیری. باوك شان بەشانی دایك سەرچاوەی پێدانی سۆز و خۆشەویستییە بۆ منداڵەکان، بەڵام کاتێك باوك لەگۆڕەپانەکەدا ئامادە نابێ ئیتر لەوێوە ژیانی منداڵ ڕووەو هەڵدێر دەچێت. کارەکتەری سەرەکیش کاتێ هەست دەکات باوکی بوونی نییە، بۆیە دەروونی بەرەو بێزاری و دڵتەنگی دەچێت **((ئاخر چۆن وا کفتی دڵم دادەمرکێتەوە، چۆن بەم شێوەیە ئاسوودە دەبم، وێنەکەیشم نەبینیوە تا بەخەیاڵ بیهێنمە بەرچاوم و بیدوێنم و دەردی دڵی خۆمی بۆ هەڵڕێژم، باسی ئەوەی بۆ بکەم چۆن لەنازی باوکایەتی بێ بەش بووم و کەسێ نەبوو دەست بەسەرمدا بهێنێ و نازم بکێشێ، وەك منداڵانی دی دەستم بگرێ و بۆ بازاڕم ببات، بەجادە و شەقامەکاندا بمسووڕێنێتەوە، جلوبەرگی جوانم بۆ بکڕێ، یا بمباتە یاریگای منداڵان و سواری شەمەندەفەر و چەرخوفەلەك و جۆلانەکانم بکات ئینجا وەك باوکی خەڵکی ، شەوان لەتەك خۆیدا بمنوێنێ و لەکاتی نانخواردندا لەتەنیشت خۆیم دانێ))**[٢٥٨].

کارەکتەری سەرەکی گرێی دەروونی خۆی دەکاتەوەو سەرجەم حەزوخولیاکانی لەنائامادەیی باوکدا دەردەبڕێت، ئەگەرچی دەشزانێت بەنەبوونی باوك زۆربەی ئەو حەزانە لەگۆڕ دەنرێن. دایکی کارەکتەری سەرەکی هەولێداوە هەروەك چۆن دایکە ئەوهاش باوك بێت و کارەکانی باوکیش بگرێتە ئەستۆ **((ئەگەرچی دایکم درێغی لەپەروەردەکرن و ناز کێشانم نەکردووە، بەڵام ئەوێکی بێ کەسی هەژار، کەڕۆژ تا ئێوارە لەماڵان بەخزمەتکردنی خەڵك و جلشۆرین و نانکردنەوە خەریك بوو، بواری نەبوو و نەیدەتوانی ئەم جێ و ئەو جێیم پێ بکات))**[٢٥٩]. کەواتە لەبەر سێ حاڵەت دایکی سەرکەوتوو نابێت:

١. هەریەکە لەدایك و باوك ئەرك و وەزیفەی خۆی هەیە، بۆیە زەحمەتە یەکێکیان بتوانێت کاری ئەوی تر ڕاپەڕێنێت.

٢. دایکی کارەکتەری سەرەکی بەهۆی ئەو ژیانە نالەبارەی تێی کەوتبوو، بۆیە ئەوەندە لەخەریکی پەیداکردنی لوقمەنانی ژیان بوو ئەوندە بەتەنگ ناز و هەستی کارەکتەری سەرەکی دا نەدەچوو.

٣. ناتەواوی بارودۆخی دەروونی دایکی کارەکتەری سەرەکی بەهۆی شاردنەوەی ئەو نهێنییانەی کە پەیوەندییان بەکارەکتەری سەرەکییەوە هەیەو زەمانێکە لێی شاردۆتەوە.

مرۆڤ کاتێ دەکەوێتە نێو دنیای ئەو پرسیارانەی کە وەڵامەکانیان زەحمەتە یان نییە، ئەوا تووشی حاڵەتێکی دەروونی ناخۆش دەبێت، چ جای ئەو پرسیارانەش کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەخودی


---

(١) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، لا ٤٠٥ ، ٤٠٦.

(٢) س. پ، لا ٤٠٦.

کەسەکەوە هەبێت. کۆمەڵێ پرسیار هەبوون بەرۆکی کارەکتەری سەرەکییان گرتبوو و ئەویان بەدنیای ڕامان و گومان و ڕاڕایی بردبوو، لەوەی کە باوکی چۆن پیاوێك بووە، هەڵسوکەوتی چۆن بووە، کێ خزمی بووە، هەژار بووە یان دەوڵەمەند... ئەم پرسیارانە کارەکتەری سەرەکییان خستبووە ناو گێژەڵوکەی خەیاڵ و بیرکردنەوە **((ئەمانە کۆمەڵێ پرسیاربوون و بەردەوام بیرم لێیان دەکردەوەو بەردەوام وەك گێژاوێکی هاروهاج لەناو خۆیاندا لوولیان دەدام، دەیان بردمە دوورترین شوێنی دەریا، شەوان لەناو نوێندا گینگڵیان پێدەدام، دەهاتنە وێزەم و ئەزیەتیان دەدام، دەرمانێ نەبوو ببێتە مەرهەمی برینەکانم، لەدەستیان ڕزگارم کات، مەشخەڵ و کوورەی ئاگرەکەیان لەناخم دابمرکێنێتەوە))**[٢٦٠].

ڕاستە پرسیارەکان ژیانی کارەکتەری سەرەکییان بەدنیای گومان و بێزاری سپاردبوو، بەڵام هەرگیز بێزاری کارەکتەری سەرەکی نەگەیشتە ئەو ڕاددەیەی کاتێ نازێی هاوسەری دەبێتە قوربانی دەستی گوللەی دوو کەسی بێ ویژدان، ئەو گوللەیەی کەژیانی کارەکتەری سەرەکی بەتەواوی لەدنیای خۆشی و کامەرانی دورخستەوە، ئیتر دوای ئەوە کارەکتەری سەرەکی تەنیا لەناو ناخیدا دەژییێت و پێوەندی بەدنیای دەرەوە نامێنێت و کەنارگیر دەبێت، ناخی دەکاتە دنیایەك کەتەنیا خۆی دانیشتوی بێت و کەسی تر **((ئەگەرچی پرسیارەکان، نهێنییەکانی ژیانی دایکم جارجارە گۆشەگیریان دەکردم و دەیانکردمە کەسێ بۆ دۆزینەوەو لێکدانەوەی تەلیسمەکان، بەڵام قەتاوقەت نەدەگەیشتمە ئەو بارودۆخەی نازێی تێدا مرد، ماوەیەکی زۆر خەمبار و ودەروون داتەپیو بووم، وام لێهات دەرگا لەسەر خۆم دابخەم و لەتاریکیدا بژیم، ڕقم لەگڵۆپ داگیرساندن و ڕووناکی بێ و ببمە هاوڕێی و لەمە چێتران، ڕەنگی تەلخم خۆش بوێ و لەگەڵ بۆشایی و هیچ بدوێم، دواجاریش مردنی نازێ نەخۆشی خستم و کەوتمە نەخۆشخانە و چەند مانگێ لەپایتەخت لەم دکتۆر و لەو دکتۆر گەڕام، لەهاوڕێ و زەماوەند و دەوروبەر دابڕام و پشتم لەدنیا کرد))**[٢٦١]، واتە کارەکتەری سەرەکی دوای مردنی نازێ دورەپەرێز و گۆشەگیر دەبێت، گۆشەگیریش نیشانەیەکە لەنیشانەکانی نامۆیی.




وێنەی (٧)

---

(١) هـ. س. پ، لا ٤٠٧.

(١) هـ. س. پ، لا ٤٦٣.

باروودۆخی کارەکتەری سەرەکی بەر لەمردن و دوای مردنی نازێ

هەنێکجار مرۆڤ دوای مردنی باوکی یان یەکێك لەئەندامانی خێزانی تووشی غەمباری دەبێت و غەم لەماڵەکەیدا بۆ ماوەیەك بەمیوانی دەمێنێتەوە، بەڵام یەکێك لەگرنگترین ئەو بەخشینانەی کەخوای گەورە بەمرۆڤی بەخشیوە لەبیرچون(نسیان)ە. واتە لەبیرچون وادەکات مرۆڤ ئیتر دوای مردنی ئازیزێکی بەیەکجاری دەستبەرداری ژیان نەبێت و درێژە بەژیان بدات. کارەکتەری سەرەکی لەگەڵ چاوهەڵهێنانی بۆ ژیان بەهادارترین شتی لێ ونە کەباوکییەتی، لەگەڵ ئەوەی قەناعەت بەوە دەکات کەباوکی نەماوە، بەڵام تاکە شت ئازاری دەدات ئەوەیە، کە گۆڕی باوکی نادیارەو نازانێ باوکی لەکامە بستەخاکی ئەم جیهانە نێژراوە. گۆڕ یاخود گۆڕستان تاکە سەرچاوەی بەیەکگەیشتن و نوێکردنەوەی پەیمانی خۆشەویستی زیندوو بۆمردووەکانە، گۆڕ لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بۆتە سروتێك و پیرۆزیی تایبەتیی خۆی هەیە، بۆیە خەڵك بەهیچ شێوەیەك ڕێگا نادەن دەستکاری گۆڕی مردووەکانیان بکرێت. کارەکتەری سەرەکیش ئاواتەخوازبووە گۆڕێك هەبوایەو تەرمی باوکی لەئامێز بگرتایە، ئینجا ئەویش دەیتوانی سەری لێبدات و لەسەر گۆڕەکەی دابنیشێت و بۆ باوکێك بلاوێتەوە کە بەر لە لەدایك بوونی ئەو نەماوە **((چۆن دەبێ مرۆڤ بێ گۆڕ و نیشتمان بێ و ناوونیشانی نەبێ، کەسێ نییە لەم دنیایە گۆڕستانی بۆ مردووەکانی خۆی نەبێ، ئێمەش بەهەمان شێوە، ئەوەی مرۆڤ پتر بەخاکەوە دەبەستێتەوە گۆڕە، بۆیە کەسوکاری مردوو گۆڕی بۆ لەشوێنێ دیاری دەکەن و ئینجا دوو کێل و هەندێ خۆڵ و چەند وشەیەك لەسەر کێلەکانی دەنووسن و ئەمانە دەبنە شوێنەوار و ناوونیشان و بۆ هەمیشە مردووەکەی تێدا دەخەوێ، کەسوکاریش تاماوەیەکی دوور و درێژ سەری لێ نابڕن))**[1]. ئیتر نەهەبوونی باوك بەزیندوویی و نەهەبوونی شوێنێك کەببێتە مەزارگەی وایکردووە بۆشاییەك لەدەروونی کارەکتەری سەرەکی دروست ببێت و کاریگەریی لەسەر خودیشی هەبێت.

ڕۆمانی جەنگ باس لەنەهامەتییەکانی کۆمەڵێك کەس دەکات، یەکێك لەو کەسانەی کە لەو نەهامەتیانە پشکی خۆی بەردەکەوێت مەمی کوڕی عەلی برای کارەکتەری سەرەکییە. مەم دوای ئەوەی لەدایك دەبێت و بەلەدایکبوونی ئەو دایکی دەبێتە قوربانی، ئیتر ئیسماعیلی باپیری دەیگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئیسماعیلیش بەکۆچی ناوادەی کچەکەی کۆستی دەکەوێت و بەرەبەرە دەپوکێتەوە تا بەم دەردە سەر دەنێتەوە، ئیتر لەوێوە ژیانی کولەمەرگی و تەنیایی مەم دەست پێدەکات. بەڵام ئیسماعیل بەر لەمردنی باسی هەموو کەسوکاری بۆ مەم کردووە، لەوانە (عەلی باوکی، باپیری واتە باوکی عەلی، داپیری کەسکی هەبووە...تاد) بۆیە مەم هەمیشە وێڵ بوو بەدوای چارەنووسی ئەوان و دەیویست بزانێت چییان بەسەرهاتووە، بەڵام دوای ئەوەی هیچ زانیارییەکی دەربارەیان دەست ناکەوێت ئیتر لەڕووی دەروونییەوە

(١) هـ. س. پ، لا ٤٨٦.

دەڕوخێت و ئیرادەی لەدەست دەدات و ژیانی لا دەبێتە شتێکی خاڵی لەئیرۆسییەت، بۆیە بڕیاری خۆکوشتن دەدات ((**بۆ داپیرەم کەنەمدیوە و ماوەیەکی زۆرە بەدوایدا دەگەڕێم، بۆ مامم کە ئەوکاتەی باوکمیان گرت و شوون بزریان کرد، ئەو هێشتا لەدایك نەبیوو... بۆ پوورم کەنازانم ناوی چییە و ئێستا لەکوێ دەژی، بەڵام ڕەنگە لەدایك بووبێ. دەستتان ماچ دەکەم و هەواڵتان دەپرسم. سڵاوتان لی ‌بێ و لەهەمان کاتدا ماڵئاواییتان لێ دەکەم**))[٢٦٣].کە دەڵێ ماڵئاواییتان لێدەکەم، مانای وایە مەم بڕیاری ئەوەی داوە، ئیتر دەست لەو ژیانە هەڵبگرێت و خۆی بکوژێت. ((**کەنەزانم باوکم لەکوێیە. ماوە یان نەماوە، کەنەزانم ئێوەش کەوتونەتە کوێ. بۆچی بژیم. دنیا هێندە ناهێنێ بۆی بژیم، کەمرۆڤێك نەزانێ ڕەگوڕیشەی لەکوێ داکوتێ و نەزانێ باوکی کێیە، خزم و کەسوکاری لەکوێن، مام و پوور و داپیرەی لەکام وڵات دەژین، چۆن تام لەژیان دەکات، چۆن ژیانی لێ نابێتە دۆزەخ. کەنەزانم لەکام بستە خاك ڕەگوڕیشە داکوتم و کەسم نەبێ، کەباوەشێکی گەرم نەبێ وەك باوەشی ئێوە، ئەو لاشە سست و خاوەم لەباوەش بگرێ، ژیرم کاتەوە... وەك منداڵێ ڕامژەنێ. باسەر بەخاکوخۆڵی گۆڕەکەم بکەم باشترە**))[٢٦٤].

((**سڵاو لەڕۆحی باپیرە گەورەم... لەداپیرەم**

**لەباپیرە ئیسماعیل، لەدایکم...**

**ماڵئاوا... ماڵئاوا... بەخوام سپاردن**))[٢٦٥]. ئەمانە هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئیتر تەواو مەم هیچ ئومێدێکی بەژیان نەماوە، بە نەمانی ئومێدیش تواناکانیشی لەدەست دەدات، کەواتە ئەم قسانەی مەم خاڵی کۆتایی مەمە لەململانێکردنی لەگەڵ ژیان.

ڕۆمانی خانمی شەوە ئەرخەوانییەکانی سەلاح عومەرەو باس لەنەهامەتییەکانی کچێکی کورد دەکات کەنازناوی نەجوایە، کەبەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفالەوە ڕەهەندەی ئاوارەیی دەبێت و لەوێ لەبێکەسیدا بۆ درێژەدان بەو ژیانەی کەتێی کەوتبوو دەست دەداتە پیشەی سەماکردن و لەشفرۆشی، لەبەرئەوەی لەم ڕۆمانەدا کێشەی لەشفرۆشی وروژێندراوە، بۆیە پێویستە لەسەری بوەستین و هەڵوەستەی لەسەر بکەین. ((لەشفرۆشی بریتییە لەپەیوەندی سێکسی لەبەرامبەر پارە، یان بریتییە لەکرداری سێکسی نێوان ژنێك و پیاوێك بۆ دابینکردنی پێویستییە سێکسییەکانی پیاو و پێویستییە ئابورییەکانی ژن))[٢٦٦]. دیاردەی سەماکردن و لەشفرۆشی تایبەت نییە بەنەتەوەو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، بەڵکو دیاردەیەکی بڵاوی نێو کۆمەڵگە جیاوازەکانەو زیاتریش لەو وڵاتانەدا دەردەکەوێت کەهەژاری هێرشی بۆ هێناون، بەڵام لەگەڵ

---

(٢) هـ. س. پ، لا ٥٢٠.

(٣) هـ. س. پ، لا ٥٢١.

(١) هـ. س. پ، لا ٥٢٢.

(٢) ئەسرین زرار قادر، ڕۆڵی سەنتەری ئافرەتان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان، لا٦٤.

ئەوەشدا ناتوانین هەژاری بەتەنیا هۆکار دابنێین، بەڵکو کۆمەڵێ هۆکاری تریش هەن کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی ئەم دیاردانە هەیە، لەوانە:(**هۆکاری سیاسی، لیکترازانی خێزان، نەبوونی پەروەردەو پێگەیاندن، نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی ئافرەتان، ئارەزوومەندی و پاڵنەری فسیۆلۆژی**). ئەو هۆکارەی کە ڕیگەخۆشکەربوو بۆ ئەوەی وەچەرخانێك لەژیانی نەجوا دا ڕوودات و بەدنیای ناپاکی بسپێرێت هۆکاری سیاسی بوو، کەوایکرد خێزانەکەی بەرەو لێکترازان بچێت، بەڵام دواتر هۆکاری تریش دێتە نێو مەیدانەکە و دەبێتە پاڵنەر بۆ ئەوەی نەجوا درێژە بەم ژیانە بدات ئەویش هۆکاری ئابوورییە.

نەجوا دوای ئەوەی تێکەڵ بەدنیای سەما و لەشفرۆشی دەبێت، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئالودەی پیشەکەی دەبێت، بەڵام ئەوەی زیاتر نەجوا بێزار دەکات هەڵەیی پێشبینییەکانیەتی سەبارەت بەژیانی خۆی دوای تێکەڵ بوونی بەدنیای سەماکردن و لەشفرۆشی ((**دەمویست بە سەماکردن لەفیردەوسی بەختەوەری نزیك بکەومەوە، ئەگەرچی منی پتر لەبەدبەختی نزیك کردۆتەوە نەك بەختەوەری، بەڵام تازە چی بکەم، ئەمە قەدەرێکەو تێی ئاڵاوم، دەبێ تا دوا مەنزڵگا ڕایکێشم**))(٢٦٧)، واتە سەماکردن لەبری ئەوەی سەرچاوەیەك بێت بۆ کامەرانی، دەبێتە دەرگایەك بۆ دنیای بەدبەختی. دوای ئەوەی کارەکتەری سەرەکی نەجوا دەناسێت ئیتر کارەکتەری سەرەکی دەبێتە کەسێك، کەبۆ هەمیشەو بەچڕی چاودێری ژیانی نەجوا دەکات، تەنیا ئەمیش درك بە ئازارەکانی ئەو دەکات، کارەکتەری سەرەکی دەزانێت ڕۆژێك لە ڕۆژان نەجوا بۆتە قوربانیی کەسێکی شەهوانی، بەڵام نەجوا دەیەوێت بەرگە بگرێت و هەموو خەمەکانی بەڕوخساریەوە دیار نەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆتە کەسێك کە هەمیشە بەدوو ڕوخساری جیاواز دەردەکەوێت، تاوێ دڵخۆشەو تاوێکیش خەمناك، ((**...کردوویەتی بەو نەجوایەی کە لەناوەوە خوێناو بخواتەوەو لەدەرەوەش شادبێ، لەناوەوە شتێ بێ و لەدەرەوە شتێکی دیکە**))(٢٦٨).

نەجوا لەوەتەی هەست دەکات، کە کێیە تووشی خود ڕوخان بووە، چونکە نازانێ لەچ بنەچەیەکەو کێ باوکیەتی و خەڵکی کام شوێنن، ئەمەش تووشی حاڵەتێکی دەروونی یەکجار خراپی کردووە، لەلایەکی تر نەبوونی باوك واتە نەبوونی سەرچاوەیەکی سۆزپێدەر و نازبەخشین، سەرچاوەیەك کەئارامی بەدڵ و دەروونی ببەخشێت ((**باوکم نازانم کێیەو نازانم خەڵکی کوێم، ناشزانم باوکم هەیە یان هەموو ئەوانەی توخنی دایکم کەوتوون باوکمن، ڕێك نازانم لەکوێ لەدایکبووم و کەی هاتوومەتە دنیا، لەکوێش هاتووم دیار**

---

(١) سەلاح عومەر، خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان، ڕۆمان، بلاوکراوەی ئایندە، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ـ سلێمانی، ٢٠٠٨، لا ١٤.

(٢) س. پ، لا ١٨.

**نییه))**[٢٦٩]. واتە نەجوا گومانی هەیە لەوەی کە کەسێکی بیژی بێت، چونکە دایکی کەسێکی بەدڕەوشت و لەشفرۆش بووەو هەرشەوەی لەتەك پیاوێکدا خەوتووە. جوانی دایکی هۆکاربووە بۆ ئەوەی ببێتە چاوتێبڕینی ئەو پیاوانەی کەهەردەم بەدوای ناموسی خەڵکەوەن، دواتر لەڕێگەی دایکیشیەوە ئەو و براکەی تووشی زەڵکاوی پیسی و ناپاکی دەبن **((هەر ئەو جوانییەی دایکیشم وایکردووە ڕەوتی ژیانی من و براکەشم بگۆڕێ و بەئاڕاستەیەکی دیکەدا بڕوات، ئاڕاستەیەك کەخۆمان نەماندەویست))**[٢٧٠].

دەتوانین گرنگترین حاڵەتەکانی نامۆیی خودی لەڕۆمانی خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان دیاری بکەین، بەپێی نیشانەکانی نامۆیی:

**أ. ڕاڕایــی:** کارەکتەری سەرەکی وەکو حیکایەتخوانێك باسی نەجوا دەکات کەچۆن ژیان ناچاری کردووە باوەری بەهیچ شتێك نەمێنێ و کەسێکی پڕ گومان بێت **((ژیان وای لێ کردووی کەسێکی ڕاڕا دەربچی، متمانە بەهیچ کەس و هیچ شتێ نەکەی، وەك سەرەتای ژیانت بەئاسانی نەیێتە باری بەڵێن و درۆ و دەلەسەی ئەم و ئەو))**[٢٧١]. ساویلکەیی نەجوا لەسەرەتای ژیانیدا وایکردووە نەجوا بەئاقارێکدا بچێت، پڕ بێت لە بەڵێن و درۆ ، گورگە دوو پێیەکان کەمەبەست لەمرۆڤەکانە هێندە بەڵێنیان بەنەجوا داوە، بەلام دوای ئەوەی کەهەرچی ویستویانە و ئەنجامیان داوە دواتر بۆی دەرچون، ئیتر بۆی ڕوون بۆتەوە کەهەموو بەڵێنێکی ئەوان مەرامێکی گلاوی لەپشتەوەیە، بۆیە ئێستا ناتوانێت بە ئاسانی باوەڕ بەکەس بکات.

**ب. بێ ئومێدی:** هەروەکو وتمان نەجوا پێشبینی وابوو دوای ئەوەی تێکەڵ بەدنیای سەمابێ، ئیتر مەست دەبێ و ئاگای لەنەهامەتییەکانی ڕابردووی ژیانی نامێنێت، بەلام بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە ئەوەی بیری لێدەکردەوە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی کە بەچاوی خۆی دەیبینێت، ئەمەش وایکرد لەفەرهەنگی ژیانی ئەو شتێك نەمێنێت بەناوی ئومێد **((زەمینی کامەرانی بۆ من سەرابێکەو نایگەمێ. یاقوتێکی بزر بووەو لەبنی دەریاوە بۆی دەگەڕێم، زەحمەتە بیدۆزمەوە))**[٢٧٢]. نەجوا لەسەر زمانی خۆی باسی ئەوەی بۆ کارەکتەری سەرەکی دەکرد، کەچەندە کەسێکی بێ ئومێدە لەژیان و هیچ ئومێدێکی بەژیان نەماوە **((من کەسێکی تاسەر ئێسقان بەدبەختم، نائومێدیم کردۆتە کۆڵ و لەکامەرانی زۆر دوورم، چونکە هەرچەند لێی نزیك دەکەومەوە، ئەو پتر لێم دووردەکەوێتەوە، بەختەوەری بۆتە سەرابێك و بۆم ناگیرێ، تەمێکە خەریکە لەناو خۆیدا بزرم دەکات))**[٢٧٣].

---

(٣) هـ. س. پ، لا ٣١١.

(٤) هـ. س. پ، لا ٣١٣.

(١) هـ. س. پ، لا ٢٧.

(٢) هـ. س. پ، لا ١٤.

(٣) هـ. س. پ، لا ٤٠.

**ج. تەنیایی:** واتە دورکەوتنەوە لەدەوروبەری کۆمەلآیەتی و هەڵبژاردنی واقیعێك، کەهەموو دانیشتوانی ئەو واقیعە تەنیا لەخۆی پێکهاتبێ، واتە بەخۆی هەم قسەکەر بێ و هەمیش گوێگر. ئەو کەسەی تەنیایی هەڵدەبژێرێت توانای خۆگونجاندنی نەماوە لەگەڵ واقیعە کۆمەلآیەتییەکەی دەوروبەری، واقیعی کۆمەلآیەتیش لەسەرجەم پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکان پێك دێت، زۆرجار تاك لەگەڵ خودی خۆشی هەست بەتەنیایی دەکات، هەست دەکات دەروونی لەناو جەستەیەکی غەریب دا دەژیت، کە ئەمە ئەوپەڕی نامۆییە.

نەجوا بەهۆی ئەوەی تووشی سەماکردن ببوو و بەپیشەکەشی دڵخۆش نەبوو، بۆیە بیرکردنەوە لەخۆی و لەو پیشەیەی کە لە نەریتی کۆمەڵگەدا شتێکی ڕەتکراوەیە، بۆیە هەمیشە هەستی بەماندوو بوون دەکرد. نەجوا دوای ئەوەی شەوانە کاتژمێرەکەی خۆی سەمای دەکرد، ئیتر دەچووە ژورەکەی خۆی و خۆی بەدنیای تەنیایی دەسپارد، چونکە حەزی دەکرد گوێ لەناخی خۆی بگرێت و بیر لەخۆی بکاتەوە، نەیدەویست لەوحاڵەتەدا کەسێك بێتە ناو ئەو چەند دەقیقەیەی ژیانی، ئەو ژیانەی کە ئەوی بەدنیای نامۆیی و نیگەرانی سپاردبوو ((**خۆی وایدەویست و حەزی دەکرد تەنیابێ و کەس بەلایەوە نەچێ. گۆشەگیری کردبووە هاوڕێیەکی هەمیشەیی و لەباوەشی بێدەنگیدا ئۆقرەی دەگرت، ئولفەتی بەخەم و بیرکردنەوەو تەنیایی گرتبوو و نەیدەویست کەسێ بەلایدا بچێ و خەڵوەتی لێ تێکبدات**))[٢٧٤]. ئەمە بەشێك لە حەقیقەتی ژیانی نەجوایە کەلەسەر زاری کارەکتەری سەرەکییەوە بۆمان دەگێڕدرێتەوە، تەنانەت نەجوا حەزی نەکردووە لەو ساتانەدا کارەکتەری سەرەکیش بێتە نێو ژیانی و ڕامان و تێفکرینەکانی لێ تێکبات و هێمنی ئەو چەند ساتەی بشێوێنێت.

**د. بێزاری:** نەجوا دەزانێ پێناسەی خەڵك بۆ کەسایەتی ئەو لەناو کۆمەڵگەدا چییە ، بەهۆی ئەو پیشەیەی کە دەیکات، چونکە پیشەی سەماکردن لەڕووی دابونەریتەوە قەدەغەیە و ئەو کەسەی خۆی بۆ ئەم پیشەیە تەرخان بکات لەکۆمەڵگە دا جێی پێ لەق دەکرێت و هەزار ناو و ناتۆرەی بۆ دەبەسترێت ((**ئەوەتا دەمبینی ئێستا چیم بەسەر هاتووە، بوومەتە سەماکەرێکی نابووت لای خەڵك، خەڵك بەقێزەوە سەیرم دەکەن، قسە بێتە قسە دەڵێن سەماکەر، لەشفرۆش، سۆزانی، ماکەر، قەحپە...!**))[٢٧٥]. نەجوا هەست بەکەمی دەکات، چونکە لەناو کۆمەڵدا بەهیچ شێوەیەك حیساب بۆ هەست و نەستی ناکرێت و وەکو بونەوەرێکی خاوەن بیرکردنەوەو خاوەن کەسایەتی سەیری ناکرێت، بەڵکو لەنێو کۆمەڵگە تەنیا حیساب بۆ جوانی و ڕوخساری و لەشولاری دەکرێت ((**ژیان وای لێکردم، زەلیل و ڕەزیل و سەفیل بم، ببمە سفری پاش ژمارەو هیچ کەسێ حیسابم بۆ نەکات، حیساب بۆ بیرکردنەوەو ویستم ناکرێ، تەنیا حیساب بۆ جەستەم دەکرێ، بۆ جوانیم کە ئەویش خۆی لەبەژنوبالآو ڕووخسار و ئەندامەکانی لەشم دەنوێنێ، دەنا وەکی دی هیچی ناو هیچانم**))[٢٧٦].

---

(١) هـ. س. پ، لا ٩١ ، ٩٢.

(٢) هـ. س. پ، لا ١٠٧.

(٣) هـ. س. پ، لا ١٠٩.

ئەگەر بەوردی ڕۆمانی خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان بخوێنینەوە، ئەوا دەتوانین کۆمەڵی هۆکار دیاری بکەین کەوای لەنەجوا کرد ڕوو لەدنیای سەماکردن بکات، بەواتایەکی تر سەماکردنی نەجوا بۆ کۆمەڵێك مەبەست بووە، لەوانە:

**أ- گوزارشت کردن لەژیانە نائاساییەکەی**: نەجوا دەیویست لەڕێگەی سەماکردنەوە گوزارشت لەو ژیانە بکات کەتێی کەوتبوو. ژیانێك پڕ لەبەدبەختی و سەرشۆڕی و بەدڕەوشتی و بێ ئومێدی...تاد **((بەسەما تەعبیری لەحاڵەتی نائاسایی خۆی دەکرد، بەهێما و ئیشارەت، بە پەنجەو لەش و جوولەی سەرو دەربڕینی دەموچاو، چیرۆکێکی کاریگەرانەی دەگێڕایەوە، چیرۆکێك کە لەهەر پیت و وشە و دێڕێکی خوێنی لێ دەتکا، خەمی لێ دەچۆڕایەوە))**[(٢٧٧)].

نەجوا دەیویست چیرۆکە لەبن نەهاتووەکانی ژیانی بەسەماکردن بگێڕێتەوە، واتە دەیویست وەك ئەکتەرێکی شانۆ سەماکردن بکاتە هۆکارێك و بەهۆیەوە تراژیدیای ژیانی بەجوڵە نەك بەقسە دەربڕێت، بۆیە داوای لەکارەکتەری سەرەکی دەکرد بۆ تێگەیشتن لەژیانی ، دەبێ بڕوانێتە جووڵەی سەماکانی **((ئەگەر ماین و نەمردین بۆخۆت تێیان دەگەی و دەزانی من کێم؟ دەتوانی لەهەڵسوکەوت و سەماکردنمدا هەڵیانکرێنی، من چیرۆکی ژیانی خۆم بەسەماکردن دەگێڕمەوە، هەرجارەی بەشێکی باس دەکەم، ئاخر چیرۆکی ژیانی من زنجیرەیەکەو وا زوو کۆتایی نایێ، هاوتەریب دەچێتە پێشەوەو بۆ خاڵی ناکۆتایی دەچێ))**[(٢٧٨)].

ب - **ململانێی دڕندەکان (پیاوە شەهوانییەکان)**: ئەگەرچی ژیان نەجوای ناچار کردبوو سەما بۆ کەسانێك بکات، کە لەناخەوە قێزی لێیات دەبۆوە، ڕقی بەرامبەریان هەبوو، ئەوان دڕندەبوون لەپێستی مرۆڤدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەو بەیەکجاری خۆی دابێتە دەست و لەبەرامبەر کارە چەپەڵەکانی ئەوان دەستەوەستان دانیشتبێت، بەڵکو سەما و جوانییەکەی کردبووە چەك و لەسەنگەر دژی ئەو پیاوانە دەوەستا کە تەنیا و تەنیا خەریکی هەتك کردنی ئافرەتان بوون **((بۆ تەعبیرکردن لەڕووداوە تراژیدییەکانی ژیان. بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەو دڵڕەقی و دڕندەییەی دڕندەکان، بۆ یاخیبوون لەفەرمایشتەکانی ئەوان و بێزاری دەربڕین، چەکێکی دیکەی بەکارهێنا، ئەوان بەپیسی و نەگریسی هاتنە مەیدان و گوللەی مەرگیان ئاراستەی ئەو دەکرد، ئەویش بەجوانی و سەماکردن تۆپی پێوەنان. سواری گالیسکەی جەنگێکی درێژخایەن بوو و بەقامچی چاوە شینەکانی شالاوی برد، ئەوان بەپارە و سەروەت و سامان و ناو و ناوبانگ و پەیوەندی ناشەرعییانەوە، ئەویش بەقژی خورمایی و لەنجە و لار و مەمکی خڕو سینگ و بەرۆکی سپی و ڕانە تورتەکانی، بە باڵای ئەرخەوانی و، کە هەر لەباڵای دار ئەرخەوانێکی دەکرد، بەپەنجە وردیلەکانی،**

---

(١) هـ. س. پ، لا ١٨٤.

(٢) هـ. س. پ، لا ١٢٠.

**بەقاچ و دەستە ئاوریشمییەکانی، هاتە مەیدان و سەماکردنی هەڵبژارد))**[٢٧٩]. واتە نەجوا نامۆییە خودییەکەی بەسەما و جوانی لەشولاری دەردەبڕی.

نەجوا پێیوایە ململانێ و جەنگی ئەو و براکەی لەگەڵ ژیان، لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی دیاردە دزێو و ناشیرینەکانە، جەنگی خۆسەلماندنە وەکو مرۆڤ، جەنگی گەڕانەوەی بەرائەتی سەردەمی منالّی و بەر لەدنیای ناپاکییە، جەنگی هەڵستانەوەی ڕۆح و باوەڕبەخۆبوون و بەهێزکردنی ئیرادەیە،(ئێـمە دەبێ ئەو ئیبراهــیمە بین سامی بتەکان لەخـۆمــان بشـکێنین)[٢٨٠]. جەنگی شکاندنی کلتوور و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە، جەنگێکە لەپێناو دانەوەی شەرعیەت بەتاك و شکاندنی دەسەڵات و فیکرە دۆگماکانە، ئەوانەی کە بێ گەڕانەوە بۆ ویستی تاك شەرعیەتیان داوە بە بڕیارە تاك لایەن و دیکتاتۆرییەکەی خۆیان و دەسەڵاتیان بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان قۆرخ کردووە، کارەکتەری سەرەکی لەدرێژەی گێڕانەوەی ژیانی نەجوا ئەوە دەردەخات کەنەجوا هەوڵیداوە تا بتوانێت بەرەنگاری هەموو ئەو دەوروبەرە ببێتەوە، کە نەجوایان بەم ڕۆژە گەیاند **((بەبۆچوونی ئەو، جەنگی ئەو و جەنگی براکەی جەنگی هەست بەخۆکردن و خۆناسینەوەو پێناسەی ئینسانیبوونە، جەنگی لەگۆڕانی دیاردە دزێوەکانە، جەنگی تۆڵەکردنەوەیە لەکردەوەی نامرۆیی، جەنگی ئیرادەی سەرکەوتنە بەسەر خراپەکاری، هەستانەوەی نەدارەکانەو ڕزگاربوونە لەزۆنگاوەکانی بێ ئیرادەیی. بوژانەوەی ڕۆحی مردوو و زیندووبوونەوەی کۆرپەی پاکێتییە، سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی باوەڕبەخۆبوونە دژی ترسنۆکی و نواندنی ئازایەتییە، لەدایکبوونەوەیەکی تازەیە))**[٢٨١].

نەجوا دوای ململانێیەکی دوور و درێژ لەگەڵ ژیان، ئیتر پەکی دەکەوێت و توانای بەرگەگرتنی نامێنێت.زۆرجار مرۆڤ هەست دەکات لەبەرامبەر هێزی دەوروبەری شتێکی بێ هێزە و ناتوانێت دەوروبەر بەئاراستەی ویستەکانی خۆی گۆش بکات، بۆیە تووشی جۆرێك لەبێهودەیی و بێئومێدی دەبێت[٢٨٢]. بێئومێد بوونی نەجواش وایکرد ئیتر دەست لەژیان هەڵبگرێت و کۆتایی بەو ژیانە بهێنێت، کە بۆ ئەو جگە لەمەینەتی و ئازار هیچی تری لەهەگبەدا نەبوو، ئەمەش بەئاشکرا لەو نامەیە دەردەکەوێت کەدوانامەو وەسیەتی نەجوایە.

**((من کە ناوم ت. م. ئەمینە، ناسراوم بە نەجوا، لەشەوی ١٢ی مانگی ٦ی ساڵی ١٩٩٨، لەبەر بێزاری و نائومێدی بەم دەمانچەیەی وا لەدەستم دایە خۆم دەکوژم. تکایە هیچ کەسێ بەکوشتنی من تاوانبار مەکەن**

---

(٣) هـ. س. پ، ل ٣٥٠.

(١) ستاری پیرداودی، (ئیفلیجبوونی خود) لەچیرۆکی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان)ی شێرزاد حەسەن، گ. کاروان، ژ٢٠٤، ٢٠٠٦، ل ١٨.

(٢) سەلاح عومەر، خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان، ڕۆمان، ل ٣٥٣.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاح عومەر، نووسەر، گۆڤاری کاروان، سێ شەممە، ٢٠١٠/٦/٢٩، سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی

**و بۆ لێکۆڵینەوە هیچ کەسێ ئەزیەت مەدەن. ئەگەر تاوانبارێ لەم ناوەدا هەبێ.. ئەوا ژیان، ئینجا خۆم تاوانبارم.. خۆم تاوانباری یەکەمم، چونکە نەمتوانی لەگەڵ ئەو ڕێچکەیەی کە بۆم دانراوە بڕۆم، من تەواو لەژیان بێزارم و چیدیکە بەرگەی شەرمەزاری و ئێش و ئازار و مەینەتی ناگرم.**

**ئیمزا**

**ت. م. ئەمین**

**ناسراو بە نەجوای سەماکەر**

**سەعات ٢ی شەو ١٢/٦/١٩٩٨))** [٢٨٣].

.............................................................................................

**٢ـ نامۆیی کۆمەڵایەتی:** واتە نەگونجانی تاك لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەری، بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی و چەوساندنەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە، جا ئەو دەسەڵاتە پشت ئەستوور بێت بەئایین یان سیاسەت یاخود دابونەریت.

لەم جۆرەدا هەوڵ دەدەین هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی تاك لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بخەینەڕوو، ئەم جۆرەی نامۆیی پانتاییەکی فراوانی لەڕۆمانەکانی سەلاح عومەر هەیە، چونکە سەرجەم ڕۆمانەکانی باس لەپێشێلکردن و چەوساندنەوەی تاك دەکات لەلایەن دەسەڵاتەوە، بێگومان ئەم حاڵەتانەش، کە ئەو خستویەتییەڕوو دەکرێ لەڕابردوودا ڕوویان دابێت، یان بابەتی ئەمڕۆبن، دەشێش پێشبینکردنی خەیاڵی نووسەر بێت بۆ ئەوەی لەئایندەدا لەکۆمەڵگەیەکی داخراوی وەکو کۆمەڵگەی کوردی، کە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتییە و بە نەریت و کلتور لوغم ڕێژکراوە ڕوو بدات.

وەك ووتمان ڕۆمانی وڵاتی تارمایی باس لەگیرانی بەناهەقی پیاوێك دەکات، کە مەبەست لەکارەکتەری سەرەکییە، بەهۆی ئەوەی تاوانی کوشتنی کەسێکی دراوەتە پاڵ، بەڵام ئەوەی لای کارەکتەری سەرەکی بۆتە مایەی بێزاربوون ئەوەیە دەسەڵات بەبێ تاوان پەلکێشی زیندانی کردووە، چونکە وەك لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکییەوە دەیبیستین کە کەسە کوژراوەکە هەر ناناسێت **((بەتۆمەتی کوشتنی کابرایەك ڕاپێچیان کردم، کە ئێستاش نازانم کێیە، ناوی چی بوو، خەڵکی کوێ بوو، بۆ لەناو گۆڕستان بوو، خوا دەزانێ هەتا ڕووخسارم نەدیبوو. ناشزانم چۆن پیاوێك بوو، کەڵەگەت، کورت، قەڵەو یا لاوان))**[٢٨٤]. ئەم کارەی دەسەڵات بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست لەناوبردن و لێ سەندنی جوانترین ساتەکانی مرۆڤێکە، چونکە کارەکتەری سەرەکی لەهەرەتی گەنجێتییەوە قۆڵبەستی ئەم زیندانە کراوە، گرتنی کارەکتەری سەرەکی بەم شێوەیە ویژدانی نەك تەنیا مرۆڤی ئاسایی، بەڵکو ئەوانەی کەتاوانباریشن دەجولێنێت، ئەوەتا لەیاداشتی یەکێك لەو زیندانییانەی کە لەگەڵ کارەکتەری سەرەکی بووە لەزیندان

---

(١) سەلاح عومەر، خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان، ڕۆمان ، لا ١٩٢.

(٢) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، لا ٢٢.

دەردەکەوێت ((**خواوەند چۆن لەوانە خۆش دەبێ، کەمرۆڤێکی وا دلۆڤان و دەم ڕاست بەدەردی زەمانە بەرن؟ ماوەی نیو سەدەونیو لەئاسمانی پاك و سروشت و بنیادەمی ڕاستەقینەی بکەن!**))[285].

دڵتەنگی و بێزاری کارەکتەری سەرەکی چەند هێندە دەبێت، دوای ئەوەی لەو ماوە درێژەی کە لەزیندان بووە، کە نزیکەی حەفتاوپێنج ساڵ دەبێت هیچ کەسێك سەردانی نەکردووە ((**باوك و برا و خوشکم هەبوون، بەڵام لەوەتەی هاتوومەتە ئێرە نەمدیون، نەهاتوونەتە سەردانم. ئێستەشخەبەریان نازانم**))[286]. سەردانی نەکردنی هیچ یەکێك لەکەسوکاری وایکردووە ئەو تەمەنە درێژە لەچاوەڕوانیدا بمێنێتەوە، لەکاتێکدا هیچ ناخۆشییەك ناتوانێت هێندەی ئازاری چاوەڕوانی کاریگەربێت، چونکە دەڵێن بێ چاوی خۆشترە لەچاوەڕوانی ((**دەنا بۆ بەم جۆرە دەبوومە حەسحەسی بەر دەرگا، بۆ خۆم ئاسوودە لێرە ژیانم دەبردە سەر، ئەگەر بهاتبانە سەردانم، تۆزێ غەریبی و کەساسیمان کەم دەکردەوە. وەکو ئێوە دڵنەواییم بەخۆ دەهاتەوە**))[287]، واتە ئەو لەمەشدا جیاوازی لەگەڵ هاوڕێ بەندییەکانی هەبوو، ئەگەر ئەوان سفتوسۆی دڵیان بەسەردانی کردنی کەسوکاریان کەم ببێتەوە، ئەوا ئەو لەم هاوکارییە ڕۆحییەش بێبەشە. ئیتر کارەکتەری سەرەکی ناتوانێت لەمە زیاتر بەرگە بگرێت و ناخی بکاتە کێڵگەی خەمەکانی، بۆیە ئازارەکانی ناخی بۆ هاوڕێکانی دەردەبڕێت ((**دوێنێ شەو، بەحەسرەتەوە پاش ئەو هەموو ساڵە، بێ ئەوەی یەکێ پرسیاری دەربارەی ئەم بارودۆخەی لێ بکات، خۆی هاتە سەر ئەم باسەو بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە باسی تەنیایی و بێکەسی خۆی بۆ گێڕاینەوە، تۆ وەرە ساڵانێکی دوور و درێژ لەم کونجە تاریکە بژی و کەسێ نەیێ سەردانت بکات**))[288]. هاوڕێکانی پاڵپشتێکی مەعنەوییان هەبوو ئەویش سەردانی کردنی کەسوکاریان بوو، بەڵام کارەکتەری سەرەکی بێکەس بوو، و تەنیایی ڕۆحی هەنجن بەهەنجن کردبوو، هەمیشە بۆ بارودۆخە تەنیاییەکەی خۆی دەگریا ((**لەسەر زمانی مام یوسفەوە دەگێڕنەوە کەزوو، کاتێ کەسوکاری بەندکراوەکان دەهاتنە بەندیخانە چ ئازارێکی بەرانبەریان دەچەشت. چۆن دادەماو چۆن هۆن هۆن فرمێسك بەڕوومەتەکانیەوە ڕیچکەی دەبەست. وەکو بەرانبەر جگەر گۆشەیەکی مردوو دۆشدابمێنێ و بۆ مردووێك بگریێ، ئەوهایی دەگریا، لەناوەوەشدا وەك مەنجەنیق دەکوڵا، هاوڕێکانی بەرانبەری باوەشی میهر و خۆشەویستییان بۆ دەکرایەوە، خواردن و جلوبەرگی تازەیان بۆ دەهات، کەچی ئەو تاك و تەنیا بوو ڕۆژێك دووان و مانگێ، دوومانگ و ساڵێ، ساڵ هات و ساڵ وەرسووڕایەوە، کەس نەبوو سۆراخێکی بکات**))[289].

---

(١) س. پ، لا ٢٤.

(٢) هـ. س. پ، لا ٢٢.

(٣) هـ. س. پ، لا ٢٢.

(٤) هـ. س. پ، لا ٢٢.

(١) هـ. س. پ، لا ٢٤_٢٥.

کارەکتەری سەرەکی وەك لەدایك بوویەکی کۆمەڵگەیەکی داخراو، ئەو کۆمەڵگەیەی کەمرۆڤ دەچەپێنێ و نایەڵێت لەو سنورە دەربچێت کەبۆی ڕەنگ ڕێژکردووە، ئیتر دەبێتە قوربانی دەسەلات، ئەو دەسەلاتەی کە هەموو بڕیارەکانی کوێرانەیەو بێ گەڕانەوە بۆ حەقیقەتی شتەکان و ویستی تاك بڕیارەکانی دەردەکات. بەر لەوەی زیاتر ڕۆ بچینە ئازارەکانی کارەکتەری سەرەکی بەدەست کۆمەڵگەکەی، کە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەلاتی داخراوە، دەبێ پێناسەمان بۆ کۆمەڵگەی داخراو هەبێت.(کۆمەڵگە داخراوەکان، ئەو کۆمەڵگەیانەن، کە لەڕێگەی ڕایەڵ و کەناڵە جۆراوجۆرەکانی خۆیەوە، بەفیکرێکی دۆگمایانەو فەلسەفەیەکی تاك ڕوئیا و تاك ڕەهەندانەی بارگاوی بەدەسەلاتێکی کۆنکریتانەی یەك دیوانە، سەرجەم فەزا و تان و پۆیە ژیارییەکان، دنیابینییە جیاوازەکان، کۆنترۆڵ دەکات و لەهەوڵی داگیرکاریدا کاردەکات)[٢٩٠].

کارەکتەری سەرەکی دوای قۆڵبەست کردنی و بردنی بەرەو زیندان، ئیتر دەبێتە قوربانی ئەم بڕیارە هەڵەیەو کۆمەڵێ شتی گرنگی ژیان لەدەست دەدات و ناتوانێت وەکو مرۆڤە ئازادەکان ئەوانەی، کە لەدەرەوەی زینداندا هەناسەی ئازادی هەڵدەکێشن، مومارەسەی مافەکانی بکات. کارەکتەری سەرەکی لەخەیاڵی خۆیدا واقیعێك دروست دەکات و باس لەچرکەساتی هەڵهاتن و ئاودیو بوون لەو دەرگایە دەکات، کە زەمانێکە ئەوی لەنێوان چوار دیوار زیندانی کردووە، لێرەدا دەرگا مەبەست لەدەسەلاتەو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر دەسەلات ودەڵێت:(( **لەنێو گۆڕێکی تەنگ و تاریکدا زیندە بەچاڵت کردم، ویستت وەك کچانی تازە لەدایکبووی سەردەمی قوڕەیشەکان بەزیندوویی بەخاکم بسپێریّ، ڕێت لێ گرتم، تا نەتوانم جارێکی دیکە بەتوولە ڕێ و بزنە ڕێکانی هەورازی شاخەکاندا بڕۆم، لەنێو دۆڵ و شێوی هەزار بەهەزاردا ڕێ ون کەم، نیو سەدەونیو ڕێت پێ ون کردم و نەتهێشت لەسەر ترۆپکێ، بەرانبەر بە عەرشی خوا، ئاگری لەدایکبوون و نوێبوونەوە داگیرسێنم، لەبزەی منداڵی ساوا و باوەشی ئافرەتی ئەم زەمینەت کردم، لەهەواری کەسوکار و خزم و ناسیاوت دوورخستمەوە، وات کرد لەهەرچی بەهای مرۆڤایەتییە بێ بەری بم لەسێبەری داربەڕوو و مێوەو میوە و ئاژەڵی سەرو ڕەزاقورس دەوریان دام تەنگیان پێ هەڵچنیم، لەو خەونە خۆشانەت کردم کەکاتی خۆی لەژێر کەپری حەسانەوە دەمدین، لەخۆشۆردنی کانیاو و ڕووبارەکانت کردم، دەمێکە حەزم لەهەوای فێنکی قەدپاڵی شاخەکان و لەهاتوچۆی نێو ڕەز ز باغەکانە....**))[٢٩١]. ئەمانە بێ بەشی کارەکتەری سەرەکی دەسەلمێنن لە(خۆشی، هەوای ئازاد، دروستکردنی خێزان و فراوانکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان، سروشتی ڕەنگین...).

لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس ویستویەتی پەردە لەسەر هەندێ دیاردەی دزێو و ناشیرین لابدات، بێگومان نووسەر کاتێ دەست دەداتە قەڵەم و دەیەوێت بنووسێت پەیامێکی پێیە، ئەویش دروستکردنی فەزایەکی جوانە لەنێو فەزایەکی ناشیریندا، واتە نووسەر دێت پەردە لەسەر هەموو ئەو شتانەدا لادەدات کە

---

(٢) ستاری پیرداود، خەسانی ئیرۆسیەت لە(نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا (١ ـ ٢)، لا ٦٨.

(١) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، لا ٣٩.

کۆمەڵگەیان بەرەو لاڕێ بردووە و دەست نیشانی فەزایەکی باشتر و جوانتریش دەکات وەکو جێگرەوەیەك بۆ ئەو فەزا ناشیرینەی کە لەواقیعدا هەیە.

لەڕۆمانی ولاّتی تارمایی دا، ڕۆماننووس باس لەدیاردەیەکی خراپ دەکات کەلەناو بەندیخانەدا بوونی هەیە، ئەویش ڕێزگرتن و گوێ گرتنە لەو کەسانەی کەتاوانبارن و گوێ نەدان بەو کەسانەش کەمرۆڤی باشن. لێرەدا ڕۆماننووس تەنیا مەبەستی واقیعی ناو بەندیخانە نییە، بەڵکو مەبەستی لەهەموو شەقامەکانی کۆمەڵگەیە بەگشتی، بێگومان ئەو حاڵەتە حاڵەتێکی زیندووی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشە. لەڕۆمانی ولاّتی تارمایی دا باس لەوە دەکات کاتێ کارەکتەری سەرەکی بەبێ گوناە گیراوە لای کەسانی ناو بەندیخانە کەسێکی بێ ڕێزبووە، بەلاّم دوای ئەوەی دەروونی تێك دەچێت و یەکێك لەهاوڕێیە بەندییەکانی دەکوژێت، ئەوا دەبێتە کەسێکی بەڕێز و خۆشەویست، تەنانەت وەکو پیاوچاك سەیری دەکەن **((تێڕوانین و هەڵسوکەوتی بەندکراوەکان بەرانبەری گۆڕان، کەتاوانبار نەبوو، بەچڵێس و دووڕوو و دڵڕەق تاوانباریان کرد، بەلاّم کەیەکێکی کوشت، لەبەر چاویان بووە بە دەروێش، خۆشەویستی وەك کەژاوەیەکی لێ هات و بووك ئاسا چووە ناوییەوە، بەڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە سەیریان کرد، کاتێ لەگەڵی دەدوان، بەخۆ خوارکردنەوە بەرەو دواوە دەکشانەوە، زیاد لەپێویست نەرمییان بەرانبەر دەنواند، خۆشی لێ تووڕە بکردنایە یا ئازاری پێ گەیاندنایە، وەك هەتوان بدا لە لەشیان وابوون بەرانبەری، جارجارە دەستیشیان ماچ دەکرد، دەیانگوت: دەستی سەوز و پیرۆزە، ماچکردنی پیرۆزی بەجەستەمان دەگەیەنێ، ڕۆحمان دەشۆردرێتەوە، وای لێ هات ئێواران نوێنیشی بۆ رابخەن، تا نیوە شەویش لەدەوریا کۆ دەبوونەوە))** [٢٩٢].

لەڕۆمانی تاریکستانی لم دوای ئەوەی کارەکتەری سەرەکی کە لەڕابردوودا بەر شالاّوی ئەنفال کەوتووەو براوەتە ناوچە بیابانەکانی باشور، بەلاّم دواتر یەزدان بۆتە فریادڕەسی و گەڕاوەتەوە باوەشی نیشتمانی دایك. لەو ماوەیەی کە کارەکتەری سەرەکی زێدی خۆی جێهێشتووە، شار بەتەواوی گۆڕاوەو پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان ڕووەو لاوازبوون و کاڵ بوونەوە ڕۆیشتوون. شار جەنجاڵی پێوە دیارەو کەس بەکەس نییەو هەرکەس بەدوای بەرژەوەندی خۆیەوەیە و پیاوەتی و چاکە بەدەگمەن نەبێ نەماوە، ئەگەر لەتاریکستانی کۆشکی باشوور هەڵسوکەوتی ئەنفالچییەکان بەرانبەر کارەکتەری سەرەکی و خەڵکەکە باش نەبووبێ جێگای سەرسوڕمان نییە، بەڵکو سەیر ئەوەیە کەدوای ئەوەی کارەکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە شارەکەی تا توانای هەیە گڵ و خۆڵی شارەکەی ڕادەموسێ کەف و کوڵی چەندان ساڵ دووری پێ دادەمرکێنێتەوە.. کەچی گرفت لەوەدایە دوای ماوەیەکی کورت لەبەرامبەر هەموو شتێك تووشی نامۆبوون دێت.. بەتایبەتیش کەسەکان، ئەوان نەك هەر ئامادەنین پێشوازی بکەن و ژان و خەفەتی ساڵانی زیندانی

---

(٢) س. پ، لا ٦٥.

برەوێنەوەو برینەکانی سارێژ بکەن تاکو ئۆقرەیی بەدەروونی دابێت... بەڵکو وەك کەسێکی شێت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن و سەرنجی دەدەن، دیارە ئەم ڕەفتارانەش ڕووبەڕووی بارێکی سایکۆلۆژیی خراپی دەکەنەوەو، وای لێدەکەن گرێی خۆبەکەم زانینێك لەدەروونیا چەکەرە بکات و دەرەنجامیش بەرەو نامۆبوون دەچێت[293]. کارەکتەری سەرەکی بەئاشکرا گۆێی لەقسەو گفتوگۆی خەڵکەکە بوو کەدەیانوست بەتاوانی شێتی شار بەدەری بکەن **((چیتر بەرگەی شێتی تر و ئاژەڵی تر ناگرین، بالێرەی دوورخەینەوە))**[294]. ئەمە قسە و گفتوگۆی ئەو دوو کارەکتەرەیە، کە مەبەستیان لەکارەکتەری سەرەکی بووە، ئەم قسانەی ئەوان هێندە بێ ویژدانانەیە، چونکە شێت و ئاژەڵیان لەیەك ئاستدا داناوە. ئەوەی لێرەدا بەدی دەکرێ ئەوەیە(شار ئادابی وەرگرتنی مەجنوونەکانی نییە، بەردەوام گاڵتەیان پێدەکا و شێتیان دەکا، یاخود دەیەوێ بیانکا بەشێت، چونکە هەندێك جار شێت حەق دەڵێ و شتی سەیر و ڕاست و دروست دەڵێ، بەڵام شوێنی هەڵوەستەو بایەخ پێدان و سەرنج دان نییە، بەرامبەر هەمـــوو قـــسە و چرپــە و جـــووڵەکانی دەڵێن شـــێتە و دەیـخەنە دوورگـەی پەراوێزبوونەوە...)[295]. ئەگەر پێناسەمان بۆ شێتی ئەوەبێ کە، هەڵگری مانای لەدەستدانی ئەقڵ و ژیرییە[296]، ئەوا ئەم پێناسەیە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی تاریکستانی لم ناگرێتەوە، چونکە ئەو لەڕووی عەقڵییەوە هیچی کەم نییە، بەڵکو پێوەری خەڵکەکە بۆ کەسی عاقڵ و شێت لەسەر بنەمای جلوبەرگ و ڕوخسارە نەك عەقڵ، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەڕووی سیما و جلوبەرگەوە زۆر نارێك بوو، بۆیە بۆچوونیان بەرانبەری وابوو. کارەکتەری سەرەکی بەچاوێکی پڕ لەقین و تووڕەییەوە دەیڕوانییە پێڵاوە دڕاوەکان و جلە نارێکەکانی بەری، چونکە دەیزانی ئەوان هۆکارن بۆ ئەوەی خەڵك بەم شێوەیە سەرنجی بدەن و بەشێت و دەرۆزەکەری بزانن **((ڕوانینێکی پڕ مانای ئاڕاستەی قۆندەرە دڕاوەکەی خۆی کرد، کەنیوەی پەنجەی تێدا هاتبووە دەرێ، چارەی هەبوایە نەك هەر لەپێی دەکردنەوەو تووڕی هەڵدەدان، بەڵکو ئا لەم گۆڕەشدا بەدەنکە شخارتەیەك ئاگری تێ بەردەدان. چونکە ئەگەر ئەم پێڵاوە دڕاوانە نەبان و شڕوشیتاڵی لەبەر نەبوایە، کێ حەدی هەبوو بەدەرۆزەکەر یا شێتی بزانێ. کەس نەبوو جوێنی پێ بدا یا بەرد بارانی بکا. پارەی هەبوایە پێش هەموو شتێ دەچوو جووتە پێڵاوێکی چاکی دەکڕی و لەپێی هەڵدەکێشا))**[297]. کاتێ پارە دەبێتەسەنگی مەحەك بەها مەعنەوییەکان شوێنیان لەق دەبێ، ئیتر ئەو کەسەی پارەی هەبێ پاشایە و ئەوەشی نەدار بێت و بێ جلوبەرگ بێت، وەك شێت و سواڵکەر حیسابی بۆ دەکرێت.

---

(١) سەدیق سەعید ڕواندزی، نامۆبوونی پاڵەوان لەتاریکستانی لم دا، گ. کاروان، ژ١٤٤، ٢٠٠٠، ل ١٤.

(٢) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، ل ٧٨.

(٣) شێروان ئیبراهیم حەیدەری، تاریکستانی لم لەنێوان دووهێڵی جیاوازدا، گ.ڕامان، ژ ٦٨، ٢٠٠٢، ل٦٧٧.

(٤) ڕێبوار حەمە تۆفیق، چەمکی شێتی لەڕۆمانی (تاریکستانی لم) دا، گ. ئایند، ژ٧٥، ٢٠٠٧، ل١٦٧.

(١) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، ل ١١١ ـ ١١٢.

کارەکتەری سەرەکی لەماوەی ئەو چەند ساڵەیدا لەکۆشکی باشوور، زۆرترین ناخۆشی بینیوەو هەرچرکەییێکی بەساڵێك تێپەڕکردووە، بێگومان ئەو هۆکارەی کارەکتەری سەرەکی پێ گیراوە هۆکارێکی نەتەوەیی بووە و وەکو هەر تاکێکی تری کورد بەبەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتووە، ڕژێمی بەعس بۆ ڕەشکردنەوەی ناسنامەی کورد زۆر هەوڵی داوەو جۆرەها شێوازی گرتۆتەبەر، یەکێك لەو شێوازانە ئەنفال بووە. کارەکتەری سەرەکی کەبۆتە قوربانی خاك و نەتەوەکەی وایدەزانی دوای ئازادبوونی قەرەبوو دەکرێتەوەو بەچاوێکی پڕ لەمیهرەبانی و بەوپەڕی ڕێزەوە سەیری دەکرێت، کەچی نازانێت دەبێتە گاڵتەجاری منداڵە وردەکان.

مامەڵەی خەڵکی شارەکەی لەڕووی خراپییەوە هیچی کەمتر نەبوو لەمامەڵەی ئەنفالچییەکانی کۆشکی باشور، ئەگەر لەوێ لەخراپترین شوێنی شێدار و تەسك و ناخۆشدا ژیانی گوزەراندبێ و ئەوێ بۆ کارەکتەری سەرەکی شوێنێکی بێ ئۆقرەیی و ناهۆگری* بووبێ، ئەوا دوای گەڕانەوەشی هەمان سیناریۆی هەڵسوکەوتی ئەنفالچییەکان لای خەڵکی شارەکەی دووبارە دەبێتەوە، بۆ نموونە جارێکیان کارەکتەری سەرەکی داوا لەماڵێك دەکات بۆ شەوێك لای خۆیان بیحەوێننەوە، ئەگەرچی ماڵەکە ئەو شەوە داڵدەی کارەکتەری سەرەکییان دا، بەڵام چ داڵدەدانێك، کارەکتەری سەرەکییان بەژوورێکی تاریکی شێدار سپارد و وەك میوانێك پێشوازییان لێ نەکرد **((بەزۆری خۆی و چاوقایمی خۆشی نەبووایە گەنجەکە لەماڵێ نەیدەحەواندەوە. بەڵام بریا نەیحەواندبایەوە. چونکە هەرکە بەرەو ژوور بوونەوە، دەرگایان لەسەرخۆ گاڵەداو ئەویشیان بەژوورێکی چۆڵ و هۆڵی شێدار سپارد. ژووری وەك ژوورە تاریکەکانی جەنگەڵستانی کۆشکی باشور. سارد وەك دەرەوەی جەنگەڵستانەکەی ئەوێ. تەنیا وەك چیا تەنیاکانی دەوروبەری. هەمدیسان ناچاریان کرد لەگەڵ دار و ساپیتەی ژوورە تاریکەکان، لەگەڵ تارمایی و بۆشاییدا بدوێ، کەسێ نەبوو بیدوێنێ. چەند خۆش بوو وەك میوانێکی ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و نان لەگەڵ ئەوان بخوا و تا نیوەشەو پێکەوە بکەونە دەمەتەقێ، وەختی خەوتنیش، خۆی و خاوەن ماڵەکە لەیەك ژووردا جێیان بۆ ڕابخرێ. نەك وەك پشیلەیەك، وەك حەیوان لەکۆلێت و شوێنی تاریکدا بخەوێنرێ. خۆ مریشك و سەگ و ئاژەڵ نییە، لەبن دیوار و زبڵخانە و تەنەکەی پیسایی بخەوێ، تەنیا ئەو کەسانەی سیلیان هەیە،سیلدارن، دەخرێنە ژوورێکی لاتەریك و دەرگایان لەسەر دادەخرێ. دوێنێ شەو پاش ئەوەی دەرگایان لەسەر داخست، لەسەر عاردێکی ڕەق و تەق و سارد و سڕ، لەسەر گازەرەی پشت لێی ڕاکشا و بەدەم زیندە خەوەوە ئاواتی بەو ڕۆژە خواست کە لەخانەی ئاژەڵ و گیانداران بچێتە دەر و سنووری مەملەکەتی نەفرەت لێکراوان**

---

* مەبەست لەشوێنی ناهۆگر لەڕۆماندا ئەو شوێنانەیە کە کارەکتەر تیایاندا نەژیاوە و پێیان هۆگر و ئاشنا نەبووە و تیایاندا هەست بەنامۆیی و نائارامی دەکات، بەهۆی دورکەوتنەوە ـ لەبەر هەر هۆیەك بووبێت ـ لەماڵ و ژینگەی بنەڕەتی. **سەرچاوە: تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، بینای شوێن لەدوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە ـ ئەژدیها)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٦، لا ١٠٠**

**بیەزێنێ، بچێتەوە ناو خانەی مرۆڤی ڕاستەقینەوە، سیما، ئەدگار و نیشانەی ئادەمیزادانەی پێ بیەخشرێتەوە))**[٢٩٨] . بەمجۆرە هەڵسوکوت کردن لەگەڵ کەسێك ئەگەر شێتیش نەبێت وای لێدەکات زوو یا درەنگ ژینگەی کۆمەڵایەتی جێبهێڵێت و تەنیایی بکاتە دوا لانکەی خۆی. هەر سەبارەت بەم بابەتە ئەگەر گەشتێکی مەیدانی بەناو کۆمەڵگەی کوردی بکەین و لەبارودۆخی ئەو کەسانە بپرسین کە پاشماوەی زیندانییانی جەنگن، بەتایبەتی ئەو جەنگانەی کەڕژێمی بەعس لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بەرپای کردبوو، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە بارودۆخی زۆربەی ئەو کەسانە لەڕووی دەروونییەوە ناجێگیرەو شپرزەییان پێوە دیارە، زۆرانێکیشیان حاڵەتی دەروونییان لەوپەڕی خراپی دایەو بوونەتە گاڵتەی منداڵانی سەرشەقام، کەواتە ئەوان ئەگەر لەڕابردوودا تووشی جەنگێکی بەزۆرەملێ بووبن، ئەوا ئێستاش لەڕووی دەروونییەوە لەناو جەرگەی کۆمەڵگەکەی خۆیاندا تووشی جەنگێکی تری دەروونی هاتوون.

لایەنێکی تر کە ئەم ڕۆمانە گوزارشتی لێوەکردووەو دەچێتە خانەی نامۆیی کۆمەڵایەتییەوە، لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەشێوەیەك کەس لەخەمی ئەویتر نییەو هەرکەس بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا وێڵە ، سەرەڕای زۆربوونی ژمارەی ئەو کەسانەی کە کوشتنیان لا بۆتە ئاوخواردنەوە **((خەڵك وەك جاران ڕووخۆش و چاکەخواز و مرۆڤ دۆست نەماون. برا براناناسێ. لەکێ دەپرسی وەڵامت ناداتەوە، کەسێ نییە پێم بڵێ دایك و خوشکەکانم بەرەو کوێ چوون و چییان بەسەرهاتووە.پیاو و ژن. گەنج و پیر هەر هەموویان تووڕەیی. توندوتیژی لەڕوخسارییان دەباری))**[٢٩٩] . ئەمانە هەموو ئەو ڕاستتیە دەسەلمێنن، کە بەتێپەڕبوونی کات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕووەو کزبوون و کاڵبوونەوە دەچن، ئیتر پارە دەبێتە ئەو ئامرازەی کە مرۆڤ هەموو شتێکی لەپێناو دا بکات ، تەنانەت کوشتنی مرۆڤیش. **((کابرا دەیگوت: پیاو کوشتن و تاوان و تاوانکاری، زمان لووسی، لەخشتەبردن و بێ حەیایی، درۆ و تەڵەکەبازی، قۆڵ بڕین، لێرە زۆر شتی ئاساییە. برا ناپرژێتە سەر برا، دراوسێ یەکتر ناناسێ، برادەر بەرژەوەندی لەگەڵت نەبێ خۆیت تێ ناگەیێنێ. ئێستا کێت دەوێ بەپارە بۆت دەکوژن، ڕقت لەهەر کێیە یا دەمەقاڵێت لەگەڵ هەرکێ کردووە بەکون فەیەکونێك بۆتیکەلەواژ دەکەنەوە، هەشن هەر لەبەلاش و حەلاش لەتڕی سەی دەچن))**[٣٠٠] .

لاقەکردنی ئافرەتان و توندوتیژی کردن بەرامبەریان، لایەنێکی تری ئەو حاڵەتانەیە کە دەچێتە خانەی نامۆیی کۆمەڵایەتییەوە، کارەکتەری سەرەکی بەچاوی خۆی دەبینێ کەچۆن ئافرەتیان لەکەلاوەیەك هەتك کردووەو زۆر بێویژدانانە بەجێیان هێشتوون، کارەکتەری سەرەکی نەفرەت لەو کارە و لەهەموو ئەو کەسانەش دەکات کە ئەو ئافرەتە بێ دەسەڵاتەیان بەم ڕۆژە گەیاندووە ، **((لەوان نیم، نەهاتووم کاری**


---

(١) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، لا ١٠٥ ـ ١٠٦.

(١) س. پ، لا ١٢١.

(٢) هـ. س. پ، لا ١٢٧ ـ ١٢٨.

**خراپتان لەگەڵ بکەم، ڕیش و سمێڵی من لەم کارانە ناوەشێتەوە، یاخوا ئەوەی ئێوەی هێناوەتە ئێرە کوێر بێ. بەساڵ و مانگ لەسەر جێ بکەوێ و هەڵنەستێتەوە. ڕوو ڕەشی حەوت دنیایان بێ))**[٣٠١]. ئافرەتەکە هێندە لەو کارەی ئەو دڕندانە ترساوە، بۆیە کەچاوی بە کارەکتەری سەرەکی دەکەوێت دەترسێت و وادەزانێ ئەویش هەمان کاری لەگەڵدا دەکاتەوە، بەڵام کارەکتەری سەرەکی ئەو ترسەی لەلا دەڕەوێنێتەوەو پێی دەڵێت کە ئەو وەکو ئەوان نییە ((**ئافرەتەکە هێور نەدەبۆوەو بەردەوام پەلی دەکوتا، پاڵی پێوە دەنا تا لەخۆی دوورخاتەوە. دواجار کەجلە شڕەکانی خۆی داکەند و بەسەر لەشی ئافرەتەکەی دادا. ئەوجا ئافرەتەکە لەپەل کوتان و هەوڵی خۆ ڕزگار کردن کەوت))**[٣٠٢]. ئەم کارە قێزەوەنەی کە بەرامبەر بەو ئافرەتە کرابوو، خەیاڵی کارەکتەری سەرەکی بەرەو تاریکستانی کۆشکی باشوور بردەوە، ئەوەی بەخەیاڵی کارەکتەری سەرەکی هێنایەوە، کە چۆن لەوێ ئەنفالچییەکان ناموسی چەندان کچە کوردیان هەتك کرد و بەزۆرەملێ وایان لەپیاوان دەکرد، کە لاقەی خوشك و کچی خۆیان بکەن((**خەیاڵ بردیەوە، دوور ڕۆیشت. گەیشتە ناو کۆشکی لم، لەناو تاریکستان و جەنگەڵستانی لمدا نقوم بوو، هەمدیسان زەلامی لم و پاسەوانی لمی لێ پەیدابوونەوە، لەگەڵ کۆمەڵێ زەلامی تر و ئافرەتی تر و کچی نەبالقی تر بەرەوە شوورە تەلبەند کراوەکەیان بردن. بەربوونە گیانیان، ڕووتیان کردنەوە، لەبەرچاوی دەیەها زەلامدا کچە نەبالقەکانیان هەتك کرد. کە لەوان بوونەوە. ئەوانیشیان بەهەمان دەرد برد، دواجار بەزەبری قامچی ناچاریان کردن یەك لەگەڵ ئەوی تر کردارەکە دووبارە بکاتەوە، باوك خوشك و کچی خۆی هەتك بکا، گەنج و پیر، باوك و کوڕ، برا دایك و خوشکی خۆی هەتك بکا))**[٣٠٣]. کەواتە ئەو لایەنەی کە لەناو تاریکستانی کۆشکی باشووردا ئەنفالچییەکانی بەم شێوەیە پەروەردە کردووە، کە مەبەست لەڕژێمی بەعسی لەناوچووە، هەر ئەویشە هەموو کۆمەڵگەی کردووە بەتاریکستانێکی گەورەو هەمان پەروەردەی لەعەقڵی تاکەکاندا ڕواندووە، ئەم کارەی ڕژێم لەپێناو سەرقاڵکردن و دوورخستنەوەی خەڵك بوو لەبیری نەتەوەیی، کەواتە کارەکتەری سەرەکی لەتاریکستانێکی بچوکەوە بەرەو تاریکستانێکی گەورە هەنگاوی ناوە.




(٣) هـ. س. پ، لا ١٣٣ ـ ١٣٤.

(١) هـ. س. پ، لا ١٣٤.

(٢) هـ. س. پ، لا ١٣٤ ـ ١٣٥.

→ →

### پەروەردەی خەڵک لەلایەن ڕژێمەوە

وێنەی (٨)

کارەکتەری سەرەکی لەنێوان دووڕیانی دوو تاریکستاندا

دڵپاك کارەکتەرێکی تری ڕۆمانی تاریکستانی لمەو، ڕەمزی هەموو ئەوە ئافرەتانەیە کەبوونەتە قوربانی شاڵاوەکانی ئەنفالْ و تا ئێستاش باجی کوردبوونی دەدات، دڵپاك لەتاریکستانی لمدا دوو منداڵەکەی کەناویان(یوسف و ئیسماعیل)بوو، و پیاوەکەی دەبنە قوربانی و ئەویش بەتەنیایی دەسپێرن، ئیتر لێرەوە ژیانی کۆڵەمەرگی دڵپاك دەست پێدەکات، چونکە کاتێك دەگەڕێتەوە شارەکەی، دەخزێنرێتە ناو زەلکاوی سۆزانییەتەوە و ئەو پاکێتییەی ناهێڵن. داخزانی دڵپاك بۆ ناو داوێن پیسی بێ ویست و ئیرادەی خۆیەتی و لەناخەوە بەهیچ جۆرێك مەیلی بەسۆزانی بوونی نییە. بەڵام لەلایەن کەسانی شارەوە کەدەسەڵات توانیویەتی لەڕووی ڕەوشتی و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە تێکیان بشکێنێت و بەرەو خراپەیان بەرێت دەکرێت بەئافرەتێکی سۆزانی[٣٠٤]. بێگومان دڵپاك هەروا بەسانایی خۆی نەداوەتە دەست پیاوە شەهوانییەکان، بەڵکو وەك خۆی گوتەنی ئەوان بەڵێنی ڕازاوەیان پێ داوە **((بەڵێنی شتی جوان و عەنتیکەیان پێ دام. گوتیان یوسف و ئیسماعیل دەدۆزینەوە))**[٣٠٥]. جگە لەمەش دڵپاك هیچ کەسێکی نەبووە تا دڵنەوایی بکات و لەبرسیەتی ڕزگاری بکات، واتە لایەنی ئابوریش پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی دڵپاك بخزێتە ناو دنیای ناپاکی.((هەژاری و خراپبوونی باری ئابووری لەسەر ئاستی کۆمەڵگەو بەتایبەتیش لەنێو خێزاندا، هۆکارێکی سەرەکی پەیدابوون و بلاوبوونەوەی دیاردەی لەشفرۆشییە، چونکە بارودۆخی ئابووری لەهەموو شتێك زیاتر کار لەژیانی مرۆڤ دەکات، تا ئەو ڕادەیەی هەموو جۆرە کارێك ئەنجام بدات))[٣٠٦]. **((ئەگەر دوێنێ و پێرێ نەکەوتبایە بەر زەبری زریانێکی هار و شێت و گەردەلوولێ بەلوولدراوی بۆ ئێرەی نەهێنایە. بۆ دەبووە خۆڵەمێشی بەرئاگردانی ئەم ڕۆژگارە جەنجاڵە. کە هاتە ئێرە لێرەش بێ ویستی خۆی خزایە بەر تۆز و لمی بیابانێکی وشك و مار و دووپشك تێی وەرهاتن، پێیان وەدا ئەگەر وانەبوایە. کەی تووشی ئەم بارودۆخە نەگریسەبێ ئابڕووە دەبوو))**[٣٠٧]. ئیتر دڵپاك بووە قوربانی حەزی چەند پیاوێکی کۆمەڵگەو هەر لەلایەن ئەوانیشەوە مۆرکی ناپاکی پێوەنرا.

---

(١) محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، شاکەش لەڕۆمانی کوردی ـ کوردستانی عێراق دا (١٩٩٠ ـ ١٩٩٧)، لا ٩٩.

(٢) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، ڕۆمان، لا ١٦٧.

(٣) ئەسرین زرار قادر، ڕۆڵی سەنتەری ئافرەتان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان، لا ٦٧ ـ ٦٨.

(٤) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، ڕۆمان، لا ١٧١.

وەك وتمان كارەكتەری سەرەكی ئاشنایەتی لەگەڵ دڵپاك دا پەیدا دەكات و دواتریش دەیخوازێت، بەڵام دوای تەنیا تێپەڕبوونی یەك شەو بەسەر هاوسەرگیرییەكەیان چوار زەلام دێن و دڵپاك لەپێش چاوی كارەكتەری سەرەكی خەڵتانی خوێن دەكەن و دەیكوژن، ئیتر لەكۆتاییدا كارەكتەری سەرەكی لەمرۆڤ تووشی بێ ئومێدی دەبێت و متوی شتە بێ گیانەكان دەبێ و هەموو ژیانی بۆ كۆكردنەوەی پێڵاو تەرخان دەكات. واتە كۆتایی ڕۆمانی تاریكستانی لم بەنامۆبوونی كارەكتەری سەرەكی لەدەوروبەری كۆمەڵایەتی كۆتایی پێ دێت.

ڕۆماننووس لەڕۆمانی مێتامۆرفۆسدا هەموو پانتایی ڕۆمانەكەی تەرخانكردووە بۆ بابەتی هەتك كردنی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە، بێگومان وروژاندن و ڕەنگدانەوەی بابەتێكی وا لەئەدەبی كوردی بەگشتی و ڕۆمانەكانی سەلاّح عومەردا، بەتایبەتی جێگای خۆیەتی، چونكە لەكۆمەڵگەی كوردی هەتك كردنی ئافرەت زۆرجار كوشتنیشی بەدوا دادێت، كەواتە زۆرجار ڕوودانی كارێكی لەمجۆرە گیانی چەندەها ئافرەت دەخاتە مەترسییەوە. كۆمەڵگەی كوردی وەكو كۆمەڵگەیەكی ڕۆژهەلاّتی زۆرتر گرنگی بەبابەتی هەتك كردنی ئافرەتان دەدات، چونكە ناموس و شەرەفی هەر خێزانێكی پێوە بەندە، بۆیە بەنەمانی پەردەی كچێنی بەشێوەی ناشەرعی، نەمانی شەرەف و ئابرووی بەدواوەدێت و ئیتر ئەم خێزانە لەدەوروبەری كۆمەڵایەتی بەچاوێكی كەم سەیردەكرێت و ئەوانیش ئارەقەی شەرمەزاری دەڕێژن **((خەمێك لەپەنا گردەكانەوە دێت و چەشنی باڵندە بۆ بەردەم دەرگای ماڵە باوانی ئافرەتە بێ گوناهەكە هەڵدەفڕێ و دەیەوێ لەحەوشەی ماڵەكە پەڕوباڵی بوەرێنێ، ئەوانەی ژوورەوەش لەخەم و خوم هەڵدێن. دەبن بەقەترەیەك ئاوی شەرمەزاری و دەڕژێنە ناو دەرزەكانی ڕۆحی خۆیان))**[(٣٠٨)].

ئەم ڕۆمانە باس لەئافرەتێكی بێ گوناه دەكات، كەچۆن لەكەلاوەیەك لەلایەن چەند پیاوێكی بەدڕەوشت تووشی گوناهێكی گەورە دەبێ، مەبەست لەگوناه لێرە ئەو كارەیە كە لەناو كۆمەڵدا قەدەغەیە، چونكە دەزانێت باجی ئەم كارە زۆر سەختە. زۆرجار كۆمەڵگە بەبێ گەڕانەوە بۆ چۆنیەتی ڕوودانی حاڵەتەكە بڕیاری كوشتن بەسەر ئافرەتەكە جێبەجێ دەكات، كەچی لەوانەیە پیاو تاوانباری نمرە یەك بێت **((لەوێ لەپەنا گردێكەوە ئافرەتێكی بەژن زراڤ، ناوقەد باریك، لێو بەبار و ڕەنگ لەخۆڵ و تۆزهەڵاتوو، ڕوومەت زامدار، پرچ ئاڵۆز، لەناو قوڕ و لیتەدا ڕاكشاوەو ئەندامەكانی لەشی، ئەنجن ئەنجن كراوە، لەتوانایدا نییە خۆی وەرگێڕێ یا بجووڵێ و ڕاست بێتەوە، لەشەرمەزارییا ڕووی نییە چاوهەڵبێنێ، لەشی جێ جێ زامدار و جێ جێ كراسەكەی بەری ونجر ونجر كراوەو دەم نادەم خوێن دەتكێتە ئەم دیو و ئەودیوی شوێن ڕاكشانی، جارجارە هەردوو لەپی دەستی دەخاتە سەر پەڵە خوێنەكانی ناوەندی هەردوو قاچی. كەسەیری**

---

(١) س. پ، لا ٢١٢.

**دەكات پتر شەرم دایدەگریٚ، لەئارەقەی شین و مۆر هەڵدیٚ. نایەویٚ لەپەڵە خوێنەكان وردبێتەوە، قێز لەبوونی خۆی دەكاتەوە، نەفرەت لەو ڕۆژە دەكات كەتێیدا هاتۆتە دنیا. خۆزگەی ئەوە دەخوازیٚ كەڕۆژیٚ زووتر خوا لەكۆڵی كاتەوە. نەوەكا بەم شێوەیە بچێتە ناو باوك و برا و خوشكەكانی.... بەچ چاو و ڕوییێك بەناو خزم و دەستەخوشك و هاوڕێكانیدا بسوڕێتەوە، چییان پیٚ بڵێ و چۆن بۆیان بگێڕێتەوە، بۆیە هەرچەند بیر لەم لایەنە دەكاتەوە مێشكی جەنجاڵتر و خەیاڵاویتر دەبیٚ))**[309]. ئەگەر ئەم كارە گوناه بیٚ و لەناو كۆمەڵگەدا قەدەغەبێت، دەبێت ئەو كەسانەی ئەم كارە دەكەن بەهەردوو ڕەگەزەكەوە سزا بدرێن، كەچی سەیردەكەین تەنیا ئافرەتان دەكەونە بەر نەفرەت و سوك تێڕوانینی كۆمەڵگە ئەمەش بۆ دووبارە زاڵكردنی دەسەڵاتی پیاوە بەسەر ژندا. كەواتە ئەگەر لەشفرۆشی دیاردەیەك بێت بەقازانجی سێكسی پیاو تەواو بێت، ئەوە پێویستە لەسەر كۆمەڵگە چۆن بەچاوی سوك و شەرمەزارییەوە دەڕوانێتە ئافرەتی لەشفرۆش بەهەمان شێوەش لەو پیاوانە بڕوانێت كەپەیوەندییان لەگەڵدا دەبەستن[310]. ئەو دیمەنەی، كە پێشتر باسمانكرد، كەچۆن ئافرەتێك دەكەوێتە بەر غەزەبی غەریزەیەكی ئاژەڵی پیاو، لەكاتێكدا لەوانەیە ئافرەتەكە زۆر هەوڵی دابێت بۆ ڕزگاربوون لەو كردەوەیە، چونكە دەیزانی بەهۆی ئەم كارەوە جارێكی تر ناتوانێت لەناو كۆمەڵدا سەر هەڵبڕێت، ئەگەر ئەمە نیشاندانی زوڵم و زۆرداری هەندێك پیاو بێت، كە لەلایەن خواوە عەقڵیان پێدراوە، كەچی بەزەیی لەناخیاندا نییە. دوای ئەنجامدانی كارەكە ئافرەتەكە لەناو كەلاوەكەدا بەجێدەهێڵدریٚ، بەڵام دواتر سەگێك دێت و كاتێك بەم شێوەیە ئافرەتەكە دەبینێت ویژدانی ئازاری دەدات و هەر زوو سۆزی بۆی دەجوڵێت و هەوڵ دەدات برینی ئافرەتەكە سارێژ بكات و جەستەی ئافرەتەكەش داپۆشێت ((**پاشان ڕاست بووەوە و هەندیٚ دووركەوتەوە، ئینجا چوو لەپەنا بەردێك. بەرانبەر ئەو وەركەوتەوە، وەك مرۆڤێكی ئاسایی هەمدیسان بڕییە ژوورەوە، وەك ئەوەی دڵی ببزویٚ و بەزەیی بەمرۆڤە ڕاكشاوەكەی بەرانبەری بێتەوە، هەستی كرد سوێی دەبێتەوە و گریان لەقوڕگی ماوە. بۆیە چاوی پڕ فرمێسك بووی لەدوورەوە دەبریسكایەوە، ئەوسا لەشوێنی خۆی جووڵاو بەرەو پێش هات. لەوێش نەحەوایەوە و نزیكتر بۆوە. تاگەیشتە سەرسەری ئافرەتەكە))**[311]. دیتنی ئەم حاڵەتە لای سەگەكە هەر زوو ویژدانی جولاو هەوڵیدا یارمەتی ئافرەتە كۆست كەوتووەكە بدات. ((**لەناكاو سەگەكە كەلاوەكەی جێهێشت و بۆ ئەو دیو زوورگەكە ڕای كرد. كەهاتەوە پارچە قوماشێكی كون كونی ڕەشی بەدەمەوە بوو و هەڵیدایە سەر جەستەی ئافرەتەكە، قاچ و قولی داپۆشت، پاشان هەمدیسان كەوتەوە ئێشكگرتن))**[312]. ئەگەرچی سەگەكە گیانلەبەرێكەو توانای عەقڵی زۆر لەهی مرۆڤەكە كەمترە، بەڵام چونكە ویژدانی هەیە ناتوانێت

---

(١) هـ. س. پ، لا ٢١٢ ، ٢١٣.

(٢) ئەسرین زرار قادر، ڕۆڵی سەنتەری ئافرەتان لەچارەسەركردنی كێشە كۆمەڵایەتییەكانیان، لا ٦٥ ـ ٦٦.

(٣) سەلاح عومەر، جەنگ ـ كۆبەرهەم، ڕۆمان، لا ٢١٦.

(٤) س. پ، لا ٢١٧.

بەرامبەر جەستەی ئافرەتێکی هەتك کراو خۆی ڕابگرێت. ڕۆماننووس دژیەکییەکی دروستکردووە لەنێوان مرۆڤی بێ ویژدان و ئاژەڵی بەسۆز و بەویژدان، دەیەوێت پێمان بڵێ مرۆڤەکان دەتوانن هەندێك کاری قێزەوەن و دژ بەمرۆڤایەتی بکەن، کەچی سەگێك نەك هەر ئەو کارەی لەدەست نایەت، بەڵکو دەبێتە هەتوانی برینی ئافرەتێکی کۆست کەوتوو. ڕۆماننووس لەڕێگەی ئەم وێنەیەوە نامۆیی و نیگەرانی خۆی لەبەرامبەر مرۆڤەکان دەردەبڕێت و دەوروبەری کۆمەڵایەتی کەمرۆڤ باڵادەستە تیایدا بەدەوروبەرێکی پر لەترس و تاوان لە قەڵەم دەدات. کەواتە دەتوانین بڵێین کاتێك هێز دێتە گوتن (مەبەست لەپیاوسالارییە) ئافرەت دەبێتە ئەو بێ دەسەڵاتەی کەهیچ حیسابێکی بۆ ناکرێت، کەچی سەگ ناتوانێت بەئافرەت بوەڕێ و بەوەفایی خۆی لەو نێوەندەدا دەردەبڕێت.

ڕۆماننووس لەو دەقەدا گرنگی پەردەی کچێنی لای کۆمەڵگەی کوردی وەکو کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی وێنا کردووە، دەیەوێت پێمان بڵێ ژیانی هەر خێزانێك دەکەوێتە بەر زەحمەتی بەهۆی تیر و توانجی خەڵك دوای نەمانی ئەو پەردەیە. **((ئەو پەڵە خوێنانەی قەدەغەیە برژێ و یاساغە بەناو دۆڵەکانمان پەرت و بڵاو بێتەوە، ئەو پەڵە خوێنانەی لەسەر و ماڵ و سەروەت و سامان، لەژیانمان، لەڕۆحمان، لەبوونمان پیرۆزترن، بەهادارترن، نابێ کەس بیانرژێنێ، ئەگەرنا ئێوەو ئێمەو ئەوان چش، هەموومان بێ ئەو پەڵە خوێنانە سفری پاش ژمارەین، ئامێر و بەرد و دارین، ڕۆحلەبەرنین))**[٣١٣]. ئەگەر خوێن ڕژان و ئەتك کردنی ئافرەت ئەوەندە گرنگ بێت و بوون و نەبوونمانی پێوە بەند بێت، نابێت کەسانێك هەبن لەکۆمەڵگەدا هەردەم بەدوای لەکەدار کردنی ناموسی خەڵکدا بن، نابێت کۆمەڵگە ڕێگا بدات کڕین و فرۆشتن بەناموسەوە بکرێت، کەچی سەیر دەکەین ئەو کۆمەڵگەیانەی کەناموس تێیدا هێندە گرنگە زۆرترین یاری بەناموسی ئافرەت دەکرێت و لەوانەشە لەم سەرپێچییەدا پشکی زۆر بەر کاربەدەستان بکەوێت، چونکە ئەوان پارەو سامان دەکەنە هۆکار بۆ بەزاندنی ئەو سنوورەی کە نابێ ببەزێندرێت.

لەم ڕۆمانەدا نامۆیی کۆمەڵایەتی زۆرترین پانتایی داگیر دەکات، ڕۆماننووس وێنەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی دەکێشێت، کە چۆن خراپەکاری وەکو تاوانێك بەرامبەر بەئافرەتان دەکرێت، فریشتە کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانی مێتامۆرفۆسەو یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە بۆتە قوربانی دڕندەیی غەریزەی سێکسی پیاو. فریشتە دوای ئەوەی دەبێتە کەسێکی ڕاوکراوی خۆشەویستی کەسێکی بێ ویژدان، ئەو جگە لە جەستەی فریشتە هیچ خۆشەویستییەکی بۆ فریشتە نەبوو، بەڵام بەقسە لوسەکانی و بەپشت بەستن بەوەی، کە ئافرەت بونەورێکی سۆزاوییە توانی فریشتە ئالۆدەی خۆی بکات و وای لێ بکات بەهەموو داواکانی ڕازی بێت **((کاتێ فریشتە متووی بوو، ئاگای لەدنیا نەما، خەو و خۆراکی لێ حەرام بوو، ئەگەر ڕۆژێ نەیدیبا دیقی دەکرد. وەك ئەوەی بوویێ بەماری ئاشق،ئەویش مەعشووقە، وای لێ هات شەو تا**

---

(١) هـ. س. پ، لا ٢٤٦.

**بەیانی لەژوورێکدا تێك دەئالآن و لەباوشی یەکتردا دەخەوتن، ئەو ناپاکە لەسەر بانەوە خۆی هەڵدایە ناو حەوشەو بەدزییەوە ئاودیوی ژوورەکەی ئەو دەبوو))**[٣١٤]. ئیتر لەدوای ئەمە ڕووداوەکان زیاتر ئاڵۆز دەبن، چونکە کابرا جێژوانی خۆی و فریشتە دەگوازێتەوە بۆ کەلاوەیەکی دوورە شار، تالەوێ هەرچی بیەوێت بەبێ ترس بیکات. کابرا خۆشەویستی کردە چەکێك توانی بەهۆیەوە فریشتەی پێ تێکەڵ بەدنیای ناپاکی بکات، دواتر هەرچیشیی ویست لەبەرامبەر فریشتە کردی. کابرا هەر بەوەندە نەوەستا بەڵکو لەگەڵ پێنج کەسی تر پیلانیان داڕشت و هەر لەکلاوەکە بەبیانووی یاری خەواندن(تنويم المغناطيسي) توانییان فریشە بخەنە باری بێ ئاگایی و پاشانیش مەرامەکانیان جێبەجێکرد و بەدەست بەستراوی لەکەلاوەکەیان جێهێشت **((بارودۆخی دڵنیابوون تەواو لای فریشتە فەراهەم بوو، ئەمەشی لا جێگیر بوو کەخەواندنەکە شتێکی ئاساییەو خەوتووەکە بێ ئەوەی هیچ زیانێك ببینێ،بڕیارەکان، فرمانەکان جێبەجێ دەکات و تەواو گوێڕایەڵی خەوێنەرەکەیە، فریشتە مەراقی ئەوەی کرد کەئەویش ئەم کارە تاقی بکاتەوە، بۆیە بێ ئەوەی یەکێ لەهاوڕێکانی داوای لێ بکا، هەستایە سەرپێ و بەرەو ئەو شوێنە چوو کە بۆ کرداری خەواندنەکە دەست نیشان کراوە. لەوێ لەسەر تاشەبەردەکە دانیشت و چاوی بڕییە ئەو خاڵەی لەسەر دیوارەکەدا تۆمارکراوە، ئینجا تەماشاکردن و بیستن و گشت هەستەکانی دیکەی لەوێدا کۆکردەوە. هەستی لەخۆی بڕی، لەدنیا دابڕاو بیرکردنەوەی لەخاڵەکەدا کۆکردەوە. لەگەڵ دووبارەکردنەوەی ئەو وشانەیش کەخەوێنەرەکە پێی ڕادەگەیاند پێلووی گران بوو، چاوی نووقاو خەوی لێکەوت. ئینجا هەرچی پێ وترا وەری گرت و داواکانی جێبەجێ کرد. تا ئەو کاتەی کار گەیشتە سەر ئەوەی خەوێنەرەکە پێی بڵێ جلەکانت داکەنەو خۆت ڕووت کەوە، درێژبەو ڕاکشێ، قاچت بەرزکەرەوە، بێ دەنگ بەو ورتە نەکەی، لەئەنجامدا یەك یەك ناپاکانە هاتن و توخنی کەوتن، کە تەواویش بوون دەست و قاچیان شەتەك دا و بەکەلاوەکەیان سپارد، بەبایەکی شێدار و تووڕەیان سپارد، بەڵام بەر لەخواحافیزی بەناو دڵدارەکەی بەهەمان شێوە بەخەبەری هێنا. ئەوسا بەدەست بەرزکردنەوەو بای بای ماڵئاوایی لێکرد و لێی دا ڕۆیشت))**[٣١٥]. لێرەدا ڕۆماننووس وێنەی دیاردەیەکی ناشیرینی کێشاوە ئەویش خیانەتی هاوڕێیەتییە، چ جای ئەو هاوڕێیەش تۆی وەکو خۆشەویسترین کەسی ژیان هەڵبژاردبێ. ئەوەی سەیرە ئەوەیە کەدوای ئەوەی فریشتە بەئاگا دێتەوە دەترسێت لەوەی ئەو کەسانە خۆشەویستەکەشیان بەهەمان دەرد بردبێ و باوەڕیش ناکات خۆشەویستەکەی دەستی لەو سیناریۆیە هەبێت، ئەمەش بۆ ئەو خۆشەویستییە دەگەڕێتەوە کە ئەو لەناخەوە بۆی هەیبوو.

لایەنێکی تری نامۆیی کۆمەڵایەتی کەڕۆماننووس لەدووتوێی ئەو ڕۆمانەدا گوزارشتی لێوە کردووە، بەزۆر بەشودان و نەگەڕانەوەیە بۆ حەز و خواستی کچەکە خۆی، لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دا بەگشتی و

---

(١) هـ. س. پ، لا ٢٤٦.

(٢) هـ. س. پ، لا ٢٦٣.

کۆمەڵگەی کوردیش بەتایبەتی هەر لەسەرەتاوە بەو شێوەیە پەروەردەمان دەکەن، کە هەر لەمنداڵییەوە کاتێ باوك دێتە قسە هەموو دەبێ بێدەنگ بین، هەموومان دەبێ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بین، حەز و خواستەکانمان وەلا نێین، باوکیش وەکو تاکە جەمسەر دەبێتە سەرچاوەی بڕیار، ئیتر بڕیار لەئەو و جێبەجێکردنیش لای بچوکەکانە، ڕازی نەبوونیش بەبڕیارەکانی ئەو وەکو ئەوەیە یاری بەچارەنووسی خۆت بکەیت و خۆت لەکەنارەکانی مەرگ نزیك بکەیتەوە. دەشێ هەمان وێنەی باوك بەدەسەڵات بدەین و هەمان شتیش لەدەسەڵات چاوەڕێ بکەین. لەڕۆمانی مێتامۆرفۆس دا باسی باوك سالاری دەکرێ، باسی ئەوە دەکرێ، کە چۆن فریشتەیان بەشوو داوە بەبێ گەڕانەوەو پرس پێکردنی، داویانە بەکابرایەك کەلەتەمەندا بەباوکی ئەو دەشێت، بێگومان ئەم کارە هەڵەیەی باوك چارەنووسی کچەکەی خۆی فەوتاند و تەمەنی جوانی ئەوی کردە قوربانی بڕیارێکی هەڵەی تاك لایەنەی خۆی **((باوکم هەڵەیەك بوو کردی و تۆی دایە کابرایەکی بەساڵاچوو کەسی ساڵ لەتۆ گەورەتر بوو، زۆر پێم خۆش بوو کاتێ لەکۆڵ خۆت کردەوە چونکە فەسالّی لەجانەوەری دەکرد، کەهەنگاوی دەنا بەلادا دەچوو، دەتگوت تازە لەقەبر ڕاست بۆتەوە، شۆخێکی وەك تۆ و ئەویان نەگوتبوو))**[٣١٦]. ئەگەر لەو بڕیارە هەڵەیەی باوکی فریشتە وردببینەوەو شرۆڤەیەکی بۆ بکەین، دەبینین دووری نێوان فریشتە و ئەو کەسەی بەزۆر پێیان داوە، کە پیاوە پیرەکەیە وەکو ئاسمان و ڕێسمان وایە لەلایەنەکانی (تەمەن، ئەزموون، توانای سێکسی، خواست و ئارەزوو، بیرکردنەوە...تاد)، ئەم جیاوازیانە بەهیچ شێویەك ڕێگا نادەن ئەم دوانەیە لەژێر چەتری یەك خێزاندا درێژە بەژیان بدەن. کاتێك کچ بەئارەزووی خۆی ڕێگەی پێ نەدرێ هاوسەر هەڵبژێرێ، لەوانەیە لەژیانی هاوسەرێتی سەرکەوتوو نەبێت. بۆیە ئەنجامی ئەم جۆرە هاوسەرگرتنە یان تەلاق، یاخود پەنا بردن بۆ ڕێگای دی دەبێ و بۆئەوەی لەم ژیانە ڕزگاری ببێ، یان خۆی دەکوژێ، یانیش بەرەو لادانە سێکسی و ڕەفتارییەکان دەچێت[٣١٧].

لەڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك دا، نەوزاد کەکارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە بڕیاری کۆچ کردن دەدات، هۆکارەکانی کۆچ کردنیش لای نەوزاد هەم بەهۆی بێزارییە لەوڵات، هەمیش بۆ ئەوەیە کەهەرچی زووە بگاتە ئەو بەهەشتەی کەوەسفیان بۆی کردووە. ئیتر شارەکەی کە تا ئێستا شوێنی هۆگری و ئۆقرەیی* بووە دەبێتە شارێکی بێ ئۆقرەیی. کەواتەلێرەدا ڕاستییەك خۆی دەسەلمێنێ ئەویش ئەوەیە

---

(١) هـ. س. پ، لا ٢٨٦.

(١) ئەسرین زرار قادر، ڕۆڵی سەنتری ئافرەتان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان، لا ٦٨.

* شوێنی هۆگر، مەبەست لەو شوێنەیە کەمرۆڤ تیایدا ژیاوەو پێی هۆگر و ئاشنا بووە، تیایدا هەستی بەسۆز و ھەرموگوڕی و ئارامی و دڵنیایی کردووە، هەستەکانی و پێویستییە گیانییەکانی لەو شوێنەدا تێر بووە و هۆگری خۆشی و ناخۆشی و کەم و کورییەکانی ئەو ژینگەیە بووە. **سەرچاوە: تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، بینای شوێن لەدوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە ـ ئەژدیها)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٦، لا ٩٠.**

کەنەوزاد لەخاك و ولاَتەکەی خۆیدا هەست بەبێزاری دەکات و دەبێتە نامۆترین نامۆ، چونکە، نامۆترین نامۆ ئەو کەسەیە کە لەولاَتەکەی خۆیدا هەست بەنامۆیی دەکات[318].

کارەکتەری سەرەکی و هاوسەفەرەکانی دوای ئەوەی ملی ڕێگا دەگرنەبەر و دەکەونە ناو قولاَیی بەرزایی شاخەکان، ئیتر پەکیان دەکەوێت و هەست بەماندوبوون دەکەن. ئەوەی پێوەندی بەنامۆیی کۆمەلاَیەتییەوە هەیە ئەوەیە کەڕۆماننووس لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکییەوە باسی ئەوە دەکات کە هەریەکێك لەکارەکتەرەکان تەنیا خەریکی خۆی بوو، کەس لەخەمی هاوڕێیەکەی نەبوو بزانێ ساغە یان نەخۆشە **((کەچی والێرە بوونەتە هاوڕێ، بەلاَم هاوڕێی نامۆ و بێ ویژدان کە هەست بەبارودۆخی یەکتر ناکەن، نازانن ئەوی دیی لە چ کاتێکدایە، بڕستی بڕاوە یان نا، نەخۆش کەوتووە یان ساغە، ئەوەتا ئەوەی پێشەوەیان ملی ڕێی گرتووە و نە ئاوڕ بۆ هاوڕێکەی دەداتەوە نەبایەخ بەژیانی ئەوانەی خوارەوە دەدات))**[319]. دوورکەوتنەوە و گوێنەدانی ئەو کەسانە لەو حاڵەتدا ئەوپەڕی نامۆییە، چونکە لەوکاتەدا لەهەموو کات زیاتر پێویستییان بەیەکترەو، زاڵبوون بەسەر هەموو کۆستێکی گەورەش بەکۆمەڵ کەسێك ئاسانترە وەك لە تاکەکەس. **((باڵندەکان بەسەر ترۆپکی هەورازەکەوە دەسووڕان و سێبەرێکی تەڵخیان بەسەرسەری هاوڕێکەم دروست کردبوو کە لەدوورەوە وەك خاڵێکی ڕەش دیار بوو، ئەو دەمێ بوو گەیشتبووە ئەوێ و لەمەترسی مانەوە بەقەد هەورازەکەوە دەرچووبوو، وەك ئێمە تەنگەتاو نەبوو، هەوڵی سەرکەوتن بدات، بیری لەڕۆحی ئێمە نەدەکردەوە، باکی بەوە نەبوو هاوڕێکانی جێدەمێنن و لەناو بەفردا ملیان دەشکێت، یان گورگ دەیانخوات. ئەو هاوڕێیەی ژیانی خۆی لەهەموو دنیا خۆشتر دەوێت و خەڵکیش بەدۆزەخ. بۆ خۆی لەوێ چاوی نووقاندووە و وەنەوز دەدات، خەوتووە و خەون دەبینێت))**[320].

لایەنێکی تر کەڕۆماننووس لەو ڕۆمانەدا وروژاندوویەتی، بێ ویژدانی قاچاغچییەکانە، کەچۆن بەربوونەتە گیانی خەڵکی و ئەم خەڵکە نەشارەزایانە بە مەرگ دەسپێرن. قاچاغچییەکان زۆرێك لەگەنجانی ئەم ولاَتەیان بەدەریای ئیجە و شاخەبەفرینییەکان سپارد **((ئەو ڕێگایەی لەبەیانییەوە هەنگاوی بەسەرەوە دەنێین و بۆ سەروو هەڵکشاوە، ڕێی مرۆڤ نییە، بەڵکو ڕێی ولاَغ و بزنە کێوییە، دەلیلەکەمان درۆی لەگەڵ کردین، ئێرە ئەو شوێنە نییە کە لەسەری ڕێك کەوتین بمانگەیەنێتە ئەوێ، هەر هەورازێك بەچوار پێنج سەعات تەواو نابێت، نشێوەکان لەوان ناخۆشترن، بەهیچ شوێنێکمان ناگەیەنن، دەلیلەکەمان پیاوێکی زۆڵ و قۆڵ بڕیوو و قۆڵی بڕین، ئەوەی هەمانبوو، و نەمانبوو بردی، ئەوەی بەڕەنجی فەرهاد کۆمان کردەوە بردی))**[321]. کابرای قاچاچچی لەبری ئەوەی لەخەمی ئەواندا بێت پشتیان تێدەکات و لەسروشتێکی

---

(٢) شیرین سەعید محەمەد سەعید، نامۆیی لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا، لا ٩.

(٣) سەلاَح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، لا ٣٢١.

(١) س. پ، لا ٣٢٩.

(٢) هـ. س. پ، لا ٣٤٠.

یەکجار سەخت و دژواردا ئەوان ڕادەستی چارەنووسێکی نادیار دەکات. **((بەدوای ئەو کابرایە قۆڵبڕە کەوتین چارەنووسمان، ژیانمان، هیوا و ئاواتمان، پارەو پوولمان، خەونەکانمان بەو سپارد و ئەو لێی زەوت کردین، ئێستاش ئامادە نییە بمانداتەوە، جا لەکوێ لێی وەرگرینەوە، ئەو باوك کەران گاوەی لێمان غەیب بوو و لێیدا ڕۆیشت، کەس نازانێت بۆ کوێ چوو و چۆن خۆی لێمان دزییەوە، ئەمڕۆ ئەوا بوو بەحەوت شەو و حەوت ڕۆژ بەڕێوەین و دەڕۆین، وەك کۆمەڵێك مەڕی بێ شوان کەوتووینەتە ئەو شاخ و داخانە و ڕێمان لێ وون بووە، کەسێك نییە بمانگرێتەوە، بێ شوان ماوینەتەوە و پەرت بووین))**[٣٢٢]. ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە هەموو مەبەستی قاچاغچییەکە تەنیا پارە وەرگرتن بووە لەو کەسانە و هیچ بەڵێنێکی بۆ نەبردوونەتە سەر **((ئەو باوك کەران گاوە، پارەکەی بەزیادە لێمان وەرگرت و جێی هێشتین، بەڵام دەبووایە بیرمان لەوە بکردایەتەوە و پارەکەمان نەدابایە، جا ئەوە ئێمە نەزان بووین و ملمان شکاند پارەکەمان دایە، دەبوایە ئەو وا نەبێت و جێمان نەهێڵێت))**[٣٢٣]. ئیتر لەوکاتەدا مەبەستی قاچاغچییەکە ڕوون دەبێتەوە کە تەنیا لەخەیاڵی قۆڵبڕین و پارە وەرگرتندا بووە.

**((قاچاغچییەکە گوتی:**

**- ئێرە چاکترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بەو بەهەشتەی بۆی دەچین...**

**بەڵام ڕاستی نەکرد، بەڵکو بە ئەنقەست وای کرد، تا ئێمە تووشی هەلاکەت ببین، ئەویش بۆ خۆی دەربچێت، ئەوەی هەمانە بیبات و ڕووتمان بکاتەوە))**[٣٢٤].

ڕۆمانی جەنگ کۆمەڵێك حاڵەتی تێدایە کە گوزارشت لەنامۆیی کۆمەڵایەتی دەکەن، بۆ نموونە باس لەوە دەکات کەترس و برسیەتی وەکو دوو دەردی کوشندە بەربونەتە گیانی خەڵکی، بەڕادەیەك وایکردووە خەڵك زێد و مەفتەنی خۆیان جێبهێڵن. کارەکتەری سەرەکی باس لەوە دەکات کە ئەوان لە بنچینەدا خەڵکی ئێرە نین، بەڵکو ترس و برسیەتی وایکردووە کە شوێنی خۆیان جێبهێڵن **((بەر لەئیمشەویش لەدەمی ئەوەوە نەمبیستبوو کە لەبنەڕەتدا ئێمە خەڵکی گوندێکی کوردستانی ئەودیوین و برسیەتی و ترس و گرانی و شەڕی یەکەمی جیهانی دایکم و پوورمی ئاوارە کردووە و پاش ڕفاندنی عەلی برام و مردنی باوکم ئەوێیان جێهێشتووە و لێرە گیرساونەتەوە))**[٣٢٥].

ئەم ڕۆمانە باس لەخراپی بەکارهێنانی دەسەلات دەکات لەلایەن دەسەڵاتی ئەوسای تورکەوە، کەچۆن زوڵم و زۆرداریيان بەرامبەر خەڵك ئەنجام داوەو گەنجیان بەزۆرەملێ ڕاپێچی سەنگەرەکانی شەڕ

---

(٣) هـ. س. پ، لا ٣٦٥.

(٤) هـ. س. پ، لا ٣٦٥.

(١) هـ. س. پ، لا ٣٨٦.

(٢) هـ. س. پ، لا ٤٠٨.

کردووەو بەکوشتنیان داون، هەروەها چۆن ویستویانە دەست بەسەر ماڵ و موڵکی خەڵك دا بگرن و لەخزمەتی دەسەلاْتدا بەکاری بهێنن **((ئەوانەی عەلییان گرت ئەوانە بوون کەباوکتیان دارکاری کرد و حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لەسەر جێ خستیان، بەقۆناخە تفەنگ و دار لەشیان ئەنجن ئەنجن کرد، ئەندامێکی ساغیان لەلەشدا نەهێشت، ئێسکیان ورد و خاش کرد، هاتن و لەناو جێگا باوکتیان برد و لەکەلاوەیەك دەست و قاچیان شەتەك داو بەربوونە گیانی، کە بەڕەلاشیان کرد و هاتەوە ماڵەوە، لەشی هەموو برینی بەسووێ بوو و شەبەقی گەورە گەورەی تێبوو))**(326). واتە ئەو دەسەلاْتە ئامادەن لەپێناو بەدیهێنانی مەرامەکانیان لەخێزانێکدا چەند کەسێك ئازار و ئەشکەنجە بدەن و لەناوی ببەن، ئەگەر هاتوو داواکانیان جێبەجێ نەکرێت. **((بەر لەچۆڵبوونی گوندیش لەشکری جەندرمە هێرشی بۆ گوندەکەمان هێنا و ئەو گەنجانەی تەمەنیان گەیشتبووە تەمەنی سەربازی، گرتنیان و بۆ شەڕ بردنی، ئەوەبوو بەدەیان گەنجی گوندەکەمان ڕاپێچی بەرەی شەڕ و سەنگەرەکان کران و لەدایك و باوك و ژن و منداڵەکانیان دووریان خستنەوە، بوونە سوتەمەنی شەڕێکی نەگریسی بێ کۆتایی. لەهێرشی دووەمدا عەلی براشت گیراو ڕاپێچی سەنگەرێ کرا کەنازانم لەکوێ بوو، پاشان نەمانبینییەوە، چۆن ڕۆیی وا ڕۆیشت، بێ سەر و شوێن چوو و نەمانزانی بۆ کوێیان برد و لەکام شار و ولاْتدا کوژرا، لەسەنگەردایە یا لەشوێنێکی دیکە نەخەبەری هەبوو نەسۆراغێ، هیچ هەواڵی نەبوو لەبەرەی شەڕدا بێت و ئاراممان بکاتەوە، ئەوکاتەی هاتن باوکتیشیان گرت و بردیان، حەوت ڕۆژ و حەوت شەو دارکارییان کرد، ئینجا بەمردوویی گەڕاندییانە ماڵەوە، بەقسەی ئەوان گوایە باوکت گەنمی شاردۆتەوەو عەمبارەکانی گەنمی نیشان نەداون))**(327). ئەو سەردەمە وەیشومەیە کە دەسەلاْت وەکو فەزایەکی پڕ ترس تۆقاندن دروستی کردبوو، وەك وتمان هێندە کاریگەری لەسەر خەڵکی کردبوو وای لێ کردبوون شوێنی خۆیان جێبهێڵن. ئەوکاتەی باوکی کارەکتەری سەرەکی دەمرێت لەبەرئەوەی جگە لەمنداڵ و ئافرەت و پیاوی پەککەوتەو بەساڵاچوو کەسی تر لەگوند نەمابوو دایکی نەیدەزانی هانا بۆ کێ بەرێت، تا لەشوشتن و کفن و دفن کردنی باوکی کارەکتەری سەرەکی دا یارمەتی بدات **((لەو گوندە چۆڵ و هۆڵەی شەڕ و قاتوقڕی و گرانی بینە قاقای خەڵکی گرتبوو و ڕۆژانە لێی دەکوشتن و لەبەری هەڵدەهاتن، لەو گوندەی لەمن و باوکت و چەند ماڵێکی کەمی دیکەی لێ نەمابوو، کەس ئاگای لەکەس نەمابوو، کەس نەیدەزانی ئەوی دیکە چی لێ هاتووە و چی لێقەوماوە، ماوە یا مردووە، یا کە شتێکی لێ قەوما هانا بۆ کوێ ببا، کێ بانگ کا، جا کێ دەیتوانی بەهانای ئەوی ترەوە بێ، جا کێ تاقەتی مابوو بێت و دەست کاتە قازمە و پێمەڕە خاکەناس و لەگوند بچێتە دەر و بچێت لەگۆڕستانی ئاوایی گۆڕ بۆ مردووەکەی لێدا، ڕۆژی ئەوە نەبوو مردوو بشارێتەوە، ڕەنگە دەیان کەس هەر لەحەوشە و ماڵەکەی خۆیان**

---

(٣) هـ. س. پ، لا ٤٢٧.

(١) هـ. س. پ، لا ٤٦٨.

**مردووەکانیان شاردبێتەوە و لەچاڵێك ناشتبیان، یا تەنیا خۆڵیان بەسەردا کردبن و وازیان لێ هێنا بێ))**[٣٢٨].

ڕۆمانی خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان زۆربەی لاپەڕەکانی تەرخانکراوە بۆ ململانێی نێوان ئافرەتە لەشفرۆش و سەماکەرەکان لەگەڵ کۆمەڵگە، ئەگەرچی ئەم پیشەیەی ئەوان دەستیان دابویێ زۆربەیان بەخۆشی خۆیان نەبوو، بەڵکو ژیان ناچاری کردبوون **((بەدەست خۆی نەبوو چی بکات، ژیان وای لێکردبوو وابێ، نەگبەتی و خراپیی دەورووبەر بەم ڕۆژەیان گەیاندبوو))**[٣٢٩].ئەگەرچی هەموو نەهامەتییەکانی ژیانی نەجوا دوور یا نزیك پیاو تێیدا تاوانبارە و هۆکاری یەکەمی ئەو دەردەسەرییانەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیاوان هەرگیز گوێ بەکێشە و دەردەسەرییەکانی ئەو کەسانە نادەن کە وەك نەجوا بوونەتە سەماکەر **((لایان گرنگ نییە سەماکەر چییەو بۆ بۆتە سەماکەر. بەویستی خۆی سەما دەکات یا کارەسات و نەهامەتی و نەگبەتی وای لێ کردووە ئەم پیشەیەی کە لای خەڵك قێزەوەنە هەڵبژێرێ))**[٣٣٠].

ڕۆماننووس لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە کەکوڕە هونەرمەندەکەیە جوانترین وەسف بۆ ئەو لەکەداربوونەی نەجوا دەکات و دەیچوێنێت بەتابلۆیەکی ناشیرینی بەئەنقەست شێوێندراو **((ئەو خۆی وا هەستدەکات، وا دەزانێ ئەو پەڵە ڕەشەی پەڕەی ژیانی لەکەدار کردووە، تابلۆیەکی گەورەیەو لەپیشانگایەکی بەردەوام کراوەدا نیشان دەدرێ، هەر کێ بێ سەیری دەکات و دەیبینێ، قسەی لەبارەوە دەکات، تابلۆیەکە بەڕەنگی ڕەش بەفلچەی ناهونەرمەنێ دروست کراوە، لابردنیشی لەبەرچاوی بینەراندا زەحمەتە، کەسێ نییە جورئەتی وەلانانی بکات))**[٣٣١]. ئەم دەربڕینەی کارەکتەری سەرەکی دژی ئەو پیاوە دڕندانەیە کە هەردەم خەریکی لەکەدارکردنی ئافرەتانن و نامۆیی و بێزاری خۆی بەرامبەریان دەردەبڕێت.

نەجوا و هەموو ئەو ئافرەتانەی کە سەماکردن و لەشفرۆشی بۆتە پیشەیان، وەك چۆن ئەوانەی ئاڵودەی تریاك و مادە بیهۆشکەرەکان بوونە ناتوانن دەست بەرداری بن، چونکە لەگەڵ خوێنیان تێکەڵ بووە، ئەوانیش بەهەمان شێوە ناتوانن، چونکە هەم نانی ڕۆژانەیان دەبڕدرێت و هەمیش بێ ' پەناگە دەمێننەوە **((تۆش وەکو گوڵێکی ژاکاو، وەك پەلکی دارێکی گەڵا هەڵوەریوی وەرزی پاییز خۆت کڕ کردووە، ئەگەر پێشت ناخۆش بووبێ هیچت بۆ نەکراوە، کارەکەت وادەخوازێ بێدەنگ بێ و ئەوانیش ڕاست و چەپ تێت بەربن، لەسەر زگ و لەسەر پشت بتگەوزێنن، ناشبێ دەنگ بکەی، ئەگەر دەنگ بکەی جارێکی**

---

(٢) هـ. س. پ، لا ٤٤٤.

(١) سەلاّح عومەر، خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان، ڕۆمان، لا ١٢.

(٢) س. پ، لا ١١٥.

(٣) هـ. س. پ، لا ٥٣.

**دیکە بەلاتدا نایێنەوە، ئێ ئەمەش شتێکە ناتوێ بیکەی، دەنا ڕزقت دەبڕێ، لەسەماکردن دەرتدەکەن..!**
**لەوانەیە دەیان جار ئەو پرسیارەت لەخۆت کردبێ:**
**_" پاش ئەو هەموو مەینەتییە... ئەگەر ئەوە نەکەم چی بکەم..؟ تازە تووش هاتووم..! بوومەتە زەوییەکی تەختانی وشك وەك مەلیکی بێلانەم لێهاتووە.."))**[٣٣٢].

وەك ووتمان ئەگەرچی نەجوا نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بەناحەقییەکانی دەوروبەری بێتەگۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قین و بێزاری و تووڕەییەکانی ناخی لەڕێگەی چاوە جوانەکانییەوە دەردەبڕی، چاوی جوانترین گفتۆگۆی دەکرد **((ئای لەو دوو چاوە شووشەییانەی کە پڕبوون لەبێزاری و فرمێسکی بەگژداچوونەوەو تووڕەیی، بەگژداچوونەوەی ڕۆژگارێکی سۆزانی، هاوارێك بوون بەرامبەر ناپاکی، ئەگەرچی وەك کەلا لەدوورەوە دەبریسکانەوە، وەلێ غەزەبیان لێ دەباری و لەناو تاریکی نیوە شەوێکی ئەنگوستەچاودا دەبریسکانەوە، بەسەر دنیای بووندا پەرش دەبوون، دنیایان سەراپا دەکردە ڕووناکی، ڕووناکتر لەژووری ڕۆحی منداڵێکی ساوا))**[٣٣٣].

وەك ووتمان نەجوا یەکێکە لەپاشماوەکانی قوربانیانی ئەنفال و یەکێکیشە لەو کچە کوردانەی کە دوای پرۆسەی ئەنفال براوەتە یەکێك لە وڵاتە عەرەبییەکان لەوێ لەدیسکۆ و مەلهاکان بەپیشەی سەماکەری کاریان پێ دەکەن. بەحوکمی ئەوەی وڵاتە عەرەبییەکانیش هاوشێوەی کۆمەڵگەی کوردی و بگرە زیاتریش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نەریت و کلتوور، بۆیە دەبینین نەجوا بەحوکمی پیشەکەی کەسەماکردنە بۆتە یەکێك لەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگە بەچاوێکی سووك سەیر دەکرێت. نەجوا دەیزانی دوای مردنی بەماوەیەکی کەم لەفەرهەنگی کۆمەڵگە دەسڕدرێتەوەو دەبێتە ڕابردوویەکی لەیادکراو **((ئینجا پاش ماوەیەك لەبیر دەکرێم، کەسێ نابێ بیرم لێ بکاتەوەو مێشکی بەکەسێك جەنجاڵ کات کەهیچ نەبووە، سەماکەرێکی هیچوپووچ، لادەر لەبەهاو نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە))**[٣٣٤]. پێشبینییەکەی نەجوا ڕاست دەبێ و دوای مردنی نەجوا کەسانێك دڵخۆش دەبن و هەزار لەعنەتی بۆ دەنێرن، لەکاتێکدا هیچ دەربارەی ژیانی ئەو کەسە ستەم لێکراوە نازانن **((بەخوا کوڕەکەم بەتەواوی نازانم، بەڵام وەك منداڵانی گەڕەك گێڕاویانەوەو گوتیان، ئافرەتێ لەیانەکە گوللەیەکی لەنێوچەوانی خۆی داوەو دەمودەست تەواو بووە.. بەجەهەنەم، ئەی سۆزانی وا بۆ مردن نەبێ بۆچی باشە؟ با قەحپەی وا بمرێ، ئەی کەسانی وا نین دنیایان پیس کردووە؟ بۆیە هەرچەند ئەوانە زوو لەناو بچن، هێندە زووتر دنیا پاك دەبێتەوە.. نەعلەتی خوایان لێدا، ئەو جۆرە**

---

(٤) هـ. س. پ، لا ٧٢.

(١) هـ. س. پ، لا ١٥٤.

(٢) هـ. س. پ، لا ٢٧٧.

**کەسانە جەهەنم جێیانەو بەئاگر دەسووتێن))**[٣٣٥]. ئەمە قسەی کابرایەکی پیرە و بۆ کارەکتەری سەرەکی دەکات، دوای ئەوەی کارەکتەری سەرەکی دەیەوێت هەواڵێکی نەجوا بزانێت.

ئەم ڕۆمانە باس لەکەسانێك دەکات، کە گورگن لەپێستی مەڕدا، ئەو کەسانەی کە بەڕووکەش وەك باشترین مرۆڤ خۆیان دەردەخەن، کەچی لەناوەوە کەسانێکی هیچوپووچی خیانەت کەرن، کەسانێکی بێ ویژدانن و مەبەستیان تەنیا مەرامە گڵاوەکانی خۆیانە. باس لەو کابرایە دەکات کە لە خانوەکەی دا داڵدەی دابوون، لەڕواڵەتدا وا خۆی نیشان دەدا کەمەبەست لێی خێر و چاکەیە، کەچی لەژێرەوە دەهاتە وێزەی دایکی نەجوا و لاقەی دەکرد، دوای مردنی دایکی نەجوا و گەورەبوونی نەجوا هەمان کرداری لەگەڵ نەجواش دووبارە کردەوەو پاشان بەبیانوی ئەوەی کە نەجوا کەسێکی بێ ئابڕووە کۆڵان بەدەری کرد **((کەئاو دایکمی برد، هێشتا چەند هەفتەیەك ڕانەبردبوو، کابرا بەهەمان شێوە هاتە وێزەی منیش، ئەوکات گەورە ببوم و دەتگوت شلکەدارم و تازە هەڵدەچم. خەمخواردن و گریان و پاڕانەوە، لەخۆدان و قژ ڕنینەوە دادیان نەدام، کابرا هات و بەقسەی لووس و بە بەڵێنی درۆ منیشی لەخشتە برد، تووشی هەمان حاڵەتی دایکمی کردم. وەك دایکم لەشەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاودا بەشێنەیی هات و تێم بەربوو، ئەوەی ویستی کردی و دواتر پاش نزیکەی ساڵێ، کۆڵان بەدەری کردم، نەك هەر نەیهێنام و نەیکرمە ژنی خۆی، بەڵکو گشت خەڵکی کۆڵانی بەسەرمدا ڕژاند و بەتۆمەتی لەشفرۆشی و بێ ناموسی گەڕەك بەدەری کردم، خەڵکی هێناو بەرد بارانی کردم))**[٣٣٦].

لایەنێکی تر کەڕۆماننووس لەو ڕۆمانەدا گوزارشتی لێوە کردووە، گەندەڵی* و ڕۆتینیاتە لەدامودەزگا فەرمییەکان. بۆ نموونە باسی ئەوە دەکات، دوای ئەوەی کابرا توخنی نەجوا دەکەوێت، ئیتر نەجوا سکی پڕ دەبێت و منداڵی دەبێت، بەڵام کابرا حاشا دەکات کە ئەو منداڵە لەو بێت، بۆیە نەجوا لەدادگا سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات، بەڵام کابرا دەتوانێت کاریگەری لەدادگا بکات و ڕاپۆرتی پزیشکی بگۆڕێت **((دواتر کە بۆ مەسەلەی باوکایەتیی منداڵەکە لەدادگا شکایەتم لێ کرد، پاش بینەوبەردەیەکی زۆر، باوکایەتیی منداڵەکە بۆ نادیار تۆمارکرا! چونکە بەهەر جۆرێك بوو توانیی کار لەدادگا بکات و ڕاپۆرتی پزیشك بەپارە بگۆڕێ..))**[٣٣٧]. کەواتە ئەگەر گەندەڵی لەدادگا هەبێت کە گەورەترین دەسەڵاتە، زۆر ئاساییە کە لەهەموو فەرمانگە حکومییەکانی تریشدا گەندەڵی هەبێت.

---

(٣) هـ. س. پ، لا ٢٤٤.

(١) هـ. س. پ، لا ٣٢٣.

* چەمکی گەندەڵی بریتییە لە لادانی ڕەفتاری فەرمانبەرە حکومییەکان لەڕێسا قبوڵکراوە–گشتییەکان– بۆ خزمەتی ئامانجی تایبەتی. **سەرچاوە: صلاح صديق سعيد، کێشەی گەندەڵی، هۆکارو دەرەنجامە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩، لا ١١.**

(٢) سەلاح عومەر، خانمە شەوە ئەرخەوانییەکان، ڕۆمان، لا ٣٢٤.

هەر لەو ڕۆمانەدا باسی پەتایەکی تری کۆمەڵایەتی دەکرێت، کە چەندین خێزانی بەرەو لێکترازان بردووە، ئەویش خیانەتی هاوسەرگیرییە، بابزانین خیانەتی هاوسەرگیری چییەو هۆکاری چییە. خیانەتی هاوسەرگیری بریتییە لە پەیوەندی سۆزداری و جەستەیی ناشەرعی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز، بەڵام کاتێك پێی دەوترێت خیانەتی هاوسەرگیری ئەگەر هاتوو کچەکە یان کوڕەکە پێیان نابێتە قۆناغی هاوسەرگیری و خیانەت لەهاوسەرەکەیان بکەن[338]. زانا دەروونناسەکان دەریان خستووە، کە خیانەتی هاوسەرگیری لەمەترسیدارترین هۆکارەکانە، کە هەڕەشە لەتوندوتۆڵی و جێگیری پێوەندی نێوان خێزانەکان دەکات.خیانەتی هاوسەرگیری بریتییە لە تاوان و گوناه و لادان لە بەهاکان، لەڕوانگەیەکی ترەوە دەتوانین بڵێین خیانەتی هاوسەرگیری بریتییە لە شەڕانگێزی و ڕقوکینە کەژن یا پیاو وەکو چەکێك لەکاتی پێویست دا دژ بەیەك بەکاری دەهێنن[339]. لەڕۆمانی خانمی شەوە ئەرخەوانییەکاندا باسی ئەوە دەکرێ کە ئەو کابرایەی، توخنی نەجوا دەکەوت خێزانداربووە **((ئەوێکی خاوەن ژن و منداڵ، کەدەمێك بوو ژنی هێنا بوو، ژنەکەشی جوان و ژیکەڵە بوو، بەژنوباڵا بەرزێکی قژ ئەرخەوانی، قسە خۆش و دەم بەپێکەنین، ئەگەرچی هەندێ جار بەڕقەوە قسەی لەگەڵ دەکردم و جۆرە تووڕەییەك لەڕوخسار و چاوەکانیدا دەبینرا، چونکە هەستم دەکرد شتێکی زانیوە، دەیەوێ ئاگادارم بکاتەوە کەخۆم لەمێردەکەی ئەو بەدوور بگرم))**[340]. لێرەدا دەردەکەوێت کە ژنەکەی کابرا درکی بەو مەسەلەیە کردووە، بەڵام لەوانەیە نەتوانێ راستەوخۆ بەمێردەکەی بڵێت، بۆیە دەیەوێت نەجوا بترسێنێت و لەمێردەکەی دوور بخاتەوە.**((دەمێ ساڵ بوو شەوان بەدزیی ژنەکەیەوە دەهاتە سەر جێگای دایکم و تا بەیانی لەگەڵی دەخەوت))**[341].

.............................................................................................

**٣- نامۆیی ئابووری:** ئەمەشیان جۆرێکی تری نامۆبوونەو لەبەشی یەکەمدا خستمانەڕوو، یەکێ لەپێناسەکانیشی ئەوەیە مرۆڤ ببێتە دیلی ئەو بەرهەمەی کە دروستی دەکات.

نامۆیی ئابووری بەو شێوەیەی کەپێناسەمان بۆی کرد لەڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا بەرچاو ناکەوێت، بەڵام دەتوانین لەسۆنگەیەکی تری ئەم جۆرەی نامۆبوونەوە بەناو ڕۆمانەکانیدا بگەڕێین، ئەوەی پێوەندی بەم جۆرەی نامۆبوون هەیەو لەڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا بەدی دەکرێن ئەوەیە، کەباس لەجیاوازیی چینایەتی دەکات، باس لەبارودۆخ و گەڕەکی ماڵە هەژار و خوا پێداوەکان دەکات. لەڕۆمانی تاریکستانی لمدا باس لە گەڕەکی دەوڵەمەندەکان دەکات، کە بەهەشتێکە بۆ خۆی **((ئەو گەڕەکەی ئێستا**

---

(١) ........، المرأة والزواج.. حكاية لا تنتهي../ الخيانة الزوجية ودوافعها، الثلاثاء، ٢٠١٠/٦/٨، http://www.kenanaonline.com/page/2142

(٢) ؟، الخيانة الزوجية من النواحي النفسية، ٢٠١٠/٦/٨، الثلاثاء، http://forum.brg8.com/t24189.html

(٣) سەلاح عومەر، خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان، ل ٣٩١ ـ ٣٩٢.

(٤) س. پ، ل ٣٩٤.

**لەسەری وەستاوی ئەوە گەڕەکی دەوڵەمەند و خوا پێداوەکانە. سەیرکە بزانە چاوت بەدیوارێکی لەقوڕ، دەرگایەکی لەدار دروستکراو دەکەوێ. مەڕمەڕ و کاشی و کەرپووچ و بەردی حەلان بەرناکەون. خانووەکانی وا لەدوورەوە باق و بریقیانە، نەخش و نیگار و پەیکەرسازی و جامخانەی ئەلەمنیۆم و داری ساج بەڕووی ئادەمیزاد دا پێدەکەنن))**[342]. ئەم وەسفە هی کەسێکە و بۆ شتێکە کە لەژیانیدا شتی وای نەبووبێ یان نەیدیبێ وایە.

لەڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەکیشدا باس لەم حاڵەتە دەکات، ئەو کاتەی کەنەوزاد بەدزی ماڵەوە جێدەهێلێیت، بەکۆلانێکدا ڕادەبورێت کەشوێنێکی خۆش و خانووی جوان جوانی تێدابووە **((بام دایەوە ڕۆژئاوای ماڵە خوا پێداوەکان، کە خانووەکانیان بە بەردی حەلان و مەڕمەڕی سپی و قاوەیی و ڕەش دروست کرابوون و لەدوورەوە بەڕووخسارم پێدەکەنین... ئەوێی هێمن و ڕازاوە، ئەوێی پاك و تەمیزی بێ ژاوەژاو.. بێ شەڕ و پیسی... ئەوێی ڕووناك و پڕ گڵۆپ، کە لەمبەر و لەوبەری کۆلانەکاندا بەگڵۆپ ڕازابووەوە))**[343].

لەڕۆمانی جەنگیشدا باس لەوە دەکات ئەو کاتەی کە تەرمی مەمی کوڕی عەلی بە کارەکتەری سەرەکی دەسپێرن، ئەو نازانێ کەبرازایەتی، بۆیە بیر دەکاتەوە کە ئایا ئەوە کێیە و کوڕی کەسێکی دەوڵەمەندە یان هەژارە **((بەچی بزانم کوڕی کێیەو ماڵیان لەکوێی شارە، لە چ گەڕەکێکن و کۆلانەکەیان ناوی چییە، دەرگای ماڵەکەیان ڕەنگی چۆنە، باوکی دەوڵەمەندە یان هەژارە، لەگەڕەکی هەژار نشینەکان یا لەگەڕەکی خوا پێداوەکانن، باوکی چ کارەیە، بازرگانە یا کرێکار))**[344].

..........................................................................................

**٤ـ نامۆیی ڕۆشنبیریی:** بریتییە لەوەی کەتاك ئەو ڕۆشنبیرییە ڕەتبکاتەوە کە لەکۆمەڵگەدا باوە، بەهۆی ئەوەی بەڕۆشنبیرییەکی کۆنی چەق بەستووی دادەنێ.

لەهیچ یەکێك لەڕۆمانەکانی سەلاح عومەر دا شتێکی وامان بەرچاو ناکەوێت کە گوزارشت لەنامۆبوونی تاك دا بکات لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە، بەلام بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەتوانین حاڵەتی نامۆیی ڕۆشنبیری دیاری بکەین، بۆ نموونە لەهەندێ لەڕۆمانەکاندا کارەکتەری سەرەکی یان کارەکتەرە لاوەکییەکان هەڵکەوتەی توێژی ڕۆشنبیرانن. لەڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەکدا کارەکتەری سەرەکی کەناوی نەوزادە، فەرمانبەرەو لەیەکێك لەفەرمانگە حکومییەکان دەوام دەکات، بەلام بڕیاری ڕۆیشتن بۆ هەندەران دەدات، کەواتە نەوزاد وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر ناتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگەکەی هەڵبکات **((لەفەرمانگەیەك فەرمانبەر بوو ژیانی ئاسایی دەبردە سەر، لەهیچی کەم نەبوو، تەنیا ئارەزوویەکی شێتانە پاڵی پێوە**

---

(١) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، لا ١٢٥.

(٢) س. پ، لا ٣٠٨.

(٣) هـ. س. پ، لا ٥١٧.

**دەنا))**[٣٤٥]. بەڵگەش بۆ قسەکانمان کە نەوزاد کەسێکی ڕۆشنبیرە، ئەوەیە کە خوێنەری دەقەکانی هەندێ نووسەری جیهانییە **((جانتاکەم چەند ڕۆمانێکی کورت کورتی(هیرمان هیسە) و یەك دوو دیوان شیعری (ڕامبۆ)ی تێدا بوو، بۆ ئەوەی ئەگەر لەڕێگا بێزاربووم و بەسواری شەمەندەفەر ڕۆیشتم بیانخوێنمەوەو کاتیان پێ بەرمە سەر))**[٣٤٦]. هەر لەڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەکدا کارەکتەری سەرەکی بێزاری خۆی لەو تێکچوونەی کۆمەڵگە دەردەبڕێت،کە هەموو شتە جوانەکانی تێکداوە، ئەم تێکچوونە ژێرخانی ڕۆشنبیریشی گرتۆتەوە **((ئەمە چ وەحشیەتێکە تێی کەوتووم؟ چ خەراباتێکە، دار و بەرد بەسەر یەکدا بڕووخێت و هێلانە و چۆلەکە و پەپوولە و گوڵ، حەرف و کتێب، پیت و دێڕ و وشە لێك دابڕێن و هێزێ نەبێت بیانگەیەنێتەوە یەك؟!)**[٣٤٧].

.........................................................................................................

**٥ـ نامۆیی تەکنۆلۆژی:** مەبەست لەم جۆرەی نامۆبوون، بێزاربوونی مرۆڤە لەو پێشکەوتنەی کە تەکنۆلۆژیا هێناویە کایەوەو لەهەندێ لایەندا بۆتە هەڕەشە بۆ سەر مرۆڤایەتی.

ئەم جۆرەی نامۆیی زیاتر بەشێوەیەك لەڕۆمانەکانی سەلاّح عومەر ڕەنگ دەدەنەوە، ئەویش ئەوەیە کەشار تەنیا لەڕووی بالآخانەوە گۆڕاوە، بەلاّم ئەم بالآخانانە شوێنی سروشتە جوانەکەی ڕابردوویان داگیرکردووەو شاریان کردۆتە شوێنێکی جەنجاڵی پڕ ژاوەژاو. لەڕۆمانی تاریکستانی لمدا کارەکتەری سەرەکی دوای ئەوەی لەتاریکستانی کۆشکی باشور دەگەڕێتەوە دەبینێت شارەکەی چەندەها بالآخانەی بەرز بەرزی لێکراوە، بەلاّم خەڵکەکە بەرەو خراپی هەنگاویان ناوە **((ئەوەی پتریش ئازاری دەدا گۆڕانی خەڵکی شار و باڵەخانەو بینایەو گۆڕەپان و شەقامەکانی شار بوو، وەختی خۆی ئەم هەموو قەرەباڵغییەی نەدەبینی، شار شارێکی هێمن و تا چاو بڕ دەکا دار و بار و دەشتایی و باخچەی هەمە چەشن بوو))**[٣٤٨]. ڕۆماننووس دەیەوێت پێمان بڵێت کە هاتنە پێشەوەی بەها مادییەکان وایکرد پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکان ڕووەو کاڵبوونەوەو لاوازی بڕۆن **((بەر لەوەی لێرەی دوور بخەنەوە، کام کۆلآنت بگرتایە قوڕ و لیتاو بوو، گۆماو ڕێی پێ دەگرتی و تا چۆکان لەنێو ئاوی پیسدا مەلەت دەکرد. ئێستا وا نەماون. پاك و تەمیز و چیمەنتۆ و کاشی ڕێژ کراون، دیمەنی ناو شار ڕێکوپێك دێتە بەرچاو. کەچی خەڵکەکەی پاك نەماون و دڵڕەقی و خراپەکاری گیانی تەنیون))**[٣٤٩]، ئەم حاڵەتە لای کارەکتەری سەرەکی هیچ نرخێکی نییە **(( من چی لەجوانی دیمەنی دەرەوە بکەم، کەناوەوە پڕوپووچ و بۆگەن بێ))**[٣٥٠].

(١) هـ. س. پ، لا ٣٤٢.

(٢) هـ. س. پ، لا ٢٩٦.

(٣) هـ. س. پ، لا ٢٩٨.

(٤) هـ. س. پ، لا ٨٧.

(١) هـ. س. پ، لا ١٣٧

(٢) هـ. س. پ، لا ١٢٥

.......................................................................................................

**٦ـ نامۆیی سۆفیگەریی:**

لەڕۆمانی ولاّتی تارمایی دا چەند حالّەتێك دەبینرێت، کە دەچنە خانەی نامۆیی سۆفیگەرییەوە، بۆ نموونە باس لەوە دەکات، کە کارەکتەری سەرەکی زۆر نوێژی کردووەو تەنیایی هەلّبژاردووە **((خۆ ئەگەر بەکار و کردەوەش بێ. ئەویش هیچی کەمتر نییە لەشێخ و سۆفی و دەروێشێ، ئەوانیش هەر هێندەی ئەو، بەلّکو کەمتریش لەخەلّوەت و گۆشەگیریدا ماونەتەوە، هەر هێندەی ئەو برسیەتی و تێنوویەتیان چەشتووە، هەر هێندەی ئەویش لەسەر بەرمالّی نوێژکردندا سوژدەیان بۆ خواوەند بردووە، شەونوێژیان بۆ مندالّی هەتیو و ئافرەتی کۆستکەوتوو کردووە، وەك ئەویش لەئەشکەوتێکی دوورە شاری تاك و تەرادا بە تەنیا ژیاون، نیو سەدەونیو لەئاوەدانی دووربوون و ئەوسا گەڕاونەتەوە))**[٣٥١]. ئەمانە هەموو هەلّسوکەوتی کەسێکن کە خۆی تەنیا بۆ خواپەرستی تەرخان کردبێ و پشتی لەدنیا و مالّ و سامان کردبێ.

.......................................................................................................

**٧ـ نامۆیی سێکسی:** نامۆیی سێکسی بریتییە لە نەتوانینی تاك لەبەتالّکردنەوەی حەز و ئارەزووە خەفەکراوەکانی، یان گۆڕانی دیدگای تاکە بەرامبەر بەپرۆسەی سێکس و بەکەم سەیرکردنیەتی.

لەڕۆمانی خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان هەندێ حالّەتی تێدایە، کەدەکەونە چوارچێوەی ئەم جۆرەی نامۆیی، بۆ نموونە کارەکتەری سەرەکی حەزێك کەلەسەرووی ئیرادەی خۆیەتی پالّی پێوە دەنێ، تاسەیری بەژن و بالاّ جوانەکەی نەجوا بکات، ئەوی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە کارەکتەری سەرەکی خۆشی سەری سوڕمابوو لەو هەلّسوکەوتانەی کە دەیکرد، نەیدەزانی حەزی سێکسی چەند سالّەیەتی کە لەلایەن منی بالاّوە چەپێنراوەتەوە **((ئەوەی من ئەنجامی دەدەم لەدەرەوەی ویست و ئیرادەی منە، خۆشم نازانم بۆ وادەکەم، شتێ لەقوولاّیی دەریای بێ بنی دلّ و دەروونمەوە دەستم دەگرێ و ئەم کارەم پێدەکات))**[٣٥٢]. یان باس لەو چرکە ساتە دەکات، کە کارەکتەری سەرەکی دەستی بەر دەستی نەجوا دەکەوێت **((دەستم درێژ کرد و دەست و پەنجە نەرمەکانیم گرتە دەست، ئەو پەنجە نەرمانەی لە نەرمیی لۆکەو کلّۆی بەفریان دەکرد... ئەی خوایە ئەو پەنجانە چەند نەرمبوون، کە کوشیمن وامزانی خشۆکێکی لووس بەناولەپی دەستمدا تێدەپەڕی و دەتوێتەوە، هەستم کرد موچڕکێ بە لەشمدا دێ و وەك تەزووی کارەبا بۆ ئەندامەکانی لەشم دەچێ، وەك گیاندارێکی بچووکی مالّیی بێ ئێسك لەباوەشی بگرم، دەست و پەنجە نەرمەکانیم کوشی، ئاواتە خوازبووم بۆ هەمیشە نەیانکشێنێتەوەو دەستم لەئامێزی پەنجەکانیدا خەوی لێ بکەوێ))**[٣٥٣]. لەشوێنێکی تردا نەجوا باسی ئەوە دەکات کە لەوکاتەی براکەی سەری دەشوشت،

---

(٣) سەلاّح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، ڕۆمان، لا ٤٢ ـ ٤٣

(١) سەلاّح عومەر، خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان، ڕۆمان، لا ٩٥.

(٢) س. پ، لا ١٣٠ ، ١٣١.

ئەو لەکونی دەرگاوە دەیڕوانییە لەشی ڕووتی براکەی، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا مانای وروژاندنی غەریزەی سێکسی نەجوا دەگەیەنێت ((**جارێکیشیان بەڕێکەوت بەڕووتی لەکاتی خۆشۆردن چاوم بە لەشی ڕووتی براکەم کەوت، بە ئەنقەست لەکونی دەرگاوە سەیری ژوورەوەم کرد و ڕوانیمە ئەو شوێنەی سەرشۆرەکەی لێ بوو، ئەو تازە خۆی ڕووت کردبۆوەو دەیویست ئاو بەخۆی دابکات**))[٣٥٤]. نەجوا باسی ئەوە دەکات کە ئەو بەچاوی خۆی براکەی بینیوە کە هەوڵی دەدا بەدەست بگاتە لوتکەی ئۆرگازم ((**ژێرەوەی ناوکیم بەتەواوی لێ دیار بوو، جارجار دەستی بۆ ناو هەردوو لاقی دەبردو خەریکی شتێ بوو، بەدەست یاری بەهێنەکەی دەکرد**))[٣٥٥]. ئەم وێنەیەی کە نەجوا باسی دەکات ئەوەیە کە براکەی ویستوویەتی حەزە سێکسییەکانی لە حەمام بەدەست تێر بکات. لایەنێکی تر کە پێوەندی بەنامۆیی سێکسەوە هەیە ئەوەیە، کەزۆرجار مرۆڤ لەخەودا دەوروژێت یان خەو بەکەسێکی ڕووتەوە دەبینێت، نەجوا باس لەوە دەکات کە لەخەودا لەشی ڕووتی براکەی بینیوە ((**زۆرجار لەشولاری براکەم بەڕووتی لەخەوندا بینیووە**))[٣٥٦].

..........................................................................................

**٨ـ نامۆیی جوگرافی:** بریتییە لەکۆچ کردنی تاك لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، جا بەزۆرەملێ بێت یا خود بە ئارەزووی خۆی بێت.

لەڕۆمانی تاریکستانی لم دا کارەکتەری سەرەکی دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەتاریکستانی کۆشکی باشوردا لەلایەن ئەنفالچییەکانەوە بەند دەکرێت، لەو کاتەی کە بۆ یەکەمین جار پێدەنێتە گۆڕەپانی شارەکەی ئیتر لەخۆشیان شاگەشکە دەبێ و هەڵسوکەوتی سەیر دەکات ((**هاوکات لەگەڵ دانیشتنیشیدا هەردوو دەستی بەم لاو بەو لا شۆڕکردەوە و دوو مست خۆڵ و بەردی هەڵگرتەوە خۆشی نەیدەزانی ئا لەم کاتەدا چی دەکات و بە چ شێوەیەك هەست و نەستە خەفەبووەکانی ناو ناخی بەرانبەر شارەکەی دەربڕێ. وەك گوڵاو بەسەر بەژن و باڵای خۆی بپڕژێنێ یا خۆی گوڵباران بکات وا کەوتە پژاندنی خۆڵ و وردە بەردەکان بەسەر جەستەیدا و هێندەی تر دەم و چاو و قژی تۆزاوی بوون. کەدڵیشی بەم کارە ئاوی نەخواردەوە کەوتە تەقڵە لێدان، قاچی درێژکرد و جارێ بەڕاکشاوی ئەم سەر و ئەو سەری کرد، تێر خۆی لەنێو تۆز و خۆڵی گۆڕەپانەکەدا وەردا. دەیویست بەم کردەوەیە تێنوویەتی دەیەها ساڵ لەدووری و عەشق و ئاوارەیی ژیانی بشکێنێ**))[٣٥٧]. ئەمانە هەڵسوکەوتی کەسێکە کەچەندەها ساڵ لەدووری زێدی خۆی ژیانێکی کۆلەمەرگی بەڕێ کردووە و نەیتوانیوە تاسەی عەشق و ئەڤینی خۆی بۆ خاکەکەی لەنزیکەوە

---

(٣) هـ. س. پ، لا ٣٣٤.

(٤) هـ. س. پ، لا ٣٣٥.

(٥) هـ. س. پ، لا ٣٣٥.

(١) سەلاح عومەر، جەنگ ـ کۆبەرهەم، ڕۆمان، لا ٧٥.

دەربڕێت، بۆیە کاتێ بەدیداری خاکەکەی شاد دەبێتەوە ئیتر دەیەوێت هەموو ئەو خۆشەویستییەی ناخی بەجارێك دەربڕێت.

لەڕۆمانی مێتامۆرفۆسدا ڕۆماننووس باس لەوە دەکات، کە زۆرجار مرۆڤ لەبەرامبەر دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگە تووشی بێزاری دەبێت و حەز دەکات ئەو شوێنەی کە شوێنی لەدایك بوونی ئەو و باب و باپیرانیەتی جێبهێڵێت و ڕووەو غەریبی هەنگاو بنێ، کەچی متوبوونی خاك وات لێدەکات نەتوانی شوێنی خۆت جێبهێڵیت **((هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە ئەم شارە بۆگەنە بەجێ بهێڵم و دوور کەومەوە. پیاو لەچۆڵەوانی بژی ئارامتر دەبێ. بۆخۆی بەکۆڵەمەرگی بژی لەو دۆزەخستانە چاکترە))**[٣٥٨].

لەڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك دا باس لەنامۆبوونی کارەکتەری سەرەکی دەکات لە شارەکەی، ئەو شوێنەی کە ئەوی تێدا لەدیك بووە، بێزاری کارەکتەری سەرەکی دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە شارەکەی بچوێنێ بەو دۆزەخەی کەخوای گەورە بۆ تاوانباران بەناشیرینترین شێوە دروستی کردووە **((بۆیە بەپەلە بووم زوو پێیان بگەم، تا کار لەکار نەترازاوە و درەنگ نەهاتووە. لەو شارەی لەبەرچاوم ببوو بەدۆزەخستان و لەبەر چاوم ڕەش بووبوو))**[٣٥٩].
ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بەشی زۆری لەناوچە شاخاوییە سەرسەختەکان ڕوویانداوە، چونکە لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە ڕۆماننووس کارەکتەری سەرەکی لەژینگەی شارەوە دەگوازێتەوە ژینگەیەکی تر کە چیا و شاخەکانە. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە کە ئەم ڕۆمانە زۆر حاڵەتی تێدایە کە گوزارشت لەنامۆبوونی تاك دەکات لەسروشتی ناوچە شاخاوییەکان **((هەندێك جار سروشتیش دەبێتە دوژمنی مرۆڤ، بەفر و زریان و تاریکی، هەوراز و دڕندە و گورگ هەنگاو بەهەنگاو بەدوامانەوەن، شاخی هیمالایەش هەر ئەوەندە درێژ و ڕك و دژوارە))**[٣٦٠].
**((ئەو هەورازە باوك کەران گاوە، هێز و تاقەتی لەبەرمان بڕیوە، کردینییە باڵدارێکی پەڕ و باڵ شکاو، هەورازی وا ڕك و دژوار، هەورازی وا سەگباب، دایك والێکراو، کەی هی ئەوەیە هەنگاوی بەسەردا بنێین))**[٣٦١]. ئەمانە هەمووی دەربڕینی بێزاری و نامۆیی کارەکتەری سەرەکییە لەو چیا بەرز و سەختانەی کەبۆتە ڕێگای پێدا ڕۆیشتنی ئەوان بەرەو هەندەران.

---

(٢) س. پ، لا ٢٣٧.

(١) هـ. س. پ، لا ٣٠٩.

(٢) هـ. س. پ، لا ٣٧١.

(٣) هـ. س. پ، لا ٣٢٤.

لەرۆمانی جەنگدا کۆمەڵێ حاڵەت دەبینرێن دەربڕی ئەوەن کە کارەکتەری سەرەکی و خێزانەکەی لەو شوێنەی تێیدا دەژین شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان نییە، بەڵکو ژیان ناچاری کردوون هانا وەبەر ئەو شوێنە ببەن و بستێ لەخاکی غەریبی بکەن بەماڵی خۆیان. کارەکتەری سەرەکی دوای ئەوەی دەگاتە تەمەنێك کە ڕەش و سپی تێدا جودا بکاتەوە، یەکەم شت بۆی ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کەدایکی خەڵکی ئێرە نییە و لەشوێنێکی ترەوە هانای بۆ ئێرە هێناوە ((**کەچی نەمتوانی ئەوە لەبیر ببەمەوە کەمن کێم و باوکم کێیە و دایکم بۆ ئاوارەی ئەم شارە بووە، بۆ لەشوێنی خۆی ڕیشەکێش کراوە**))[٣٦٢]. لەشوێنێکی تردا کارەکتەری سەرەکی دەیەوێت بڕوات بۆ ئەو شوێنەی کە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیانە، تا ئاشنا بێت بە نەریت و کلتور و هەڵسوکەوتی ئەو شوێنە ((**با ئەو سەفەرەم ببێ بەتاقیکردنەوەیەك، وەك دەیان تاقیکردنەوەی دی، هەر نەبێ وڵاتێکی دی دەبینم و شارەزای ئاکار و جۆری ژیان و هەڵسوکەوتی خەڵکی ئەوێ دەبم کە لەبنەڕەتدا ئاکار و جۆری ژیان و هەڵسوکەوتی باو و باپیرانی خۆشمە**))[٣٦٣]. هەر لەو ڕۆمانە کارەکتەری سەرەکی بەئاشکرا دان بەوەدا دەنێ کە خەڵکی پارچەیەکی تری کوردستانە و ئێستا لەهەولێر گیرساوەتەوە ((**پێیان دەڵێم باوکم خەڵکی گوندێکی دەوروبەری ئەو شارە بووە و هەر لەوێش لەدایکبووە، دایکیشم هەروا، بەڵام بارودۆخی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی لێرەی نەهێشتوون، دایکم لەبەر بێ کەسی، لەترسان، لەبرسان ئاودیو سنوور بووەو لەشاری هەولێر گیرساوەتەوە**))[٣٦٤].

---

(٤) هـ. س. پ، لا ٤٠٧.

(٥) هـ. س. پ، لا ٤٥٥.

(١) هـ. س. پ، لا ٥١٠.

# ئەنجام

## ئە نجام

١ـ لەزمانی عەرەبیدا تا ئێستا زاراوەیەکی جێگیر و چەسپاو سەبارەت بەنامۆبوون نابینرێت، بەڵکو کۆمەڵێ زاراوەی وەك (الغربة و الإغتراب و التغريب و الإستلاب و الإنسلاخ ...تاد) بەتێکەڵاوی بەکار دەهێنرێن.

٢ـ سەرەڕای زۆری ئەو جۆرانەی نامۆیی کە خستمانەڕوو، بەڵام دەتوانین پوختەی ئەو هەموو جۆرە لەدوو جۆر دا بخەینەڕوو، ئەویش

- نامۆبوونی تاك لەخودی خۆی.
- نامۆبوونی تاك لەدەوروبەر.

چونکە جگە لەنامۆیی خودی سەرجەم جۆرەکانی تری نامۆیی، کە خستمانەڕوو دەکەونە ناو چوارچێوەی نامۆیی تاك لەدەوروبەری خۆی.

٣ـ نامۆیی دیاردەیەکە لەهەموو مرۆڤێکدا بەدی دەکرێت، بەڵام ڕەنگدانەوەی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە کەسێکی نەخوێندەواری ناڕۆشنبیر لەوانەیە نامۆییەکەی بەتوندوتیژی و کێشەنانەوە دەربېرێت، کەچی کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر لەوانەیە نامۆییەکەی بە داهێنانێکی زانستی یا ئەدەبی یاخود هونەری دەربېرێت.

٤ـ نامۆیی وەکو دیاردەیەك سەرەتا لەناخی تاکدا بوونی نییە، بەڵام دوای ئەوەی دەوروبەر دەبێتە لەمپەر لەبەدیهاتنی خواستەکانی، ئیتر تووشی نامۆیی و دوورەپەرێزی دەبێت.

٥- نامۆبوونی دەروونی لەئەنجامی ئەوەوە سەرهەڵدەدات کەتاك نەتوانێت درك بەبوونی خۆی بکات و ناسنامەی خۆی لێ ون بێت و ئیرادەشی بێ هێز بێت، بەمەش ناتوانێت خاوەن کیان و بڕیار بێت.

٦- تا خێرایی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا زیاتر بێت و بەها مەعنەوییەکان کاڵتر دەبنەوە، تاکیش لەنێوان ئەم دژیەکییەدا تووشی نامۆیی دەبێت.

٧- بێ پێوەری وەکو نیشانەیەك لەنیشانەکانی نامۆیی وادەکات کە تاك ئینتیمای بەرامبەر کۆمەڵگەکەی لاواز ببێت و سستی بنوێنێت لەئەنجامدانی کاروپیشەکەی لەفەرمانگە حکومییەکان، هەروەکو ئەوەی ئەمڕۆ لەبەشێك لەهەڵسوکەوتی فەرمانبەرانی فەرمانگە حکومییەکان دەبینرێت، کە چۆن بەبێ سەروبەری کارەکانیان بەناتەواوی تێدەپەڕێنن و ئاستەنگ بۆ خەڵك دروست دەکەن.

٨- لەبەرئەوەی لەئەدەبی کوردیدا مێژووی شیعر کۆنترە لەمێژووی ڕۆمان، بۆیە زۆر ئاساییە مێژووی نامۆیی لەشیعردا زۆر بەپێش مێژووی نامۆیی لەڕۆماندا بکەوێت.

٩- نامۆیی لەئەدەبیاتی کوردیدا بەگشتی و لەشیعری شاعیراندا بەتایبەتی زیاتر لەچوارچێوەی نامۆیی جوگرافیدا دەسوڕێتەوە، بەهۆی ئەوەی کە ئەو ئەدیبانە لەزادگای خۆیان دوور بووینە و ویستویانە لەدووتوێی دەقەکانیان گوزارشت لەکەف و کوڵی خۆشەویستییەکەیان بۆ خاکەکەیان بکەن.

١٠- سەلاح عومەر لەڕۆمانەکانیدا زیاتر هەوڵی داوە حاڵەتە پەنهانییەکانی تاکی کورد نیشان بدات، چونکە ئەو هەست دەکات کە مرۆڤ لەگەڵ گەیشتن بەو تەمەنەی کەبتوانێت ڕەش و سپی لێك جیا بکاتەوە، ئەوا لەناخیدا تووشی ململانێ و جەنگێکی دەروونی دەبێت، جا ئەو ململانێیە لەگەڵ خودی خۆی بێت یاخود لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کەناتوانێت لەگەڵیدا هەڵ بکات.

١١- سەلاح عومەر وەکو ڕۆماننووسێك لەڕۆمانەکانیدا پانتاییەکی فراوانی تەرخانکردووە بۆ کێشە و چەرمەسەریەکانی ئافرەتی کورد، هەوڵی داوە ئەو کێشانە وەکو وێنەگرێکی فۆتۆگرافی بگرێت و خوێنەر بەو مەینەتییانەی ئافرەتی کورد ئاشنا بکات، هەروەها پەنجەی بۆ ئەوەش درێژ کردووە کەزۆربەی ئەو کێشانەی ئافرەت بەهۆی باڵادەست بوونی داب و نەریتە کۆنەکانە، کە تائێستاش زاڵە بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا.

١٢- لەکۆی ئەو یازدە جۆرەی نامۆیی کە لەتەوەری یەکەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە دا خستمانەڕوو، تەنیا هەشت جۆری نامۆیی لەڕۆمانەکانی ئەو ڕەنگیان داوەتەوە، کە ئەمانەن: (خودی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیریی، تەکنۆلۆژی، سۆفیگەری، سێکسی، جوگرافی)، جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، بەڵام نامۆیی کۆمەڵایەتی بەپلەی یەکەم و نامۆیی خودی بەپلەی دووەم دێن لەچەندییێتی ئەو ڕەنگدانەوەیە.

١٣- هەروەك چۆن لەبەشی یەکەمدا گووتمان کەسانی نامۆ هەڵکەوتەی چین و توێژی جیاوازن، کارەکتەرە

نامۆکانی نێو ڕۆمانەکانی سەلاّح عومەریش بەهەمان شێوە سەر بەچین و توێژی جیاوازن، لەوانە(فەرمانبەر، گۆرانیبێژ، سەماکەر..تاد).

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان


١- قورئانی پیرۆز.

**یەکەم: بەزمانی کوردی:**

**أ- کتێب:**

٢- ئاراس فەتاح، **چەمکی ململانێ**، سازدانی چاوپێکەوتن: شوان ئەحمەد، بڵاوکراوەی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج - سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣- ئاری ئاغۆک، **بزاڤی تەغریبی**، چاپخانەی میدیا، کوردستان - هەولێر، ٢٠٠٢.

٤- ئاری ئاغۆک، **بزاڤی تەغریبی٢**، چاپخانەی میدیا، کوردستان - هەولێر، ٢٠٠٣.

٥- ئەحمەد سالار، **هونەر و ژیان**، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - سلێمانی، ٢٠٠٥.

٦- ئەریك فرۆم، و. زاهیر محەمەد ڕەشید، **کۆمەڵگەی تەندروست**، چ١ ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا - سلێمانی، ٢٠٠٨.

٧- ئومێد ئاشنا، **شێوە و ناوەرۆك - کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی**، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر، ٢٠٠٧.

٨- ئیبراهیم ئەحمەد، بڵاوکردنەوەو پێشکەشکردنی د. کەمال فوئاد، **ژانی گەل**، ڕۆمان،

- سلێمانی، ١٩٧٢.

٩- بابە تایەری هەمەدانی، دلزار کردوویەتییە بەسۆرانی، **گەنجینە**، چ٢، چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر،٢٠٠٧.

١٠- بەختیار عەلی، **تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە**، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی (١٩٨٣-٢٠٠٤)، چاپخانەی ڕەنج - سلێمانی، ٢٠٠٦.

١١- جەوهەر مەحمود داراغا(و.)، **هەزار و یەك شەوە**، ب١، چ١، چاپخانەی شڤان - سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٢- جۆن ماکواری، و. ئازاد بەرزنجی، **فەلسەفەی بوونگەرایی(وجودیەت)**، چ٢ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان - سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٣- حەسیب قەرەداغی، **فەرهەنگی خەم٣**، چاپخانەی دار الرسالة - بغداد، ١٩٨٩.

١٤- حوسێن عارف، **ئەندێشەی مرۆڤێك**، ڕۆمان، چ١ ، چاپخانەی الأجیال البیاع - بەغدا، ١٩٩٠.

١٥- حوسێن عارف، **شار**، ڕۆمان، چ١، ب١، لەچاپکراوەکانی گۆڤاری کاروان، ١٩٨٦.

١٦- حوسێن عارف، **گەلەگورگ**، کۆمەڵە چیرۆك، چ١، ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی ئەدیب - بغداد، ١٩٨٣.

١٧- ڕێبوار سیوەیلی، **لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی**، چ٢، چاپخانەی شڤان - سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٨- سابیر ڕەشید، **ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار**، بە١، چ١، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر، ٢٠٠٧.

١٩- ستاری پیرداود، **خوێندنەوەی مێتافۆر (کرانەوەیەك بەڕووی چەند ڕایەڵەیەکی ڕەخنەیی)**، چ٢، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی - دهۆك، ٢٠١٠.

٢٠- سەردار حمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، **حاجی قادری کۆیی**، پێداچونەوەی لەچاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستان - ١٩٨٦.

٢١- سەلاح عومەر، **جەنگ** - کۆبەرهەم، ڕۆمان، چ١، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر، ٢٠٠٨.

٢٢- سەلاح عومەر، **خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان**، ڕۆمان، بلاوکراوەی ئایندە، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢٣- شێرکۆ بێکەس، **دەربەندی پەپوولە**، چ٢، چاپخانەی بێسارانی - سلێمانی، ١٩٩٨.

٢٤- صادقی هیدایەت ، **پەیامی کافکا**، و. هیمدادی حوسێن، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ - سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢٥- لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، **دیوانی مەحوی**، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چ٢- بەغدا، ١٩٧٧.

٢٦- لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، **دیوانی نالی**، پێداچونەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا، ١٩٧٦.

٢٧- عەبدوڵڵا سەڕاج، هەڵکشان بەرەو لوتکە، ڕۆمان، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی دار الحرية، ـ بەغداد،١٩٨٩.

٢٨- عەزیزی مەلای ڕەش، **خاك و چەوسانەوە**، ڕۆمان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر، ١٩٩٨.

٢٩- عەزیم ئومێدی، **ژیان وکەسایەتی کافکا**، و. ئیسمایل ئیسمایل زادە، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ـ هەولێر، ٢٠٠٧.

٣٠- کۆکردنەوە پێشەکی و پەراوێز: عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(پ.)، **قەدری جان ١٩١١ـ١٩٧٢**، چاپخانە و ئۆفیستی ئاسا، چ١ ـ سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣١- غياث الدين نقشبندی، **نامۆیی**، چ ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ـ سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣٢- قوبادی جەلی زادە، **هەمیشە ڕوو لەخودا هەمیشە مەست**، چاپکراوی بەستە ـ سلێمانی، ٢٠٠١.

٣٣- کەریم شەریف قەرەچەتانی(د.)، **سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار)**، چاپخانەی پەیوەند، چ١ ـ سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣٤- کەریم شەریف قەرەچەتانی، **هەندێك نەخۆشی وگرفتی دەروونی وکۆمەڵایەتی**، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر، ئابی ١٩٩٩.

٣٥- کەمال مەعروف(د.)، **ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی**، چاپخانەی ژین، چ١، ـ سلێمانی، ٢٠٠٣.

٣٦- محەمەد کەمال(د.)، **فەلسەفەی هیگڵ**، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم ـ سلێمانی، ٢٠٠١,

٣٧- مەنۆ چیهر موحسنی، و. کۆمەڵێك نووسەر، **دەروازەکانی کۆمەڵناسی**، دەزگا و چاپی بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.

٣٨- نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، **بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا (ژانی گەل، شار، ڕاز) (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەیی)**، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ـ سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣٩- هەڵگورد بەرزنجی، **نامۆیی نەتەوەیی**، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی

کوردستان، ١٩٩٨.

٤٠- هیمداد حوسێن(د.)، **ڕێبازە ئەدەبییەکان**، دەزگای توێژینەوە و بلاۆکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چ١- هەولێر، ٢٠٠٧.

٤١- هیمدادی حوسێن، **ماڵئاوا گوڵی خەم**، ڕۆمان، لەسەر ئەرکی سەنتەری ڕۆشنبیری بەهرە بەچاپ گەیاندراوە، چاپخانەی چوارچرا - هەولێر، چ٢،٢٠٠٦.

٤٢- هێمن، **دیوانی هێمن (١٩٢١ - ١٩٨٦)** - هەولێر، ٢٠٠٣.

٤٣- یان کوت، **شکسپیر هاوچەرخمانە**، و. کەمال غەمبار، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاۆکردنەوەی کوردی، چاپخانەی علاء - بەغدا، ١٩٨٦.

**ب - فەرهەنگ:**

٤٤- سەمیرە(د.)، **فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی(ئینگلیزی - عەرەبی - کوردی)**، و. خەسرەو میراودەلی، خانەی چاپ و بلاۆکردنەوەی چوارچرا،چ١، ٢٠٠٧.

٤٥- شێخ محەمەدی خاڵ، **فەرهەنگی خاڵ**، چ١، چاپخانەی کامەرانی - سلێمانی، ٢٠٠٠.

٤٦- گیوی موکریانی، **فەرهەنگی کوردستان**، دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی ئاراس، چ١، ١٩٩٩.

٤٧- هەژار، **فەرهەنگ هەنبانە بۆرینە**(کوردی - فارسی) - تهران، ١٣٤٩.

**پ - گۆڤار و ڕۆژنامە:**

٤٨- ئاشتی حەمە، **سەبارەت چەمکی نامۆبوون**، گ (کاروان)، ژ ٧٩، ١٩٨٩.

٤٩- ئازاد صبحی، **ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ و کێشەی نامۆبوون**، گ(نۆژەن)، ژ(٢)، تشرینی یەکەم، ١٩٩٢.

٥٠- ابراهیم احمد شوان(پ.ی.د.)، **نامۆیی لەشیعرەکانی مەحوی دا**، گ (زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان)، زانکۆی سەلاحەددین، ژ٣٠- هەولێر، ٢٠٠٧.

٥١- بەکر لەتیف، **نامۆبوون**، دەزگای ڕۆشنبیری شەفەق، گ(نەوشەفەق)، ژ٣٢، ٢٠٠٥.

٥٢- بەهزاد حەوێزی، **نامۆیی. سۆفیگەرییێتی**، گ (مێرگ)، ژ٥٢، دەزگای مێرگ ، ئەیلوول ٢٠٠٩.

٥٣- تەلار کمال مدحت، **نامۆبوون لە لای هەرزەکاران** **Alienation**، گ (سایکۆلۆژیا)، ژ٣، بنگەهێ ڕاوێژکاری، چارەسازی وڕەوشنبیریا ڕەوانکی - جڤاکی، دهۆك ، ٢٠٠٥.

٥٤- حەمید عەزیز(د.)، **نامۆیی وەك چەمکێکی فەلسەفە**،گ(ڕامان)، ژ١١٤، ٢٠٠٦.

٥٥- ڕەفیق سابیر، **نامۆبوون لەچیرۆکەکانی حوسێن عارف**، گ (گەلاوێژی نوێ)، ژ٣، ١٩٩٧.

٥٦- ڕێبوار حەمە تۆفیق، **چەمکی شێتی لەڕۆمانی (تاریکستانی لم) دا**، گ (ئاینده)، ژ٧٥، ٢٠٠٧.

٥٧- سابیر بەکر بۆکانی، **شۆڕبوونەوەیەك بەرەو ناخ و پانتایی نامۆبوون**، گ(ڕامان)، ژ٣٨، ئابی ١٩٩٩.

٥٨- ستاری پیرداودی، **(ئیفلیجبوونی خود) لەچیرۆکی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان)ی شێرزاد حەسەن**، گ (کاروان)، ژ٢٠٤، ٢٠٠٦,

٥٩- ستاری پیرداود، **خەسانی ئیرۆسیەت لە(نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا(١ ـ ٢)**، گ (کاروان)، ژ ٢١٧، ٢٠٠٧,

٦٠- سەدیق سەعید ڕواندزی، **نامۆبوونی پاڵەوان لەتاریکستانی لم دا**، گ (کاروان)، ژ١٤٤، ٢٠٠٠,

٦١- سەرکەوت پێنجوێنی، **تاسەی غوربەت لەشیعری نوێ ی کوردی تاراوگەدا**، گ( ڕامان)، ژ٤٨، ٢٠٠٠.

٦٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ **سەلاّح عومەر**، سازدانی سەباح ڕەنجدەر، گ. ڕامان، ژ١٠٧، ٢٠٠٦.

٦٣- سەلاحی گەرمیان(د. و.)، **چەمکی نامۆیی لەنێوان فەلسەفەی هاوچەرخ و فرۆیدیزمی نوێدا**، ر(سیما)، ژ١٦، ئەیلول ٢٠٠٩.

٦٤- شوکر سلێمان، **خوێندنەوەی ئەندێشەکانی تاریکستانی لم و فلاشباك**، گ (کاروان)، ژ١٦٠، ٢٠٠١.

٦٥- شێروان ئیبراهیم حەیدەری، تاریکستانی لم لەنێوان دووهێڵی جیاوازدا، گ (ڕامان)، ژ ٦٨، ٢٠٠٢.

٦٦- عادل گەرمیانی(د.)، **دەرونشیکاری و ئەدەبی دەرونی**، گ(ئاینده)، ژ.٤٣، ٢٠٠٣,

٦٧- عادل گەرمیانی، **وێنەی گێرانەوەیی لەڕۆمانی (ولاّتی تارمایی) دا**، گ (رامان)، ژ٣٠، ١٩٩٨,

٦٨- عەبدوڵلاّ ڕەحمان، **تەکنیك لەڕۆمانی  دوانامەی دێوەرەیەك (١ ـ ٢)**، گ (ڕامان)، ژ١٤٦،٢٠٠٩.

٦٩- عەبدوڵلاّ ڕەحمان، **تەکنیك لەڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك (٢ ـ ٢)**، گ (ڕامان)،ژ,٢٠٠٩،١٤٧

٧٠- فەرمان حەسەن سالّح، **مرۆڤ ونامۆبوون**، گ (ڕامان)، ژ ٢٤، ١٩٩٨.

٧١- کەریم دەشتی، **یۆتۆپیای پاڵەوان لەجوگرافیای ستەمدا**، گ (ڕامان)، ژ ١٩، ١٩٩٨,

٧٢- کەمال فاروق، **فرۆیدیزم و نامۆبوونی مرۆڤ**، گ(کاروان)، ژ١١٥، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٧٧,

٧٣- یووسف عوسمان حەمەد، **ئەنتی کەسایەتی((خەسڵەتی نامۆبوونی تاك))**، گ(ڕامان)، ژ٧٣، ٢٠٠٢.

**ت ـ نامەی ئەکادیمی:**

٧٤ـ ئارام محەمەد قادر، **نامۆیی لەشیعری کوردیدا کرمانجی خواروو(١٩٧٥ ـ ٢٠٠٠)**، نامەی ماستەر، کۆلێژی  زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧.

٧٥ـ ئەسرین زرار قادر، **ڕۆڵی سەنتەری ئافەرەتان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان**، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٦.

٧٦ـ تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، **دیاردەی غەم لەشیعری حەسیب قەرەداغی دا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١.

٧٧ـ تانیا  ئەسعەد محەمەد ساڵح، **بینای شوێن لەدوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە ـ ئەژدیها)**، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٦.

٧٨ـ شیرین سەعید محەمەد سەعید، **نامۆیی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.

٧٩ـ صلاح صدیق سعید، **کێشەی گەندەڵی، هۆکارو دەرەنجامە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی**، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩.

٨٠ـ کارزان موحسین قادر، **سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٩١ ـ ٢٠٠٠**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩.

٨١ـ کوردستان عومەر محەمەد، **خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی کۆچبەرانی کورد لەوڵاتانی ئەوروپا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.

٨٢ـ محەمەد ئەمین عەبدوڵلا، **شاکەس لەڕۆمانی کوردی ـ کوردستانی عێراق دا (١٩٩٠ ـ ١٩٩٧)**، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ,٢٠٠٠

٨٣ـ **هەڵمەت** بایز ڕەسوڵ، **ڕەهەندی دەروونی لەچیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا**، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە ـ ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦.

٨٤ـ یادگار عبدالله علی هەمەوەندی، **ڕەهەندە سیاسییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا ((لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای سیاسی دا))**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨.

**دووەم: بەزمانی عەرەبی:**

**أـ کتێب:**

٨٥ـ إحسان محمد حسن(د.)، **رواد الفكر الاجتماعي**، مطبعة كلية الاداب ـ بغداد، ١٩٨١.

٨٦- إحسان محمد حسن(د.)، **موسوعة علم الإجتماع**، الدار العربية للموسوعات، لبنان - بيروت، ١٩٩٩.

٨٧- أحمد محمد الزعبي(د.)، **علم نفس النمو(الطفولة والمراهقة)**، ؟، دار زهرا، عمان - الآردن، ٢٠٠٢.

٨٨- أحمد نسيم برقاوي، **الفلسفة العامة**، ؟، جامعة دمشق، ١٩٨١.

٨٩- إمام علي(عليه السلام)، نهج البلاغة، مؤسسة النشر الإسلامي،ط٤، ١٤١٥ه.ق.

٩٠- حسن محمد حسن حماد(د.)، **الإغتراب عند إريك فروم**، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع - بيروت، ١٩٩٥.

٩١- حليم بركات(د.)، **الاغتراب في الثقافة العربية  متاهات الإنسان بين الحلم والواقع**، ط١، مركز دراسات الوحدة العربية - بيروت، أيلول، ٢٠٠٦.

٩٢- دولتر سيتس، **تأريخ الفلسفة اليونانية**، تر. مجاهد عبالمنعم المجاهد، دار الثقافة - ألقاهرة، ١٩٨٤.

٩٣- ريتشارد شاخت، **الإغتراب**، تر. كامل يوسف حسين، ط ١، المؤسسة العربية، ١٩٨٠.

٩٤- ريمون بودون و فرانسوا بوريكو، **المعجم النقدي في علم الإجتماع**، تر. وجيه أسعد، ج١، الهيئة العامة السورية للكتاب - دمشق ، ٢٠٠٧.

٩٥- سالم بيطار(د.)، **إغتراب الإنسان وحريته** - دراسة فلسفية -، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس - لبنان، ٢٠٠١.

٩٦- السيد علي شتا (د.)، **نظرية الاغتراب من منظور الاجتماع**، مؤسسة شباب الجامعة - الاسكندرية، ١٩٩٣.

٩٧- شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروثولوجيا، ط١، مطبعة جامعة الكويت، ١٩٨١.

٩٨- عبدالقادر موسى المحمدى(د.)، **الإغتراب في تراث صوفية الإسلام** - دراسة معاصرة - بيت الحكمة - بغداد، ٢٠٠١.

٩٩- عزيز السيد جاسم، **تأملات في الحضارة والاغتراب**، ط١، دار الشؤونالثقافية العامة - بغداد، ١٩٨٦.

١٠٠- قاسم حسين صالح، **في سيكولوجية الفن التشكيلي**، دار علاءالدين للنشر والتوزيع - سوريا، ٢٠٠٦.

١٠١- كمال الدسوقي، **ذخيرة علم النفس**، م ١، الدار الدولية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٨٨.

١٠٢- محمد عباس يوسف(د.)، **الاغتراب والإبداع الفني**، كلية التربية، جامعة الأزهر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع - القاهرة، ٢٠٠٤.

١٠٣ـ محمود رجب، **الإغتراب"سيرة و مصطلح"**، مطبعة دار المعارف، ط٣ـ القاهرة ـ ١٩٨٨.

١٠٤ـ ميشيل دنكن، **معجم علم الإجتماع**، تر: د.إحسان محمد حسين، مطبعة دار الحرية ـ بغداد،,١٩٨١

١٠٥ـ محمد ناصرالدين الالبالي، صحيح سنن إبن ماجه، المكتب الإسلامي ـ بيروت، ط١، م٢، ١٩٨٦.

١٠٦ـ يوسف حمه صالح(د.)، **الإغتراب النفسي وعلاقته بالاتجاهات نحو الهجرة لدى شباب الكورد (دراسة ميدانية في مدينة اربيل)**، بحوث معاصرة في علم النفس، دار دجلة ـ عمان، ٢٠٠٨.

**ب ـ گۆڤار و ڕۆژنامه :**

١٠٧ـ ابراهيم حمادة(د.)، **مفهوم التغريب في مسرح بريخت**، مج (الاقلام)، ع٩، وزارة الاعلام ـ بغداد، ١٩٧٧.

١٠٨ـ أدريس عزام، **بعض المتغيرات المصاحبة لإغتراب الشباب عن المجتمع الجامعي**، مج (العلوم الإجتماعية)، ع١، جامعة الكويت، ١٩٧٩.

١٠٩ـ حليم بشاي(د.)، **الإغتراب** ، مج (العلوم الإجتماعية)، ع ٤، تصدر عن جامعة الكويت، كانون الثاني١٩٨١.

١١٠ـ شاكر نوري(د.)، **الإغتراب في الفكر الماركسي**، مج(الثقافة) مجلة الفكر العلمي التقدمي، ع١،ع٢، دار الحرية للطباعة ـ بغداد، ,١٩٨٤

١١١ـ طالب مهدي الخفاجي(د.)، **الاغتراب في الشعر العبري الحديث**، مجلة الموقف الثقافي،ع١٣، تصدر عن وزارة الثقافة والاعلام، ١٩٩٨.

١١٢ـ علي الزغل(د.) و عاطف عضيبات(د.)، **ألشباب و الاغتراب**، دراسة ميدانية في شمال الاردن، مج(مؤتة) للبحوث والدراسات، مجلة علمية محكمة، جامعة مؤتة، مؤتة ـ الاردن، م ٥، ع٢، ١٩٩٠.

١١٣ـ متولي موسى، **فقه الإغتراب والاقلية**، مج (الرائد)، ع٢١٣، ١٩٩٩.

١١٤ـ مصطفى ناجي، **بعض استعمالات مفهوم الاغتراب في النظرية الاجتماعية**، مج (العلوم الاجتماعية)، جامعة الكويت، ع١، ,١٩٨٠

١١٥ـ نجاة الغرياوي، **الإغتراب الديني بين فيورباخ و كارل ماركس**، مج(النهج)، دفاتر الماركسية اللينينية في العلم العربي، ع٢٨، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، ١٩٨٩.

**ت ـ نامەی ئەكادیمی:**

١١٦ـ ثناء يوسف الضبع(د.) والجوهرة بنت فهد آل سعود، **دراسة عاملية عن مشكلة الاغتراب لدى عينة من طالبات الجامعة السعوديات في ضوء عصر العولمة**، كلية التربية، جامعة الملك السعود، ؟.

١١٧ـ جميل مهدي محمد، **الإغتراب الثقافي لدى اعضاء هيئة التدريس في الجامعات العراقية**، رسالة دكتوراه، كلية التربية إبن رشد، جامعة بغداد، ١٩٩٥.

١١٨ـ روضة بنت بلال بن عمر المولد، **الاغتراب في حياة إبن دراج وشعره**، رسالة ماجستير، كلية اللغة العربية وآدابها، جامعة أم القرى، ٢٠٠٧.

١١٩ـ روناك حميد عثمان، **الإغتراب الثقافي وعلاقته بتحقيق الذات لدى التدريسيين بجامعات أقليم كردستان**، رسالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٨.

١٢٠ـ سرور عبدالرحمن عبدالله، **بناء الشخصيات في روايات غسان كنفاني(دراسة نقدية)**، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٤.

١٢١ـ شريف مهني عبده **محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني والصناعي ـ دراسة مقارنة**، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس، ٢٠٠١.

١٢٢ـ عبدالامير محسن عودة آل گزار، **الغربة و الاغتراب في الشعر الكويتى والبحريني**، رسالة ماجستير، مركز الدراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، ١٩٨٩.

١٢٣ـ محمد ابراهيم عيد، **دراسة مدى الاحساس باغتراب لدى طلاب وطلبات الفنون التشكيلية من ذوي المستويات العليا من حيث القدرة على التفكير الابتكاري**، رسالة ماجستير، جامعة عين الشمس، ١٩٨٧.

١٢٤ـ محمد ذنون زيتو، **الحصار الاقتصادي والإغتراب الاجتماعي وآثرها في سلوك الطلبة**، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الموصل، ١٩٩٨.

١٢٥ـ محمود عوض محمود سليم موسى، **مظاهر الاغتراب النفسي لدى معلمي ومعلمات المدارس الحكومية في محافظات شمال فلسطين**، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح، ٢٠٠٣.

١٢٦ـ ميديا إبراهيم فتاح، **مظاهر التمرد الإجتماعي لدى الشباب**، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٨.

**سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی:**

127-Elizabeth Walter, **Cambridge Advanced Learner's Dictionary**, 3rd Edition, Cambridge University Press, 2008.

128- Kinston, **Youth and Dissent**. The Rise of a New Position, New York Harcourt Brace Inc, 1971.

129- Longman Group Ltd, **Longman Dictionary of Contemporary English**, New Edition, 2002.

**چوارەم: دیمانە تایبەتییەکان:**

١٣٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ **ڕەشاد میران(د.)**، کۆمەڵناس، لەکۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، پێنج شەممە، ڕێکەوتی ٢٩/١٢/٢٠٠٥، سەعات ١٠ی سەر لەبەیانی.

١٣١- چاوپێکەوتن لەگەڵ **سەلاّح عومەر**، نووسەر، لەبارەگای گۆڤاری کاروان، چوارشەم، ڕێکەوتی ٢٣/٦/٢٠١٠، کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی.

١٣٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ **نەجم خالید نەجمەدین(د.)**، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، ١٤/٩/٢٠١٠، سێشەممە، سەعات (١١)ی پێش نیوەڕۆ.

**پێنجەم: ئینتەرنێت:**

١٣٣- جواد محمد الشيخ خليل، **الإغتراب وعلاقته بالصحة النفسية لدي طلبة الجامعات الفلسطينية في محافظات غزة**، ملتقى طلاب جامعة دمشق، أحد ١١/١٠/٢٠٠٩،
http//www.jamma.cc/art86932html

١٣٤- عبدالقادر شريف موسى(د.)، قراءة جديدة **في حكايات ألف ليلة و ليلة :الاغتراب ورمزيتة في حكاية"الصياد و العفريت"**، الاربعاء، ١٧/٣/٢٠١٠،
www.ahewar.org

١٣٥- عبدالوهاب أبوزيد، مدخل الى عالم كافكا الروائي، الاحد، ٢٨/٣/٢٠١٠،
http://www.doroob.com/?p=198

١٣٦- مريم نجمة، **الإغتراب عن الوطن و تأثيراته الروحية والفكرية**، الثلاثاء، ٦/١٠/٢٠٠٩،
http://alawset.net/www/kovar%202/kovar%202%20-%2010.html

١٣٧- ؟، **الإغتراب**، منتدى شباب الخير، الخميس، ٥/١١/٢٠٠٩،
http://forum.resala.org/showthread.php?=28482

١٣٨- ؟، **الإغتراب والتكيف**، الخميس، ١/١٠/٢٠٠٩،
http://annajah.net/formus/showthread.php?p=11210

١٣٩- ؟، **الإغتراب النفسي**، الأربعاء، ٣٠/٩/٢٠٠٩،
http://ejtemay.com/showthread.php?t=14333

١٤٠- ؟، **الإغتراب النفسي وعلاقته بالصحة النفسية لدى طلبة الجامعات الفلسطينية في محافظات**

**غزة**، الأربعاء، ٢٠٠٩/٩/٣٠،
http://www.tarbya.net/Articles/ViewSection.aspx/?Secld=337&Artld=6126
١٤١- ؟، **أشكال الاغتراب... بين اغتراب الذات والاغتراب الجغرافي**، الخميس،٢٠٠٩/١٠/١،
http://www.hajrnet.net/hajrvb/archive/index.php/t-402887446ml
١٤٢- ؟، **إشكاليات الاغتراب الثقافي العربي: مناقشة في كتاب ـ الاغتراب الثقافي للذات العربية**، الخميس، ٢٠٠٩/١٠/١،
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=103824
١٤٣- ؟، **الخيانة الزوجية من النواحي النفسية**، الثلاثاء، ٢٠١٠/٦/٨،
http: //forum.brg8.com/t24189.html
١٤٤- ؟ ، **المرأة والزواج.. حكاية لا تنتهي../ الخيانة الزوجية ودوافعها**، الثلاثاء، ٢٠١٠/٦/٨،
http: //www.kenanaonline.com/page/2142
١٤٥- ؟، **Alienation ...!**، الاحد، ٢٠٠٩/١٠/٢٤،
http://www.mohomar.com./mohomar/66181/2008/12/23/111229-alienation